
# کورد
# لە هاوکێشەی ئەمریکادا

کارۆخ خۆشناو

کوردستان 2022

ئـەم کتێبـە تەنهـا گوزارشـت بـە لـە بیروبۆچوونـی نووسـەرەکەی دەکات. دامـەزراوەی کوردسـتان٢٤، جگـە مشـووری بڵاوکردنـە و لـە ئەسـتۆگرتنی چاپکـردن، بـە هیـچ شـێوەیەک لـە ڕا و بۆچوونەکانـی توێـژەر و نووسـەرەکانی بڵاوکـراوەکان بەرپـرس نییـە.




# کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا

کارۆخ خۆشناو

**پێداچوونەوە: مقداد شاسواری**

**هەڵەچنی: کامیل بۆکانی**

**گرافیك و دیزاین: لوقمان ڕەشیدی**

**چاپخانە: ڕۆکسانا - چاپی یەکەم - ٢٠٢٢**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

## پێشکەشە

بــەو کارەکتــەرە سیاســیە عەقڵمەندانــەی کــە خولیــای ناســین و شــارەزابوونیان هەیــە لــە سیاســەت و شارســتانیەتی ئەمەریــکا، بــە مەبەســتی ســود وەرگرتــن لــە ئەزمــوون و داهێنانــە هەمەجۆرەکانــی ئەمەریــکا، لــە پێنــاو گەیشــتن بــە کاروانــی ڕۆشــنگەری و پێشــکەوتنی جیهانــی!

# پێڕست


پێشگوتنێک / دکتۆر نەهرۆ زاگرۆس ٩

ئایا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئاگادارن؟! ١٢

دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ ١٥

«تا»ی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە «تا»ی کۆڕۆنا گەرمترە! ٢١

کورد لە نێوان «ترەمپ و بایدن»دا ٢٤

١١/ی سێپتەمبەر وەرچەرخانێکی مێژوویی! ٢٧

«رێککەوتنی سەدە» وەک هەنگاوێکی چارەنووسساز! ٣٠

«ئازادی و سەربەخۆیی» دەسەندرێن... نابەخشرێن! ٣٣

ترەمپ و کورد! ٣٨

بایدن و کورد! ٤١

کلاسیکۆی فیل و گوێدرێژ! ٤٤

ترەمپ و کۆرۆنا! ٤٧

ئەمریکا چۆن بووەتە سوپەر پاوەری جیهان؟ ٤٩

ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە نێوان «هێزی ڕەق و نەرم و زیرەک»دا! ٥٢

دیبەیتێکی چارەنووسساز! ٥٧

کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا ٦٠

| | |
|---|---|
| کورد و ئەمریکا، یەک بۆچوون و دوو بەسەرهات! | ٦٣ |
| رامانی سەربەخۆبوون! | ٦٧ |
| ١٠ خاڵ لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا! | ٧٠ |
| سبەی... ئەمریکییەکان چۆن سەرۆک هەڵدەبژێرن؟ | ٧٣ |
| بایـدن بەرەو کۆشکی سپی! | ٧٩ |
| جیاوازیی نێوان سەردەمی بایدن و سەردەمی ترەمپ! | ٨٤ |
| ترەمپ بەتەمای چییە! | ٨٨ |
| ترەمپ کابووسی ئێرانە! | ٩٢ |
| «دەستووری هەرێم» ڤاکسینی «پەتای پەرتەوازەیی»ی کوردستانە! | ٩٥ |
| هاتنی «بایدن» هاتنی «دەرفەتێکی زێڕینە» بۆ کورد! | ٩٩ |
| سیناریۆکانی دوای کوژرانی باوکی ئەتۆمیی ئێران | ١٠٢ |
| کوردستان لە پێودانگی ئەمریکادا! | ١٠٥ |
| نەخشەڕێگای دەربازبوون! | ١٠٩ |
| ئایا ترەمپ دەبێتە سەرۆکێکی (ئاخیر شەڕ) بۆ ئێران! | ١١٢ |
| ترەمپ وازناهێنێت! | ١١٥ |
| ترەمپ و ترەمپیزم! | ١١٩ |
| ململانێی ترەمپ و پیلۆسی! | ١٢٢ |
| سبەی هەموو چاوەکان لەسەر ئەمریکا دەبن! | ١٢٥ |
| تاکە ڕێگا! | ١٢٨ |
| کورد و باوەڕبەخۆبوون! | ١٣٠ |
| دادگاییکردنی «ترەمپ» سیاسییە یان دەستووری؟ | ١٣٣ |
| لە ڕۆژی «خۆشەویستی»دا! | ١٣٦ |
| ئاسایشی هەرێم.. هێڵی سوورە! | ١٣٩ |
| دۆکترینی (بایدن) لە مانگێکدا! | ١٤٢ |

چۆن شارستانیەتی ئەمریکا بناسین؟ ١٤٦
پێگەی جوگرافیای ئەمریکا و.. یادی ڕاپەڕینی کوردستان ١٥٤
دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیی ئەمریکا ١٥٨
بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا ١٦٤
ئابووریی ئەمریکا ١٦٨
کولتووری ئەمریکا ١٧٣
جیهان لە ڕوانگەی ئەمریکادا ١٧٧
کورد لە ڕوانگەی ئەمریکادا ١٨٠
کورد.. هەموو هێلکەکانی ناخاتە یەک سەبەتەوە! ١٨٤
بڕیاری (٦٨٨) و ڕۆژی ویژدانی جیهانیی! ١٨٧
گەڕی سێیەمی دیالۆگی ستراتیژیی بەغدا - واشنتن بەڕێوەدەچێت! ١٩٠
کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیتر بێدەنگ نابێت! ١٩٣
(دەستوور) فریادڕەسە! ١٩٥
ستراتیژی ئەمریکا بۆ باشووری کوردستان، لەگەڵ بژاردەی هەرێمێکی بەهێزە! ١٩٨
«کۆدەنگیی نیشتیمانیی» وەک هەنگاوێکی چارەنوسساز! ٢٠١
ناهۆشیاریی لەسەردەمی هۆشیاریدا! ٢٠٤
مرۆڤسازی و.. نیشتیمانسازی ٢٠٧
وانەیەک لە (نامەیەک)ی هیندییە سوورەکانەوە! ٢١٠
چەکی یەکڕیزی و زانست و ئیرادە! ٢١٣
«غاندی و برنادشۆ»... چی دەڵێن! ٢١٨
نووسینی(٦٠) وتاری ئەکادیمی لە ماوەی ساڵێکدا! ٢٢١
لە ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ن.ک) دا: ئەو ڕاستییانەی پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت! ٢٢٤
(٢٣٢) ساڵ لەمەوبەر دەستووری ئەمەریکا خرایە بواری جێبەجێکردن! ٢٢٩
وەبەرهێنان لە سێکتەری دیپلۆماسیدا! ٢٣٢

| | |
|---|---|
| ئایا جەللادەکان دەبنە گوڵفرۆش؟! | ٢٣٦ |
| هەولێر نابێتە بەغدا! | ٢٤١ |
| ئەمڕۆ تەمەنی ئەمریکا دەبێتە (٢٤٥) ساڵ! | ٢٤٥ |
| ئەمریکا دەمێنێتەوە یان دەکشێتەوە؟ | ٢٥٠ |
| ئەفغانستان.. وەک پەند و عیبرەت! | ٢٥٤ |
| کوردستان هەرگیز نابێتە ئەفغانستان! | ٢٥٧ |
| پەیامەکانی ئیمانوێل ماکرۆن... سەرۆکی فەرەنسا | ٢٦١ |
| بۆچی دۆخی عێڕاق سەقامگیر نابێت؟ | ٢٦٣ |
| خوێندنەوەیەک بۆ هێرشی شەمشەمەکوێرەکانی داعش! | ٢٦٨ |

# پێشگوتنێک

ئـەم کتێبـە زنجیـرە وتارێکـی گرنـگ لەخـۆ دەگرێـت، کـە پەیوەسـتن بـە ڕەهەنـدی سیاسـیی جیهانـی و پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هاوکێشـە دیپلۆماسـی و سیاسـی و ئابوورەییەکانـدا. کـۆی ئـەو وتارانـەی لـەم کتێبـەدا هـەن، لـە مـاوەی هـەژدە مانگـدا (لـە ئایـاری ٢٠٢٠ تـا کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢١) لـە سـایتی فەرمـی کوردسـتان24 بـڵاو کراونەتـەوە. نووسـەری ئـەم وتارانـە، کارۆخ خۆشـناو، ویسـتویەتی لـە چەنـد لایەنێکـەوە زانیـاری ورد و دروسـت بـە خوێنـەری کـورد بگەیەنێـت. لـە تـەواوی پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانـی پارسـاڵ لـە ئەمەریـکا، بـۆ نموونـە، نووسـەر یەکێـک بـوو لـەو شـارەزا دەگمەنانـەی هەرێمـی کوردسـتان، کـە بـە زانسـتی و واقیعییـەوە وتـاری گرنگـی لەسـەر ڕووداوەکانـی ئەمەریـکا بـڵاو دەکـردەوە. جگـە لـە شـیکردنەوەی سیاسـی و تێڕوانینـی تابەتـی خـۆی بـۆ پرسـە سیاسـییەکان، نووسـەر ویسـتوێتی خوێندنـەوە بـۆ کـۆی ئـەو بابەتانـە بـکات، کـە لـە مـاوەی چەنـد

ساڵی ڕابردوودا گرنگییان بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە.

بەشێکی زۆری وتارەکان پەیوەستن بە ئەمەریکا، کە ئێمە پێموایە زانیاری دەگمەن و بەسوودیان بۆ پرسی ئەمەریکاناسیی تێدایە، هەروەها وتارەکان لە دیدێکی شیکاری و ناساندنەوە دەڕواننە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن و پێگە و دەسەڵاتە گرنگەکانی حوکمڕانی لە ئەمەریکا. بەشێکی دیکەی وتارەکان پەیوەستن بە ڕەهەندی سیاسی و دیپلۆماسی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان. نووسەر لە هەستێکی بەرپرسیارییێتی و نیشتیمان پەروەرییەوە لە کۆی بابەتەکان دەڕوانێت. خەمخۆری و بەهای ئەم تێروانینانەش، تەواو کاریگەری لەسەر وتارەکان هەیە. من پێموایە ئەمە لایەنێکی بەهێزی ئەم وتارانەیە، کە لەم دید و تێڕوانییەنەوە خوێندنەوە بۆ پرسی سیاسی و ڕەهەندی دپلۆماسی بکرێت. هەروەها دوور لە زۆری و بۆری، ویستوویەتی بە کەمترین کات زۆر ترین زانیاری دروست بە خوێنەران بگەیەنێت. وتاری کورت و پوخت، کە کۆی وتارەکانی ئەم کتێبە پێک دەهێنن، بۆ سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکان گرنگن. لە زۆرێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، ئەوەی پێی دەگوترێت وتاری ئۆپ-ئێد (op-ed articles)، بریتیین لە وتاری شیکاری، دوور لە ناوەڕۆکی وشک و درێژ و ڕەفرێنسی ئەکادیمی. لەم ڕوانگەیەوە، نووسەری ئەم کتێبە، کۆمەڵێک لەم جۆرە وتارانەی نووسیوە، کە لە سایتی کوردستان24 زۆرترین خوێنەریان هەبووە،

چاپکردنی ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی کوردستان24، پەیوەندی بەوەوە نییە کە نووسەر کەسێکی نزیکە لە کوردستان24، بەڵکو پەیوەندی بە ناوەڕۆکی بابەتەکان و گرنگی زانیارییەکانەوە هەیە. خوێنەری ئەم کتێبە بە پێزانینەوە دەڕوانێتە ئەو سەرنج و تێبینییانەی لە خوێندنەوەی وتارەکاندا دەستی دەکەوێت. هەر بۆیە، پێمانوایە ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەیەکی

بەهێــزی زانیــاری بــۆ تــەواوی خوێنــەران. بابەتــەکان دەســتپێکێکی زۆر بــاش و بەنرخــن بــۆ ئــەو تەوەرانــەی نووســەر باســی کــردوون. لــە تــەواوی هــزر و بۆچوونەکانــی نێــو وتــارەکان، بیرکردنەوەیەکــی قــوڵ بــۆ بابەتــە شــاراوەکان و پرســە سیاســییەکان کــراوە، کــە ئەمــەش پێمانوایــە لایەنێکــی بەهێــزی دیکــەی ئــەم کۆمەڵــە وتارەیــە.

**دامەزراوەی کوردستان24**

# ئایا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئاگادارن؟!

٢٨/٠٥/٢٠٢٠

بڕیارە «ئەمریکا و عێراق» لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی داهاتوو (واتە دوای تەنها ٢٠ ڕۆژی دیکە)، پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی ناسراو بە «سۆفا» بکەن، بە مەبەستی ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوەی سەرجەم بەندەکانی ڕێککەوتنەکە لە هەموو ڕووەکانیەوە: «سیاسی، سەربازی، ئابووری، هەواڵگری، کولتووری، سەروەریی عێراق، ڕۆڵی ئێران لە عێراق، چارەنووسی حەشدی شەعبی، دادگاییکردنی بکوژانی خۆپیشاندەران و هتد».

ئاخۆ ئەجێندای هەرێمی کوردستان چییە بۆ بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ئەمریکا و عێراق؟

ئایا هەرێمی کوردستان وەک ڕێککەوتننامەی پێشووی «سۆفا»ی ساڵی (٢٠٠٨)ی نێوان ئەمریکا و عێراق، تەنها تەماشاکار دەبێت؟

سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان پێویستە چی بکات؟

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، پێویستە خۆی ئامادە بکات

و هەنگاوی خێرا بنێت بە مەبەستی بەشداریکرن و حازر بوون لە دانوستانەکان و پێویستە ئەم خاڵانەی خوارە لەبەرچاو بگرێت:

١- گرنگترین هەنگاو کە پێویستە کورد بیهاوێژێت (لەم ماوە کورتەی لەبەردەمیدایە کە تەنها ٢٠ ڕۆژە تاکوو ناوەڕاستی مانگی شەش) بریتییە لە بە جدی وەرگرتنی ئەم دانوستانانە و نووسینەوەی ئەجێندایەکی یەکگرتوو لە پێناو خۆئامادەکردن بۆ گفتوگۆکان.

٢- بە خێرایی پڕکردنەوەی پۆستی وەزیری دەرەوە کە پشکی «کوردە» چونکە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دانوستانەکانی ئەمریکا و عێراق، ئەویش لە ڕێگای کاندیدکردنی کەسێک کە کۆدەنگیی شیعە و سوونندی لەسەر بێت تاکوو لە پەرلەمانی عێراق دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت.

٣- پێکهێنانی وەفدێکی کوردی لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا کە بریتی بن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری دانوستان و یاسایی و دیپلۆماسی، بۆ ئەوەی ئەگەر نەشتوانن ڕاستەوخۆ بەشداریی دانوستانەکان بکەن، ڕۆڵی ڕاوێژکار ببینن بۆ ئەو ئەندامە کوردانەی، لە گفتوگۆ و دانوستانەکان بەشدارن.

٤- پێویستە کورد فشار بکات بۆ ئەوەی ئەمجارە «محەلی لە ئیعراب»ی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەدا هەبێت.

٥- پێگەی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا گرنگە (هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەمریکا سیستەمی پاتریۆتی لە هەولێر جێگیر کرد) بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات سوود لە پێگەی خۆی وەربگرێت و لە دانوستانەکاندا قسەی خۆی هەبێت.

٦- ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئاگادار نەبێت و لە دانوستانەکان ئامادەیی نەبێت ، ڕەنگە بەشێک لە لێکەوتەکانی ڕێککەوتنەکە بە خراپ بۆ سەر هەرێم بشکێتەوە.

٧- دەکرێت لەنێو هەموو ڕێککەوتنێکدا کۆمەڵێک دەرفەت و هەڕەشە بوونیان

هەبێـت، بۆیـە پێویسـتە هەرێمـی کوردسـتان بـە ئـاگا بێـت و ئـەم دانوسـتانانەی ئەمریـکا و عێـراق بـە جـدی وەربگـرن و خۆیانـی بـۆ ئامـادە بکـەن.

٨- بەشـــێکی گرنگـــی داهاتـــووی سیاســـی و ئابووریـــی عێـــراق و هەرێمـــی کوردســـتان بەنـــدە بـــەم ڕێککەوتنـــەوە.

٩- ترەمـــپ پێویســـتی بـــەم ڕێککەوتنـــە هەیـــە بـــۆ ئـــەوەی ســـەرنجی ڕای گشـتیی ئەمریـکا بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت، چونکـە دوای نزیکـەی پێنـج مانگـی دیکـە لەبـەردەم پرۆسـەی هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتیدایە لـە (٢٠٢٠/١١/٣) بۆیـە پێویســتی بــە ئەنجامدانــی ئــەم ڕێککەوتنــە هەیــە تاکــوو پێگــەی ئەمریــکا لــە عێراقــدا بەهێــز بــکات و تــەرازووی هێــز لەعێراقــدا لــە بەرژەوەندیــی خــۆی بشــکێنێتەوە و عێراقیــش لەژێــر هەژموونــی ئێــران دەربهێنێــت، بــە مەبەســتی بەرزکردنـــەوەی ژمـــارەی دەنگەکانـــی بـــۆ هەڵبژاردنـــەکان و دەســـتەبەرکردنی خولــی دووەمــی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا.

١٠- بەهـــۆی لێکەوتەکانـــی کۆڕۆنـــا وەک دابەزینـــی نرخـــی نـــەوت، حاڵـــی عێــراق لــە گیانەڵڵادایــە، بۆیــە عێراقیــش پێویســتی بــە نوێکردنــەوەی ئــەم ڕێککەوتنــە هەیــە، تاکــوو پشــتگیریی دارایــی و سیاســیی ئەمریــکا بەدەســت بهێنێــت و لــەم دۆخــە قورســەی تێــی کەوتــووە ڕزگاری ببێــت.

لــە کۆتاییــدا پێویســتە ئامــاژە بــەوە بکرێــت کــە لــە هــەر پرۆســەیەکی دانوســتان و گفتوگۆکردنــدا لایەنــە بەشــداربووەکانی پرۆســەکە هەوڵــی تــەواو دەخەنەگــەڕ بــۆ پاراســتن و بەدەســتهێنانی بەرژەوەندیــی زیاتــر بــۆ وڵاتەکانیــان، بۆیــە پێویســتە ســەرکردایەتیی سیاســیی هەرێمــی کوردســتانیش چاوکراوەتــر بــن و تێڕوانینــی جددیــان هەبێــت بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی هەرێمــی کوردســتان، بۆیــە گرنگــە تاکــوو «کار لــە کار نەتــرازاوە»، ئەجێندایەکــی هاوبــەش بنووســنەوە بــۆ ئــەوەی هەرێمــی کوردســتانیش ژمارەیەکــی خوێنــدراوە بێــت لــە داهاتــووی عێــراق و ناوچەکــەدا.

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ

٠١/٠٦/٢٠٢٠

ئەمریکا لە ١٧٧٦/٧/٤ سەربەخۆیی ڕاگەیاند و حوکمی شانشینی بەریتانیای ڕەت کردەوە، لە ماوەی تەمەنی ٢٤٤ ساڵدا، ٤٥ سەرۆکی هەڵبژاردووە، ١٩ سەرۆک لە پارتی کۆمارییەکان بوون، ١٥ سەرۆکیش لە دیموکراتەکان، ١١ سەرۆکیش بێلایەن.

دەستووری ئەمریکا لە ماددەی دووەم (بەندی یەکەم) ئاماژە بە ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا دەکات بۆ ماوەی چوار ساڵ، هەروەها سێ مەرج دەستنیشان دەکات بۆ هەر کەسێک کە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا، ئەوانیش بریتین لە:

١- لەدایک بووی ئەمریکا بێت.

٢- تەمەنی لە ٣٥ کەمتر نەبێت.

٣- چواردە ساڵ لە ئەمریکا ژیا بێت.

دوای پەسەندکردنی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٩)، جۆرج واشنتن،

وەک یەکـەم سـەرۆکی بێلایـەن هەڵبژێـردرا (ئەوكاتـە هێشـتا پارتـی دیموکـرات و کۆمارییـەکان دانەمەزرابـوون).

هـەر بـە گوێـرەی ئـەم دەسـتوورەش بڕیـارە ڕۆژی سێشـەممە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١١/٣، سـەرۆکی ئەمریـکا و (٤٣٥) ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنـەران و هەروەهـا (١ لەسـەر ٣ی) ئەندامانـی ئەنجومەنـی پیـران هەڵبژێردرێـن.

ترەمـپ لـەم هەڵبژاردنـەدا لەبـەردەم کۆمەڵێـک دەرفـەت و هەڕەشـەدایە بـۆ بـە دەسـتهێنانەوەی خولـی دووەمـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا. لـەم وتـارەدا بـە کورتـی تیشـک دەخەینـە سـەر دەرفـەت و ئاسـتەنگەکانی بـەردەم ترەمـپ.

یەکەم/

A - دەرفەتەکانی بەردەم ترەمپ لە سەر ئاستی ناوخۆیی ئەمریکادا:

١- لاوازیـی «جۆزیـف بایـدن» (جێگـری سـەرۆکی پێشـووی ئەمریـکا، بـاراک ئۆبامـا ٢٠٠٨ - ٢٠١٦) کـە بەربژێـری دیموکراتەکانـە و ڕکابـەری ترەمپـە لـە ململانێـی بەدەسـتهێنانی کورسـیی سـەرۆکایەتیی کۆشـکی سـپی.

٢- یەکگرتوویـی پارتـی کۆمارییـەکان و پەرتەوازەیـی دیموکراتـەکان، ئەویـش بەهـۆی جیاوازیـی بیرکردنـەوەی لایەنگرانـی «بێرنـی سـاندەرز» هـەر ئەوانیـش هۆکارێـک بـوون بـۆ بردنـەوەی ترەمـپ لـە خولـی یەکـەم، لـە هەڵبژاردنـی داهاتووشـدا هەندێـک ئامـاژە هـەن وای بـۆ دەچـن کـە بەشـێکی زۆری لایەنگرانـی «بێرنـی سـاندەرز» دەنـگ نـادەن بـە جـۆ بایـدن بەڵکـوو دەنـگ دەدەن بـە دۆناڵـد ترەمـپ.

٣- شکسـتهێنانی دیموکراتـەکان لـە ئەنجومەنـی پیـران لـە پرسـی لێپێچینـەوە لـە دۆناڵـد ترەمـپ، کـە لـە بەرژەوەندیـی ترەمـپ شـکایەوە، چونکـە دیموکراتـەکان نەیانتوانـی دەنگـی پێویسـت بەدەسـتبهێنن بـۆ بانگهێشـتکردنی گەواهیـدەرەکان و لێسـەندنەوەی متمانـە لـە ترەمـپ، کـۆی گشـتیی پڕۆسـەکەش بـە شکسـتێکی گـەورە بـۆ دیموکراتـەکان و سـەرکەوتنێکی گـەورە بـۆ ترەمـپ هەژمارکـرا.

٤- دۆخـی ئابووریـی ئەمریـکا لـە خولـی یەکەمـی سـەرۆکایەتیی ترەمـپ و پێـش هاتنـی پەتـای کۆرۆنـا (Covid١٩) بووژانەوەیەکـی بـێ وێنـەی بـە خـۆوە بینیبـوو، کـە لـە مـاوەی ٥٠ سـاڵی ڕابـردوودا ئەمریـکا ڕەوشـی ئابووریـی ئاوەهـا گەشـاوەی بـە خۆیـەوە نەبینیبـوو، بـە جۆرێـک ڕێـژەی بێـکاری کـەم بوبـۆوە بـۆ ٣٪. هەروەهـا ترەمـپ بـە کەمکردنـەوەی بـاج توانیبـووی چەنـدان کۆمپانیـای زەبەلاحـی ئەمریکا لـە دەرەوە بهێنێتـەوە نـاو ئەمریـکا؛ لـەم چوارچێوەیەشـدا توانیبـووی زیاتـر لـە پێنـج ملیـۆن هەلـی کار بـۆ ئەمریکییـەکان بڕەخسـێنێت.

٥- ئەگەرچـی زۆربـەی میدیـا زەبەلاحەکانـی ئەمریـکا (وەک CNN و واشـنتن پۆسـت و نیـورک تایمـز و هتـد) دژی ترەمـپ کار دەکـەن، بـەڵام ترەمـپ زۆر لێزانانـە توانیویەتـی ئـەم دژایەتییـەی میدیـا زەبەلاحەکانـی ئەمریـکا بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی بشـکێنێتەوە.

یەکەم/

B - دەرفەتەکانی بەردەم ترەمپ لە سەر ئاستی دەرەوەی ئەمریکا:

١- لـە سـایەی سـەرۆکایەتیی ترەمپـدا، پێگـە و ڕۆڵـی ئەمریـکا لـە سـەر ئاسـتی جیهـان بەهێزتـر بـووە و پێگـە و ڕۆڵـی نەیـار و دوژمنانـی ئەمریـکاش لاوازتـر بـووە، واتـە ترەمـپ توانیویەتـی تـا ڕادەیەکـی بـاش هەیبـەت بـۆ ئەمریـکا بگێڕێتـەوە و دروشـمی سـەرەکیی (خولـی یەکەمـی) هەڵبژاردنەکانـی جێبەجـێ بـکات کـە دەیگـوت: (Make America Great Again)یـان (America First)

بـۆ نموونـە: ترەمـپ توانـی ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی هەڵوەشـێنێتەوە و سـزای ئابـووری بخاتـەوە سـەر «ئێـران» و لاواز و گۆشـەگیری بـکات، هەروەهـا ترەمـپ توانـی دوژمنـە سەرسـەختەکانی ئەمریـکا بکوژێـت وەک «ئەبوبەکـر بەغـدادی لـە سـوریا و قاسـم سـولەیمانی و ئەبـو مەهـدی موهەندیـس لـە عێـڕاق و قاسـم ئەلریمـی لـە یەمـەن».

لـە ئێسـتادا ئەمریـکا زیاتـر لـە ١٦٠ هـەزار سـەربازی لـە ١٥٠ وڵاتـدا بەسـەر

٨٦٥ بنکـەدا دابەشـکردووە، کـە لـە ٨٠ وڵاتـدا دژایەتیـی تیـرۆر دەکـەن.

٢- ناچارکردنـی ئەندامانـی هاوپەیمانیـی ناتـۆ بـۆ پابەندبـوون بـە پێدانـی ئابوونـەی سـاڵانە کـە بریتیـە لـە ٢٪ی کـۆی داهاتـی وڵاتەکانیـان.

٣- دووبـارە دارِشـتنەوەی کۆمەڵێـک ڕێککەوتنـی بازرگانـی بەجۆرێـک کـە لـە بەرژەوەندیـی ئەمریـکادا بـن؛ وەک ڕێککەوتنـە بازرگانییەکانـی ئەمریـکا لەگـەڵ هەریـەک لـە چیـن و کەنـەدا و مەکسـیک و... هتـد.

٤- پشـتگیریکردنی ترەمـپ لـە «بۆریـس جۆنسـن» بـۆ دەرچوونـی بەریتانیـا لـە یەکیەتیـی ئەوروپـا کـە بـە برێگزێـت (Brexit) نـاسراوە، ترەمـپ هـەر لەسـەرەتاوە هانـی بەریتانییەکانـی دا کـە بـۆ دەرچـوون لـە یەکێتیـی ئەوروپـا دەنـگ بـدەن.

دووەم/

A - هەڕەشەکانی بەردەم ترەمپ لە سەر ئاستی ناوخۆیی ئەمریکا:

١- بڵاوبونەوەی پەتای کۆڕۆنا:

ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا، کاریگەرییەکـی تـەواوی کردووەتـە سـەر هەمـوو سـێکتەر و کایەکانـی ژیانـی هاووڵاتیانـی ئەمریـکا، لـە نێویشـیاندا سـێکتەر و کایەی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵاتـی و تەندروسـتی و پەروەردەیـی و گواسـتنەوە و تەکنەلۆژیـا و....هتـد، بـە جۆرێـک کـە زۆربـەی بابەتەکانـی تـر پەڕاوێـز خـراون و فۆکەسـی هەمـوو چـاوەکان خراوەتـە سـەر چۆنیەتیـی خۆپارێـزی و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا، کاریگەرییەکـە بـە جۆرێکـە کـە دەکرێـت زەمـەن دابـەش بکرێـت بەسـەر زەمەنـی پێـش کۆڕۆنـا و زەمەنـی دوای کۆڕۆنـا هەروەهـا ئەگەرێکـی بەهێـز هەیـە کـە پەتـای کۆڕۆنـا بـە کاریگەرتریـن پەتـای سـەدەی ٢١ بناسـێنرێت.

هاتنـی ئـەم پەتایـە لـە کاتێکـدا بـوو کـە خەڵکـی ئەمریـکا سـەرقاڵی خـۆ ئامادەکـردن بـوون بـۆ «هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی»، کەچـی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا خـۆی گەیانـدە هـەر ٥٠ ویلایەتەکـە و ڕێـڕەوی گرنگـی پێدانـی خەڵـک و حکوومەتی ئەمریـکای گـۆڕی لـە گرنگیـدان بـە هەڵبژاردنەکانـەوە بـۆ گرنگیـدان بـە ڤایرۆسـی

کۆڕۆنـا.

کاریگەریـی نێگەتیڤـی کۆڕۆنـا بەسـەر ئابووریـی ئەمریـکا بـە جۆرێکـە کـە خەریکـە سـێکتەری ئابووریـی ئەمریـکا ئیفلیـج دەکات چونکـە ڕێـژەی بێکاریـی لـە ئەمریـکادا بەرزکردووەتـەوە بـۆ لـە سـەدا ٢ واتـە لـە ئێسـتادا زیاتـر لـە ٦٠ ملیـۆن هاووڵاتیـی ئەمریکـی بێـکار بوونـە، ئەمـەش قەیرانێکـی ئابووریـی دروسـت کـردووە کـە لـە مێـژووی ئەمریـکادا بـە سـەختترین قەیـران هەژمـار دەکرێـت، چونکـە ئـەم قەیرانـە زۆر سـەختترە لـە قەیرانـە ئابورییەکانـی سـاڵانی ١٩١٠ و ١٩٣٠ و ١٩٧٠ و ٢٠٠٨ و چـاوەڕوان دەکرێـت لێکەوتەکانـی تاکـوو سـاڵی ٢٠٢٢ بـەردەوام بـن.

لـە ئێسـتادا «دۆناڵـد ترەمـپ» لەژێـر تاقیکردنەوەیەکـی قورسـی ڤایرۆسـی کۆڕۆنادایـە، ئەگـەر ترەمـپ توانـی بەسـەر کۆڕۆنـادا سـەربکەوێت، ئـەوا دەتوانێـت لـە هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتیی مانگـی نۆڤەمبەریشـدا سـەربکەوێت، واتـە سـەرکەوتنی ترەمـپ بەسـەر کۆڕۆنـادا، یەکسـانە بـە سـەرکەوتنی ترەمـپ بەسـەر جـۆ بایدنـدا، چونکـە هەندێـک سـەرچاوە ئامـاژە بـەوە دەکـەن ئەگـەر ڕێـگا لـەم ڤایرۆسـە نەگیرێـت، ئـەوا مەترسـی هەیـە ١٦٠ تاکـوو ٢٠١ ملیـۆن هاووڵاتیـی ئەمریکـی، واتـە زیاتـر لـە نیـوەی دانیشـتووانی ئەمریـکا، تووشـی کۆڕۆنـا بـن؛ بۆیـە سـەرکەوتنی ترەمپ بەسـەر کۆڕۆنـادا، واتـە دەسـتەبەرکردنی خولـی دووەمی کورسـیی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا.

٢- سـەرهەڵدانی خۆپیشـاندانی فـراوان دژ بـە جیاکاریـی ڕەگـەزی و ڕەیسـیزم.

لـە ئێسـتادا ئـەم خۆپیشـاندانانە زۆر ویلایەتـی ئەمریکایـان، بـە واشـنتنی پایتەختیشـەوە گرتووەتـەوە؛ ئەمـەش دوای کوژرانـی هاووڵاتییەکـی ڕەشپێسـتی ئەمریکـی بـە نـاوی «جـۆرج فلۆیـدی تەمـەن ٤٦ سـاڵ» لـە شـاری مینیاپۆلسـی ویلایەتـی مینیسـۆتا کـە بـە هـۆی مامەڵـەی نامرۆڤانـەی پۆلیسـی ئەمریـکا گیانـی لەدەسـتدا.

ئەگـەر ترەمـپ نەتوانێـت ئـەم خۆپیشـاندانانە هێـور بکاتـەوە و کۆنترۆڵیـان

بـکات، ئـەوا دەبنـە مەترسـی بـۆ دووبـارە هەڵبژاردنـەوەی بـە سـەرۆکی ئەمریـکا.

دووەم/

B - هەڕەشەکانی بەردەم ترەمپ لەسەر ئاستی دەرەوەی ئەمریکا:

١- قووڵبوونـەوەی کێشـەکان لەگـەڵ وڵاتانـی نەیـاری وەک «چیـن، ئێـران، ڕووسـیا، کۆریـای باکـوور، ڤەنزۆئێـلا».

٢- ناتەبایی لەگەڵ وڵاتانی یار و هاوپەیمانی وەک «یەکیەتیی ئەوروپا».

٣- پشتگوێخسـتنی یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتییـەکان و هاتنـە دەرەوە لـە ڕێککەوتننامـە جیهانییـەکان و بڕینـی پەیوەنـدی وهـاوکاری لەگـەڵ هەندێـک ڕێکخـراوەی وەک ڕێکخـراوی تەندروسـتیی جیهانـی (WHO) و هاتنـەدەرەوە لـە ڕێککەوتنـی پاریـس بـۆ ژینگە....هتـد، ئـەم هەنگاوانـە هـۆکاری هەڕەشـەن بـۆ سـەر ترەمـپ لـە هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتیدا، چونکـە سـەرهەڵدانی ململانێـی بـەردەوام و کردنـەوەی ئـەم هەمـوو بەرەیـە لـە بەرانبـەر وڵاتانـی یـار و نەیـار لەیـەک کاتـدا، هەڕەشـە دروسـت دەکـەن لەسـەر داهاتـووی هەڵبژاردنـەوەی ترەمـپ بـۆ خولـی دووەم.

لـە کۆتاییـدا پێویسـتە بگوتـرێ کـە دۆناڵـد ترەمپـی بزنسـمان، لـە خولـی یەکەمـی سـەرۆکایەتیدا بەبـێ هەبوونـی پاشـخان و باکگراوندێکـی سیاسـی توانـی بـە شـێوازێکی «تـازە و نـاوازە» لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی «تویتـەر»ەوە سیاسـەتێکی ڕوون و ڕاشـکاو پەیـڕەو بـکات لـە پێنـاو بەهێزکردنـەوەی پێگـەی ئەمریـکا، لـە کاتێکـدا کـە هەندێـک بۆچـوون پێیـان وابـوو لـە سـەردەمی «بـاراک ئۆبامـا» پێگـەی ئەمریـکا لاواز بـوو، هەروەهـا ترەمـپ توانـی زۆربـەی بەڵێنەکانـی خولـی یەکەمـی هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی ٢٠١٦ جێبەجـێ بـکات، بـەڵام دواجـار دەنگدەری ئەمریکـی دواییـن قسـە دەکات و لەنێـوان دوو ڕکابـەری دوو حزبـی جیـاوازدا، یەکێکیـان دەنێرێتـە کۆشـکی سـپی و ئەویتریـان دەنێرێتـە ماڵـەوە!.

# «تا»ی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە «تا»ی کۆرۆنا گەرمترە!

٣٠/٠٨/٢٠٢٠

دوای (٦٥) ڕۆژی دیکە، خەڵکی ئەمریکا بۆ (٥٩)یەمین جار لەمێژوودا، دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و (١/٣) ئەندامانی ئەنجومەنی پیران.

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکا (کۆماری و دیموکرات) کۆنگرەی نیشتمانیی خۆیان بەست و بە شێوەیەکی فەرمی کاندیدەکانی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا ناوزەد کرد.

چاوەڕەوان دەکرێت لە دوو مانگی داهاتوودا، «تا»ی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە «تا»ی پەتای کۆرۆنا گەرمتر بێت.

لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەمریکا هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ دەبێت لە گوتاری نا عەقڵانی و تەخوینکردن و جوێن و قسەی نەشیاو، بەڵام جیاوازییەکەی

لەوەدایــە «تـــــا»ی هەڵبژاردنەکانــی ئەمریــکا تەنهــا پێــش هەڵبــژادن گــەرم دەبێــت و دواتــر ســارد دەبێتــەوە و هــەرکام لــە بەربژێــرەکان (ترەمــپ یــان بایــدن) دەربچێــت، لــە گوتــاری ســەرکەوتندا دەڵێــت: «هەڵبــژاردن تــەواو بــوو، مــن ســەرۆک و خزمەتــکاری هەمــوو ئەمریکییەکانــم بــە بــێ جیــاوازی (بــە دیموکــرات و کۆمارییەکانــەوە) لــە چــوار ســاڵی داهاتــوودا بــە گوێــرەی ئــەو دەســەڵاتانەی دەســتوور بــۆی دیــاری کــردووم، ئەوپــەڕی توانــام دەخەمــە گــەڕ بــۆ جێبەجێکردنــی بەڵێنەکانــی هەڵمەتــی هەڵبــژاردن».

ئــەم هەڵبژاردنــەی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا چەنــد خەســڵەتێکی جیــاوازی لــە هەڵبژاردنەکانــی پشــووتر لــە خۆگرتــووە، لەوانــە:

١- یەکەمجــارە ژنێکــی ڕەشپێســت (کامــاڵا هاریــس) وەک بەربژێــر بــۆ جێگــری ســەرۆک (جــۆ بایــدن) کاندیــد بکرێــت.

٢- ئەگــەر بەربژێــری دیموکراتــەکان (جــۆ بایــدن) ســەرکەوتن بەدەســتبهێنێت ئــەوا دەبێتــە بەتەمەنتریــن ســەرۆکی ئەمریــکا، چونکــە تەمەنــی (٧٨) ســاڵە، هەروەهــا دەبێتــە ســەرۆکی ژمــارە (٤٦)ی ئەمریــکا.

٣- بەهــۆی بڵاوبونــەوەی پەتــای کۆڕۆنــاوە چــاوەڕوان دەکرێــت ژمــارەی دەنگــدان بــە «پۆســتە» یــەک لەســەر ســێی کــۆی ژمــارەی دەنگــدەران پێکبهێنێــت. «دۆناڵــد ترەمــپ» دژی ئــەم شــێوازی دەنگدانەیــە بــە «پۆســتە»، چونکــە دەڵێــت ســاختەکاریی تێــدا دەکرێــت، بــەڵام ئــەم شــێوازەی دەنگــدان بــە دڵــی «جــۆ بایــدن»ە و دەڵێــت مافــی هاووڵاتیــی ئەمریکییــە کــە بەهــۆی کۆڕۆنــاوە لــە ماڵەکانــی خۆیــان دەنــگ بــدەن.

٤- لــە مێــژووی (٢٢٠) ســاڵەی (کۆشــکی ســپی)دا، یەکەمجــارە پارتــی کۆمــاری کــە تەمەنــی (١٥٦) ســاڵە ئاهەنگــی کۆنگــرەی نیشــتمانی پارتەکەیــان ببەنــە کۆشــکی ســپی.

٥- ئەگــەر ترەمــپ هەڵبــژاردن بباتــەوە، ئــەوا دەبێتــە یەکــەم ســەرۆکی بــازرگان

کــە دوو خولــی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا بباتــەوە، چونکــە ترەمــپ کەمتریــن ئەزمــوون و زانیــاری و ســەروکاری هەبــووە لەگــەڵ سیاســەت بەگشــتی و سیاســەتی دەرەوە بەتایبەتــی.

٦- ئەگــەر ترەمــپ لــە هەڵبــژاردن بدۆڕێــت ئــەوا دەبێتــە ســێهەم ســەرۆک کــە لــە (١٢) خولــی هەڵبژاردنەکانــی پێشــودا نەیانتوانیــوە لــە خولــی دووەمــدا ســەرکەوتن بەدەســت بهێنــن، چونکــە لــە (٤٨) ســاڵی ڕابــردوودا تەنهــا دوو ســەرۆکی ئەمریــکا لــە خولــی دووەمــدا دۆڕاون ئەوانیــش «جیمــی کارتــەر و جــۆرج بۆشــی بــاوک».

چــاوەڕوان دەکرێــت لــە دوو مانگــی داهاتــوودا گەرمتریــن و ســەیر و ســەمەرەترین هەڵمەتــی هەڵبــژاردن لــە مێــژووی ئەمریــکادا ئەنجــام بدرێــت، هــەر لــە ئێســتاوە «تــــا»ی هەڵبــژاردن زۆر گەرمــترە لــە «تــــا»ی کۆرۆنــا و هــەر دوێنــی لــە کۆتــا ڕۆژی کۆنگــرەی نیشــتیمانیی کۆمارییــەکان، ترەمــپ گوتــی:

★ ئەمریکا لەو شەڕانە دەکێشینەوە کە هیچ کات کۆتایی نایەت.

★ هــەردوو گــەورە تیرۆریســتی جیهانــی، ســلێمانی و بەغدادیــمان کوشــت؛ ئێســتا جیهــان ئارامــترە.

★ ئابوورییەکەمان دەگۆڕین لە (Made in china) بۆ (Made in USA)

★ بایــدن دەیەوێــت ئابووریــی ئەمریــکا وێــران بــکات، ئێمــە ئابوورییەکــی مــەزن دروســت دەکەیــن و زیاتــر بــاج کــەم دەکەینــەوە.

★ داوا دەکــەم تێســتی مــاددە هۆشــبەرەکان بــۆ خــۆم و جــۆ بایــدن بکرێــت پێــش دیبەیتکــردن لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــدا.

چــاوەڕوان دەکرێــت لــە دوو مانگــی داهاتــوودا «ئەتمۆســفێرێکی بــارگاوی» پــڕ لــە تیــر و توانــج بەرهــەم بێــت لــە نێــوان ترەمــپ و بایــدن و ئەنــدام و لایەنگرانــی هــەردوو پارتــی ســەرەکیی ئەمریــکا (کۆمارییــەکان و دیموکراتــەکان).

# کورد لە نێوان «ترەمپ و بایدن»دا

٠٥/٠٩/٢٠٢٠

وڵاتانــی جیهــان (بەگشــتی) چاویــان بڕیوەتــە ســەر هەڵبژاردنەکانــی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا، کــە بڕیــارە ڕۆژی ســێ شــەممە ڕێککەوتــی (٢٠٢٠/١١/٣) ئەنجــام بدرێــت، ئــەم هەڵبژاردنــە گرنگتریــن هەڵبژاردنــە لەســەر ئاســتی جیهــان، چونکــە تاکــوو ئێســتا ئەمریــکا زلهێزتریــن وڵاتــی دونیایــە و «واشــنتن»ی پایتەختیــش «چــەق»ی داڕشــتنی بڕیــارە چارەنووســسازەکانی جیهانــە.

ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتیش (بەتایبەتــی) لــە چاوەڕوانیــی هەڵبژاردنــی ســەرۆکی نوێــی ئەمریکادایــە، چونکــە بــە گۆڕانــی ســەرۆکی ئەمریــکا، چــاوەڕوان دەکرێــت هاوکێشــەی «باڵانســی هێــز» لــەم ناوچەیــەدا بگۆڕدرێــت لــە نێــوان هــەردوو جەمســەری «شــیعە و ســوونە»دا، بــە جۆرێــک ئەگــەر «بایــدن و دیموکراتــەکان» ســەر بکــەون ئــەوا چــاوەڕوان دەکرێــت ئێــران گەشــە بــکات و ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی (٥+١) زیندووبکرێتــەوە، لەبەرانبــەردا چــاوەڕوان دەکرێــت

تورکیـا پاشەکشـە بـکات، چونکـە پەلکێشـییەکانی تورکیـا بـۆ «سـووریا و لیبیـا و هەرێمـی کوردسـتان» بایدنـی تـەواو نیگـەران کـردووە، وەک لـە چاوپێکەوتنـی بایـدن لەگـەڵ «نیویـورک تایمـز»دا ڕایگەیانـد: «ئەگـەر ببـم بـە سـەرۆکی ئەمریـکا، هاوکاریـی ئۆپۆزیسـیونی تورکیـا دەکـەم بـۆ ڕووخاندنـی دیکتاتـۆر ئەردۆغـان».

بـەڵام لـە ئەگـەری دووبـارە هەڵبژاردنـەوەی «ترەمـپ و کۆمارییـەکان» ئـەوا چـاوەڕوان دەکرێـت وەکـوو پێشـتر ئێـران پاشەکشـە بـکات، چونکـە «سـتراتیژییەتی ئەوپـەڕی فشـار» لەسـەر ئێـران بـەردەوام دەبێـت، تاکـوو ناچـار بکرێـت بێتـەوە سـەر مێـزی گفتوگـۆ و ڕێککەوتنێکـی نـوێ لەگـەڵ ئەمریـکا واژۆ بـکات، لەبەرانبـەردا چـاوەڕوان دەکرێـت تورکیـا گەشـە بـکات، بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییـە دۆسـتانەیەی کـە ترەمـپ لەگـەڵ ئەردۆغـان هەیەتـی.

جیاوازیـی نێـوان ترەمـپ و بایـدن (کۆمـاری و دیموکراتـەکان) بەرانبـەر دۆزی کـورد:

بـە هـۆی ئـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دابەشـکراوە بەسـەر چـوار وڵاتـدا، ناتوانیـن لـە نێـوان «ترەمـپ و بایـدن»دا بـە دیاریکـراوی بڵێیـن ئـەم کاندیـدە باشـترە لـەوەی دی، چونکـە هەڵبژاردنـی هـەر کاندیدێـک ئەگـەری هەیـە لـە بەرژەوەندیـی پارچەیەکـی کوردسـتان بێـت و لەبەرژەوەندیـی پارچەیەکـی دیکـەی کوردسـتان نەبێـت. بـۆ نموونـە لـە بەرژەوەندیـی کوردانـی ڕۆژهەڵاتـە کـە «ترەمـپ» دووبـارە هەڵبژێردرێتـەوە چونکـە «ترەمـپ» دژی ئێرانـە، بـەڵام لەبەرژەوەندیـی کوردانـی باکـوور نییـە، چونکـە «ترەمـپ» هاوڕێـی ئەردۆغانـە؛ بەپێچەوانەشـەوە لـە بەرژەوەنـدی کوردانـی باکـوورە کـە «بایـدن» هەڵبژێردرێـت، چونکـە «بایـدن» دژی ئەردۆغانـە، بـەڵام لەبەرژەوەندیـی کوردانـی ڕۆژهـەڵات نییـە کـە «بایـدن» هەڵبژێردرێـت، چونکـە ئەگـەری هەیـە سـزاکان لەسـەر ئێـران هەڵگرێـت و ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی کارا بکاتـەوە، لـەم حاڵەتەشـدا

ئێــران زینــدوو دەبێتــەوە.

بــە شــێوەیەکی گشــتی دەتوانیــن بڵێیــن لەســەر ئاســتی کەســی، «بایــدن» شــارەزاتر و ئاشــناترە لــە «ترەمــپ» بەرانبــەر بــە دۆزی کــورد، بــەڵام لەســەر ئاســتی حزبــی «کۆمارییــەکان»، زیاتــر لــە «دیموکراتــەکان» دۆســتی کــوردن، ئەگەرچــی بــە درێژایــی مێــژوو هــەردوو حــزب هەڵوێســتی «هەندێــک ئەرێنــی و زیاتــر نەرێنییــان» بەرانبــەر بــە دۆزی کــورد هەبــووە، ئەویــش چونکــە بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا «پێودانــگ و ســەنگی مەحــەک» بــوون لــە هەمــوو هەڵوێســتەکانیان نــەک شــتی دیکــە.

# ١١/ی سێپتەمبەر وەرچەرخانێکی مێژوویی!

١١/٠٩/٢٠٢٠

لــە ســەرەتای ســەدەی (٢١) و لــە بەرەبەیانــی ڕۆژی سێشــەممە (٢٠٠١/٩/١١) ئەمریــکا ڕووبــەڕووی گەورەتریــن و دڕندانەتریــن هێرشــی تیرۆریســتی بوویــەوە. لەڕێــگای چــوار فڕۆکــەی ســڤیلی نەفەرهەڵگــر، چەنــد پێگەیەکــی ســتراتیژیی ئەمریــکا کرانــە ئامانــج، لــە ناویانــدا هــەردوو تــاوەری بازرگانیــی جیهانــی لــە نیویــورک و بــارەگای پەنتاگــۆن لــە واشــنتن، بــە هۆیــەوە (٢٩٧٧) کــەس گیانیــان لەدەســتدا و نزیکــەی (٢٥٠٠٠) کــەس بریــندار بــوون.

کاردانــەوەی ئەمریــکا بــۆ ئــەم هێرشــانە وەرچەرخانێکــی مێژوویــی دروســت کــرد، بــە جۆرێــک مێــژووی مرۆڤایەتــی پێــش و دوای هێرشــەکانی «١١ی ســێپتەمبەر» لــە هەمــوو ڕووەکانــەوە گۆڕانکاریــی زۆری بــەدوای خۆیــدا هێنــا، لــە یەکــەم گوتاریــدا ســەرۆکی ئەوکاتــەی ئەمریــکا (جــۆرج W بــۆش) جیهانــی بەســەر دوو بــەرەی دژ بەیەکــدا دابــەش کــرد (بــەرەی تیــرۆر و بــەرەی ئەمریــکا).

لەســەرەتای هێرشــەکانەوە، ئەمریــکا ڕێکخــراوی تیرۆریســتی قاعیــدەی

ئەفغانسـتانی تۆمەتبـار کـرد، دواتـر ئـەم ڕێکخراوەیـە بەرپرسـیاریەتیی هێرشـەکانی لەئەسـتۆی خـۆی گـرت.

پەرچەکـرداری ئەمریـکا بریتـی بـوو لـە ڕاگەیاندنـی شـەڕێکی سەرتاسـەری هەمەجـۆر (سـەربازی، ئابـووری، ئایدۆلۆژی.....هتـد) بەرانبـەر بـە تیرۆریسـتان لەسـەر ئاسـتی جیهـان. لـە دەرەنجامـی ئـەم هیرشـانەدا ئەمریـکا هـەردوو ڕژێمـی «ئەفغانسـتان و ڕژێمـی بەعسـی لـە عێـراق» (کـە دیکتاتـۆر سـەدام حسـێن سـەرۆکایەتی دەکـرد) ڕووخانـد و کۆمەڵێـک بنکـە و پێگـەی سـەربازی نوێـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دروسـتکرد، لـە ئێسـتادا ئەمریـکا زیاتـر لـە (١٦٠) هـەزار سـەربازی لـە (١٥٠) وڵاتـدا بەسـەر (٨٦٥) بنکـەدا دابەشـکردووە، کـە لـە (٨٠) وڵاتـدا دژایەتـی تیـرۆر دەکـەن.

ئـەم هێرشـانە پرسـی پاراسـتنی ئاسایشـی کـردە پرایۆرتـی (ئەولەویـەت) و گرنگیـی ئـەم پرسەشـی خسـتە پێـش پرسـەکانی تـری وەک ئـازادی و دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ، واتـە بـە هـۆی ئـەم هێرشـانەوە ئازادیـی تاکـەکان سـنوردار کـران و لـە ڕێـگای ئامێـرە ئەلیکترۆنییەکانـەوە مرۆڤـەکان خرانـە ژێـر چاودێرییـەوە.

شـەڕی تیـرۆر تاکـوو ئێسـتاش بەردەوامـە، ئەگەرچـی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی قاعیـدە لاواز بـووە، بـەڵام گروپـی تیروریسـتیی تـر لـە فۆرمـی تـردا دروسـت بـوون، وەک لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش) بـە ڕێبەرایەتیـی گـەورە تیرۆریسـت «ئەبوبەکـر بەغـدادی» سـەری هەڵـدا و بـووە مەترسـییەکی ڕاسـتەقینە لەسـەر ئاسـتی جیهـان بەگشـتی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەتایبەتـی، لـەو کاتـەدا ئەمریـکا بـۆ لـە ناوبردنـی ئـەم مەترسـییە، هاوپەیمانێتییەکـی لـە (٧٠) وڵات پێکهێنـا و بـە هـاوکاری و قوربانیدانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە ، توانـرا ئوسـتورەی داعـش تێکبشـکێندرێت.

دوای نزیکـەی دوو دەیـە لـە شـەڕی تیـرۆر، ئەمریـکا سـتراتێژییەتێکی نوێـی گرتووەتەبـەر کـە بریتییـە لـە میکانیزمـی پشتبەسـتن بـە هاوپەیمانـەکان بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەکانیـان، واتـە ئەمریـکا چیـتر بەشـدار نابێـت لـە شـەڕە بێکۆتـاکان و پێویسـتە وڵاتانـی ناوچەکـە خۆیـان ئاسایشـی خۆیـان بپارێـزن. لـەم چوارچێوەیـەدا ئەمریـکا بڕیـاری داوە هێزەکانـی لـە عێـراق و ئەفغانسـتان بەڕێژەیەکـی بەرچـاو کـەم بکاتـەوە، هەروەهـا گفتوگۆشـی دەسـت پێکـردووە لەگـەڵ بزوتنـەوەی تاڵیبـان.

یەکێـک لـە هەنگاوەکانـی جێبەجێکردنـی سـتراتیژە نوێیەکـەی ئەمریـکا بریتییـە لـە ئاسـاییکردنەوە پەیوەندیـی «عەرەب-ئیسرائیـل» و بەرقەرارکردنـی ئاشـتی لەژێـر چەتـری «گرێبەسـتی سـەدە» بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی بەرەیـەک لـە هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا بـۆ ڕووبـەڕوو بونـەوەی هەژموونـی «چیـن و ڕووسـیا و ئێـران» و دەسـتەبەرکردنی ئاسـایش و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

ئەگەرچـی ئەمریـکا لـە شـەڕی تیـرۆردا قوربانیـی زۆری داوە ، بـە جۆرێـک مەزەنـدە دەکرێـت زیاتـر لـە (٧) هـەزار سـەربازی کوژرابـن و نزیکـەی (٧) ترلیـۆن دۆلاریشـی خـەرج کردبێـت، بـەڵام تاکـوو ئێسـتاش دەرهاویشـتە و لێکەوتەکانـی هێرشـەکانی (١١)ی سـێپتەمبەر بەردەوامـن و هەڕشـەی گرووپـە تیرۆریسـتییەکانیش هـەر بەردەوامـن.

# «رێککەوتنی سەدە» وەک هەنگاوێکی چارەنووسساز!

١٦/٠٩/٢٠٢٠

دوای (٧٢) ساڵ لە هەڕەشە و گوڕەشە و ململانێ و شەڕ، دواجار وڵاتانی عەرەبی (یەک لەدوای یەک) سەرەیان گرتووە تاکوو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ بکەن، چونکە بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن بە شەڕ ئیسرائیل لە ناوبەرن، بۆیە ناچار بوون بە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەڵبکەن، ئاشتییەک کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و لە چوارچێوەی نەخشەڕێگای (رێککەوتنی سەدە) بەرنامەی بۆ داڕێژرابێت.

پڕۆژەی ڕێککەوتنی سەدە (صفقە القرن ـــ (Deal of the Century) نەخشەڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بە کێشەی «فەڵەستین-ئیسرائیل».

ئیدارەی ترەمپ لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، بەسەرپەرشتیی جارید کۆشنێر (زاوا و ڕاوێژکاری ترەمپ) ئامادەکاریی کردووە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ پڕۆژەی «گرێبەستی سەدە». لەو چوارچێوەیەشدا لە ٢٥ و

٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩ لە مەنامەی پایتەختی بەحرێن، کۆنفرانسێکی ئابووری بەڕێوەچوو بۆ پشتیوانیکردن و زەمینەسازیی (ئابووری) بۆ پرۆژەکە.

دوێنێ لە واشنتنی پایتەختی ئەمریکادا هەنگاوێکی تری چارەنوسساز لە ژێر چەتری «ڕێککەوتنی سەدە» بەڕێوەچوو، بەسەرپەرشتی و چاودێری و بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا، هەر سێ وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات و بەحرێن، ڕێککەوتنی ئاشتییان واژۆ کرد. ڕێککەوتنەکە وەرچەرخانێکی مێژوویی گشتگیرە، بوارەکانی سیاسی و ئابووری و زانستی و سەربازی و ئەمنی و کولتووری و وزە دەگرێتەوە.

دۆناڵد ترەمپ هەوڵ دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شەقامی ئەمریکی و بەرزکردنەوەی لیڤڵی دەنگەکانی، بە مەبەستی هەڵبژاردنەوەی بۆ خولی دووهەم و مانەوە لە کۆشکی سپی بۆ چوار ساڵی داهاتوو، «گرێبەستی سەدە» وەک ڕێکلام بۆ هەڵبژاردنی مانگی (١١) بەکار بهێنێت.

چاوەڕوان دەکرێت بە هۆی ئەم پرۆژەیەوە نەخشەی چەند وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت لەوانە: ئیسرائیل، فەڵەستین، ئوردن، میسر.

پرۆژەکە ئامانجی زۆری هەیە و ئەرکی زۆری لەخۆ گرتووە، لەوانە سنووردارکردنی هەژموون و هێزی هەر سێ وڵاتی نەیاری ئەمریکا، (چین و ڕووسیا و ئێران) هەروەها ڕێگری لە هیلالی شیعی و دابینکردنی ئاسایش بۆ ناوچەکە و شوێنگرتنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ئەمریکا دروستی دەکات لە کاتی کشاندنەوەی هێزەکانی لە ناوچەکە.

تاکوو ئێستا هەڵوێستی «ئاشکرا»ی فەڵەستینییەکان و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی دژی گرێبەستی سەدەن، چونکە پێیان وایە ئەم پرۆژەیە زیاتر خزمەت بە ئیسرائیل دەکات، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەم

هەڵوێستەی بەشێک لە سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی تەنها لە ترسی ڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامی بێت، دەنا لە ژێرەوە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا ڕێککەوتوون و ئامادەباشییان کردووە بۆ جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای گرێبەستی سەدە، لەم چوارچێوەیەشدا ملیارەها دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ بنیاتنانی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارە فەڵەستینییەکان لە هەریەک لە وڵاتانی فەڵەستین و میسر و ئوردن.

# «ئازادی و سەربەخۆیی» دەسەندرێن... نابەخشرێن!

٢٥/٠٩/٢٠٢٠

دوای هـەردوو جەنگـی جیهانیـی یەکـەم و دووەم، سیسـتەمی نوێـی جیهـان لەسـەر بنەمـای هەبوونـی کیانێکـی سـەربەخۆ و ئـازاد بونیـات نـرا؛ بـەو واتایـەی دیکـە «پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان»، لەسـەر ئاسـتی وڵاتـان بـوو نـەک گـەلان و نەتـەوەکان، ئەگەرچـی «نـاو» لـەو ڕێکخراوانـە نـرا «کۆمەڵـەی گـەلان و دواتریـش نەتـەوە یەکگرتـووەکان»، بـەڵام مەرجـی سـەرەکیی ئەندامبوونیـان بریتـی بـوو لـە هەبوونـی کیانێکـی سـەربەخۆ لـە فۆرمـی ( دەوڵـەت)، لەبـەر ئـەوە هەمـوو هـەوڵ و تەقـەلا و خەبـات و شۆڕشـی گـەلان چـڕ بوویـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی کیانێکـی ئـازاد و سـەربەخۆ، تاکـوو بتوانـن ببنـە بەشـێک لـە سیسـتەمی نوێـی جیهانـی.

ئەگـەر بـە خێرایـی ئاوڕێـک لـە مێـژووی ئـەو (١٩٣) وڵاتـە بدەینـەوە کـە بەفەرمـی لـە نەتەوەیەکگرتـووەکان ئەندامـن، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە:

١- لـە لایـەک هیـچ گـەل و میللەتێـک مافـی ئـازادی و سـەربەخۆییان پـێ

نەبەخشراوە، بەڵکوو بە شۆڕش و خەبات و تێکۆشان مافەکانیان سەندووە.

٢- لە لایەکی تر هیچ وڵاتێک بە «پێرفێکت»ی دانەمەزراوە، بەڵکوو لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییاندا، چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی و چ لە سەر ئاستی دەرەکی، کۆمەڵێک کەموکوڕییان هەبووە؛ بەڵام دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییان بە جددی کاریان کردووە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی دامودەزگا نیشتیمانی و مەدەنی و دیموکراسیەکان.

دوای نزیکەی سەد ساڵ لە لکاندنی باشووری کوردستان (بێ ویستی گەلەکەی) بە وڵاتی نوێ دامەزراوی عێراق، ناڕازیبوون و شۆڕشی یەک لە دوای یەکی لێ کەوتۆتەوە، چەند دەرفەتێکیش بۆ ئازادبوونی کورد ڕەخساوە بەڵام نەقۆستنەوەی ئەم دەرفەتانە چەندە پەیوەندیی بە نەبوونی زەمینەیەکی گونجاوی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەبووە، دوو ئەوەندەش پەیوەندیی بە نەبوونی یەکڕیزیی ناوخۆیی و ململانێی لۆکاڵی هەبووە.

مێژووی زۆرینەی ڕەهای گەلانی «ئازاد و سەربەخۆ» تژییە لە خەبات و قوربانیدان، بەتایبەت مێژووی سەدەی بیست بۆ هەر چوار گەلی «کورد و جوولەکە و بۆسنی و ئەرمەن» پڕیەتی لە خەبات و مەرگەسات، بەڵام لەناو ئەم چوار گەلەدا تەنیا کورد نەبووەتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ، وێڕای خەبات و قوربانیدانێکی بێ شومار، بۆ نموونە بۆسنییەکان لە ساڵی (١٩٩٤) لەلایەن سربەکانەوە بە بەرچاوی دونیاوە کۆمەڵکوژ و جینۆساید کران، بەڵام ئەوانیش وەک جوولەکە و ئەرمەن، بەرهەمی جینۆسایدەکەیان (بە بوونە دەوڵەت) چنییەوە.

پێم وایە کورد پێویستی بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی (سەرووی حیزبی بوون) هەیە بۆ بەرنامەڕێژیکردن و دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ زلهێزەکان لەپێناو کۆکردنەوەی پشتگیری و لۆبی کردن بۆ کیانێکی سەربەخۆ، چونکە سەرەڕای ئەوەی کورد لە «چەندین شوێن و چەندین

جـــار» کۆمەڵکـــوژ و جینۆســـایدکراوە، بـــەڵام هێشـــتا نەبووەتـــە خاوەنـــی قەوارەیەکـــی سیاســـیی ســـەربەخۆ، لێـــرەدا پێویســـتە بپرســـین بۆچـــی کـــورد نەگەیشـتووەتە ئـەم خەونـە ڕەوایـەی و نەیتوانیـوە ئـەم مافـە بەدەسـت بهێنێـت؟

بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە پێویسـتە هەڵوەسـتە بکەیـن و توێژینـەوەی زانسـتی ئەنجـام بدەیـن، تاکـوو بزانیـن تـا چەنـد خەتـای زلهێـزە بـێ بەڵێنەکانـە و تـا چەنـدەش خەتـای پەرتەوازەیـی و کەمتەرخەمیـی کـورد خۆیەتـی؟ چونکـە هیـچ گـەل و نەتەوەیـەک لـە مێـژوودا، وەک کـورد دەرفەتـی ئازادبوونـی لەدەسـت نـەداوە، سـەرەڕای هەمـوو جینۆسـاید و قوربانیدانێـک بـەڵام هێشـتا خەونـی سـەربەخۆیی بـەدی نەهاتـووە.

لــە ئێســتادا (٢٠٦) وڵات لــە جیهانــدا هــەن، دەتوانیــن بــەم شــێوەیەی خــوارەوە پۆلێنیـــان بکەیـــن:

١- (١٩٣) وڵات ئەندامی کارای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

٢- تەنهــا (٢) ئەنــدام ســیفەتی «چاودێر»یــان هەیــە لــە ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان، ئەوانیــش «فەلەســتین و ڤاتیــکان»ن.

٣- (٦) وڵات نیمچــە دانپێدانانــی ناتەواویــان هەیــە، ئەوانــەی پێیــان دەوترێــت «دول معــترف بهــا جزئیــاً»، ئەوانیــش «کۆســۆڤۆ، تایــوان، قوبروســی تورکــی، کۆمـاری عەرەبـی دیموکراتـی بیابانـی خۆرئـاوا، ترانـس نیسـتریا و سـۆماڵیلاند».

٤- وەک دیفاکتــۆ (٥) وڵات بــە حوکمــی ئەمــری واقــع دەوڵەتــن، ئەوانیــش «کۆمــاری گەلــی دۆنێتســک، کۆمــاری گەلانــی لوگانســک، ناگۆرنــۆ قەرەبــاغ، ئەپخازیــا و ئۆســێتیای باشــوور».

قــەوارەی هەرێــم ئــەو دیفاکتۆیەیــە کــە لــە دوای ڕاپەڕینــی گەلــی کوردســتان و گۆڕانــی هاوکێشــەی ناوچەیــی و نێودەوڵەتــی هاتووەتــە کایــەوە، ئەگەرنــا هیــچ کاتێــک عەقڵییەتــی حوکمڕانیــی «عــەرەب و تــورک و فــارس» ئامــادە نیــن دان بــە مافــە نەتەوەییەکانــی خەڵکــی کوردســتاندا بنێــن. بــەڵام یەکانگیریــی

«بەرژەوەندیی هێزەکانی ناوچەکە و زلهێزە نێودەوڵەتییەکان» هەرێمی کوردستانیان کردە قەوارەیەکی پارێزراو بە گوێرەی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە (٥/٤/١٩٩١) دەرکرا، ئەم بڕیارەش دوای بڕیاری سیڤەر لە (١٠/٨/١٩٢٠) بە یەکەمین بڕیاری نێودەوڵەتی دادەنرێت کە لەلایەن دەزگایەکی گرنگی وەک ئەنجومەنی ئاسایش، لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد دەرکرابێت.

«ئازادی و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت» پرۆسەیەکی درێژخایەن و دوورمەودان، پێویستی بە قوربانی و پلانی پێشوەختە و زەمینەسازی هەیە، کوردیش ئەم پرۆسەیەی دەست پێکردووە و یەکەم هەنگاویشی ناوە کە بریتی بوو لە «رێفراندۆم»، هەر کاتێک بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەبار بوو، دەکرێت کورد هەنگاوی تر بهاوێژێت و پرۆسەکە تەواو بکات.

بارودۆخی ئێستای ناوچەکە ناسەقامگیرە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ئارادان لە ژێر چەتری ڕێککەوتنەکانی «ئیبراهیمی و شامی نوێ و نیۆم و گرێبەستی سەدە» بەڵام مەرج نیە دیدگا و بەرژەوەندیی بەشێک لە وڵاتان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هاوتەریب بن. بۆیە پێویستە سەرکردایەتیی کوردستان هەوڵ بدات بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکان پاراڵێل و هاوتەریب بکات، تاکوو نەبنە ڕێگر لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستاندا. لە سەرووی هەموو ئەو وڵاتانەش ئەمریکا دێت، کە پێویستە کورد بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵیدا هاوتەریب بکات و لە ڕێگای پرۆسەی لۆبیکردن و کۆکردنەوەی پشتگیری و پاڵپشتی، پشتگیریی ناوەندەکانی بڕیاری ئەمریکا دەستەبەر بکات. ئەمەش پێویستی بە کات و کارەکتەر و بودجە هەیە، چونکە بە دەستهێنانی پشتگیری بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا، بێ بەرانبەر نابەخشرێت، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگای لۆبیکردنەوە بکڕدرێت.

لــە کۆتاییــدا دەڵێــم پێویســتە کــورد ســوود لــە ئەزموونــی کۆمەڵێــک وڵات وەربگرێــت، لەوانــەش وڵاتانــی وەک ئەمریـکا و ئیسرائیـل و ئیـماڕات و ئۆکرانیـا و کرواتیـا و ئەرمینیـا ....هتـد، بـۆ ئەنجامدانــی پڕۆســەی لۆبیکـردن و کۆکردنــەوەی پشــتگیری بــۆ ســەربەخۆیی بــە میکانیزمــی دیپلۆماســی (نــەرم و ســەردەمیانە) لــە پێنــاو بــە مەنــزڵ گەیاندنــی پەیامــی ڕەوای ڕیفرانــدۆم و بەدیهێنانــی خەونــی پیــرۆزی ســەربەخۆیی کوردســتان.

# ترەمپ و کورد!

٠٨/١٠/٢٠٢٠

لەسەرەتای دەستبەکاربوونی «دۆناڵد ترەمپ» وەک (٤٥)مین سەرۆکی ئەمریکا، زۆرترین لێدوان و تویت و هەڵوێستی بەرانبەر بە کورد هەبووە، لێرەدا دەتوانین لێدوانەکانی ترەمپ پۆلێن بکەین بۆ:

١- لێدوانە ئەرێنییەکانی ترەمپ بەرانبەر بە کورد، دوو نموونە:

یەکەم: چاوپێکەوتنی ترەمپ لەگەڵ بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە «کۆڕبەندی داڤۆس» و ستایشکردنی ڕۆڵی کورد بە گشتی لە شەڕی تێکشکاندنی داعش.

دووەم: لێدوانی ترەمپ لە «لووتکەی کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ» کاتێک لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی: «بە بڕوای من کورد گەلێکی مەزنن، جەنگاوەری ئازاو بە جەرگن لە زۆر بوار هاوپەیمانی ئێمەن».

دەتوانم بڵێم بە دەیان جاری دیکە ترەمپ بە شان و باڵی کوردی هەڵداوە لە ڕێگەی لێدوان و تویت و هەڵوێستەکانیەوە، ئەم لێدوانانەی

ترەمپ بۆ ناساندنی دۆزی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا زۆر گرنگ و پڕ بەهان، بە جۆرێک ئەگەر کورد بیەوێت لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی لۆبیکردنەوە ئەم کارە ئەنجام بدات، پێویستی بە ملیۆنان دۆلار دەبێت.

٢- هەڵوێست و لێدوانە نەرێنییەکانی ترەمپ، دوو نمونە:

یەکەم: لە (٩ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) کاتێک ترەمپ گڵۆپی سەوزی بۆ ئەردۆغان داگیرساند تاکوو ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکات.

دووەم: لە (١٦ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) کاتێک ترەمپ چاوپۆشیی لەوە کرد، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هێرش بکەنە سەر کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان.

بەکورتی هەڵوێست و تویت و لێدوانەکانی «ترەمپ» بەرانبەر بە کورد زۆر و بۆرن:

١- زۆرن چونکە ترەمپ لە ناوهێنانی کورد ژمارەی پێوانەیی شکاندووە بە بەراورد بە (٤٤) سەرۆکەکەی پێش خۆی، واتە ترەمپ بەتەنیا لە هەموو سەرۆکەکانی پێش خۆی زیاتر ناوی کوردی هێناوە، بە جۆرێک تەنها لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو (٢٤) جار ناوی کوردی هێنا.

٢- بۆرن چونکە ترەمپ لە هەندێک لێدوانیدا بە شێوازێک قسە دەکات وەک ئەوەی کە زانیاریی دروستی لەسەر کورد پێ نەبێت، بۆ نموونە لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا گلەیی لە کورد دەکات کە هاوکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نەکردووە لە شەڕی «نۆرماندی» لە جەنگی جیهانیی دووەم!

دۆناڵد ترەمپ کارەکتەرێکی بزنسمان و سەرۆکێکی «دژە باوە» بۆیە جیاوازە لە هەموو سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکا، واتە ترەمپ لە دەرەوەی حەوزی واشنتنەوە هاتووە، بۆیە دۆکترینی ترەمپ بۆ سیاسەتکردن بریتیە لە پێودانگی «بەرژەوەندییە ئابورییەکان»، بەڵام لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکادا «ترەمپ» تەنها سەرۆک بووە کە زۆرترین

نارۆشنی لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەبووبێت، واتە سیاسەتەکانی پێشبینی نەکراون (Unpredictable). لەگەڵ ئەوەشدا ترەمپ خاوەنی شێوازێکی تازە و نـاوازەی سیاسەتکردنە چونکە تاکە سەرۆکە کە «تویتەر»ی کردبێتە مینبەری بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوە، بە جۆرێک ڕۆژی وا هەبووە ترەمپ (١٧) تویتی کردووە!

لە کۆتاییدا ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی لۆژیکی و زانستی و ئەکادیمی (دوور لە سۆز) بۆ لێدوانەکانی ترەمپ بکەین بەرانبەر کورد بەگشتی، دەبینین ترەمپ جێگای ئومێدی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چونکە سیاسەتی «ئەوپەڕی فشار»ی بەرانبەر بە ئێران بەکارهێناوە، بەڵام جێگای نائومێدیی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانە چونکە «ترەمپ دۆستی ئەردۆغانە». بەڵام سەرەڕای هەموو «سەرنج و تێبینی و ڕەخنەیەک»، ترەمپ لە خولی یەکەمدا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لە دەربڕینی لێدوان و هەڵوێستی ئەرێنی و نەرێنی بەرانبەر بە کورد، واتە دۆسییەی کورد لەسەردەمی ترەمپدا دۆسییەیەکی زیندوو بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ترەمپ لە ڕێگای تویت و لێدوانەکانیەوە خزمەتێکی زۆری بە ناساندنی دۆزی کورد کردووە، هەروەها هۆکارێکی گرنگ بووە تاکوو ناوی کورد وەک «جەنگاوەری ئازا» ببێتە «وێردی سەر زمانی» ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا.

# بایدن و کورد!

١٠/١٠/٢٠٢٠

«جـــۆ بایـــدن» نـــاوی تـــەواوی «جۆزیـــف ڕۆبینێـــت بایـــدن جۆنیـــۆر»ە کاندیـــدی پارتـــی دیموکـــرات و ڕکابـــەری سەرســـەختی «دۆناڵـــد ترەمـــپ»ە بـــۆ هەڵبژاردنەکانـــی ســـەرۆکایەتیی ئەمریـــکا کـــە بڕیـــارە ڕۆژی ســـێ شـــەممە ڕێککەوتـــی (٢٠٢٠/١١/٣) بەڕێوەبچێـــت، بایـــدن لـــە ڕێکەوتـــی (٢٠/١١/١٩٤٢) لـــە شـــاری ســـکڕانتنی ویلایەتـــی پێنســـلڤانیا لەدایـــک بـــووە. مـــن چـــوار ســـاڵ لـــە شـــاری ســـکڕانتن ژیـــاوم و خوێندنـــی ماســـتەرم لـــە (زانکـــۆی مێـــری وود)ی ئـــەم شـــارەدا تـــەواو کـــردووە، زۆرینـــەی ڕەهـــای خەڵکـــی ســـکڕانتن (جـــۆ بایدن)یـــان خـــۆش دەوێـــت و لـــە هـــەر کەســـێکیان بپرســـیت بـــاس لـــە زیرەکـــی و مرۆڤدۆســـتی و لیبڕاڵـــی و ئازادیخـــوازی ئـــەوت بـــۆ دەکـــەن. بایـــدن دکتـــۆرای لـــە یاســـادا هەیـــە و مـــاوەی (٤٧) ســـاڵ خزمەتـــی ســـێکتەری گشـــتیی ئەمریـــکای کـــردووە، بـــۆ مـــاوەی (٣٦) ســـاڵ ســـیناتۆر بـــووە بـــۆ ویلایەتـــی دیـــلاوەر، هەروەهـــا مـــاوەی (٨) ســـاڵیش جێگـــری ســـەرۆک بـــاراک ئۆبامـــا بـــووە، جـــۆ بایـــدن لـــە ئێســـتادا

تەمەنــی (٧٧) ســاڵە و ئەگــەر بتوانێــت لــەم هەڵبژارنــەدا ســەرکەوتن بەدەســت بێنێــت و دۆناڵــد ترەمــپ ببەزێنێــت، ئــەوا دەبێتــە (٤٦)میــن ســەرۆکی ئەمریــکا و بەتەمەنتریــن ســەرۆکی هەڵبژێــردراو لــە مێــژووی کۆشــکی ســپی ئەمریــکادا.

«جــۆ بایــدن» شــارەزاترین کارەکتــەری سیاســیی ئەمریکایــە بەرانبــەر بــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەگشــتی و دۆزی کــورد بەتایبەتــی، بایــدن ماوەیەکــی زۆر بەرپرســی کۆمیتــەی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی ئەنجومەنــی پیــران (ســێنات) بــووە، جگــە لــەوەی لــە ســەردەمی ئۆبامــادا بــۆ دوو خــول جێگــری ســەرۆک و بەرپرســی دۆســیەی عێــراق بــووە لــە کۆشــکی ســپی، لــەو ماوەیــەدا زیاتــر لــە (٢٤) جــار ســەردانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و عێــراق و کوردســتانی کــردووە (چ وەک ســیناتۆر یــان وەک جێگــری ســەرۆک)، جــۆ بایــدن یەکێــک بــووە لــە ســیناتۆرە دەگمەنەکانــی پارتــی دیموکــرات کــە پشــتگیریی «بۆشــی کــوڕ»ی کــرد بــۆ ڕوخاندنــی ڕژێمــی بەعــس لــە ســاڵی (٢٠٠٣) هەروەهــا خاوەنــی پــڕۆژەی دابەشــکردنی عێراقــە بــۆ ســێ هەرێــم و یەکێــک لــە هەڵوێســتە مێژووییەکانــی (بایــدن) بەرانبــەر بەکــورد ئەوکاتــە بــوو کــە گوتــی: «بەتەنهــا شــاخەکان هاوڕێــی کــورد نیــن بەڵکــوو ئێمــەش هاوڕێــی کوردیــن».

ئەمــڕۆ ســاڵێک تێپــەڕ دەبێــت بەســەر داگیرکردنــی ڕۆژئــاوای کوردســتان لەلایــەن ســوپای تورکیــاوە، ئەویــش دوای پەیوەندییــە تەلەفۆنییەکــەی نێــوان «ترەمــپ و ئەردۆغــان» بــوو، کاتێــک ترەمــپ گڵۆپــی ســەوزی بــۆ ئەردۆغــان هەڵکــرد تاکــوو پرۆســەی داگیرکارییەکــە ئەنجــام بــدات. بــەڵام ئــەم هەڵوێســتەی ترەمــپ هــەردوو پارتەکــەی ئەمریــکا و کۆنگرێــس و میدیــا و شــەقامی ئەمریــکای تــووڕە کــرد و ئــەم هەڵوێســتەی ترەمــپ شــەرمەزارکرا، لەبەرانبــەردا جــۆ بایــدن گوتــی «ئێمــە هەرگیــز وەک ترەمــپ پشــت لــە کــورد ناکەیــن».

هەڵــبژاردنی ئەمجــارەی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا بــۆ زۆربــەی وڵاتانــی جیهــان چارەنوسســازە، بــە جۆرێــک پاڵپشــتیی زلهێزەکانــی دابــەش کــردووە بەســەر

کاندیــدەکان. «ڕووســیا و تورکیــا»، کار بــۆ دەرچوونــەوەی ترەمــپ دەکــەن، لــە بەرانبــەردا «چیــن و ئێــران» کار بــۆ ســەرکەوتنی جــۆ بایــدن دەکــەن. ئــەم گرنگــی پێــدان و دابــەش بوونــە بەهــۆی گرنگیــی پێگــەی ســەرۆکی ئەمریکایــە لــە داڕشــتنی سیاســەتی دەرەوەدا، چونکــە بــە گوێــرەی مــاددەی دووی دەســتووری ئەمریــکا، «ســنوری دەســەڵاتی ســەرۆک» زۆر فراوانــە، واتــە بــە گۆڕانــی ســەرۆک، سیاســەتی دەرەوەی ئەمریــکاش دەگۆڕێــت، بۆیــە چــاوەڕوان دەکرێــت بــە گۆڕانــی ســەرۆکی ئەمریــکا، هاوکێشــەی «باڵانســی هێــز» لــەم ناوچەیــە بگۆڕێــت، بەتایبــەت لــە نێــوان هــەردوو جەمســەری «شــیعە و ســوننە»دا، بــە جۆرێــک ئەگــەر «بایــدن و دیموکراتــەکان» ســەر بکــەون ئــەوا چــاوەڕوان دەکرێــت ئێــران گەشــە بــکات و ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی (٥+١) زیندووبکرێتــەوە، لەبەرانبــەردا چــاوەڕوان دەکرێــت تورکیــا پاشەکشــە بــکات، چونکــە پەلکێشــیەکانی تورکیــا بــۆ «ســووریا و لیبیــا و هەرێمــی کوردســتان» بایدنــی تــەواو نیگــەران کــردووە، وەک لــە چاوپێکەوتنــی بایــدن لەگــەڵ «نیویــورک تایمــز»دا ڕایگەیانــد «ئەگــەر ببــم بــە ســەرۆکی ئەمریــکا، هاوکاریــی ئۆپۆزیســیونی تورکیــا دەکــەم بــۆ ڕووخاندنــی دیکتاتــۆر ئەردۆغــان».

دوای ڕێککەوتنــی «ســایکس بیکــۆ» لــە ســاڵی (١٩١٦)، خاکــی کوردســتان بەســەر هەرچــوار وڵاتــی «عێــراق، ئێــران، تورکیــا و ســوریا»دا دابــەش کــرا ، تاکــوو ئێســتاش ئەمریــکا لــە چوارچێــوەی ئــەم وڵاتــە داگیرکەرانــەدا مامەڵــە لەگــەڵ دۆزی کــورد دەکات، بۆیــە ناتوانیــن بــە دیاریکــراوی بڵێیــن لــە نێــوان هــەردوو کاندیــد «بایــدن و ترەمــپ»دا کامیــان باشــترن بــۆ دۆزی کــورد.

# کلاسیکۆی فیل و گوێدرێژ!

١٢/١٠/٢٠٢٠

هەڵبژاردنی ئەم ساڵی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بە گرنگترین «کلاسیکۆ»ی گۆڕەپانی سیاسیی ئەمریکا و جیهان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە ڤایرۆسی کۆڕۆنا تەنگی بە جیهان هەڵچنیوە؛ بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی ململانێکانی جیهان و داڕشتنەوەی «سیستەمی نێودەوڵەتی» دوای پەتای کۆڕۆنا، هەروەها ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێمەی کوردیش گرنگە، چونکە ئەگەری هەیە دەرەنجامەکانی، لێکەوتەی «ئەرێنی و نەرێنی»ی بۆ سەر دۆزی کورد هەبێت.

سەرەتا گرنگە ئاوڕێک لە مێژووی هەردوو پارتی سەرەکیی ئەمریکا (دیموکرات و کۆماری) بدەینەوە:

١- پارتی دیموکراتی ئەمریکا لە ڕێککەوتی (١٨٢٨/١/٨) دامەزرا، لە ساڵی (١٨٣٣) ئۆپۆزیسیۆن بەگاڵتەجاڕییەوە سەرۆک «ئەندرۆ جاکسن»ی

دیموکراتیـان بـە گوێدرێـژ نـاوزەد کـرد، لـەو سـاڵەدا وێنەکێـش و کاریکاتێریسـت «تۆمـاس ناسـت»، وێنـەی سـەرۆکی ئەمریـکای لەسـەر جەسـتەی گوێدرێژێـک کێشـا، سـەرۆک «جاکسـن»، لـە جیاتـی ئـەوەی تـووڕە بێـت، سـوودی لـە وێنـەی گوێدرێژەکـە بینـی و لـە هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکانـدا وەک ڕەمـزی دیموکراتـەکان بـەکاری هێنـا و سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا. لەوکاتـەوە «وێنـەی گوێدرێـژ و ڕەنگـی شـین» بوونەتـە لۆگـۆ و دروشـمی دیموکراتـەکان. هەروەهـا سـلۆگان/ درووشـمی دیموکراتـەکان لـە کۆنفرانسـی ئـەم سـاڵیاندا بریتـی بـوو لـە (Uniting America) چونکـە بـەڕای دیموکراتـەکان «دۆناڵـد ترەمـپ» ڕەوتـی ڕەگەزپەرسـتیی بەهێـز کـردووە و کۆمەڵـگای ئەمریکیـی دابـەش کـردووە.

٢- پارتـی کۆمـاری لـە ڕێککەوتـی (١٨٥٤/٣/٢٠) دامـەزرا، هەمـان وێنەکێـش (تۆمـاس ناسـت) لـە سـاڵی (١٨٧٤) لـە کاریکاتێرێکـدا وێنـەی فیلێکـی وەک ڕەمـز بـۆ کۆمارییـەکان بەکارهێنـا، لەوکاتـەوە «وێنـەی فیـل و ڕەنگـی سـوور» بوونەتـە دروشـمی کۆمارییـەکان، هەروەهـا سـلۆگان/ دروشـمی کۆمارییـەکان لـە کۆنفرانسـی ئـەم سـاڵیاندا هەمـان سـلۆگانی هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی (٢٠١٦) بـوون کـە بریتیـن لـە (America First) و (Make America Great Again) چونکـە بـەڕای ترەمـپ ئەمریـکا لـە سـەردەمی ئۆبامـادا لاواز بـووە و پێویسـتە بەهێـز بکرێتـەوە.

لـە ئێسـتادا هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن و کێبڕکـێ و ململانێـی نێـوان «فیلـە کۆمارییـەکان و گوێدرێـژە دیموکراتـەکان» بـە شـێوەیەک گەرموگـوڕن کـە لـە مێـژووی هەمـوو هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکا و جیهانـدا بـە دەگمـەن وێنەیـان هەبـووە. پێـم وایـە ئـەم هەڵبژاردنـە هاوشـێوەی یـاری «کلاسـیکۆ» زۆربـەی دانیشـتوانی وڵاتانـی جیهانـی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە؛ ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە دوای نزیکـەی سـێ هەفتـەی تـر هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا بەڕێوەدەچێـت و هـەردوو پارتـی سـەرەکیی ئەمریـکا (دیموکـرات و

کۆماری) هەموو هەوڵێکی ڕێگاپێدراوی (یاسایی و دەستووری)ی خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ دژایەتیکردنی یەکتر و بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بۆیە «گوێدرێژە دیموکراتەکان» هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و دەرکردنی «فیلە ترەمپ» لە کۆشکی سپی، لە بەرانبەردا «فیلە ترەمپ» هەموو هەوڵێکی چڕ کردووەتەوە تاکوو بەهەمان شێوەی سەرکەوتنی خۆی بەسەر «کۆڕۆنا»دا، بەسەر دیموکراتەکانیشدا سەرکەوێت!

چاوەڕوان دەکرێت بڕی تێچووی ئەم خولەی هەڵبژاردنی ئەمریکا ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکات، چونکە گوژمەی تێچووەکەی دەگاتە نزیکەی (١١) ملیار دۆلار، لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم پرۆپاگەندە و «تا»ی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پڕ دەبن لە گوتاری ناعەقڵانی و تەخوینکردن و جوێن و قسەی نەشیاو. بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە «تا»ی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا تەنها پێش هەڵبژاردن گەرم دەبێت و دواتر سارد دەبێتەوە و هەر کام لە بەربژێرەکان (ترەمپ یان بایدن) دەربچێت، لە گوتاری سەرکەوتندا دەڵێ: «هەڵبژاردن تەواو بوو، من بە بێ جیاوازی سەرۆک و خزمەتکاری هەموو ئەمریکییەکانم (بە دیموکرات و کۆمارییەکانەوە) لە چوار ساڵی داهاتوودا بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستووری ئەمریکا بۆی دیاری کردووم، ئەوپەڕی توانام دەخەمەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن».

# ترەمپ و کۆرۆنا!

٠٦/١٠/٢٠٢٠

روون و ئاشکرایە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەرییەکی تەواوی کردووەتە سەر هەموو سێکتەر و کایەکانی ژیان (بە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە) لە نێویشیاندا سێکتەر و کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی و تەندروستی و پەروەردەیی و گواستنەوە و تەکنەلۆژیا و....هتد، بە جۆرێک کە زۆربەی بابەتەکانی تر پەراوێزخراون و فۆکەسی هەموو چاوەکان خراوەتە سەر دۆزینەوەی ڤاکسین و چۆنیەتیی خۆپارێزی و شێوازی ڕووبەڕووبۆنەوەی کۆرۆنا. کاریگەرییەکە بە جۆرێکە کە دەکرێت زەمەن دابەش بکرێت بەسەر زەمەنی پێش کۆرۆنا و زەمەنی دوای کۆرۆنا، هەروەها ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە پەتای کۆرۆنا بە کاریگەرترین پەتای مێژووی مرۆڤایەتی بناسێنرێت.

لە کاتێکدا کەمپەینی هەڵبژاردنی هەردوو کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بوون، (کە بڕیارە هەڵبژاردنەکە لە سەرەتای مانگی داهاتوو لە ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٢٠/١١/٣ بەڕێوە بچێت)،

ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا خـۆی گەیانـدە جەسـتەی ترەمـپ و ڕێـڕەوی گرنگیدانـی خەڵـک و میدیـای ئەمریـکا و جیهانـی گـۆڕی لـە گرنگیـدان بـە هەڵبژاردنەکانـەوە بـۆ گرنگیـدان بـە تەندروسـتیی ترەمـپ، بـە جۆرێـک کـە تەندروسـتیی ترەمـپ وەک تەندروسـتیی سـەرۆکی جیهـان گرنگیـی پـێ درا، ئەویـش بـە هـۆی پێگـە و کاریگـەری و لێکەوتەکانـی تێکچوونـی تەندروسـتیی ترەمـپ (وەک سـەرۆکی تـاک جەمسـەری دونیـا) بەسـەر بـازاڕ و بۆڕسـە و ئابووریـی هەمـوو جیهـان.

دوای مانـەوەی بـۆ مـاوەی چـوار ڕۆژ لـە نەخۆشـخانەی «واڵتـەر ڕیـد» لـە مێریلانـد، ئێسـتا تەندروسـتیی «دۆناڵـد ترەمـپ» جێگیـرە و گەڕاوەتـەوە کۆشـکی سـپی و لەژێـر چاودێریـی پزیشـکیدایە. پێـم وایـە نەخۆشـکەوتنی ترەمـپ لەلایـەک بـە خێـر بـۆ ترەمـپ شـکایەوە، چونکـە خەڵکـی یـار و نەیـار هاوسـۆزییان بـۆ دەربـڕی، لەلایەکـی تـرەوە تاقیکردنەوەیەکـی قـورس بـوو بـۆ سیسـتەمی هەڵبـژاردن و سیسـتەمی سیاسـی و ئابووریـی ئەمریـکا، چونکـە لـە ئەگـەری مردنـی ترەمـپ، هەڵبژاردنـی ئەمریـکا ڕووبـەڕووی ئاڵـۆزی و شـڵەژانێکی بێوێنـە دەبـووەوە، بـەڵام زاڵبوونـی ترەمـپ بەسـەر کۆڕۆنـادا ئەمریـکای لـە قەیرانێکـی دەسـتووریی بێوێنـە دەربازکـرد.

پێـم وایـە وەک «سـوپرایزی ئۆکتۆبـەر» ئەگـەر ترەمـپ لەگـەڵ زاڵبوونـی بەسـەر کۆڕۆنـادا، بتوانێـت لـە مـاوەی ئـەم مانگـەدا ڤاکسـینی کۆڕۆنـا بەرهـەم بێنێـت، ئـەوا دەتوانێـت لـە هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتیدا بـۆ خولـی دووەم سـەربکەوێت، واتـە سـەرکەوتنی ترەمـپ بەسـەر کۆڕۆنـادا یەکسـانە بـە سـەرکەوتنی ترەمـپ بەسـەر جـۆ بایدنـدا، چونکـە هەندێـک سـەرچاوە ئامـاژە بـەوە دەکـەن ئەگـەر ڕێـگا لـەم ڤایرۆسـە نەگیرێـت ئـەوا مەترسـی هەیـە (١٦٠ تاکـوو ٢١٤) ملیـۆن هاووڵاتیـی ئەمریکـی تووشـی کۆڕۆنـا بـن، واتـە زیاتـر لـە نیـوەی دانیشـتووانی ئەمریـکا، بۆیـە سـەرکەوتنی ترەمـپ بەسـەر کۆڕۆنـادا و دۆزینـەوەی «ڤاکسـین» پێـش هەڵبـژاردن واتـە دەسـتەبەرکردنی خولـی دووەمـی کورسـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا.

# ئەمریکا چۆن بووەتە سوپەر پاوەری جیهان؟

١٤/١٠/٢٠٢٠

لــە ســەروبەندی هەڵبژاردنــی ئەمریــکادا، کــە هەمــوو دونیــای بەخۆیــەوە ســەرقاڵ کــردووە، پێویســتە هەڵوەســتەیەک بکەیــن و پرســیار بکەیــن: ئاخــۆ چــۆن ئەمریــکا بووەتــە زلهێزتریــن وڵات و ســوپەر پــاوەری جیهــان؟

پێــم وایــە کۆمەڵێــک فاکتــەر لــە پشــت ســەرکەوتنی ئەمریــکادا هــەن لــە ڕووی سیاســی و ئابــووری و ســەربازی و تەکنەلــۆژی و هونــەری و ....هتــد، بــەڵام ســەرەکیترین فاکتــەر هەبوونــی دەســتوورێکی کــورت و پوخــت و پــڕ مانایــە، کــە لــە ســەر ئاســتی جیهــان بــە کۆنتریــن دۆکیۆمێنتــی کارپێکــراو هەژمــار دەکرێــت، چونکــە تەمەنــی (٢٣١) ســاڵە و تاکــوو ئێســتاش کاری پــێ دەکرێــت.

ڕەشنووســی دەســتووری ئەمریــکا لــە ســاڵی (١٧٨٧) لــە کۆنگــرەی (فیلادلفیــا) دا بــە ئامادەبوونــی نوێنــەری ســێزدە ویلایــەت نووسرایــەوە (ئــەوکات ئەمریــکا تەنهــا ١٣ ویلایــەت بــوو)، دوای ســاڵێک گفتوگۆکردنــی چــڕ و پــڕ، ســاڵی (١٧٨٨) ڕاپرســیی لەســەرکرا، ئینجــا ســاڵی دواتــر واتــە ســاڵی (١٧٨٩) پەســەند کــرا و

خرایــە بــواری جێبەجێکردنــەوە.

دەستووری ئەمریکا لە (٧) مادده پێکهاتووە:

ماددەی یەکەم تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان.

ماددەی دووەم تایبەتە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ماددەی سێیەم تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری.

مـــاددەی چـــوارەم تایبەتـــە بـــە پەیوەندییەکانـــی نێـــوان ویلایەتـــەکان و حکوومەتـــی فیـــدڕاڵ.

ماددەی پێنجەم تایبەتە بە هەموارکردنەوەی دەستوور.

ماددەی شەشەم تایبەتە بە قەرزی نەتەوەیی

ماددەی حەوتەم تایبەتە بە پەسەندکردنی دەستوور.

دوای پەســەندکردنی دەســتوور، «جــۆرج واشــنتن» وەک یەکــەم ســەرۆکی بێلایــەن هەڵبژێــردرا (ئەوکاتــە هێشــتا دیموکــرات و کۆمارییــەکان دانەمــەزرا بــوون)، جــۆرج واشــنتن بــەردی بناغــەی کۆشــکی ســپی دانــا و پایتەختــی ئەمریــکای لــە فیلادلفیــاوە بــۆ واشــنتن دی ســی گواســتەوە؛ بــەڵام چونکــە لــەدوای کۆتاییهاتنــی مــاوەی ســەرۆکایەتییەکەی، بینــای کۆشــکی ســپی تــەواو بــوو، «جــۆن ئادەمــز»ی دووەم ســەرۆک، یەکــەم کــەس بــوو لــە کۆشــکی ســپی نیشــتەجێ بــوو.

ئەمریکییــەکان لــە (١٧٧٦/٧/٤) ســەربەخۆیی خۆیــان ڕاگەیانــد و حوکمــی شانشــینی بەریتانیایــان ڕەتکــردەوە، ئەمریــکا لــە مــاوەی (٢٤٤) ســاڵدا، (٤٥) ســەرۆکی هەڵبــژاردووە، (١٩) ســەرۆک کۆمــاری بــوون، (١٥) ســەرۆک دیموکــرات بــوون، (٢٢) ســەرۆکیش پێــش دامەزراندنــی پارتــی دیموکــرات و پارتــی کۆمــاری بــوون (پارتــی دیموکــرات لــە ســاڵی ١٨٢٨ دامــەزرا، پارتــی کۆمــاری لــە ســاڵی ١٨٥٤ دامــەزرا).

یەکێــک لــە خەســڵەتە گرنگەکانــی دەســتووری ئەمریــکا (Flexibility) واتــە نەرمــی وخــۆ گونجاندنیەتــی لەگــەڵ هەمــوو ســەردەمێک، مــاددەی پێنجەمــی

دەستوور تەرخان کراوە بۆ هەمووارکردنەوەی دەستوور بە گوێرەی پێویست، دەستووری ئەمریکا تاکوو ئێستا (٢٧) جار هەموار کراوەتەوە.

خەسڵەتێکی تری بەهێزی دەستووری ئەمریکا، جیاکردنەوە و چاودێری و هاوسەنگیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکەیە (Separation of Powers, Checks and Balances) بە گوێرەی مادەکانی (١ و ٢ و ٣)ی دەستوور هەر سێ دەسەڵاتەکەی ئەمریکا لە یەکتر جیاکراونەتەوە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) هەروەها دەستووری ئەمریکا هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکانی فەراهەم کردووە لە ڕێگەی چاودێریکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکە بەسەر یەکترەوە:

(The power of US government is constrained by the separation of powers and checks and balances between branches)

لە ئەمریکادا بەهۆی پیادەکردنی ئەم دەستوورە، یاسا لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئینجا ئەو کەسە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکاش بێت، وەک لە سەرەتای ئەم ساڵدا بینیمان چۆن کۆنگرێس پرۆسەی لێپرسینەوە و ئیمپیچمێنتی (Impeachment)ی بەرانبەر سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) ئەنجام دا.

کەواتە دەستووری ئەمریکا بەردی بناغەی دروستبوونی وڵاتێکی (Super Power)ی هاوچەرخ، مۆدێرن، خاوەن دامودەزگای بەهێز و ئاکتیڤە، ئەمانەش شارستانیەتێکی نوێی بەرهەمهێناوە بەناوی «شارستانییەتی ئەمریکا» کە لە ژێر سایەیدا دەستوور و یاسا و ڕێساکان، بەبێ جیاوازیی ئایدۆلۆژی و ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و ئیتنیکی، سەروەرن بەسەر گشت هاووڵاتیاندا.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئێمەی کوردیش هەوڵ بدەین سوود لە ئەزموون و دەستووری ئەمریکا وەربگرین، بە تایبەت لە کاتی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان.

# ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە نێوان «هێزی ڕەق و نەرم و زیرەک»دا!

١٨/١٠/٢٠٢٠

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەمریکادا بخشێنینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە «سەنگی مەحەک» لە سیاسەتکردنی ئەمریکادا بریتی بووە لە «پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا» لە ڕێگەی بەکارهێنانی سێ هێز (هێزی ڕەق Hard Power، هێزی نەرم Soft Power و هێزی زیرەک Smart Power) واتە داڕێژەرانی بڕیاری ئەمریکا لە سەرەتای سەربەخۆیی ئەمریکاوە تاکوو ئێستا، پشتیان بە هەر سێ هێزی «ڕەق و نەرم و زیرەک» لە هەردوو ئاستی ناوەکی و دەرەکیدا بەستووە.

کاتێک «کریستۆفەر کۆڵۆمبس»، لەژێر فەرمانڕەوایی پاشای ئیسپانیا لە ساڵی (١٤٩٢) بەرەو هیندستان بەڕێ دەکەوێت، دوای ئەوەی کەشتییە چارۆگەدارەکەی ڕێڕەوی خۆی دەگۆڕێت و لە دوورگەکانی کاریبی لە کیشوەری ئەمریکای باکوور دەگیرسێتەوە، ئەوروپییەکان کاتێک دەگەنە کیشوەری ئەمریکا بۆ یەکەمجار هێزی ڕەق واتە هێزی سەربازی یان هارد

پـاوەر دژی هیندییـە سـوورەکان (ئەمریکیـە ڕەسـەنەکان) بەکاردەهێنـن و دەسـت دەکـەن بـە داگیرکردنـی خاکەکەیـان و کوشـتن و بڕیـن و جینۆسـایدکردنی خەڵکـی ڕەسـەنی ئەمریـکا کـە بـە هیندییـە سـوورەکان نـاسراون.

ئەمریـکا لـە تەمەنـی (٢٤٤) سـاڵیی سـەربەخۆیی خۆیـدا بـە قۆناغـی جیـا جیـادا گـوزەری کـردووە، لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هەژدەهـەم، ئەمریـکا بـە (١٣) ویلایـەت و لەسـەر بنەمـای دەسـتوورێکی (٧) ماددەیـی لـە دایـک دەبێـت، دواتـر بـە پشـت بەسـتن بـە «هێـزی ڕەق و هێـزی نـەرم» ژمـارەی ویلایەتەکانـی زیـاد دەکات بـۆ (٥٠) ویلایـەت. ئەمریـکای ئێسـتا لـە دوای کۆمەڵێـک هەڵبـەز و دابـەز و هـەوراز و نشـێو، دواتـر شـەڕی ناوخـۆ لـە سـەردەمی «ئەبراهـام لینکۆڵـن»دا کـە (٦٢٠) هـەزار قوربانیـی لـێ کەوتـەوە، پاشـان لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە ئەمریکایەکـی تۆکمـە دروسـت دەبێـت، ئینجـا بـە هێزێکـی زەبەلاحـی ڕەق و نەرمـەوە دێتـە سـەر شـانۆی سیاسـیی جیهـان.

هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم و دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم ئەمریـکا و هاوپەیمانـان بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە بەکارهێنانـی هێـزی ڕەق و پشـت بەسـتن بـە هێـزی نـەرم و دیپلۆماسـییەت، «کۆمەڵـەی گـەلان» دروسـت دەکـەن، پاشـان لـە دوای جەنگـی جیهانیـی دووەمیـش «نەتـەوە یەکگرتـووەکان» دروسـت دەکـەن. ئەمریـکا لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا، بەتایبەتـی لـە کۆتایـی سـاڵەکانی جەنگـی سـاردەوە تـا ئێسـتا، بـە شـێوەیەکی سـتراتیژی پشـتی بـە هەرسـێ هێـزی نـەرم و ڕەق و زیـرەک بەسـتووە، لـە پێنـاو یەکلاییکردنـەوەی بەرژەوەندییەکانیـان و فراوانکردنـی هەژموونییـان لـە کایەکانـی سیاسـی و ئابـووری و سـەربازی و بازرگانـی و تەکنەلـۆژی و هزریـی و کولتووری...هتـد.

ئەمریـکا بـۆ سـەپاندنی هەژموونـی خـۆی لەجیهانـدا زۆربـەی کات پەنـا دەباتـە بـەر هێـزی نـەرم (دیپلۆماسـیەت)؛ بـەڵام هەندێکجاریـش کاتێـک هێـزی

نــەرم دەگاتــە بنبەســت، ســڵی نەکردووەتــەوە لــە بەکارهێنانــی هێــزی ڕەق یــان هێــزی ســەربازی.

ئەمریــکا گرنگییەکــی تایبــەت بــە هێــزی ڕەق یــان ســێکتەری ســەربازی دەدات، بــە جۆرێــک کــە ســاڵانە گەورەتریــن و زەبەلاحتریــن بودجــەی (لەســەر ئاســتی جیهــان) بــۆ تەرخــان دەکات بــۆ نموونــە ســاڵی (٢٠١٩) بــڕی (٧١٦) ملیــار دۆلاری بــۆ تەرخــان کــرد و بــۆ ســاڵی (٢٠٢٠) بــڕی (٧٣٣) ملیــاری بــۆ تەرخــان کــردووە.

لــە سیاســەتی دەرەوەدا، ئەمریــکا لەســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە بــە شــێوەیەکی پاڕالێــل گرنگیــی داوە بــە هێــزی نــەرم و هێــزی ڕەق، بــە جۆرێــک کــە هــەر کاتێــک لــە ڕێــگای هێــزی نــەرم و دیپلۆماســیەت نەیتوانیبێــت ئامانجەکانــی بپێکێــت، هێــزی ڕەق یــان هێــزی ســەربازییان بەکارهێنــاوە. بــۆ نموونــە لــە هــەردوو جەنگــی جیهانیــی یەکــەم و دووەم، ئەگەرچــی ســەرەتا ئەمریــکا بێلایــەن دەبێــت، بــەڵام دواتــر بەشــداری دەکات و پارســەنگی هێــز بــەلای هاوپەیمانەکانــدا دەشــکێنێتەوە، بەواتایەکــی تــر کاتێــک هێــزی نــەرم و دیپلۆماســییەت شکســت دەهێنێــت، ئــەوا بــە هێــزی ڕەق و هێــزی ســەربازی، ململانێکانــی یەکلایــی کردووەتــەوە. هەندێــک جاریــش کار گەیشــتووەتە بەکارهێنانــی چەکــی ئەتۆمــی ( وەک هیرۆشــیما و ناکازاکــی)، لەگــەڵ ئەوەشــدا مــەرج نیــە هەمــوو کات ئەمریــکا ســەرکەوتنی بەدەســت هێنابێــت لــە بەکارهێنانــی هێــزی ڕەق و هێــزی نەرمــدا (وەک ڤێتنــام).

ســەبارەت بــە هێــزی نــەرم و هێــزی ڕەق، پرۆفیســۆر جۆزیــف نــای (Joseph S. Nye, Jr)، ئەکادیمیســت و ڕاوێــژکاری ئیــدارەی ئۆبامــا لــە کتێبــە بەناوبانگەکــەی (هێــزی نــەرم، ڕێگەیــەک بــۆ ســەرکەوتن لــە سیاســەتی نێودەوڵەتیــدا) ئامــاژە بــەوە دەکات کــە لــە ململانێکانــدا بــۆ ســەرکەوتن بەســەر نەیارەکانــدا پێویســتە لــە پــاڵ هێــزی ڕەق (Hard Power) هێــزی نەرمیــش (Soft Power) بــەکار بهێنیــن.

جۆزیــف نــای بــەم شــێوەیە پێناســە و پۆڵینــی هێــزی ڕەق و هێــزی نــەرم دەکات:

«هێــزی ڕەق بریتییــە لــە هێــزی ســەربازی و فشــاری ئابووریــی تونــد، هەروەهــا هێــزی نەرمیــش بریتییــە لــە دیپلۆماســیی گشــتی و تێکەڵبوونــی کلتــوری و هاوکاریــی مرۆیــی و بەیەکگەیانــدن و میدیــا و...».

لــە کۆتایــی ســەدەی بیســتەمەوە، دارێژەرانــی ســتراتیژییەتی نوێــی ئەمریــکا لــە پــاڵ پشتبەســتن بــە «هێــزی نــەرم و ڕەق» بــە شــێوەیەکی هاوتەریــب پشــتیان بــە هێــزی زیرەکیــش (Smart Power) بەســتووە، هێــزی زیــرەک بــە مانــای بەکارهێنانــی تەکنەلۆژیــای زیــرەک لــە جیاتــی «هێــزی فیزیکیــی مرۆیــی». بــۆ نمونــە ئەمریــکا لــە ســەرەتای ئــەم ســاڵدا لــە ڕێــگای هێــزی زیــرەک و فڕۆکــەی بــێ فڕۆکــەوان (درۆن) توانــی هەریەکــە لــە «قاســم ســولەیمانی»، فەرمانــدەی بــاڵای ســوپای قودســی پاســدارانی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران و «ئەبــو مەهــدی ئەلموهەندیــس»، گــەورە فەرمانــدەی هێــزە میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی، (ســەر بــە شــیعە حوکمڕانەکانــی عێــراق) بکوژێــت، بۆیــە لــە ئێســتادا بەشــێک لــە دروســتکەرانی بڕیــار لــە ئەمریــکا پێیــان وایــە کــە بــە هــۆی پێشــکەوتنی «هێــزی زیــرەک»ی ئەمریکییــەوە چیــتر پێویســت بــە بڵاوکردنــەوەی هێــزی فیزیکــی و ســەربازی نــاکات، چونکــە بــە هــۆی پێشــکەوتنی هێــزی زیــرەک و تەکنەلۆژیــای ســەربازی، هــەر ئامانجێکیــان مەبەســت بێــت دەتوانــن بیپێکــن، بــێ ئــەوەی وەک جــاران پێویســتیان بــە هێــزی ســەربازیی فیزیکــی هەبێــت (Foot on the Ground)

لــە کۆتاییــدا دەمەوێــت لــە ڕێــگای ورووژاندنــی چەنــد پرســیارێکەوە ئاماژەیەکــی کــورت بــەوە بکــەم ئاخــۆ کــورد وەک «ئەکتەرێکــی نادەوڵەتــی» تاچەنــد توانیوێتــی بــە شــێوەیەکی زانســتی و ئەکادیمــی لــە هێــزی ڕەق و نــەرم و زیــرەک بــگات؟

چـــۆن و بـــە چ میکانیزمێـــک دەتواندرێـــت هێـــزی ڕەقـــی کـــوردی (هێـــزی پێشـــمەرگە) یـــەک بخرێـــت و لـــە ژێـــر چەپۆکـــی حیزبـــی کـــوردی دەربهێنرێـــت و بخرێتـــە ژێـــر چەتـــری حکوومـــەت؟

چـــۆن و بـــە چ میکانیزمێـــک بتوانیـــن هێـــزی نـــەرم (دیپلۆماســـییەتی کـــوردی) لـــە دەرەوە بەهێـــز بکەیـــن و لـــە ڕێـــگای نوێنەرایەتییەکانـــی حکوومەتـــی هەرێـــم، پرۆســـەی لۆبیکـــردن بـــە شـــێوازە تەندروســـتەکەی ئەنجـــام بدرێـــت؟

# دیبەیتێکی چارەنووسساز!

٢٢/١٠/٢٠٢٠

سازکردنی دیبەیت یاخود دیبەیتکردن (Presidential Debate)، بەشێکی سەرەکیی کولتووری دیموکراسی و نەریتێکی سەردەمیانەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکایە. دوای داهێنانی «تەلەفزیۆن» هەڵمەتی گەیاندنی پەیام و پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی فراوانتر لە ڕێگای «دەنگ و ڕەنگەوە» دەستی پێ کرد، دیبەیت بە گرنگترین میکانیزمی خستنەڕووی توانای بەربژێرەکان دادەنرێت، لە پێناو گەیاندنی پەیام و بەرنامەی کار و پڕۆژەکان بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، هەموو چوار ساڵ جارێک، چوار دیبەیت ئەنجام دەدرێن لە نێوان بەربژێرەکان، سێ دیبەیت لە نێوان کاندیدانی سەرۆک و یەکێکیش لە نێوان جێگرەکانیان.

ئەمساڵ دیبەیتی یەکەم بەڕێوەچوو، بەڵام بە هۆی توشبوونی ترەمپ بە کۆڕۆنا دیبەیتی دووەم ئەنجام نەدرا، ئەمشەو چاوەڕوان دەکرێت

دواهەمیــن دیبەیــت ئەنجــام بدرێــت کــە بــە دیبەیتێکــی گرنــگ و چارەنووســساز لەقەڵــەم دەدرێــت، چونکــە بــە ملیۆنــان «دەنگــدەری خۆڵەمێشــی» خۆیــان یەکلانەکردووەتــەوە و چاوەڕوانــی دیبەیتــی ئەمشــەو دەکــەن تاکــوو دەنگــی خۆیــان یەکلابکەنــەوە.

«کریســتن وێلکــەر» پەیامنێــری بــە ئەزموونــی کەناڵــی تەلەفیزیۆنــی (NBC) دیبەیتەکــەی ئەمشــەو بەڕێوەدەبــات، تــەوەرەکان بریتــی دەبــن لــە:

چۆنیەتیــی بەرەنگاربوونــەوەی کۆڕۆنــا (کۆڤیــد-١٩)، ئابــووری و گوزەرانــی خێزانەکانــی ئەمریــکا، بابەتــی نــەژادی لــە ئەمریــکا، گۆڕانکاریــی کەشــوهەوا، ئاسایشــی نیشــتمانی، شــێواز و چۆنیەتیــی ڕێبەرایەتیکردنــی ئەمریــکا لــە نێــوان هــەردوو بەربژێــر (ترەمــپ و بایــدن).

بەهــۆی قســە بــە یەکتربڕیــن و قســە بــە یەکــتر گوتنــی ترەمــپ و بایــدن، دیبەیتــی یەکــەم بــە خراپتریــن دیبەیــت لــە مێــژووی دیبەیتــی بەربژێرانــی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا لەقەڵــەم درا، هیچــکام لــە دوو کاندیدەکــە نەیانتوانــی پەیــام و پرۆژەکانیــان بگەیەننــە هاووڵاتیانــی ئەمریــکا، بــۆ ئــەوەی هەمــان هەڵــە دووبــارە نەبێتــەوە، کۆمســیۆنی بەڕێوەبردنــی دیبەیتــەکان بڕیــاری دا بــە مەبەســتی بەرهەمهێنانــی دیبەیتێکــی باشــتر گۆڕانــکاری بــکات. میکانیزمــی نــوێ بریتــی دەبێــت لــە کۆنترۆڵکردنــی مایکرۆفــۆن؛ واتــە لــەو کاتــەی کــە کاندیدێــک لــەو «دوو» خوولەکــەی بــۆی تەرخــان دەکرێــت بــۆ وەڵامدانــەوەی پرســیارەکان ئــەوا تەنهــا مایکــی ئەوەیــان دەکرێتــەوە کــە قســە دەکات.

چــاوەڕوان دەکرێــت زیاتــر لــە نیــوەی هاووڵاتیانــی ئەمریــکا ســەیری دیبەیتــی ئەمشــەو بکــەن کــە بڕیــارە لــە زانکــۆی «بێڵمۆنــت» لــە شــاری «ناشــڤێڵ»ی ســەر بــە ویلایەتــی «تێنیســی» لــە کاتژمێــر (٩)ی شــەو بەکاتــی واشــنتن D.C دەســت پــێ بــکات.

مێــژووی یەکەمیــن دیبەیتــی تەلەفزیۆنــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵی (١٩٦٠)

لــە نێــوان «ریچــارد نیکســن و جــۆن کەنــەدی» کــە بــە هۆیــەوە هۆشــیاریی هاووڵاتیانــی ئەمریــکا هەڵکشــانێکی گرنگــی بــە خۆیــەوە بینــی. چونکــە بەشــی زۆری هاووڵاتیانــی ئەمریــکا لــە ســەر بنەمایــی ئایدۆلۆژیــا دەنــگ نــادەن، بەڵکــوو لەســەر بنەمــای پــڕۆژەی خزمەتکــردن دەنــگ دەدەن، واتــە کامــە کاندیــد لــە ڕێــگای پڕۆژەکانیــەوە زیاتــر خزمــەت بــە خەڵکــی ئەمریــکا بــکات، ئــەو کاندیــدە متمانــە و دەنگــی هاووڵاتیــان بەدەســت دەهێنێــت. هاوڕێیەکــی ئەمریکــی پێــی گوتــم: «دوای ئــەم دیبەیتــە بەرچاوڕوونیــم زیاتــر دەبێــت بــۆ ئــەوەی دەنــگ بــە کام کاندیــد بــدەم، چونکــە پڕۆژەکانــی هــەردوو کاندیــد هەڵدەســەنگێنم، کامیــان زیاتــر خزمــەت بــە ئەمریــکا بــکات، بڕیــار دەدەم دەنــگ و متمانــەی خــۆم بــەو ببەخشــم».

# کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا

٢٥/١٠/٢٠٢٠

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەوا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک «ئەکتەرێکی نادەوڵەتی»، دۆست و هاوبەشێکی گرنگی ئەمریکایە، واتە کورد لە هاوکێشەی ئەمریکادا «ژمارەیەکی خوێندراوەیە»؛ ئەویش بە هۆی ئەو فاکتەی کەوا کورد پڕۆ ڕۆژئاوا و پڕۆ ئەمریکایە، ئەم فاکتەش لە تێکشاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» (داعش)، لەسەر دەستی پێشمەرگە سەلمێنرا. بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین کورد هاوبەشێکی متمانە پێکراوی ئەمریکایە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە سەروبەندی نزیک بوونەوەمان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، دوو پرسیاری گرنگ دێتە پێشەوە:

١- کورد چۆن بتوانێت لە ناو هاکێشەی ئەمریکادا درێژە بە بوونی خۆی بدات؟

٢- کورد چۆن بتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا لە هاوبەشێکی

سەربازی و تاکتیکی و کورتخایەنەوە بگۆڕێت بۆ هاوپەیمانێکی سیاسی و ستراتیژی و درێژخایەن؟

بۆ وڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە (لە ئەگەری بردنەوەی ترەمپ یان بایدندا)، پێویستە داڕێژەرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان ئەم شەش خاڵە لەبەرچاو بگرن:

١- پێویستە کورد لە زووترین دەرفەتدا هەوڵی ڕێکخستن و بەهێزکردنی ناو ماڵی خۆی بدات، واتە «بەهێزکردنی بارودۆخی خودی» لەهەمان کاتدا پێویستە کورد خوێندنەوەیەکی لۆژیکیی بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەبێت، واتە «تێگەیشتن لە باردۆخی بابەتی».

٢- پێویستە کورد هەوڵ بدات بە مەبەستی پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەلامەتیی کوردستان لە ئەگەری هەر هێرشێک کە لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت، لە پاڵ ڕێککەوتنی سەربازی، ڕێککەوتنی سیاسییش لەگەڵ ئەمریکادا واژۆ بکات.

٣- گرنگە کورد ئامادەباشی بکات بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی «گرێبەستی سەدە و ئیبراهیمی و شامی نوێ و نیۆم» لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن. چونکە کۆی ئەم ڕێککەوتنانە لێکەوتەی «ئەرێنی و نەرێنی»یان بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێت. هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە کۆمەڵێک «دەرفەت و هەڕەشە» بۆ کوردستان لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەم ڕێککەوتنانەش لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ئەمریکادا ئەنجام دەدرێن و لە دەیەی داهاتوودا (تاکوو ساڵی ٢٠٣٠) تەواودەکرێن.

٤- ئەگەر کورد بیەوێت هەمیشە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە پارێزراو بێت، ئەوا پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵ بدات دامەزراوەکانی لەژێر چەتری دەستوورێکی مۆدێرندا ڕێک بخات، واتە هەوڵ بدات لیژنەی

نووسینەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان کارا بکاتەوە، تاکوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا «ڕەشنووسی دەستوور بکرێتە سپینووس» و بخرێتە دەنگدان و پاشانیش جێبەجێکردنەوە.

٥- هاوشان لەگەڵ تۆکمەکردنی ڕیزەکانی ناوخۆ، پێویستە کورد لە ئاستی دەرەکییشدا گرنگییەکی تایبەت بە پرۆسەی «لۆبیکردن» بدات، بەتایبەت لە ئەمریکادا پێویستە هەوڵ بدات پشتگیریی دامەزراوە جیاوازەکانی ئەمریکا وەک «کۆنگرێس، کۆشکی سپی، وەزارەتی دەرەوە، پنتاگۆن، ناوەندەکانی توێژینەوە و تینک تانک» بەدەست بێنێت؛ چونکە ئەم دامەزراوانە، لە داڕشتنی ستراتیژییەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەشداریی کارایان هەیە.

٦- پێویستە کورد لەسەر بنەمای «بەرژەوەندیی هاوبەش» ڕێککەوتنی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ ئەمریکادا واژۆ بکات، واتە گرنگە کورد بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا هاوتەریب و پارالێل بکات، بۆ ئەوەی کوردیش لە پاڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا لەم ناوچەیەدا هەمیشە پارێزراو بێت. بەمانایەکی تر پێویستە کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش سیاسەت لەگەڵ ئەمریکا بکات، نەک هەوڵ بدات لەسەر بنەمای سۆز (دڵداری) سیاسەت لەگەڵ ئەمریکادا بکات، چونکە سیاسەت لە ئەمریکادا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دادەڕێژرێت نەک لەسەر بنەمای سۆزداری!

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوەدا، پێویستە کورد بەردەوام بێت لە سیاسەتکردن بە ئاراستەی هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان ئەمریکا و نەیارانیدا (بەتایبەت ئێران)، چونکە بەرژەوەندیی کورد لە شێوازێکی سەردەمیانەی سیاسەتکردنە، بە ئاراستەی باڵانس ڕاگرتن.

# کورد و ئەمریکا، یەک بۆچوون و دوو بەسەرهات!

٢٨/١٠/٢٠٢٠

لە قۆناغی ئێستادا زەمینەیەکی لەبار و گونجاو هەیە بۆ ئەوەی کورد ببێتە بەشێک لە هاوکێشەی ستراتیژیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ «ئێران، تورکیا، سووریا، عێراق» لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر و نالەبار و شلۆقدان، واتە پەیوەندییەکانیان پڕن لە هەڵبەز و دابەز و هەوراز و نشێو، بەم هۆیەوە پێم وایە لەم هەلومەرجەدا زەمینەیەکی لەبار هاتۆتە پێش بۆ کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، تاکوو برەو بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بدەن لەگەڵ ئەمریکا، ئەمەش لە ڕێگای نووسینگەکانیان لە واشنتن دەکرێت، بەڵام پێویستی بە میکانیزم و پرۆسەی «لۆبیکرن» هەیە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەمریکا لەپێناو بەدەستووربوونی مافەکانی گەلی کورد لە هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان (ڕۆژئاوا، باکوور، ڕۆژهەڵات) هاوشێوەی باشووری کوردستان.

ئەگــەر ســەیری وێنــە گەورەکــەی سیســتەمی نوێــی جیهانــی بکەیــن (کــە خــۆی لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان و دامەزراوەکانــی تــری سیســتەمی نێودەوڵەتــی دەبینێتــەوە، کــە دوای جەنگــی جیهانیــی دووەم بــۆ بەرژەوەندیــی زلهێــزەکان دروســت کــراون) دەبینیــن گۆڕەپانــی نێودەوڵەتــی هاوشــێوەی یاریگایــەک دێتــە بەرچــاو کــە تەنهــا ئــەو یاریزانانــەی خــاوەن دەوڵەتــی ســەربەخۆ و کیانــی یاســایی و دەســتوورین، ڕێگایــان پــێ دەدرێــت کــەوا لــەم یاریگایــەدا یــاری بکــەن.

بۆیــە لــەم قۆناغــەدا گرنگــە (وەک هەنــگاوی یەکــەم) کوردانــی هــەر ســێ پارچەکەیــتر (ڕۆژئــاوا، باکــوور، ڕۆژهــەڵات) هــەوڵ بــدەن (هاوشــێوەی باشــوور) قەوارەیەکــی فیدڕاڵــی و دەســتووری و یاســایی لــە چوارچێــوەی وڵاتــە داگیرکەرەکانــدا (تورکیــا و ئێــران و ســووریا) بەدەســت بهێنــن، تاکــوو بتوانــن لــە سیســتەمی نێودەوڵەتیــدا بــە شــێوەیەکی دەســتووری و یاســایی شــوێن پێــی خۆیــان بکەنــەوە، هــەر ئــەم فاکتــەرە دەســتوورییەش وای کــردووە کــە باشــووری کوردســتان چەنــد قۆناغێکــی یاســایی و دەســتووری لــە پێشــەوەی پارچەکانــی تــری کوردســتاندا بێــت، بۆیــە ئەمریــکاش بەهــۆی ئــەم پێگــە دەســتوورییەی باشــووری کوردســتان (وەک هەرێمێکــی فیــدڕاڵ) مامەڵەیەکــی تایبەتــی لەگــەڵ دەکات و گەورەتریــن کۆنســوڵخانە لــە هەرێــم دەکاتــەوە و سیســتەمی پاتریــۆت لــە هەولێــر جێگیــر دەکات.

یەک بۆچوون

واتــە دەکرێــت لــە قۆناغــی یەکەمــدا کوردســتانی گــەورە ببێتــە خاوەنــی چــوار هەرێمــی فیــدڕاڵ، ئینجــا لەکاتــی داڕشــتنەوەی نەخشــەی ئــەم ناوچەیــەدا، کــورد دەتوانێــت دەرفەتێکــی گونجــاو بقۆزێتــەوە بــۆ بنیاتنانــی دەوڵەتێکــی کۆنفیــدراڵ و ســەربەخۆ لــە نێــوان هــەر چــوار پارچــەی کوردســتاندا.

دوو بەرسەهات

١- شــەش ســاڵ لەمەوبــەر ئــەو کاتــەی تەڵەبــەی ماســتەر بــووم لــە زانکــۆی «میــری وود» لــە شــاری ســکرانتنی ویلایەتــی پێنســلڤینیا، لەگــەڵ کۆمەڵێــک هاوڕێــم، «یانــەی قوتابیــان و خوێندکارانــی کورد»مــان دامەزرانــد، هاوڕێیانــم ئەرکــی ســەرۆکایەتیی ئــەو ڕێکخراوەیــان بــە مــن ســپارد و منیــش چوومــە لای ســەرۆکی زانکــۆ، پێمگــوت ئێمــەی کــورد کارەســاتی زۆرمــان بەســەردا هاتــووە و دەمانەوێــت هاوکارمــان بــن و ڕێگامــان بــدەن بــۆ ڕێکخســتنی مەراســیمی یادکردنــەوەی کارەســاتەکان بــۆ ئاشــناکردنی کۆمەڵگــەی ئەمریکــی بــە بەشــێک لــەو نەهامەتییانــەی کــە بەســەر کــوردا هاتــوون. ئەویــش گوتــی ئــەو کارەســاتانە چیــن کــە بەســەرتاندا هاتــووە؟ منیــش لــە کارەســاتی کیمیــا بارانــی هەڵەبجــەوە (١٦/٣) دەســتم پێکــرد و تــا کیمیابارانــی بالیســان و شێخوەســان و دواتــر ئەنفالــی گەرمیــان و بــارزان و بادینــان و.....هتــد، کــە بــووە هــۆی ڕووخانــی ژێرخــان و ســەرخانی کوردســتان.

لــە کاتــی قســەکردنمدا دیقەتــی ســەرۆکی زانکۆمــدا (کــە پرۆفیســۆرێکی ئافــرەت بــوو و نــاوی دکتــۆر ئــان مــۆنلی بــوو) وەکــو ئــەوەی کــە بورکانێــک لــە ناخیــدا دروســت بووبێــت بــە شــێوەیەکی نــەرم فرمێســک لــە چاوەکانــی دەهاتنــە خــوارێ و پــڕ بــە دڵ بــۆ مەرگەســاتی کــورد دەگریــا، لــە کۆتاییــدا گوتــی ئێســتا چۆنــن؟ منیــش گوتــم تــا ڕادەیــەک باشــین، بــەڵام هێشــتا خەونــی بەدەوڵــەت بوونمــان نەهاتۆتــەدی، لــە کۆتاییــدا ســەرۆکی زانکــۆ گوتــی: ئەگــەر دوای ئــەو هەمــوو مەرگەســات و ماڵوێرانیــە هێشــتا دەوڵــەت نەبــن کەواتــە: نەتــەوە یەکگرتــووەکان دادپــەروەر نیــن! «UN isn›t fair»

٢- ســەرەتای مانگــی ســێپتەمبەری ســاڵی (٢٠١٧) هاوڕێیەکــی ئەمریکیــم پرســیاری لــێ کــردم و گوتــی:

مــن تێناگــەم بۆچــی ئێــوەی کــورد بــە چەنــد ســاڵێک دەبنــە «ئەمریکــی و کەنــەدی و ئەوروپــی و ئوســترالی» بــەڵام هەرگیــز نابنــە «عێراقــی و ئێرانــی و

تورکــی و ســووری» هــۆکار چیــە؟

منیــش لەوەڵامــدا بــە دوور و درێــژی باســم لــە مێــژووی زوڵمــی ئــەم «وڵاتــە داگیرکەرانــە» کــرد، هــەر لــە شــەڕی چاڵدێرانــەوە بگــرە لــە ســاڵی (١٥١٤) تاکــوو هاتنــی داعــش لــە ســاڵی (٢٠١٤) ئینجــا پێــم گــوت:

بەلایەنــی کــەم مــاوەی (٥٠٠) ســاڵە گەلــی کــورد لــە لایــەن دەســەڵاتدارانی تــورک و عــەرەب و فارســەوە دەچەوســێندرێتەوە، ســەرەڕای ئــەوەش کــورد بــە ویســتی خــۆی ناســنامەی ئــەم چــوار وڵاتــە داگیرکــەرەی هەڵنەبــژاردووە، بەڵکــوو بەســەریدا فەرزکــراوە. تــۆ وەرە خــۆت بخــەرە شــوێنی کــورد ئینجــا دەزانــی بۆچــی کــورد دەبێتــە ئەمریکــی و کەنــەدی و ئەوروپــی و ئوســترالی، بــەڵام نابێتــە عێراقــی و ئێرانــی و تورکــی و ســووری!

ئەویــش گوتــی لــەم پرســیارە تێگەیشــتم، بــەڵام ئایــا کــورد پەنــد و عیبرەتــی لــەم مێــژووە وەرگرتــووە؟ ئایــا ئــەم هەمــوو زوڵمــەی داگیرکەرانــی کوردســتان، کــوردی یــەک خســتووە یــان پەکخســتووە؟

بــەم دوو پرســیارەی بەڕاســتی بێتاقــەت بــووم، بــەڵام بــەر لــەوەی وەڵامــی بدەمــەوە، لــەم کات و ســاتەدا تەلەفۆنێکــی بۆهــات و داوای لێبوردنــی کــرد و گوتــی دەبێــت بــڕۆم، منیــش خۆشــحاڵ بــووم کــە ڕۆیشــت!

# رامانی سەربەخۆبوون!

٣١/١٠/٢٠٢٠

لـە سـەروبەندی هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکادا، سـێ پرسـیاری جـدی لـە خەیـاڵ و ئەندێشـەمدا گەڵاڵـە بـوون:

پرسیاری یەکەم:

ئاخـۆ تەمەنـی قەڵاتـی هەولێـر چەنـدە، هەروەهـا تەمەنـی ئەمریـکا وەک زلهێزتریـن وڵاتـی جیهـان چەنـدە؟

وەڵام:

سـەرچاوە مێژووییـەکان پێـمان دەڵێـن کـەوا تەمەنـی «قەڵاتـی هەولێـر» لـە نێـوان (٦٠٠٠ بـۆ ٨٠٠٠) سـاڵە و بەگوێـرەی ڕێکخـراوی «یونسـکۆ»ی سـەر بـە نەتەوەیەکگرتـووەکان، قەڵاتـی هەولێـر دێرینـترن شـاری دنیایـە کـە تاکـوو ئێسـتاش ژیانـی تێـدا بـەردەوام بێـت. بـەڵام تەمەنـی ئەمریـکای سـەربەخۆ و مۆدێـرن تەنهـا (٢٤٤) سـاڵە، چونکـە لـە سـاڵی (١٧٧٦) باوکانـی دامەزرێنـەر (Founding Fathers) بەسـەرکردایەتیی «جـۆرج واشـنتن» سـەربەخۆیی

ئەمریکایــان ڕاگەیانــد، کــە بــە (Declaration of Independence) نــاسراوە.

پرسیاری دووەم:

بۆچــی ئەمریــکا لــەم مــاوە کورتــەدا بــووە بــە (Super Power) و زلهێزتریــن وڵاتــی دونیــا، بــەڵام ئێمــەی کــورد دوای ســەدان ســاڵ لــە بازنەیەکــی داخــراودا دەخولێینــەوەو نەبووینەتــە خــاوەن کیــان و دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ؟

وەڵام:

وەڵامــی ئــەم پرســیارە قســە زۆر هەڵدەگرێــت، بــەڵام باشــترین وەڵام پەرەگرافێکــە لە پەرتووکی «کــوردســـتــان، ئـــەو وڵاتـــەی کــە نییـــە» لە نـــووســـینی «ئـیـنگمـار کـارڵســۆن» کـە دەڵێت:

بــەریتــانیــا لــە یــاداشــتنــامــەیــەکــدا بـــۆ «کۆمەڵەی گەلان/عصبە الامــم» لــە ســـاڵی (١٩٢٠) ڕا و بۆچوونیــان بەرانبــەر بـــە کـــورد بــەم شــێوەیەی خــوارەوە بـــوو:

«کـــورد لـــە عـــێـــراقـــدا، هـــیـــچ جـــۆرە یـــەکێتییـــەکی ڕامیـــاریـــیـــان نییـــە، کـــە ئـــەمـــەش پێـــویســتـــە بـــۆ بـــەدیهـــێنـــانـــی بـــەڕێـــوەبـــەرایـــەتییـــەکی ســـەربـــەخـــۆ، ڕێکخـــراو و هـــەڵـــوێســـتیـــان لـــەســـەر پـــایـــەی خێـــڵ دامـــەزراوە، نـــە دابونـــەریتی خـــۆبـــەڕێـــوەبـــردنیـــان هـــەیـــە، نـــە دابونـــەریتـی دامـــەزراوەییان هـــەیـــە، شـێـــوەی ژیـــانیـــان ســـەرەتـاییـــە و زۆربـــەیـــان نـــەخـــوێنـــدەوار و جـــاهـــیلـــن، گـــومـــان لـــە گشـــت جـــۆرە دەســـەڵاتێـــک دەکـــەن و بـــێ دســـپلین و بـــێ هـــەســـتـــی بـــەرپـــرســـیـــاریەتیـــن.»

پرســـیاری ســـێیەم: ئایـــا کـــورد ئـــەم قۆناغـــەی ســـەرەوەی تێپەڕانـــدووە کـــە لـــە یاداشـــتنامەکەی بەڕیتانیـــا بـــۆ کۆمەڵـــەی گەلانـــدا هاتـــووە؟ یاخـــود مـــاوەی (١٠٠) ســـاڵە لـــە بازنەیەکـــی داخـــراودا دەخولێتـــەوە؟

وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە بـــۆ خوێنەرانـــی بەڕێـــز جێدەهێڵـــم، تەنهـــا مەبەســـتم بەخۆداچوونـــەوە و هەڵوەســـتەکردنی نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانی بـــوو.

لــە کۆتاییــدا دەڵێــم ئایــا کاتــی ئــەوە نەهاتــووە «ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان» بــە ئەجێندایەکــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانی، قۆناغــی ڕابــردووی پــڕ لــە ڕق و کینــە تێپەڕێنێــت و «Move on» بــکات بــەرەو نووســینەوەی دەســتوورێکی مۆدێــرن و هاوچــەرخ، تاکــوو بتوانێــت بەســەر ئالەنگارییــە ئابــووری و سیاســی و تەندروســتیەکاندا زاڵ بێــت؛ بەمەبەســتی خــۆ ئامادەکــردن بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوەی هەڕەشــەکان و قۆســتنەوەی دەرفەتــەکان؟

تێبینی:

بــۆ مــاوەی (٢٠) ســاڵ لــە قەڵاتــی هەولێــر ژیــاوم، لەنێــوان ساڵەکانی (١٩٨٠ تاکــوو ٢٠٠٠) هەروەهــا نزیکــەی (٥) ســاڵیش لــە ئەمریــکا ژیــاوم لــە کاتــی خوێندنــی ماســتەر لــە ســاڵەکانی (٢٠١٢ تاکــوو ٢٠١٦).

# ١٠ خاڵ لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا!

٢٠/١٠/٢٠٢٠

بڕیارە دوای تەنها دوو هەفتەی تر و لە ڕێککەوتی (٣/١١/٢٠٢٠) هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەنجام بدرێت، ئەو (١٠) خاڵەی گرنگە بیزانین لە سەر هەڵبژاردنەکان بریتین لە:

١- ئەم هەڵبژاردنە گرنگترین هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی جیهان، چونکە تاکوو ئێستا ئەمریکا زلهێزترین وڵاتی دنیایە و «واشنتن»ی پایتەخت چەقی داڕشتنی بڕیارە چارەنووسسازەکانی جیهانە.

٢- لە مێژووی (٢٤٤) ساڵەی سەربەخۆیی ئەمریکادا هیچ کاتێک هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا دوا نەخراوە، هەتا لە کاتی شەڕی ناوخۆ و شەڕی دەرەکیشدا هەموو چوار ساڵ جارێک (بە گوێرەی ماددەی دووی دەستووری ئەمریکا)، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام دراوە (ئەگەرچی چەند مانگێک لەمەوبەر ترەمپ داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کرد، بەڵام هەر زوو داواکەی لەلایەن کۆماری و دیموکراتەکانەوە ڕەتکرایەوە).

٣- هەڵبژاردنـــی ئەمجـــارە لـــە بارودۆخێکـــی ناهەمـــواردا ئەنجـــام دەدرێـــت، بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆڕۆنـا، ئەمریـکا ڕۆژانـە ژمـارەی پێوانەیـی تۆمـار دەکات لــە ڕێــژەی توشــبووان و ڕێــژەی مــردووان.

٤- هــەردوو ڕکابــەری ســەرەکی (دۆناڵــد ترەمپــی کاندیــدی کۆمارییــەکان و جۆزیـف بایدنـی کاندیـدی دیموکراتـەکان) بـە شـێوەیەکی قـووڵ ڕای گشـتی و شــەقامی ئەمریکایــان دابــەش کــردووە.

٥- جگـە لـە دوو کاندیـدە سـەرەکییەکە (ترەمـپ و بایـدن) کۆمەڵێـک بەربژێـری تـر هـەن کـە ژمارەیـان (٣٤) کاندیـدە، بـەڵام هیچکامیـان ئەگـەری دەرچوونیـان نییـە، بەڵکـوو چانسـی بردنـەوەی «کورسـی»ی کۆشـکی سـپی مۆنۆپـۆڵ کـراوە بــۆ هــەردوو بەربژێرەکــەی هــەردوو پارتــە ســەرەکییەکەی ئەمریــکا (بایدنــی دیموکــرات و ترەمپــی کۆمــاری).

٦- جگــە لــە هەڵبژاردنــی ســەرۆک، لەهەمــان ڕۆژدا هەڵبــژاردن بــۆ تــەواوی ئەندامانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران و (١/٣) ئەندامانــی ئەنجومەنــی پیــران و بەشــێک لەحاکمــی ویلایەتــەکان بەڕێوەدەچێــت.

٧- لەلایــەک هــەردوو وڵاتــی «چیــن و ئیــران» پشــتگیریی دەرچوونــی «بایـدن» دەکـەن، لەلایەکـی تـر هـەردوو وڵاتـی «ڕووسـیا و تورکیـا» پشـتگیریی هەڵبژاردنـەوەی «ترەمـپ» دەکـەن بـۆ خولـی دووەم. ئـەم چـوار وڵاتـەش بـە شـێوازی ئاشـکرا (لۆبیکـردن) و نهێنـی (ئەلیکترۆنـی) هـەوڵ دەدەن کاریگـەری لەسـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان دروسـت بکـەن (وەک لـە بەیاننامـەی ویلیـام ئیڤانینـای بەڕێوەبـەری ناوەنـدی ئاسایشـی نیشـتیمانی و بەرەنگاربونـەوەی سـیخوڕیی ئەمریکیـدا ئامـاژەی پـێ کـراوە).

٨- بەهــۆی بڵاوبوونــەوەی ڤایرۆســی کۆڕۆنــاوە تاکــوو ئێســتا لــە (٤٥) ویلایەتـی ئەمریـکادا زیاتـر لـە (٢٢) ملیـۆن هاووڵاتـی لـە پرۆسـەی «دەنگدانـی پێشــوەختە»دا دەنگیــان داوە، ئەمــەش ڕێژەیەکــی پێوانەییــە لــە دەنگدانــی

پێشــوەختەدا، هەروەهــا چــاوەڕوان دەکرێــت بــۆ خۆپارێــزی لــە «ڤایرۆســی کۆرۆنــا» بەشــێکی زۆری دەنگدانــی هاووڵاتیانــی ئەمریــکا لــە ڕێــگای پۆســتەوە بێــت.

٩- بــە شــێوەیەکی گشــتی پارتــی کۆماریــی پارێــزگار و «کۆنزەرڤاتیڤــن». لەگــەڵ بچووکردنــەوەی ڕۆڵــی حکوومــەت و فراوانکردنــی ڕۆڵــی کەرتــی تایبــەت و کەمکردنــەوەی بــاج و نەهێشــتنی لەباربردنــن. بــە پێچەوانــەوە پارتــی دیموکــرات کراوەتــر و لیبراڵــترن لەگــەڵ فراوانکردنــی ڕۆڵــی حکوومــەت و ســنوردارکردنی کەرتــی تایبــەت و پشــتگیریی مافــی پەناپــەران و ئازادیــی کەســی و مافــی لەباربردنــن.

١٠- میکانیزمــی هەڵبژاردنــی ســەرۆکی ئەمریــکا «تایبــەت و جیــاوازە» لــە هەمــوو وڵاتانــی تــری جیهــان. خەڵــک دەنــگ بــە دەســتەیەک دەدەن کــە پێیــان دەگوترێــت «ئیلیکتــۆڕاڵ کۆڵیــج» ژمــارەی ئــەم دەســتەیە بەقــەد ژمــارەی ئەندامانــی کۆنگرێــس و ســێنات (ئەنجومەنــی نوێنــەران و پیــران) و ســێ ئەنــدام وەک نوێنــەری واشــنتنی پایتەخــت، واتــە ژمــارەی دەســتەکە [٥٣٨] ئەندامــن (٤٣٥+١٠٠+٣=٥٣٨)، هــەر کاندیدێکــی ســەرۆکایەتی بتوانێــت (٢٧٠) دەنــگ لــەم دەســتەیە بەدەســت بهێنێــت، ئــەوا دەبێتــە ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا.

# سبەی... ئەمریکییەکان چۆن سەرۆک هەڵدەبژێرن؟

٠٢/١١/٢٠٢٠

سبەی (سێشەممە) ڕێکەوتی (٣)ی نۆڤەمبەری (٢٠٢٠) بە ڕۆژێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت، ئەویش بە هۆی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا، کە وەک هەڵبژاردنی سەرۆکی جیهان وێنا دەکرێت؛ بەڵام بە میکانیزمێکی ئاڵۆز و سیستەمێکی جیاواز لە هەموو وڵاتانی جیهان، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، سەرۆک یان ڕاستەوخۆ لەناو خەڵک هەڵدەبژێردرێت، یاخود ناڕاستەوخۆ لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لە ئەمریکادا هیچکام لەم ڕێگایانە بەکار ناهێنرێن.

لە کاتی نووسینەوەی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٧)، نوێنەرانی هەر (١٣) ویلایەتەکە دوو پلانیان هەبوو بۆ چۆنیەتیی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا:

یەکەم/ پلانی ڤێرجینیا:

ئـەم پلانــە لەلایــەن «ویلایەتــە گــەورەکان»ەوە پێشــنیاز کــرا، لــەم پلانــەدا داوایــان دەکــرد کــە ســەرۆک لــە ڕێــگای ئەنجومەنــی نوێنەرانــەوە هەڵبژێردرێــت، چونکــە ئـــەم «ویلایەتـــە گەورانـــە» ڕێـــژەی دانیشـــتوانیان زۆر بـــوو، بـــەم هۆیــەوە ژمــارەی نوێنەرەکانیــان لــە ئەنجومەنــی نوێنــەران بــەرز بــوو، بۆیــە داواکار بــوون ئــەوان ڕۆڵ و کاریگەریــی زیاتریــان هەبێــت لەســەر هەڵبژاردنــی کاندیــدی دڵخــوازی خۆیــان بــۆ ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا، ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی ئەنجومەنــی نوێنەرانــی ئەمریــکا پێــک هاتــووە لــە (٤٣٥) ئەنــدام، کــە بەپێــی ڕێــژەی دانیشــتوان دابــەش کــراون، بۆیــە ویلایەتــە گــەورەکان ئەندامەکانیــان لــە ئەنجومەنــی نوێنــەران زیاتــرە لــە ویلایەتــە بچووکــەکان.

دووەم/ پلانی نیوجێرسی:

ئـەم پلانــە لەلایــەن «ویلایەتــە بچووکــەکان»ەوە پێشــنیاز کــرا، لــەم پلانــەدا داوایــان دەکــرد کــە ســەرۆک لــە ڕێــگای ئەنجومەنــی پیرانــەوە هەڵبژێردرێــت، چونکــە لــە ئەنجومەنـــی پیـــران (ســێنات)، ژمــارەی ئەندامــەکان، لــە نێــوان ویلایەتـــە گـــەورە و بچوکـــەکان، بـــە یەکســـانی دابـــەش کـــراوە. واتـــە هـــەر ویلایەتێــک (٢) ئەندامــی لــە ئەنجومەنــی پیــران هەیــە، بەبــێ ڕەچاوکردنــی ژمــارەی دانیشــتووان، بۆیــە لــە ئێســتادا ژمــارەی ئەندامانــی ئەنجومەنــی پیــران (١٠٠) ئەندامــە کــە نوێنەرایەتیــی (٥٠) ویلایــەت دەکــەن.

لــە دوای مشـــتومڕێکی زۆر، باوکانـــی دامەزرێنـــەر گەیشـــتنە ڕێککەوتنێــک کــە بــە «ڕێککەوتنــە گەورەکــە» نــاسرا، ئەویــش بریتــی بــوو لــە بەدیهێنانــی دادپــەروەری لــە نێــوان «ویلایەتــە گــەورە و بچوکــەکان» لــە ڕیــگای تێکەڵکردنــی هــەردوو پلانەکــەی ســەرەوە، بــۆ ئــەم مەبەســتەش میکانیزمێکیــان داهێنــا بەنـــاوی «ئیلیکتـــۆڕەڵ کۆڵیـــج» کـــە بریتییـــە لـــە میکانیزمـــی هەڵبژاردنـــی ســـەرۆک بـــە شـــێوازیکی ناڕاســـتەوخۆ، چونکـــە خەڵـــک دەنـــگ بـــە «دەســـتەیەک

یــان کۆمەڵەیــەک» دەدەن کــە پێیــان دەگوترێــت «ئیلیکتــۆڕەڵ کۆلێــج»، ژمــارەی ئەندامەکانــی ئــەم دەســتەیە بەقــەد ژمــارەی ئەندامانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران و پیــران (هــاوس و ســێنات)ە لەگــەڵ ســێ ئەنــدام بــۆ «واشــنتنD.C»ی پایتەخــت، واتــە ژمــارەی ئــەم دەســتەیە (٥٣٨) ئەندامــن، (٤٣٥+١٠٠+٣=٥٣٨)، هــەر کاندیدێکــی ســەرۆکایەتی بتوانێــت (نیــوە+١) ئــەم ژمارەیــە واتــە (٢٧٠) دەنــگ لــەم دەســتەیە بەدەســت بێنێــت، ئــەوا ئــەو کاندیــدە دەبێتــە ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا.

گەورەیــی عەقڵــی «باوکانــی دامەزرێنــەر» هــۆکار بــوو بــۆ چەســپاندنی دادپــەروەری لــە نێــوان دەنگــی (ویلایەتــە گــەورە و بچوکــەکان) ئەویــش لــە ڕێــگای داهێنانــی ئــەم میکانیزمــە (ئیلیکتــۆڕاڵ کۆلێــج) بــە شــێوەیەک کــە پێویســت دەکات لەســەر کاندیــدی ســەرۆکایەتی، بــۆ بــوون بــە ســەرۆکی ئەمریــکا، گرنگــی بــە دەنگــی هەمــوو ویلایەتــە «گــەورە و بچوکــەکان» بــدات، ئەمــەش لــە مــادەی (٢)ی دەســتووری ئەمریــکادا ڕەنگڕێــژ کــرا، بــە گوێــرەی ئــەم مادەیــە، پێویســتە هەمــوو چــوار ســاڵ جارێــک «ســەرۆک و جێگــری ســەرۆک» لەلایــەن دەســتەیەکی هەڵبژێــردراو کــە پێیــان دەگوترێــت (ئیلیکتــۆڕاڵ کۆلێــج) هەڵبژێردرێــن، بــە جۆرێــک کــە نابێــت «ســەرۆک و جێگــری ســەرۆک» خەڵکــی هەمــان ویلایــەت بــن، ئەمــەش بەگوێــرەی هەمــواری ژمــارە (١٢)ی دەســتووری ئەمریــکا، کەواتــە ســەرۆک و جێگــری ســەرۆکی ئەمریــکا بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بــەم شــێوەیەی خــوارەوە، هەڵدەبژێردرێــن:

لــە ڕۆژی دەنگدانــی گشــتیدا، خەڵکــی ئەمریــکا دەنــگ بــە کۆمەڵەیەکــی هەڵبژێــردراو دەدەن کــە پێیــان دەگوترێــت «ئیلیکتــۆڕاڵ کۆلێــج»، ئــەم کۆمەڵەیــەش لــە ڕۆژی دوشــەممەی یەکەمــی دوای چوارشــەمەی دووەمــی مانگــی دیســەمبەر (ناوەڕاســتی مانگــی ١٢) ســەرۆک و جێگــری ســەرۆک هەڵدەبژێــرن.

داهێنانــی ئــەم میکانیزمــە لەلایــەن باوکانــی دامەزرێنــەرەوە (Founding

Fathers) لەبـــەر ئـــەوە بـــوو، لـــەو کاتـــەدا زۆرینـــەی هاووڵاتیانـــی ئەمریـــکا نەخوێنـــدەوار بـــوون و ڕێگەیـــان پـــێ نـــەدەدرا دەنـــگ بـــدەن، بەتایبـــەت دوو پێکهاتـــەی گـــەورەی کۆمەڵگـــەی ئەمریـــکا، لـــەو ســـەردەمەدا مافـــی دەنگدانیـــان نەبـــوو ئەوانیـــش (ئەفریقییـــە ئەمریکییـــە ڕەش پێســـتەکان کـــە لـــەو ســـەردەمەدا کۆیلـــە بـــوون، هەروەهـــا ئافرەتانیـــش مافـــی دەنگدانیـــان نەبـــوو) تەنهـــا ئـــەوەی مافـــی دەنگدانـــی هەبـــوو، کەمینەیـــەک بـــوون لـــە ( پیـــاوی ســـپی پێســـت و خـــاوەن موڵـــک) ئـــەو کەمینەیـــەش بۆیـــان ئاســـان نەبـــوو بزانـــن کـــێ بەربژێـــرە و بـــۆ دەبێـــت دەنـــگ بـــەو کەســـە بـــدەن؟

بێبەشـــبوونی چینـــی ئافرەتـــان و ڕەشپێســـتەکان زیاتـــر لـــە ســـەدەیەکی خایانـــد، پاشـــان کۆیلایەتـــی لەســـەر دەســـتی ســـەرۆکی ژمـــارە (١٦)هـــەم (ئەبراهـــام لینکۆڵـــن) هەڵوەشـێندرایەوە، ئینجـــا لـــە ڕێـــگای هەمـــواری دەســـتووری ژمـــارە (١٥) لـــە ســـاڵی (١٨٧٠) مافـــی دەنگـــدان بـــە ڕەشپێســـتەکان بەخـــشرا، هەروەهـــا دواتـــر بـــە گوێـــرەی هەمـــواری دەســـتووری ژمـــارە (١٩) لـــە ســـاڵی (١٩٢٠) مافـــی دەنگـــدان بـــە ئافرەتانیـــش بەخـــشرا.

چـــاوەڕوان دەکرێـــت ئـــەم هەڵبژاردنـــە، لـــە ڕێـــژەی دەنگـــدان و بەشـــداریکردنی خەڵـــک لـــە پڕۆســـەی هەڵبژاردنـــەکان، ژمارەیەکـــی پێوانەیـــی مێژوویـــی تۆمـــار بـــکات؛ چونکـــە پێشـــبینی دەکرێـــت ڕێـــژەی بەشـــداربوونی خەڵـــک لـــە هەڵبژاردنـــی ئـــەم ســـاڵدا زیاتـــر بێـــت لـــەو ڕێـــژە پێوانەییـــەی کـــە لـــە ســـاڵی (١٩٠٨) تۆمـــار کرابـــوو، کـــە برێتـــی بـــوو لـــە (٦٥٪)ی خەڵکـــی ئەمریـــکا.

لـــە هەڵبژاردنەکانـــی ئـــەم ســـاڵدا (٢١٤) ملیـــۆن هاووڵاتیـــی ئەمریکـــی مافـــی دەنگدانیـــان هەیـــە، تاکـــوو نووســـینی ئـــەم وتـــارە نزیکـــەی (١٠٠) ملیـــۆن هاووڵاتیـــی ئەمریکـــی لـــە پڕۆســـەی (دەنگدانـــی پێشـــوەختە)دا دەنگیـــان داوە، ئەمـــەش ژمارەیەکـــی پێوانەییـــە لـــە مێـــژووی دەنگدانـــی پێشـــوەختەدا. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئەمریـــکا تاکـــە وڵاتـــی دیموکراســـییە لـــە هەمـــوو دونیـــادا، کـــە دوای ئـــەوەی

کاندیـدی سـەرۆک بـە زۆرینـەی دەنگـی هاووڵاتیـان هەڵبژاردنـەکان دەباتـەوە، هێشـتا ناتوانێـت ببێـت بـە سـەرۆکی ئەمریـکا، چونکـە سـەرۆکی ئەمریـکا لـە ڕێـگای دەنگـی «ئیلیتکـۆڕەڵ کۆڵیـج»ەوە هەڵدەبژێردرێـت نـەک دەنگـی ڕاسـتەوخۆی خەڵـک. ئـەم حاڵەتـەش (٥) جـار لـە مێـژووی هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکادا دووبارەبووەتـەوە، دواترینیـان هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی سـاڵی (٢٠١٦) بـوو لـە نێـوان «دۆناڵـد ترەمـپ و هیـلاری کلنـتن» ئەگەرچـی «هیـلاری کلنـتن» توانـی نزیکـەی (٣) ملیـۆن دەنگـی زیاتـر بەدەسـت بهێنێـت لـە «دەنگدانـی گشـتی»دا بـەڵام لـە کۆتاییـدا «دۆناڵـد ترەمـپ» توانـی زیاتـر لـە (٣٠٤) دەنـگ لـە (ئیلیکتـۆڕاڵ کۆڵیـج) بەدەسـت بێنێـت لـە بەرانبـەردا هیـلاری تەنهـا (٢٢٧) دەنگـی بـە دەسـت هێنـا، بۆیـە «ترەمـپ» بـوو بـە سـەرۆکی ژمـارە (٤٥)ی ئەمریـکا.

دەتوانیـن بڵێیـن لـە هەڵبژادنەکانـی ئـەم خولـەدا، لـە کـۆی (٥٠) ویلایـەت، (٤٠) ویلایـەت دابەشـبوون بەسـەر ڕەنگـی سـور و شـیندا، واتـە دەنگـی خۆیـان یەکلاکردووەتـەوە بـۆ کۆمارییـەکان و دیموکراتـەکان، بـەڵام تەنهـا (١٠) ویلایـەت دەنگەکانیـان بـە خۆڵەمێشـی ماونەتـەوە، ئـەم (١٠) ویلایەتـەش پێیـان دەگوترێـت (Swing State) چونکـە تـا کۆتایـی پرۆسـەکە دیـار نییـە دەنـگ بـە کام کاندیـد دەدەن، بۆیـە کاندیـدەکان هـەر لـە سـەرەتای هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـدا فۆکەسـی خۆیـان خسـتووەتە سـەر ئـەم «ویلایەتـە خۆلەمێشـیانە» ئەمـەش بەهـۆی گرنگیـی ئـەم ویلایەتانـە لـە یەکلاکردنـەوەی ململانێـی ماراسـۆنیی گەیشـتن بـە کورسـیی کۆشـکی سـپی. ئـەم ویلایەتانـەش بریتیـن لـە «پێنسـلڤانیا، ئۆهایـۆ، ویسکنسـن، کارۆلینـای باکـور، ئەریزۆنـا، جۆرجیـا، فلۆریـدا، مینیسـۆتا، ئایـوا، نیڤـادا».

لـە مێـژووی ئەمریـکادا دوو جـار خەڵـک بـە ماسـکەوە چونەتـە سـەر سـندوقەکانی دەنگـدان، یەکـەم جـار لـە هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی (١٩١٨)، خەڵـک

بــە ماســکەوە دەنگیانــدا، ئەویــش بەهــۆی بڵاوبوونــەوەی پەتــای «ئەنفلەوەنــزای ئیســپانی» بــوو کــە لــە کــۆی (١) ملیــاری ژمــارەی دانیشــتوانی ئــەو ســەردەمەدا، ئــەم پەتایــە نزیکــەی (٥٠) ملیــۆن کەســی کوشــت، لــەم هەڵبژاردنەشــدا خەڵکــی ئەمریــکا بــە ماســکەوە دەنــگ دەدەن، ئەویــش بــە هــۆی بــڵاو بونــەوەی پەتــای «کۆرۆنــا- کۆڤیــد١٩»وە، کــە ئەمریــکا لــە ژمــارەی توشــبووان و ژمــارەی مــردووان، ڕێــژەی پێوانەیــی تۆمــار کــردووە.

دوای ئــەوەی هەڵبژاردنــەکان تــەواو دەبــن، ســەرۆکی هەڵبژێــردراو نزیکــەی (دوو مانــگ و نیــو)ی لەبــەر دەســت دەبێــت تاکــوو کابینەکــەی پێکبهێنێــت، دواتــر بــە گوێــرەی دەســتوور، پێویســتە ســەرۆکی نوێــی ئەمریــکا لــە ڕۆژی (٢٠/١/٢٠٢١) لــە ڕێوڕەســمێکی شایســتەدا لــە بــەردەم کۆنگرێســی ئەمریــکا ســوێندی یاســایی بخــوات، ئــەم ڕۆژەش بــە (Inauguration Day) نــاسراوە.

# بایـدن بەرەو کۆشکی سپی!

٠٧/١١/٢٠٢٠

بەگوێـرەی ئەنجامـە بەراییەکانـی هەڵبژاردنەکانـی ئەمریـکا بێـت، دەتوانیـن بڵێیـن «جـۆ بایـدن» سـەرۆکی ژمـارە (٤٦)ی ئەمریکایـە، بـا بزانیـن «جـۆ بایـدن» کێیـە؟

«جـۆ بایـدن» نـاوی تـەواوی «جۆزیـف ڕۆبینێـت بایـدن جۆنیـۆر»ە کاندیـدی پارتـی دیموکـرات و ڕکابـەری سەرسـەختی «دۆناڵـد ترەمـپ» بـوو بـۆ هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکا کـە لـە ڕۆژی سێشـەممە ڕێککەوتـی (٢٠٢٠/١١/٣) بەڕێوەچـوو. بایـدن لـە ڕێکەوتـی (٢٠/١١/١٩٤٢) لـە شـاری سـکرانتنی ویلایەتـی پێنسـلڤانیا لەدایـک بـووە، مـن چـوار سـاڵ لـە شـاری سـکرانتن ژیـاوم و خوێندنـی ماسـتەرم لـە (زانکـۆی مێـری وود)ی ئـەم شـارەدا تـەواو کـردووە، زۆرینـەی ڕەهـای خەڵکـی سـکرانتن «جـۆ بایدن»یـان خـۆش دەوێـت و لـە هـەر کەسـێکیان بپرسـیت باسـی زیرەکـی و مرۆڤدۆسـتی و لیبراڵـی و ئازادیخوازیـی ئـەوت بـۆ دەکـەن. بایـدن دکتـۆرای لـە یاسـادا هەیـە و مـاوەی

(٤٧) ساڵ خزمەتی سێکتەری گشتیی ئەمریکای کردووە، بەجۆرێک کە بۆ ماوەی (٣٦) ساڵ سیناتۆر بووە بۆ ویلایەتی دیلاوەر، هەروەها ماوەی (٨) ساڵیش جێگری سەرۆک باراک ئۆباما بووە، جۆ بایدن لە ئێستادا تەمەنی (٧٧) ساڵە و ئەگەر بتوانێت لەم هەڵبژارنەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و دۆناڵد ترەمپ ببەزێنێت، ئەوا دەبێتە (٤٦)مین سەرۆکی ئەمریکا و بەتەمەنترین سەرۆکی هەڵبژێردراو لە مێژووی کۆشکی سپی ئەمریکادا.

«جۆ بایدن» شارەزاترین کارەکتەری سیاسیی ئەمریکایە بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و دۆزی کورد بەتایبەتی، جەنابی کاک «مەسعود بارزانی» لە تازەترین کتێبیدا بەناونیشانی «بۆ مێژوو» ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکات، کە بایدن لە ئەمریکا پێی گوتووە «لەسەردەمی من و تۆدا سەربەخۆیی کوردستان دەبینین».

بایدن ماوەیەکی زۆر بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران (سێنات) بووە، جگە لەوەی لە سەردەمی ئۆبامادا بۆ دوو خول جێگری سەرۆک و بەرپرسی دۆسیەی عێراق بووە لە کۆشکی سپی. لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٢٤) جار سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستانی کردووە (چ وەک سیناتۆر یان وەک جێگری سەرۆک). جۆ بایدن یەکێک بووە لە سیناتۆرە دەگمەنەکانی پارتی دیموکرات کە پشتگیریی «بۆشی کوڕ»ی کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) هەروەها خاوەنی پڕۆژەی دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ هەرێم و یەکێک لە هەڵوێستە مێژووییەکانی (بایدن) بەرانبەر بەکورد ئەوکاتە بوو کە گوتی «بەتەنها شاخەکان هاوڕێی کورد نین بەڵکوو ئێمەش هاوڕێی کوردین».

ئەمڕۆ نزیکەی ساڵێک و مانگێک تێپەڕ دەبێت بەسەر داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە، ئەویش دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی نێوان

«ترەمــپ و ئەردۆغــان» بــوو کاتێــک ترەمــپ گڵۆپــی ســەوزی بــۆ ئەردۆغــان هەڵکــرد تاکــوو داگیرکارییەکــە ئەنجــام بــدات. بــەڵام ئــەم هەڵوێســتەی ترەمــپ هــەردوو پارتەکــەی ئەمریــکا و کۆنگرێــس و میدیــا و شــەقامی ئەمریــکای تــووڕە کــرد و ئــەم هەڵوێســتەی ترەمــپ شــەرمەزارکرا، لەبەرانبــەردا جــۆ بایــدن گوتــی «ئێمــە هەرگیــز وەک ترەمــپ پشــت لــە کــورد ناکەیــن».

هەڵــبژاردنی ئەمجــارەی ســەرۆکایەتیی ئەمریــکا بــۆ ئێمــە و زۆربــەی وڵاتانــی جیهــان چارەنوســســازە، بــە جۆرێــک کــە پاڵپشــتیی زلهێزەکانــی دابــەش کــردووە بەســەر کاندیدەکانــدا. (ڕووســیا و تورکیــا) کاریــان بــۆ دەرچوونــەوەی ترەمــپ دەکــرد، لــە بەرانبــەردا (چیــن و ئێــران) کاریــان بــۆ ســەرکەوتنی جــۆ بایــدن دەکــرد، ئــەم گرنگــی پێــدان و دابــەش بوونــە بەهــۆی گرنگیــی پێگــەی ســەرۆکی ئەمریکایــە لــە داڕشــتنی سیاســەتی دەرەوەدا، چونکــە بــە گوێــرەی مــاددەی دووی دەســتووری ئەمریــکا، «ســنوری دەســەڵاتی ســەرۆک» زۆر فراوانــە، واتــە بــە گۆڕانــی ســەرۆک سیاســەتی دەرەوەی ئەمریــکاش دەگۆڕێــت، چونکــە ســەرۆک دەســەڵاتی ڕەهــای ڕەنگڕێژکردنــی سیاســەتی دەرەوەی هەیــە، بۆیــە چــاوەڕوان دەکرێــت بــە گۆڕانــی ســەرۆکی ئەمریــکا هاوکێشــەی «باڵانســی هێــز» لــەم ناوچەیــە بگۆڕێــت، بەتایبــەت لــە نێــوان هــەردوو جەمســەری (شــیعە و ســوونە)دا، بــە جۆرێــک ئەگــەر «بایــدن و دیموکراتــەکان» ســەر بکــەون ئــەوا چــاوەڕوان دەکرێــت ئێــران گەشــە بــکات و ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی (٥+١) زیندووبکرێتــەوە، لەبەرانبــەردا چــاوەڕوان دەکرێــت تورکیــا پاشەکشــە بــکات، چونکــە پەلکێشــییەکانی تورکیــا بــۆ «ســووریا و لیبیــا و هەرێمــی کوردســتان»، بایدنــی تــەواو نیگــەران کــردووە. وەک لــە چاوپێکەوتنــی بایــدن لەگــەڵ نیویــورک تایمــز(New York Times)دا ڕایگەیانــد: «ئەگــەر ببــم بــە ســەرۆکی ئەمریــکا، هاوکاریــی ئۆپۆزیســیونی تورکیــا دەکــەم بــۆ ڕووخاندنــی دیکتاتــۆر ئەردۆغــان».

لــە ئێستاشــدا کــە جــۆ بایــدن بــەرەو کۆشــکی ســپی بەڕێوەیــە، گومــان لــەوەدا

نییە بە چوونی بایدن هاوکێشەکانی ناوچەکەی ئێمەش دەگۆڕێن. ئەو هەژموون و پەل هاویشتنانەی تورکیا بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و بۆ لیبیا و دەستوەردانەکانی لە شەڕی جۆرجیا و ئەرمینیا و هەڕەشەکانی بۆ ئەوروپا و دەرودراوسێکانی، بەهۆی پەیوەندییە کەسییەکانی نێوان ئەردۆگان و ترامپەوە بوو. چاوپۆشیی ئەمریکا لە شەڕفرۆشتنەکانی تورکیا، لەبەر بڕیارە تاکڕەوییەکانی ترامپ بوو، بە هاتنی بایدن زۆرشت پێچەوانە دەبنەوە.

ئەو گوشارانەی ئەمریکا لەسەر ئێران ڕەنگە ئاقارێکیتر بگرن و ئێران بە هێزێکی کاریگەرترەوە بهێننەوە ناو هاوکێشەکان، پێویستە ئەمانە لەبەرچاو بگیرێن و چاوەڕێ بکەین، ڕەنگە زۆر ڕووداو بە قازانجی کورد وەربچەرخێنەوە.

شایەنی باسە دوای ڕێککەوتنی «سایکس پیکۆ» لە ساڵی (١٩١٦) خاکی کوردستان بەسەر هەرچوار وڵاتی «عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا»دا دابەش کرا. تاکوو ئێستاش ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەم وڵاتە داگیرکەرانەدا مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد دەکات، بۆیە ناتوانین بە ڕەهایی بڵێین «بایدن» بە یەک چاو سەیری دۆزی کورد دەکات لە هەرچوار پارچە؛ چونکە ئەگەری هەیە هەڵبژاردنی بایدن لە بەرژەوەندیی پارچەیەکی کوردستان بێت و لەبەرژەوەندیی پارچەیەکی تری کوردستان نەبێت. بۆ نموونە لە بەرژەوەندیی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوایە کە بایدن هەڵبژێردرێت، چونکە بایدن دژی ئەردۆغانە، بەڵام لەبەرژەوەندیی کوردانی ڕۆژهەڵات نییە کە بایدن هەڵبژێردرێت، چونکە ئەگەری هەیە بایدن سزاکان لەسەر ئێران هەڵگرێت و ڕێککەوتنی ئەتۆمی کارا بکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا ئێران زیندوو دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی کەسی، «بایدن» بەرانبەر بە دۆزی کورد، شارەزاتر و ئاشناترە لە «ترەمپ»، بەڵام لەسەر

ئاستی حزبی «کۆمارییەکان» زیاتر لە «دیموکراتەکان» دۆستی کوردن، ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو هەردوو حزب هەڵوێستی «ئەرێنی و نەرێنییان» هەبووە بەرانبەر بە دۆزی کورد، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەمیشە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا «پێودانگ و سەنگی مەحەک» بوون لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

# جیاوازیی نێوان سەردەمی بایدن و سەردەمی ترەمپ!

١١/١١/٢٠٢٠

ئەگەر چاوێک بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئەمریکادا بخشێنین، دەبینین چەند کاتژمێرێک لە دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان و داخستنی سندوقەکان، بە دیاریکراوی لە نێوان کاتژمێر (١١ بۆ ١)ی شەو بەکاتی»واشنتنD.C»، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ڕادەگەیەنران، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا بە هۆی کاریگەرییەکانی پەتای کۆڕۆنا، زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن هاووڵاتی ئەمریکی، لە ڕێگای «ئەلیکترۆنی و پۆستە»وە، پێشوەختە دەنگیان دا ئەمەش بووە هۆی دواخستنی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان و درەنگ ڕاگەیاندنی کاندیدی براوە.

دوای تێپەربوونی چوار ڕۆژ، ئینجا «جۆ بایدن» توانی دەنگی پێویست لە دەستەی هەڵبژاردن (ئیلکتۆڕاڵ کۆلیج) کۆ بکاتەوە و سەرکەوتن ڕابگەیەنێت، بەڵام «دۆناڵد ترەمپ» ئەم سەرکەوتنەی ڕەت کردەوە و پەنای بردەبەر دادگا و سکاڵای تۆمارکرد بە بەهانەی بوونی ساختەکاری لەلایەن دیموکراتەکانەوە.

لــە هەڵبژاردنەکانــی پێشــوی ئەمریــکادا (وەک نەریتێکــی دیموکراســی)، کاندیــدی دۆڕاو بــە تەلەفــۆن پیرۆزبایــی لــە کاندیــدی بــراوە دەکــرد و هــەردوو کاندیــد وتاریــان پێشکەشــی لایەنگرانیــان دەکــرد، بــەڵام چــاوەڕوان ناکرێــت لــەم هەڵبژاردنــەدا ئــەم نەریتــە وا زوو لەلایــەن «دۆناڵــد ترەمــپ»ەوە جێبەجــێ بکرێــت تاکــوو دەرەنجامــی ســکاڵاکان دەرنەچــن.

بــە گوێــرەی دەســتووری ئەمریــکا «دۆناڵــد ترەمــپ» وەک ســەرۆکی «کاربەڕێکــەر» بــە هەمــوو دەســەڵاتەکانیەوە لــە پۆســتەکەیدا دەمێنێتــەوە تاکــوو ڕۆژی چوارشــەممە (٢٠/١/٢٠٢١) کاتژمێــر (١٢)ی نیــوەڕۆ، دواتــر «جــۆ بایــدن» ســەرۆکی ژمــارە (٤٦)، لــە ڕێورەســمێکی شایســتەدا لــە بــەردەم کۆنگرێســی ئەمریــکا ســوێندی یاســایی دەخــوات، ئــەم ڕۆژەش بــە (Inauguration Day) نــاسراوە.

وێــڕای ڕەتکردنــەوەی ســەرکەوتنی بایــدن لەلایــەن ترەمپــەوە، چــاوەڕوان دەکرێــت «ســەرۆکی هەڵبژێــردراو» لــە مــاوەی (١٠٠) ڕۆژی یەکەمــی دەســتبەکاربوونیدا ئــەم کارانــە لــە ئاســتی ناوخــۆ و دەرەوەدا ئەنجــام بــدات:

* ئەجیندای بایدن لە ئاستی ناوخۆی ئەمریکادا:

١- جێبەجێکردنــی پلانــی نیشــتیمانی بــۆ ڕووبــەڕوو بوونــەوەی پەتــای کۆڕۆنــا و ســنور دانــان بــۆ بڵاوبوونــەوەی کۆڕۆنــا لــە ڕێــگای بەســتنی ماســک و خۆپارێــزی و جێبەجێکردنــی ڕێنماییــە تەندروســتییەکان.

٢- جێبەجێکردنــی پلانــی نیشــتیمانی بــۆ بووژانــەوەی ئابوریــی ئەمریــکا و ڕەخســاندنی هەلــی کار بــۆ خەڵکــی ئەمریــکا.

٣- یەکخســتنەوەی کۆمەڵــگای دابەشــبووی ئەمریــکا، وەک لــە وتــاری دەرچوونیــدا ڕایگەیانــد کــە ئــەو ســەرۆکی هەمــوو ئەمریکییەکانــە بەبــێ جیاوازیــی ئایــن و مەزهــەب و حیــزب و ئایدۆلۆژیــا و ڕەگەز...هتــد. بەتایبــەت ســاڕێژکردنی برینــی ڕەگەزپەرســتی لــە ڕێــگای هەوڵــدان بــۆ نەهێشــتنی ناکۆکیــی نێــوان

پۆلیــس و ڕەشپێســتەکان.

٤- چاکســازی لــە ســێکتەری دادوەری، بــە هاوبەشــی لەگــەڵ دەســەڵاتەکانی «دادوەری و کۆنگریــس»

٥- چاکسازی لە سیستەمی کۆچبەر و پەنابەران.

* ئەجێندای بایدن لە ئاستی دەرەوەی ئەمریکادا:

١- پڕکردنــەوەی ئــەو کەلێــن و درزانــەی کــە ترەمــپ لــە نێــوان ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانیــدا دروســتی کــردوون.

٢- چوونەوە ناو ڕێککەوتنی (پاریس) بۆ کەش و هەوا.

٣- زیندووکردنــەوە و فراوانکردنــی ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی (٥+١) لەگــەڵ ئێــران و ئەگــەری دەســتکاریکردنی ڕێککەوتنەکــەش هەیــە، هەروەهــا ئەگــەری هێشــتنەوەی بەشــێک لــە ســزاکانیش لــە ئارادایــە.

٤- درێژەپێــدان بــە ســتراتیژییەتی ئاســایی کردنــەوەی پەیوەندیــی نێــوان ئیســڕائیل و وڵاتانــی عەرەبــی.

٥- ســنور دانــان بــۆ پەلکێشــییەکانی تورکیــا و ئۆردوغــان لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئەفریقیــا و دەریــای ڕەش و دەریــای ســپیی ناوەڕاســت.

٦- گرتنەبــەری ڕێــکاری دیپلۆماســی بــۆ چارەســەریی کێشــەکان لەگــەڵ چیــن و ڕووســیا.

٧- ڕووبــەڕوو بوونــەوەی کۆریــای باکــور لــە ڕێــگای خستنەســەری ســزای ئابووریــی زیاتــر.

ئەمریــکای ســەردەمی بایــدن تــەواو جیــاواز دەبێــت لــە ئەمریــکای ســەردەمی ترەمــپ. هەروەهــا چــاوەڕوان دەکرێــت پرۆســەی داڕشــتنی بڕیــار و دیاریکردنــی سیاســەتەکانی ناوخــۆ و دەرەوەی ئەمریــکا لەســەردەمی جــۆ بایدنــدا بگەڕێتــەوە دۆخــی ئاســایی خــۆی، واتــە پرۆســەی داڕشــتنی بڕیــار لــە ســەردەمی ســەرۆکی داهاتــووی ئەمریــکادا وەک جــاران بــە ڕاوێــژ لەگــەڵ دامودەزگاکانــی وەک

کۆنگرێس و CIA و پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە و هەندێک لە ناوەندەکانی Think Tank ئەنجام دەدرێت و پێشنیار و بژاردەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە گەڵاڵە دەکرێن؛ جیاواز لە سەردەمی ترەمپ کە بە تاک لایەنە و بێ پرس و ڕاوێژ لە ڕێگای تویتەر و لە سەرەوە بۆ خوارەوە بڕیارەکانی دەردەکردن.

# ترەمپ بەتەمای چییە!

١٦/١١/٢٠٢٠

لە یاریی دیموکراسیدا بردنەوە و دۆڕان هەیە، تاکوو ئێستا ترەمپ بە ڕاشکاوی دانی بە دۆڕانی خۆیدا نەناوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەرانبەر بایدن، چونکە ترەمپ حەزی بە دۆڕان نییە، ئەگەرچی دوێنێ دانی بە شکستی خۆیدا نا، بەڵام دوای چەند خولەکێک پەشیمان بوویەوە. دیارە لای ترەمپ یارییەکە کۆتایی نەهاتووە و هێشتا ئومێدی بە ئەنجامی سکاڵاکان هەیە، بەڵام لای دیموکراتەکان و بەشێکی زۆری کۆمارییەکان، یارییەکە کۆتایی هاتووە (The Game is Over ).

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کەوا ئەم ناوچەیە بایەخ و گرنگیی جارانی نەمابێت لە ناو ستراتیژییەتی ئەمریکادا، چونکە ئەمریکا وەک جاران پێویستی بە سەرچاوەی وزەی ئەم ناوچەیە نەماوە، ئەمەش بەهۆی بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر وزە (نەوت و گاز) لە ناوخۆی ئەمریکا، بە جۆرێک کە هەموو پێداویستییەکانی ناوخۆی تێر

دەکات. لەلایەکی تریش بەهۆی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی (عەرەب-ئیسرائیل) لە ڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمی و شامی نوێ و نیوم، لە ژێر چەتری ڕێککەوتنامەی سەدە، لەم چوارچێوەیەدا چاوەڕوان دەکرێت کەوا بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی هەژموونی ئێران و دژایەتیکردنی تیرۆر و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا دروست دەبێت، هێزێکی سەربازیی هاوبەش (هاوشێوەی ناتۆ) لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا دروست بکرێت.

دوای دورخستنەوەی «مارک ئێسپەر» وەزیری بەرگریی ئەمریکا لەلایەن ترەمپەوە، هەروەها سەردانی ئەم چەند ڕۆژەی «مایک پۆمپێیۆ» بۆ ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێک ئاماژە هەن پێمان دەڵێن کەوا ترەمپ کۆمەڵێک سیناریۆی لەبەردەستە و بەر لەوەی ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی بکات، مەبەستیەتی گۆمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بشڵەقێنێت؛ ئەم هەنگاوەش بە پێچەوانەی نەریتی دیموکراسیی ئەمریکا لەقەڵەم دەدرێت، بەتایبەت کە «ترەمپ» دانی بە دۆڕانی خۆیدا نەناوە و تاکوو ئێستاش پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە «بایدن» نەکردووە، بۆیە چاوەڕوانی ئەجێندایەکی شۆک ئامێز لە ترەمپ دەکرێت، بە تایبەت لەم دوو مانگەی کە لە بەردەستی ماوە وەک «سەرۆکی ئەمریکا».

لەو چوارچێوەیەدا چاوەڕوان دەکرێت کەوا ترەمپ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێک جووڵە و کردەوەی سەربازی ئەنجام بدات، لەوانە:

١- بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەمریکا گورزێکی کەمەرشکێن لە ئێران بوەشێنێت و هەندێک پێگەی ناوکی و ساروخی و هەندێک ناوچەی سەربازی لە بەندەرعەباس بکاتە ئامانج.

٢- بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوکاریی ئیسرائیل بکات لە وەشاندنی گورزێکی سەربازی بۆ سەر پێگە ناوکی و سەربازییەکانی ئێران.

٣- لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێنێتەوە بەتایبەت لە هەرسێ وڵاتی «عێراق و سویا و ئەفغانسان».

٤- ئەنجامدانی ئەم سیناریۆیە لەلایەک بۆ شێواندنی ئەجێندای بایدن و مەشغوڵ بوونی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی دەرەوە، لە جیاتی فۆکەس خستنە سەر کێشەکانی ناوخۆی ئەمریکایە؛ لەلایەکی تر تێکدانی ئەجێندای «بایدن» لە بەرانبەر ئێران و لەمپەر خستنە پێش زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی (٥+١).

٥- دوای جێهێشتنی کۆشکی سپی (بەناچاری) ترەمپ (خۆی یان ئیڤانکای کچی یان جارید کۆشنێری زاوای) ئامادە دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢٤) بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی پارتی کۆماری دەدات، لەلایەن خۆی و خێزانەکەیەوە.

٦- دوای نەمانی پارێزبەندیی سەرۆکایەتی، «ترەمپ» ترسی لە کۆمەڵێک سکاڵا هەیە کە لە دادگاکان دژی بجوڵێنرێن و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی بکرێتەوە بە هۆی نەدانی باج لەکارە بازرگانییەکانی و هەندێک سکاڵای ئافرەتان لەسەر کەیسی هەراسانکردن و مامەڵەی ناتەندروست.

لە کۆتاییدا گرنگە ئەم ڕاستییە بزانین کەوا بە هۆی ناسەقامگیریی پەیوەندییەکانی (واشنتن) لەگەڵ هەریەک لە تاران و دیمەشق و ئەنکەرە و بەغدا، چاوەڕوان دەکرێت «کورد» لە هەر چوار پارچەی کوردستان (بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژئاوا)، دەرفەتی بەهێزتری بۆ بڕەخسێت؛ لەم چوارچێوەیەشدا گرنگە کورد خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا، ببەستێتەوە بە سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی کوردستان، بە واتایەکی تر بەرژەوەندییەکانی کوردستان، پاراڵێل بکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. ئەمەش بە پتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆ و ئەنجامدانی چاکسازییەکی ڕیشەیی و فەراهەمکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە

بــۆ خەڵکــی کوردســـتان دەکرێــت.

بۆیــە لــە ئێســـتادا گرنگــە کــورد بــە ئەجێندایەکــی یەکگرتــوو بەرنامەڕێــژی بــۆ سیاســـەتی ناوخــۆ و دەرەوە بــکات و شــێوازی «کاردانــەوە بــۆ ڕووداوەکان» بگۆردرێـــت بـــۆ نەخشـــەرێگایەکی ســـتراتیژیی نیشـــتیمانی، تاکـــوو بتوانێـــت بــە یەکگرتوویــی ســـوود لــە دەرفەتــەکان وەربگرێــت و ڕووبــەڕووی هەڕەشــەکان ببێتــەوە.

# ترەمپ کابووسی ئێرانە!

٢١/١١/٢٠٢٠

ئەگەرچی ترەمپ لە کۆشکی سپی تەنها دوو مانگی ماوە، بەڵام هێشتا خۆی وەک «کابووسێک» لە بەرانبەر ئێران نمایش دەکات، چونکە:

١- لەلایەک بەردەوامە لە شەڕی ئابووری و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی ئەوپەڕی فشار (Maximum Pressure) لە بەرانبەر ئێران، لەم چوارچێوەیەشدا دوێنێ وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای ئابووریی بەسەر چەندین کەسایەتی و کۆمپانیا و دامەزراوەی ئێراندا سەپاند، سزاکان بە جۆرێک گشتگیرن، لە لوتکەی دەستەڵاتی ئێرانەوە بگرە تاکوو جەنەڕاڵەکانی خوارەوەی سوپای پاسدارانیان گرتۆتەوە.

٢- لەلایەکی تر هەندێک هەواڵ و زانیاریی هەستیار دزەیان پێ کراوە سەبارەت بە هاندانی ئیسرائیل بۆ ترەمپ بە مەبەستی وەشاندنی گورزێکی سەربازی لە ئێران پێش بەجێهێشتنی کۆشکی سپی، لەم چوارچێوەیەدا هەندێک زانیاری و پلان و بژاردە لە بەردەم ترەمپدا هەن

بـــۆ وەشـــاندنی گـــورزی ســـەربازی بـــۆ ســـەر پێگـــە و بنکـــە مووشـــەکی و ناوکییەکانـــی ئێـــران، بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش ترەمـــپ کۆمەڵێـــک جێگۆڕکێـــی لـــە نـــاو جەنەڕاڵەکانـــدا ئەنجـــام داوە و هەندێـــک ســـەرکردەی ســـەربازی دژ بـــە ئێرانـــی هێناوەتـــە پێـــش، ئەمـــەش مەترسـیی وەشـاندنی گـورزی سـەربازی دژی ئێرانـی زیاتـــر کـــردووە.

لەبەرانبەریشدا ئێران دەستەوەستان نەبووە، بەڵکوو:

١- ئێـــران لـــە ڕێگـــەی پرۆکزییەکانـــی لـــە عێـــراق (بەتایبـــەت حەشـــدی شـــەعبی)، هەندێـــک پەیـــام بـــۆ ترەمـــپ دەنێرێـــت، وەک ئـــەو هێرشـــەی لـــە دوو ڕۆژی ڕابـــردوو لـــە ڕێـــگای (٧) مووشـــەکەوە کرایـــە ســـەر ناوچـــەی ســـەوز و باڵیۆزخانـــەی ئەمریـــکا لـــە بەغـــدا، ئـــەم هێرشـــە مووشـــەکییانە (پەیـــام)ی ئێـــران بـــوون بـــۆ ترەمـــپ، ناوەڕۆکـــی پەیامەکـــەش بریتـــی بـــوو لـــە: «ئەگـــەر گورزمـــان لـــێ بوەشـــێنن، گورزتـــان لـــێ دەوەشـــێنین!».

٢- ئیـــران دەتوانێـــت لـــە ڕێگـــەی پرۆکزییەکانـــی لـــە «یەمـــەن و ســـووریا و لوبنـــان» لەمپـــەر لەبـــەردەم هـــەوڵ و بەرژەوەندییەکانـــی ئەمریـــکا دروســـت بـــکات، بەمەبەســـتی تۆڵەکردنـــەوە لـــە ترەمـــپ و «ڕەشـــکردنی ئـــەو دوو مانگـــەی کـــە لـــە کۆشـــکی ســـپی ماویەتـــی» بـــۆ ئـــەوەی ترەمـــپ لـــە کۆتـــا ڕۆژەکانیـــدا وەک «ســـەرۆکێکی ئاخیـــر شـــەڕ» وێنـــا بـــکات. لـــەم چوارچێوەیەشـــدا لیـــوا «حەســـەن ســـەلامی» فەرمانـــدەی گشـــتیی ســـوپای پاســـدارانی ئێـــران گوتـــی: «ئێـــران بـــۆ بەرگریکـــرن لـــە بەرژەوەندییەکانـــی، پەیوەســـت نییـــە بـــە جوگرافیایەکـــی دیاریکـــراو».

ئامـــاژەکان نیشـــان دەدەن کـــەوا لـــە دوو مانگـــی داهاتـــوودا چـــاوەڕوان دەکرێـــت ئـــەم پەیامانـــەی «ترەمـــپ بـــۆ ئێـــران» و «ئێـــران بـــۆ ترەمـــپ» دۆخێکـــی مەترسـیدار و نەخـــوازراو لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دروســـت بکـــەن.

ئەگەرچـــی ترەمـــپ تاکـــوو ئێســـتا خـــۆی بـــە بـــراوەی هەڵبژاردنـــەکان لەقەڵـــەم

دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا ترەمپ بە هەر شێوەیەک بێت، دان بە دۆڕاندنی خۆیدا دەنێت لە بەرانبەر بایدن، چونکە سکاڵاکانی ترەمپ لە دادگا و بەڵگەکانی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەندە بەهێز نین، ببنە فریادڕەس بۆ کورسییەکەی لە کۆشکی سپی. لەگەڵ ئەوەشدا ترەمپ لەم ماوەیەی کەوا لە کۆشکی سپی ماویەتی، هەوڵ دەدات بە هەر نرخێک بێت، مانگی هەنگوینی بایدن لە کۆشکی سپی تاڵ بکات و نەهێڵێت ئەجێنداکانی لەگەڵ ئێراندا جێبەجێ بکات و بە ئاسانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی (٥+١) زیندوو بکاتەوە، چونکە ترەمپ ساڵی (٢٠١٦) ئەم ڕێککەوتنەی بە خراپترین ڕێککەوتن لە مێژووی ئەمریکادا ناوزەد کرد، هەر بۆیە لە ئایاری (٢٠١٨)دا تاک لایەنە لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە.

# «دەستووری هەرێم» ڤاکسینی «پەتای پەرتەوازەیی»ی کوردستانە!

٢٣/١١/٢٠٢٠

مێــژووی «کەشــتی»ی وڵاتــان پڕیەتــی لــە هەڵبــەز و دابــەز و هــەوراز و نشــێو، بــەڵام هــەر کاتێــک کەشــتییەکەیان لــە کەنارێکــی ئارامــدا ئۆقــرەی گرتبێــت، ئــەوا «بیرمەنــد و ســەرکردە و داڕێژەرانــی بڕیــار»، هەڵوەســتەیان کــردووە و نەخشــەڕێگایەکی تۆکمەیــان داڕشــتووە بــۆ ئــەوەی کەشــتییەکەیان لــە داهاتــوودا بەرگــەی هەڵبــەز و دابــەزی شــەپۆڵەکان بگرێــت. ئــەم نەخشــەڕێگایەش بریتــی بــووە لــە نووســینەوەی «دەســتوور» کــە گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتییــە و بــە دایکــی یاســاکان پێناســە دەکرێــت و وەک داینەمــۆی پێشــکەوتنی وڵاتــان لەقەڵــەم دەدرێــت.

هەرێمــی کوردســتان دوای پرۆســەی ئازادیــی عێــراق لــە ســاڵی (٢٠٠٣)، قەوارەیەکــی دەســتووری و یاســایی لــە «عێراقــی نــوێ»دا بــۆ فەراهــەم بــووە، ئــەم قەوارەیــەش لــە ماددەکانــی (١١٧و ١٢٠و ١٢١)ی دەســتووری عێراقــدا دانــی پێدانــراوە، بۆیــە پاراســتنی ئــەم قەوارەیــە «هێڵــی ســوورە» و نابێــت

بەهیــچ جۆرێــک و لەژێــر هیــچ پاســاوێکدا، سازشــی لەســەر بکرێــت.

بەداخــەوە دوای تێپەڕبوونــی (١٥) ســاڵ، تاکــوو ئێســتا «داڕێژەرانــی بڕیــاری هەرێــم»، نەیانتوانیــوە ســوود لــەو مافــە دەســتوورییە وەربگــرن کــە لــە مــاددەی (١٢٠)ی دەســتووری عێراقــدا ئامــاژەی پــێ کــراوە و بــە ڕوونــی مــاف بــە هەرێمــی کوردســتان دراوە کــە خــاوەن دەســتوورێکی تایبــەت بــە خــۆی بێــت، کەچــی هێشــتا هەرێمــی کوردســتان نەبووەتــە خــاوەن دەســتووری خــۆی!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە:

کێ بەرپرسیارە لەم کەمتەرخەمییە؟

بۆچــی تاکــوو ئێســتا «رەشنووســی» دەســتووری هەرێــم، لــە پەرلەمانــی کوردســتان نەکراوەتــە ســپینووس؟

بۆچــی لیژنــەی نووســینەوەی دەســتوور کارا نەکراوەتــەوە، یاخــود بۆچــی لیژنەیەکــی نــوێ بــۆ نووســینەوەی دەســتوور دروســت ناکرێــت؟

پێویســت بــوو دوای پرۆســەی ئــازادی و نووســینەوەی دەســتووری عێــراق، یەکــەم هەنــگاوی ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان نووســینەوەی دەســتوورێکی هاوچــەرخ بــۆ هەرێــم بێــت، لــە جیاتــی واژۆکردنــی «رێککەوتننامــەی ســتراتیژی لــە تەممــوزی ٢٠٠٧ و دواتریــش ڕێککەوتننامــەی دەباشــان لــە ئایــاری ٢٠١٦»؛ چونکــە پێــم وایــە کێشــەی ســەرەکیی هەرێمــی کوردســتان نەبوونــی «دەســتوورێکی هاوچــەرخ» و ڕێزلێگیــراوە، کــە مــاف بــە هەمــوو پێکهاتــەکان بــدات بــۆ ئــەوەی لەژێــر ســایەیدا، هەمــوو دامــودەزگا مەدەنــی و ســەربازییەکان یــەک بخرێــن و ســنوور بــو هەرســێ دەســەڵاتی «یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادوەری» دیــاری بکرێــن، تاکــوو بتوانــن ئەرکــی خۆیــان بــە شــێوەیەکی شــەفاف ئەنجــام بــدەن؛ لــە پێنــاو گەیاندنــی کەشــتیی هەرێمــی کوردســتان بــە کەنــاری ئارامــی، هاوشــێوەی «هەرێــم و وڵاتــە» پێشــکەوتووەکانی جیهــان، بــە مەبەســتی ڕێگریکــردن لــە گەندەڵــی و بەدیهێنانــی

دادی کۆمەڵایەتـــی، بـــە جۆرێـــک کـــە دەرفەتـــی کاری یەکســـان بـــۆ ســـەرجەم دانیشـــتووان بڕەخســـێنرێت و ئـــەرک و مـــاف بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانـــە، بـــە بـــێ ڕەچاوکردنـــی جـــۆری ڕەگـــەز و ڕەنـــگ و ئاییـــن و ئایدیۆلۆژیـــا، دابـــەش بکرێـــت.

بـــەڵام ئێســـتاش نەچـــووە بچێـــت، مـــادام زانســـتی پزیشـــکی توانیبێتـــی لـــە ڕێـــگای کۆمپانیـــای «فایـــزەر»ەوە ڤاکســـینێک بـــۆ پەتـــای «کۆرۆنـــا» بدۆزێتـــەوە، دەکرێـــت ســـەرکردایەتیی سیاســـیی کوردســـتانیش هـــەوڵ بـــدات «دەســـتوور» بکاتـــە ڤاکســـینی پەتـــای «پەرتەوازەیـــی کـــورد» بـــۆ ئـــەوەی بەســـەر ئاســـتەنگەکانی ئـــەم قۆناغـــە هەســـتیارەدا زاڵ بێـــت، چونکـــە ڕاســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە کـــە «پەتـــای پەرتەوازەیـــی»ی کوردســـتان ترســـناکترە لـــە «پەتـــای کۆرۆنـــا».

ئێمـــەی کوردیـــش پێویســـتە ســـوود لـــە ئەزموونـــی وڵاتـــان وەربگریـــن و ئەوەمـــان لەبەرچـــاو بێـــت کـــە زۆربـــەی وڵاتانـــی پێشـــکەوتوو بـــە هـــۆی نووســـینەوەی «دەســـتوور»ەوە توانیویانـــە بەســـەر کۆســـپەکاندا زاڵ بـــن و کۆدەنگـــی دروســـت بکـــەن و ســـەقامگیری بەرپـــا بکـــەن، بـــۆ نموونـــە ســـەرەکیترین فاکتـــەری گەشەســـەندن و زلهێزبـــوون و ســـەرکەوتنی ئەمریـــکا، هەبوونـــی دەســـتوورێکی کـــورت و پوخـــت و پـــڕ مانایـــە، کـــە تەنهـــا لـــە (٧) مـــاددە پێکهاتـــووە و لـــە ســـەر ئاســـتی جیهـــان بـــە کۆنتریـــن دۆکیۆمێنتـــی نـــووسراوی کارپێکـــراو هەژمـــار دەکرێـــت، کـــە تەمەنـــی (٢٣١) ســـاڵە و تاکـــوو ئێســـتاش کاری پـــێ دەکرێـــت.

ئەگـــەر باوکانـــی دامەزرێنـــەری ئەمریـــکا (٢٣١) ســـاڵ لەمەوبـــەر توانیبێتیـــان هەنگاوێکـــی لـــەم شـــێوەیە بهاوێـــژن و دەســـتوورێک بنووســـنەوە، بۆچـــی ئێمـــەی کـــورد نەتوانیـــن ســـوود لـــە ئەزموونـــی ئـــەوان وەربگریـــن و هەنگاوێکـــی لـــەم شـــێوەیە بهاوێژیـــن؟

راســـتییەکی تاڵـــە کـــە دەڵێیـــن «کەشـــتی»ی هەرێمـــی کوردســـتان بەهـــۆی پەرتەوازەیـــی و هەندێـــک کەموکوڕیـــی دیکـــەوە کونـــی تـــێ بـــووە، بـــەڵام خۆشـــبەختانە هێشـــتا نقـــووم نەبـــووە، بۆیـــە دەکرێـــت نووســـینەوەی

«دەسـتوورێکی هاوچـەرخ»، ببێتـە فریـادرەس بـۆ ڕزگارکردنـی ئـەم «کەشـتییە»؛ بـە مەرجێـک دەسـتوورێکی ڕێزلێگیـراو بێـت و بخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، نـەک تەنهـا وەک مەرەکەبـی سـەر کاغـەز بمێنێتـەوە!

لـە کۆتاییـدا گرنگـە بزانیـن کـەوا هەموومـان دانیشـتووی نێـو ئـەم «کەشـتییە»ی هەرێمـی کوردسـتانین و ئەرکـی سـەر شـانی هەموولایەکمانـە، بـە گیانێکـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی چارەسـەرێک بـۆ کـون و کەلەبەرەکانـی ئـەم کەشـتییە بدۆزینـەوە، بۆیـە پێـم وایـە تاکـە چارەسـەر تەنیـا نووسـینەوەی (دەسـتوورێکی هاوچـەرخ)ە بـۆ ڕزگارکردنـی ئـەم کەشـتییە، چونکـە بـە نقوومبوونـی ئـەم کەشـتییە نـەک تەنهـا باشـووری کوردسـتان زەرەر دەکات، بەڵکـوو تاکـە ئومێـدی هـەر سـێ پارچەکـەی تـری کوردسـتانی گـەورەش لەبـار دەچێـت!

# هاتنی «بایدن» هاتنی «دەرفەتێکی زێڕینە» بۆ کورد!

٢٦/١١/٢٠٢٠

«ترەمــپ» وەک ســەرۆکێکی نــاوازە و دیاردەیەکــی شــاز لــە نــاو سیاســەتی ئەمریــکادا، بــەم هەمــوو هــاش و هــووش و عەجوولییــەی خۆیــەوە، نەیتوانــی بنەماکانــی دیموکراســیی ئەمریــکا بشــڵەژێنێت و یاســا و ڕێســا دەســتوورییەکان تێپەڕێنێــت؛ چونکــە «دەســتووری ئەمریــکا» قەڵغانــی دیموکراســییەتی ئەمریــکا و زامنکــەری هەمیشــەیی بەرهەمهێنانــەوەی پرۆســەی دیموکراســیی ئــەم وڵاتەیــە بــۆ هەمــوو ســەردەمێک و بــۆ هەمــوو حاڵەتێــک و بــۆ هەمــوو کەســێک. واتــە دەســتووری ئەمریــکا «هێڵــی ســوورە» و لــە ســۆنگەی ئــەم دەستوورەشــەوە «ڕەگ و ڕیشــەی قــووڵ» بــۆ دەســەڵاتەکانی «جێبەجێکــردن و یاســادانان و دادوەری» ڕەنگڕێــژ کــراون و دامــودەزگای بەهێــز بــۆ ئەمریــکا بنیــات نــراون. بەجۆرێــک ئەگــەر ســەرۆکێکی شــێوە دیکتاتــۆر وەک ترەمپیــش هەڵتۆقێــت، ئــەوا ناتوانێــت ژێرخانــی دیموکراســییەتی ئەمریــکا هەڵتەکێنێــت. خــۆ ئەگــەر ترەمــپ بیتوانیایــە سنووری خــۆی ببەزێنێــت، ئــەوا دەســتووری ئەمریــکای لــە بەرژەوەندیــی خــۆی

هەمواردەکــردەوە و خــۆی وەک «ســەرۆک و مەلیــک و پاشــای هەتاهەتایــی» لــە کۆشــکی ســپی دەهێشــتەوە، چونکــە ترەمــپ دنیابینیەکــی ڕۆژهەڵاتیــی هەیــە و دۆڕانــی لــە یاریــی دیموکراســیدا قبــوڵ نییــە؛ تەنهــا ئەوکاتــە نەبێــت کــە خــۆی بــراوەی یارییەکــە دەبێــت.

دوای پەســەندکردنی دەنگەکانــی «ویلایەتــی میشــیگن» لــە بەرژەوەندیــی بایــدن، ترەمــپ نائومێــد بــوو لــەوەی کــە بتوانێــت لــە ڕووی ســکاڵای یاساییەوە ئەنجامــی هەڵبژاردنــەکان لــە بەرژەوەندیــی خــۆی بشــکێنێتەوە، بۆیــە بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ دانــی بــە بردنــەوەی بایدنــدا نــا، ئەویــش لــە ڕێــگای کردنــەوی دەرگاکانــی کۆشــکی ســپی بــۆ تیمەکــەی بایــدن و ئامادەیــی تــەواوی دەربــڕی بــۆ هەماهەنگــی کــردن بــۆ دەستاودەســتکردنی دەســەڵات. لەگــەڵ ئەوەشــدا تاکــوو ئێســتا ترەمــپ بــە ڕوون و ڕاشــکاوی دانــی بــە دۆڕانــی خۆیــدا نەنــاوە و پیرۆزبایــی لــە بایــدن نەکــردووە. ئەگەرچــی ئــەم دانپێدانــەی ترەمــپ «ئەرکێکــی یاســایی» نییــە، بــەڵام نەریتێکــی دیموکراســی و پێویســتییەکی ئەخلاقییــە بــۆ دەستاودەســتکردنی دەســەڵات بــە شــێوەیەکی ئاشــتییانە، لەگــەڵ ئەوەشــدا دەبینیــن خاتــوو «ئیمێڵــی مۆرفــی»، بەرپرســی کارگێڕیــی «خزمەتگوزارییــە گشــتییەکان»، ئامادەیــی تــەواوی دەربــڕی بــۆ هەماهەنگیکــردن لەگــەڵ تیمەکــەی بایــدن.

بــە هاتنــی «جــۆ بایــدن» وەک (٤٦)ەمیــن ســەرۆکی ئەمریــکا، ســەردەمێکی نــوێ و دەرفەتێکــی نــوێ و لاپەڕەیەکــی ســپی لــە «کۆشــکی ســپی» دەکرێتــەوە، ئاخــۆ پــلان و ســتراتیژیی ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان بــۆ ئــەم ســەردەمە نوێیــە چییــە؟

نوێنەرایەتیــی کوردســتان لــە واشــنتن، چ پلانێــک و میکانیزمێکیــان ئامادەکــردووە بــۆ پرۆســەی (لۆبی)کــردن لــە ســەردەمی بایدنــدا؟

ڕەوەنــدی کــوردی (کــە بــە نزیکــەی ٧٠ هــەزار کــەس مەزەنــدە دەکرێــن)، لــە

ئەمریــکادا کاریگەرییــان لــەم ســەردەمە نوێیــەدا چییــە؟

یەکێــک لــە خاڵــە لاوازەکانــی ئێمــەی کــورد بریتییــە لــە نەبوونــی دەزگای تایبەتمەنــد بــە داڕشــتنی پلانــی کــورت مــاوە (تاکتیکــی) و پلانــی درێژمــاوە (ســتراتیژی) بــۆ ڕەنگڕێژکردنــی سیاســەت و ســتراتیژییەکی تۆکمــە، بــە ئامانجــی قۆســتنەوەی دەرفەتــەکان و ڕووبەڕووبوونــەوەی هەڕەشــەکان. هــۆکاری ئــەم خاڵــە لاوازەش دەگەڕێتــەوە بــۆ نەبوونــی دەســتوور؛ چونکــە لــە ڕێــگای چەتــری دەســتوورەوە دەتوانرێــت ئــەم جــۆرە دەزگایانــە بنیــات بنرێــن و پلانــی ســتراتیژی و هێڵــی ســووری نیشــتمانی و ڕەهەندەکانــی ئاسایشــی نیشــتمانی دیــاری بکرێــن.

لــە کۆتاییــدا پێــم وایــە «هاتنــی ســەردەمی بایــدن، واتــە هاتنــی دەرفەتێکــی زێڕیــن بــۆ کــورد»، چونکــە بایــدن شــارەزاترین و هاوســۆزترین و نزیکتریــن کارەکتــەری سیاســیی ئەمریکایــە بەرانبــەر بــە دۆزی کــورد. بۆیــە گرنگــە تــا زووە ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان خۆیــان ئامــادە بکــەن و پلانێکــی تۆکمــە بــۆ ئــەم ســەردەمە زێڕینــە دابڕێــژن، تاکــوو «وەبەرهێنانــی دیپلۆماســی» لــەم دەرفەتــە زێڕینــە بکرێــت و مامەڵەیەکــی تەندروســت لەگــەڵ ئیــدارەی بایدنــدا بکرێــت و بەرچاوڕوونیــی پێشــوەختەمان بــۆ قۆناغێکــی نــوێ و ســەردەمێکی نــوێ هەبێــت، نــەک بــۆ گۆڕانکارییــە گــەورە و گرنگەکانــی کۆشــکی ســپی، کــە ســەرچاوەی بڕیــارە چارەنووســازەکانی جیهانــن، تەنیــا سیاســەتی «کاردانەوە»مــان هەبێــت!

# سیناریۆکانی دوای کوژرانی باوکی ئەتۆمیی ئێران

٢٩/١١/٢٠٢٠

لەکاتێکدا ترەمپ تەنها (٥٠) ڕۆژی لە کۆشکی سپی ماوە، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کەوا ترەمپ، بەمەبەستی تاڵکردنی «مانگی هەنگوینی بایدن» لە کۆشکی سپی، «گۆم»ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بشڵەقێنێت ئینجا بڕوات؛ بۆیە پێدەچێت ئەم ماوەیە «برداً و سلاماً» بەسەر ئێراندا تێنەپەڕێت. چونکە ترەمپ دوای دۆڕاندنی لە هەڵبژاردنەکاندا، هەموو هەوڵەکانی خۆی چڕ کردووەتەوە تاکوو بتوانێت «ئەوەی بە نیاز بوو لە چوار ساڵی داهاتوودا بیکات، لەم ماوە کورتەی لەبەردەمیدا ماوە ئەنجامی بدات». هەر بۆ ئەم مەبەستەش، «مایک پۆمپێیۆ»ی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، بە سەفەرێکی مەکۆکی ناردە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کوژرانی «موحسین فەخریزادە» گورزێکی تری کەمەرشکێن بوو بۆ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و کاریگەری و لێکەوتەکانی کوژرانی ئەم

زانـا ئەتۆمیـە لەسـەر ئێـران، هیچـی کەمـتر نابێـت لـە کوژرانـی «قاسـم سـولەیمانی»؛ چونکـە «فەخریـزادە» بـە گەورەتریـن عەقڵـی ئەتۆمیـی ئێـران و باوکـی ئەتۆمیـی ئێـران لەقەڵـەم دەدرا. کوشتنەکەشـی بـەم شـێوازە و لـە نزیـک تارانـی پایتەخـت، پرسـیارگەلێکی زۆر دروسـت دەکـەن سـەبارەت بـە ئاسایشـی وڵاتـی ئێـران.

ئەگەرچـی لـە سـاڵی (٢٠٠٨)ــەوە ئەمریـکا «فەخریـزادە»ی خسـتبووە نـاو لیسـتی ئـەو بەرپرسـە ئێرانییانـەی کـە سـزا دراون و پارەکانیـان بلـۆک کـراوە، هەروەهـا «بنیامیـن نەتەنیاهـۆ»ی سـەرۆک وەزیرانـی ئیسـرائیلیش لـە سـاڵی (٢٠١٨) دوای دزەپێکردنـی زانیارییەکـی بـێ شـومار لەسـەر بەرنامـەی ئەتۆمیـی ئێـران، بـە ڕوون و ڕاشـکاوی نـاوی «فەخریـزادە»ی هێنـا و بەگەورەتریـن بەرپرسـی بەرنامـەی ئەتۆمیـی ئێرانـی نـاوزەد کـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا تاکـوو ئێسـتا بـە فەرمـی هیـچ وڵاتێـک بەرپرسـیاریەتیی ئـەم کارەی لـە ئەسـتۆ نەگرتـووە؛ بـەڵام ئێـران هـەر لـە سـەرەتاوە ئیسـرائیلی بـە کوشـتنەکە تۆمەتبـار کـرد. هەروەهـا ڕۆژنامـەی «نیویـۆرک تایمز»یـش ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە ئیسـرائیل لـە پشـت کوشـتنی «فەخـری زادە»وە بـووە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە:

ئاخـۆ سـیناریۆکانی کاردانـەوەی ئێـران بەرانبـەر بـە کوژرانـی «فەخـری زادە» چـۆن دەبـن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە «سێ سیناریۆ» دەخەینەڕوو:

یەکەم/ تۆڵەی ڕاستەوخۆ:

واتـە کاردانـەوەی ئێـران بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەبێـت، هاوشـێوەی تۆڵەکردنـەوەی «قاسـم سـولەیمانی» ئەویـش لـە ڕێـگای ئاراسـتەکردنی چەنـد مووشـەکێکی بالیسـتیک بـۆ سـەر بنکـە و بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و ئیسرائیـل. بـەڵام ئێـران دەزانێـت کـەوا بەرگـەی لێکەوتەکانـی ئـەم سـیناریۆیە

ناگرێــت، چونكــە ڕوون و ئاشــكرایە كــەوا ترەمــپ لــەم (٥٠) ڕۆژەی لــە كۆشــكی ســپی ماویەتــی، «لــە بەهانەیــەک دەگەڕێــت». ئەگــەر ئێــران ئــەم ســیناریۆیە جێبەجــێ بــكات، ئەوكاتــە ترەمــپ وەک ئــەوەی «هەنگوینــی لــە داردا دۆزیبێتــەوە»، بەهانــەی پێویســتی دەكەوێتــە دەســت بــۆ گــورز وەشــاندن لــە ئێــران، لەرێــگای «فڕۆكــەیB٥٢» و كەشــتیی فڕۆكەهەڵگــر) كــە لــەم چەنــد ڕۆژەی ڕابــردوودا گەیشــتوونەتە ناوچەكــە).

دووەم/ تۆڵەی ناڕاستەوخۆ:

واتــە كاردانــەوەی ئێــران بــە شــێوەیەكی ناڕاســتەوخۆ بێــت و لەرێــگای پڕۆكزییەكانــی «حەشــدی شــەعبی» لــە عێــراق هەروەهــا «حــزب اللــە» لــە لوبنــان، بیەوێــت هێرشــی مووشــەكی بكاتــە ســەر بنكــە و بارەگاكانــی ئەمریــكا و ئیسرائیــل. ئــەم ســیناریۆیەش هەمــان لێكەوتــەی ســیناریۆی یەكەمــی دەبێــت، بۆیــە دووره ئێــران ئــەم ســیناریۆیەش جێبەجــێ بــكات.

سێیەم/ تۆڵە لە ڕێگای دروشمی بریقەدار:

لــەوە دەچێــت ئێــران ئــەم ســیناریۆیە جێبەجــێ بــكات، چونكــە كەمتریــن مەترســی و كەمتریــن زیــان و لێكەوتــەی دەبێــت، هەروەهــا لــە (٤٠) ســاڵی ڕابردووشــدا ئێــران هەمیشــە گوتوویەتــی «مــەرگ بــەر ئەمریــكا و مــەرگ بــەر ئیسرائیــل» بۆیــە لــەم كات و ساتەشــدا لــەوە دەچێــت ئێــران بــۆ تۆڵەكردنــەوەی «فەخــری زادە»، ئــەم ســیناریۆیە جێبەجــێ بــكات، ئەویــش بەمەبەســتی ڕازیكردنــی شــەقامی شــیعە، چونكــە «بــاری لاری ئابــووری و ناهاوســەنگیی هێــز» وا دەكات كاردانــەوەی ئێــران لــەوە زیاتــر تێپەڕنــەكات، بــۆ ئــەوەی، بــە ئومێــدی هاتنــی «بایــدن» و دەســتپێكردنی قۆناغێكــی نــوێ، بــە هــەر شــێوەیەک بێــت بەرگــەی ئــەم ماوەیــە بگرێــت كــە «ترەمــپ» لــە «كۆشــكی ســپی» ماوەتــی.

# کوردستان لە پێودانگی ئەمریکادا!

٠٨/١٢/٢٠٢٠

سەرەکیترین بنەما بۆ تێگەیشتن لە «ئەلف و بێ»ی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەمریکا، بەندە بە تێگەیشتن لە شێوازی دارِشتنی برِیار و رِەنگرِێژکردنی ستراتیژییەتەکانی ئەمریکا. هەموو ئەم کارەکتەر و دەزگایانەش کە بەشدارن لە دارِشتنی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەمریکا هەمیشە دوو بنەما لەبەرچاو دەگرن، ئەوانیش «پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا»ن. هەر ئەکتەرێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی، بە شێوازی ئەرێنی یاخود نەرێنی، کاریگەریی لەسەر ئەم دوو بنەمایەی سەرەوە هەبێت، ئەوا لە پێودانگی سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەمریکادا. سەنگی دەبێت.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کەوا کوردستان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، سەنگ و پارێزبەندییەکی تایبەتی هەیە لە پێودانگی ئەمریکادا. ئەگەرچی کوردستان هێشتا خاوەن کیانێکی سەربەخۆش نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

وەک هەرێمێکــی فیــدڕاڵ، لــە هاوکێشــەی ئەمریــکادا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، گرنگیـــی خـــۆی هەیـــە؛ ئەویـــش بەهـــۆی ئـــەوەی «هەرێمـــی کوردســـتان»، لەلایەکــەوە پێگەیەکــی جیۆپۆڵەتیکــی گرنــگ و ســتراتیژیی هەیــە، (وەک دڵــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت وایــە)، لەلایەکــی تریشــەوە ژێرخــان و ســەرخانێکی دەوڵەمەنــدی هەیــە.

روون و ئاشــکرایە دروســتبوون و پاراســتنی ئــەم قەوارەیــەی هەرێمــی کوردســتان بــە پلــەی یەکــەم لــە ئەســتۆی ئەمریکادایــە. ئــەم پاڵپشــتییەی ئەمریــکاش وای کــردووە کــەوا باشــووری کوردســتان، جیــاواز لــە هــەر ســێ پارچەکــەی تــری کوردســتان، ببێتــە خــاوەن قەوارەیەکــی یاســایی و دەســتووری لــە چوارچێــوەی عێراقــدا. لــەم ڕوانگەیەشــەوە بەرپرســانی کۆنگرێــس و کۆشــکی ســپی و وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمریـــکا (کۆمـــاری و دیموکراتـــەکان) هەمیشـــە تەئکیدیـــان لـــەوە کردووەتـــەوە کـــە «ئەمریـــکا لەگـــەڵ هەرێمێکـــی کوردســـتانی بەهێزدایـــە، لەچوارچێـــوەی عێراقـــدا»

پرسیار لێرەدا ئەوەیە:

ئاخـــۆ ســـەرکردایەتیی سیاســـیی هەرێـــم، چـــۆن بتوانێـــت لـــە پێودانگـــی ئەمریــکادا ســەنگی کوردســتان زیاتــر بــکات و لــە پێنــاو مانــەوە و پاراســتنی بەردەوامــی قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان، پێگــەی کوردســتان بەهێزتــر بــکات؟

وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە زۆر هەڵدەگرێـــت، بـــەڵام بـــۆ زیادکردنـــی ســـەنگی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە پێودانگـــی ئەمریـــکادا، گرنگـــە «داڕێژەرانـــی بڕیـــار»، ڕەچـــاوی ئـــەم خاڵانـــەی خـــوارەوە بکـــەن:

١- نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێم.

٢- ئەنجامدانـــی چاکســـازییەکی ڕیشـــەیی لـــە ســـێکتەرەکانی حکوومـــەت و کەرتـــی تایبەتـــدا.

٣- برەودانـــی زیاتـــر بـــە پرســـی «شـــەفافیەت» لـــە داهـــات و خەرجیـــی گشـــت

سـێکتەرە جیاوازەکانـی حکوومـەت و کەرتـی تایبـەت.

٤- بووژاندنــەوەی ســێکتەرەکانی کشــتوکاڵ و گەشــتوگوزار لــە پێنــاو هەمەچەشــنکردنی داهاتــی کوردســتان.

٥- پاراســتنی پێگـەی پێکەوەژیانـی کوردسـتان بـەلای ئەمریـکاوە گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە.

٦- پاراستنی ئاسایش و پێگەی سەقامگیری هەرێم.

٧- یەکخســتنەوەی هێــزە ســەربازی و ئەمنییەکانــی هەرێــم لەژێــر چەتــری حکوومەتــدا.

٨- بــە دامەزراوەییکردنــی زیاتــری دامودەزگاکانــی هەرێــم لــە ســەر ئاســتی هەرســێ دەســەڵات (یاســا دانــان، جێبەجێکــردن، دادوەری).

٩- جێبەجێکردنــی سیاســەتی «تەقەشــوف»، لــە پێنــاو دەربازکردنــی ئــەم دۆخــە ئابوورییــە قورســەی کــەوا هەرێــم و ناوچەکــە و جیهانــی گرتووەتــەوە.

١٠- گرنگیدانــی زیاتــر بــە پرەنســیپەکانی دیموکراســی و مافەکانــی مــرۆڤ و بــەرز ڕاگرتنــی شــکۆی هاووڵاتیانــی هەرێــم لــە ڕێــگای بــرەودان بــە ئازادیــی ڕادەربڕیــن و ئازادیــی میدیــا و ئازادیــی خۆپیشــاندانی مەدەنــی لەچوارچێــوەی یاســادا.

١١- پێویســتە داڕێژەرانــی بڕیــاری کوردســتان لەپــاڵ گرێبەســتی ســەربازی، گرێبەســتی سیاســی و ئابووریــی هەمەچەشــن لەگــەڵ ئەمریــکادا واژۆ بکــەن.

١٢- گرنگیدانــــی زیاتــــر بــــە پرســــی دادی کۆمەڵایەتــــی و بــــەرز ڕاگرتنــــی گوزەرانــــی هاووڵاتییــــان لــــە ڕێــــگای دابینکردنــــی مووچــــەی مووچەخــــۆران و چینــــی مامناوەنــــدی کۆمەڵــــگا.

لــە کۆتاییــدا گرنگــە بــۆ ئێمــەی کــورد کــەوا بــە شــێوەیەکی ئەکادیمــی و زانســتی (لەســەر بنەمــای توێژینــەوە و لێکۆڵینــەوە)، لــە سیاســەتی ئەمریــکا تێبگەیــن و هــەوڵ بدەیــن بەرژەوەندییەکانمــان لەگــەڵ بەرژەوەندییەکانــی ئەمریــکا

هاوتەریـب و پاڕاڵیـڵ بكەیـن تاكـوو قـەوارەی هەرێمـی كوردسـتان لـەم ناوچـە پـڕ لـە دوژمـن و جیۆپۆڵۆتیكـە داخـراوەدا، هەمیشـە پارێـزراو بێـت. هەروەهـا پێویسـتە لـەو حەقیقەتـەش تێبگەیـن كـەوا ئەمریـكا بەگوێـرەی «گرێبەسـتە یاسـایی و سیاسـی و سـەربازییەكان»، سـەنگ و قورسـایی بـۆ بەرانبەرەكـەی دادەنێـت، نـەک لەسـەر بنەمـای دۆسـتایەتی و هاوسـۆزیی كۆمەڵایەتـی!

# نەخشەڕێگای دەربازبوون!

١٢/١٢/٢٠٢٠

دەتوانیـــن کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــۆ ســـێ بـــەش پۆلێـــن بکەیـــن: «خەڵـــک، ڕۆشـــنبیر، دەســـەڵات». بـــە گوێـــرەی ئـــەم پۆلێنـــە «توێـــژی ڕۆشـــنبیر» پـــردی پێکەوەگرێدانـــی نێـــوان خەڵـــک و دەســـەڵاتە، بۆیـــە پێـــم وایـــە هـــەر کاتێـــک «درز یـــان بۆشـــایی» بکەوێتـــە نێـــوان خەڵـــک و دەســـەڵات، ئـــەوا بەشـــێکی گـــەورەی بەرپرســـیاریەتیی دۆخەکـــە دەکەوێتـــە ئەســـتۆی ڕۆشـــنبیران، چونکـــە ئەرکـــی سەرشـــانی توێـــژی ڕۆشـــنبیرانە کـــەوا «نەخشـــەڕێگا بـــۆ هـــەردوو چینـــی خەڵـــک و دەســـەڵات دابڕێـــژن، بـــە مەبەســـتی چاوســـاغیکردن و ڕۆشـــنکردنەوەی ڕێگایـــان»، بەمەرجێـــک «خەڵـــک و دەســـەڵات» گوێڕایەڵـــی توێـــژی ڕۆشـــنبیر بـــن.

ئەگـەر چاوێـک بـە مێـژووی خۆپیشـاندانەکانی جیهانـدا بخشـێنین، دەبینیـن زۆربـەی خۆپیشـاندان و ناڕەزایەتییـەکان دەرەنجامـی کۆمەڵێـک هـۆکار و گرفتـی گـەورە بـوون، کـە لـە ئەنجامـدا پـردی پەیوەندیـی نێـوان «خەڵـک و دەسـەڵات»، درز و بۆشـایی تێکەوتـووە، بـۆ چارەسـەرکردنی هـۆکار و گرفتەکانیـش کۆمەڵێـک

«ڕۆشنبیر و دەستەبژێری نیشتیمانپەروەر»، بوونەتە فریادڕەس بۆ دۆخەكە و توانیویانە «پردێكی پتەو» لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا دروست بكەنەوە. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا كاتێك گرفتی جیاكاریی ڕەگەزی (Racism or Racial Discrimination) لە ئەمریكادا ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبووەوە، كۆمەڵێك دەستەبژێری نیشتیمانپەروەر، بە سەركردایەتیی «مارتن لوسەر كینگ»، دوای چەندین خۆپیشاندانی گەورە و فراوان، توانییان بە ئامانجە ڕەواكانیان بگەن و دەسكەوتی بەرچاو بەدەست بهێنن و كۆمەڵێك چاكسازیی گەورە لە یاسا و ڕێساكانی ئەمریكا ئەنجام بدەن.

خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییەی «دەڤەری سلێمانی» پێویستە ببنە دەرفەتێك بۆ ڕاچڵەكاندنی هەردوو چینی «دەسەڵات و ڕۆشنبیر» لە پێناو گوێگرتن لە «ڕەخنەی بنیاتنەر» بە میكانیزمی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی بۆ گەیشتنی پەیامی خۆپیشاندەران، بەمەبەستی هەڵوەستەكردنی دەسەڵات و بەخۆداچوونەوەیەكی جدی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێكی ڕیشەیی بۆ هەموو گرفتەكان، بۆ پاراستنی كەشتیی هەرێمی كوردستان لە نغرۆ بوون. لەم چوارچێوەیەشدا پێم وایە ئەجێندای چارەسەرەكان پێویستە لەسەر بنەمایەكی «نەتەوەیی و نیشتیمانی» دابڕێژرێت و ئەم (١٠) هەنگاوەش وەك «نەخشەڕێگا»ی دەربازبوون لەخۆبگرێت:

١- نووسینەوەی دەستوورێكی هاوچەرخ بۆ هەرێم، بەجۆرێك دەستەبەری پرەنسیپەكانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ بكات، لە پێناو بەرز ڕاگرتنی شكۆی هاوولاتیان و دەستەبەركردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی میدیا و ئازدیی خۆپیشاندانی مەدەنی (لەچوارچێوەی یاسا) و دوور لە توندوتیژی.

٢- گرنگیدان بە پرسی «دادی كۆمەڵایەتی» و بەرز ڕاگرتنی گوزەرانی هاوولاتیان لە ڕێگای دابینكردنی مووچەی مووچەخۆران، كە پێكهێنەری زۆرینەی چینی مامناوەندی كۆمەڵگان.

٣- بەرنامەڕێژیکــردن بــۆ ســێکتەری پــەروەردە لــە ڕێــگای پڕۆســەی «مرۆڤســازی و نیشتیمانســازی» بــۆ ئــەوەی «ئینتیــما» بــۆ تاکــی کــورد بگەڕێنرێتــەوە، تاکــوو بتوانێـت بەرژەوەندیــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانی زاڵ بــکات بــە ســەر بەرژەوەندیــی «کەســی و حیزبــی»دا.

٤- چاکسازییەکی ڕیشەیی لە سێکتەرەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەتدا.

٥- بڕەودانــی زیاتــر بەپرســی «شــەفافیەت» لــە داهــات و خەرجیــی گشــت ســێکتەرە جیاوازەکانــی حکوومــەت و کەرتــی تایبــەت.

٦- بووژاندنــەوەی ســێکتەرەکانی کشــتوکاڵ و گەشــتوگوزار لــە پێنــاو هەمەچەشــنکردنی داهاتــی کوردســتان و ڕەخســاندنی دەرفەتــی کار بــۆ چینــی گەنــج و لاوان و کەمکردنــەوی ڕێــژەی بێــکاری.

٧- پاراستنی پێگەی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان.

٨- پاراستنی ئاسایش و پێگەی سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

٩- یەکخســتنەوەی هێــزە ســەربازی و ئەمنییەکانــی هەرێــم لەژێــر چەتــری حکوومەتــدا.

١٠- بــە دامەزراوەییکردنــی زیاتــری دامودەزگاکانــی هەرێــم لــە ســەر ئاســتی هەرســێ دەســەڵات (یاســا دانــان، جێبەجێکــردن، دادوەری).

لــە کۆتاییــدا گرنگــە بزانیــن کــەوا هەموومــان دانیشــتووی ئــەم «کەشــتییە»ی هەرێمــی کوردســتانین و ئەرکــی ســەر شــانی هەموولایەکمانــە، بــە گیانێکــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانی چارەســەرێک بــۆ کــون و کەلەبەرەکانــی ئــەم کەشــتییە بدۆزینــەوە، چونکــە بــە نقوومبوونــی ئــەم کەشــتییە، نــەک تەنهــا باشــووری کوردســتان زەرەر دەکات، بەڵکــوو تاکــە ئومێــدی هــەر ســێ پارچەکــەی تــری کوردســتانی گــەورەش لەبــار دەچێــت.

# ئایا ترەمپ دەبێتە سەرۆکێکی (ئاخیر شەڕ) بۆ ئێران!

٢٦/١٢/٢٠٢٠

«بزنسمان»ەکان بەگشتی و ترەمپ بەتایبەتی لە هیچ یارییەکدا حەزناکەن بدۆڕێن. ئەم هۆکارەش وای کردووە تاکوو ئێستا ترەمپ لە بەرانبەر بایدندا، دان بە شکستی خۆیدا نەنێت. ئێستا ترەمپ بە هۆی دۆڕانی لە هەڵبژاردنەکاندا، «لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە» تووڕە و هەستیار دەردەکەوێت. ئەو ڕاستییەش دەزانێت کەوا لە کۆشکی سپی، تەنها (٢٥) ڕۆژی ماوە، بۆیە وەک هەموو سەرۆکێکی پێش خۆی، دەیەوێت شوێن دەستی خۆی لە مێژووی ئەمریکا و جیهاندا بەجێ بهێڵێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گرووپەکانی «حەشدی شەعبی» بەهانە دەدەنە «دۆناڵد ترەمپ» تاکوو شوێن دەستی خۆی لەسەر ڕووی ئێراندا بنەخشێنێت؟

دوای حەفتەیەکی دیکە ئێران و گرووپە شیعەکانی عێراق لەبەردەم تاڵترین ساڵیادی سەدەی (٢١)دا دەبن، ئەویش ساڵیادی کوژرانی ئەندازیاری هیلالی شیعی و گەورە فەرماندەی سەربازیی ئێران «قاسم سولەیمانی»یە.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کەوا ئەگەر هەیە ئێران، بەمەبەستی تێرکردنی حەزی تۆڵەی شەقامی شیعە و ڕازیکردنی «ڕای گشتی»ی شوێنکەوتووانی شیعەی ئێران و عێراق، یاری بە ئاگر بکات و چالاکییەک دژی ئەمریکا ئەنجام بدات. بەڵام ئەگەر هەیە ئەم چالاکییە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە نەکرێت، بەڵکوو ناڕاستەوخۆ و لە لایەن گرووپەکانی حەشدی شەعبیەوە بکرێت. دۆناڵد ترەمپیش پێشوەختە لە ڕێگەی تویتەرەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هۆشداریی توندی داوەتە ئێران؛ «ئەگەر ئێران یان پڕۆکزییەکانی هەر گورزێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوەشێنن، ئەوا ترەمپ گۆمەکە بەسەر سەری ئێراندا دەشڵەقێنێت».

جموجۆڵە نائاساییەکانی شەوی ڕابردووی شاری بەغدا لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق و گرووپی «کتائب عصائب اهل الحق»، ئاماژەن بۆ ئەوەی کەوا (٢٥) ڕۆژی داهاتوو بۆ عێراق سەخت و هەستیار دەبن. چونکە بەغدا بووەتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانییەکان و عێراقیش کەوتووەتە نێوان بەرداشی ئەمریکا و ئێران. ئەگەرێکیش هەیە ئەمریکا، بەمەبەستی پاراستنی گیانی دیپلۆماتکاران، باڵوێزخانەی خۆی لە بەغداوە بۆ هەولێر بگوازێتەوە؛ چونکە هەولێر پێگەیەکی سەقامگیر و پارێزراوی هەیە. ئەگەرچی گرنگە داڕێژەرانی بڕیار (وەک ڕابردوو)، لە سیاسەتی «باڵانس و هاوسەنگی ڕاگرتن» لە نێوان ئەمریکا و ئێران بەردەوام بن، بەڵام لە حاڵەتی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداوە بۆ هەولێر، پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، «گرەنتی»ی پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان بە «نووسراوی فەرمی» لە ئەمریکا وەربگرێت.

لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، «مستەفا کازمی»، سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە دوو نمایشدا لە بەرانبەر «حەشدی شەعبی» شکستی هێناوە:

یەکـەم/ کاتێـک (١٤) چەکـداری گرووپـی «حـزب اللـە»ی سـەر بـە شـیعەکانی عێراقــی بــە تۆمەتــی هێرشــی مووشــەکی بــۆ ســەر باڵیۆزخانــەی ئەمریــکا دەســگیرکردن، بــەڵام ناچــار بــوو لەژێــر فشــاری «حەشــدی شــەعبی»دا دوای چەنــد ڕۆژێــک ئازادیــان بــکات.

دووەم/ دوای دەســـتگیرکردنی کەســـێکی تۆمەتبـــار بـــە هێرشـــەکانی یەکشـــەممەی ڕابـــردوو، ئـــەم جـــارەش «کازمـــی» ناچارکـــرا دەســـتگیرکراوەکە ڕادەســـتی حەشـــدی شـــەعبی بکاتـــەوە.

ئـــەم دوو نموونەیـــەی ســـەرەوە پەیامێکـــی ڕوونـــن کـــەوا «کازمـــی» و حکوومەتەکـــەی و دامودەزگاکانـــی ناتوانـــن بـــە هیـــچ شـــێوەیەک لێپرســـینەوە لەگـــەڵ میلیشـــیاکانی «حەشـــدی شـــەعبی»دا بکـــەن.

بــە مانایەکــی تــر ئــەم دوو ئەزموونــەی «کازمــی» لــە ڕابــردوودا پێــمان دەڵێــن: «حوکمــی میلیشــیاکانی حەشــد»، بەســەر «حوکمــی کازمــی»دا زاڵــە، ئەگەرچــی «کازمـــی» ئومێـــدی مانـــەوەی خـــۆی لەســـەر هەڵبژاردنەکانـــی داهاتـــوودا هەڵچنیـــوە، بـــەڵام ئەگـــەر بـــەم لاوازییـــەی بـــەردەوام بێـــت، ئـــەوا ئەگەرێکـــی بەهێــز هەیــە لــە هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی داهاتــوودا تووشــی شکســتێکی گــەورە ببێتــەوە، چونکــە لەلایــەک متمانــەی هاووڵاتیــان لەدەســت دەدات، لەلایەکــی دیکەیــش متمانــەی ئەمریــکا لــە دەســت دەدات.

# ترەمپ وازناهێنێت!

٠٤/٠١/٢٠٢١

هەڵبژاردنـــی ئەمســـاڵی ســـەرۆکایەتیی ئەمریـــکا، «پـــڕ کێشـــەترین و پـــڕ ســـکاڵاترین و ســـەیر و ســـەمەرەترین» پرۆســـەی هەڵبـــژاردن بـــوو لـــە مێـــژووی ئەمریـــکادا، ئەویـــش بـــە هـــۆی بڵاوبوونـــەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنـــا لەلایـــەک، هەروەهـــا هەڵســـوکەوت و لێـــدوان و بانگەشـــە ناوازەکانـــی «ترەمـــپ» لەلایەکـــی تـــر.

پرۆســـەی هەڵبژاردنـــی ســـەرۆکی ئەمریـــکا لـــە هەمـــوو وڵاتانـــی جیهـــان جیاوازتـــر و ئاڵۆزتـــرە و کاتێکـــی زۆرتـــری دەوێـــت؛ بـــە جۆرێـــک کـــەوا لـــە ســـەرەتای پرۆســـەکەوە تـــا کۆتایـــی پرۆســـەکە، نزیکـــەی (١٨) مانـــگ دەخایەنێـــت. بـــەڵام دەســـتووری ئەمریـــکا هەمـــوو قۆناغەکانـــی پرۆســـەکەی بـــە ڕوونـــی ڕەنگرێژکـــردووە، هـــەر لـــە ســـەرەتای پرۆســـەکەوە کاتێـــک لـــە هەڵبژاردنـــی گشـــتیدا خەڵکـــی ئەمریـــکا دەســـتەی هەڵبـــژاردن (ئیلیکتـــۆراڵ کۆلێـــج) هەڵدەبژێـــرن، تـــا کۆتایـــی پرۆســـەکە و ســـوێندخواردن و دەســـتبەکاربوونی ســـەرۆکی هەڵبژێـــردراو.

ئەگەرچـــی «دۆناڵـــد ترەمـــپ» لـــە هەڵبژاردنـــی ســـەرۆکایەتی مانگـــی ڕابـــردوو

شکستی هێنا، بەڵام تاکوو ئێستا ئامادەنەبووە دان بە شکستی خۆیدا بنێت و پیرۆزبایی لە «جۆ بایدن» بکات. ئەگەرچی ئەم پیرۆزباییکردن و دان بەشکستنانە ئەرکێکی یاسایی نییە لە ئەستۆی ترەمپ، بەڵام عورفێکی دیموکراسیی لەمێژینەی ئەمریکا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو مانگی ڕابردوودا ترەمپ لە کۆشکی سپی ڕایگەیاند: «ئەگەر ئەنجومەنی هەڵبژاردن (ئیلیکتۆڕاڵ کۆلیج) بایدن هەڵبژێرن، ئەوا دەسەڵات ڕادەستی بایدن دەکات و کۆشکی سپی بەجێ دەهێڵێت».

دوای ئەوەی لە ڕۆژی سێشەممە (٣/١١/٢٠٢٠) دەستەی هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکی ئەمریکاوە هەڵبژێردران، دواتر لە ڕۆژی دووشەممە (١٤/١٢/٢٠٢٠) ئەنجومەنی هەڵبژاردنی ویلایەتەکان کۆبوونەوە و دەنگیان دا. لە ئەنجامدا بەربژێری دیموکراتەکان (جۆ بایدن) توانی (٣٠٦) دەنگی «ئەنجومەنی هەڵبژاردن» بەدەست بهێنێت، لە بەرانبەردا «دۆناڵد ترەمپ» توانی تەنها (٢٣٢) دەنگی ئەم دەستەیە بەدەست بهێنێت. واتە دەستەی هەڵبژاردن بە فەرمی «جۆ بایدن»ی بە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا هەڵبژارد و «دۆناڵد ترەمپ»یش دوای ڕەتکردنەوەی سەرجەم سکاڵاکانی لەلایەن دادگای باڵاوە (Supreme Court )، بە فەرمی دۆڕا و بە تەواوی لە دەرەنجامی سکاڵاکان و هەوڵ و کۆششەکانی تیمی یاسایی بۆ گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نائومێد بوو. بۆیە دوا هەوڵی ترەمپ لە ڕێگای فشاری شەقامەوە دەبێت، هەروەک لە تویتەردا داوای لە دەنگدەرانی کرد ڕۆژی چوارشەممە (٦/١/٢٠٢١) برژێنە سەر شەقامەکان. پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی چوارشەممە؟

چونکە ڕۆژی چوارشەممە (٦/١/٢٠٢١) دوا قۆناغی هەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا لە کۆنگرێس بەڕێوەدەچێت، ئەویش لە ڕێگای کۆبوونەوەی هەموو ئەندامانی کۆنگرێس «ئەنجومەنی پیران و نوێنەران»

بــە مەبەســتی پەســەندکردنی «دەنگەکانــی دەســتەی هەڵبــژاردن» و بــە فەرمــی ڕاگەیاندنــی بــراوەی هەڵبژاردنــەکان و ناســاندنی ســەرۆکی داهاتــووی ئەمریــکا.

ئەگەرچــی ئێســتا ئەنجامــی هەڵبژاردنــەکان ڕوون و ئاشــکران، بــەڵام بــە گوێــرەی مــاددەی (٢)ی دەســتووری ئەمریــکا، پێویســتە ئــەم هەنگاوانــە ئەنجــام بدرێــن بــۆ دەستاودەســتکردنی دەســەڵات کــە دواهەمیــن هەنــگاو لــە ڕۆژی چوارشــەممە ڕێکەوتــی (٢٠/١/٢٠٢١) ئەنجــام دەدرێــت، ئەویــش بریتییــە لــە ڕێوڕەســمێکی شایســتە (Inauguration Day) کــە تیایــدا ســەرۆکی هەڵبژێــردراو (جــۆ بایــدن)، لەبــەردەم کۆنگرێســی ئەمریــکا ســوێندی یاســایی دەخــوات و دەســەڵاتەکان لــە «دۆناڵــد ترەمــپ» وەردەگرێــت.

دیموکراســییەتی ئەمریــکا لــەم چەنــد ڕۆژەی داهاتــوودا لەبــەردەم تاقیکردنەوەیەکــی ســەختدا دەبێــت، چونکــە دۆناڵــد ترەمــپ تاکــوو ئێســتا ئامــادە نییــە دەســەڵاتەکانی ڕادەســت بــکات، لــەم چوارچێوەیــەدا بــە هاوکاریــی (١١) ســیناتۆر فشــار دەکات بــۆ ئــەوەی ئەنجامــەکان بگۆڕێــت، وەک ئــەو فشــارەی کــە لــە ڕۆژی شــەممە (لــە ڕێــگای پەیوەندییەکــی تەلەفۆنــی یــەک ســەعاتی) لــە دەســەڵاتدارانی ویلایەتــی جۆرجیــای کــرد. دوێنێــش ڕۆژنامــەی واشــنتن پۆســت ناوەڕۆکــی پەیوەندییەکــەی بڵاوکــردەوە، بــەڵام دەســەڵاتدارانی جۆرجیــا (ئەگەرچــی کۆماریــن و ســەر بــە پارتەکــەی ترەمپــن)، ئامــادە نەبــوون بچنــە ژێــر فشــاری ترەمــپ. لەبــەر ئــەوە ترەمــپ نائومێــد بــووە و تەنهــا ڕێــگا کــە لەبەردەمیــدا مابێــت، ورووژاندنــی شــەقامی ئەمریکایــە بــە مەبەســتی کۆســپ دروســتکردن بــۆ پرۆســەی دەســتبەکاربوونی «بایــدن» و ڕادەســت نەکردنــی دەســەڵات.

بــەم هەڵسوکەتەشــی ترەمــپ دەبێتــە یەکــەم ســەرۆکی ئەمریــکا (جیــاواز لــە ٤٤ ســەرۆکەکەی پێــش خــۆی) کــە ئامــادە نییــە واز لــە کورســیی کۆشــکی ســپی بهێنێــت و دەســتبەرداری دەســەڵاتەکانی بێــت. بــەم شــێوەیە ترەمــپ

دەبێتــە یەکــەم ســەرۆکی ئەمریــکا کــە بــە عەقڵییەتێکــی هاوشــێوەی ســەرۆکە ڕۆژهەڵاتییــەکان بیربکاتــەوە و ئەگــەر بــۆی بچێتــە ســەر تــا کۆتایــی ڕۆژەکانــی وەک ســەرۆکی ئەمریــکا بمێنێتــەوە، بــەڵام «بەهێــزی»ی دەســتوور و «پتــەوی»ی ڕەگ و ڕیشــەی دامودەزگاکانــی ئەمریــکا، ڕێگــرن لــە بەدیهاتنــی خواســتە تاکڕەوییەکانــی ترەمــپ.

بەهــۆی سەرکێشــییەکانی ترەمــپ، کۆمارییــەکان جگــە لــە دۆڕاندنــی کۆشــکی ســپی، ئەنجومەنــی نوێنەرانیشــیان دۆڕانــدووە، ئەگــەر هەیــە ســبەی سێشــەممە لــە پرۆســەی دووبارەکردنــەوەی هەڵبژاردنــی دوو ئەندامــی ئەنجومەنــی پیرانــی ویلایەتــی جۆرجیــاش، دیموکراتــەکان ســەرکەوتن بەدەســت بهێنــن. لــەم حاڵەتەشــدا دیموکراتــەکان دەبنــە بــراوەی کورســیی کۆشــکی ســپی و هــەردوو ئەنجومەنــی کۆنگرێســی ئەمریــکا (ئەنجومەنــی پیــران و ئەنجومەنــی نوێنــەران).

# ترەمپ و ترەمپیزم!

٠٩/٠١/٢٠٢١

کارەکتەری «ترەمپ» وەک سەرۆکی ژمارە (٤٥)ی ئەمریکا قسە زۆر هەڵدەگرێت. لەگەڵ دەستبەکاربوونیشی لە «کۆشکی سپی»، ڕەوتی سپیپێستی نەژادپەرست (White Supremacist) لەژێر سایەی چەتری «ترەمپیزم»دا گەیشتە لووتکە؛ بە جۆرێک کە ڕووداوەکانی چوارشەممەی ڕابردوو، کڵپەی ئەم ڕەوتەی گەیاندە «ترۆپک» و خەریک بوو کۆنگرێسی ئەمریکاش بسووتێنێت. ئەم ڕووداوانەش هەموو جیهانی توشی شۆک کرد.

چاوەڕوان دەکرێت ناوی «ترەمپ»، وەک یەکەم سەرۆکی تاکڕەوی ئەمریکا بچێتە ناو مێژوو، چونکە ترەمپ توانی لە ڕێگای پرۆسەی دیموکراسیی ئەمریکاوە بگاتە ترۆپکی دەسەڵات و هەروەها توانی لە ڕێگای پراکتیزەکردنی مۆدێلێکی ناتەندروستی نارەزایی دەربڕین (لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان) ئەم سیستەمە بهەژێنێت. بەڵام هێرشکردنە سەر کۆنگرێس و بەزاندنی هێڵی سور، بوونە هۆی ڕاچڵەکاندنی داڕێژەرانی بڕیاری ئەمریکا، زۆربەیان

گەیشــتنە ئــەو بــاوەڕەی کــەوا پێویســتە لــە ڕێــگای یاســاوە بــە توندتریــن شـێواز ڕووبـەڕووی ئـەم ڕەوتـە تێکـدەرە ببنـەوە و سـنوورێک بـۆ ئـەم شـەپۆلە دژە دیموکراسـییە دابنێـن. ئەمـەش لـە پێنـاو پاراسـتن و پتەوترکردنـی سیسـتەمی دیموکراسـیی ئەمریـکا کـە بـە دایکـی کـۆی «سیسـتەمە دیموکراسـییەکانی جیهــان» دەشــوبهێنرێت. بۆیــە لــە ئێســتادا دیموکراتــەکان و کۆمارییــەکان لەهەوڵـدان تاکـوو پەرژینێکـی «قایمـتر لـە جـاران» بـە دەوری دیموکراسـییەتی ئەمریـکادا بکێشـن، تاکـوو هیـچ کارەکتەرێکـی هاوشـێوەی ترەمـپ جورئـەت نـەکات جارێکـی تـر شـکۆی سیسـتەمی دیموکراسـیی ئەمریـکا لەکـەدار بـکات و نەیارانـی ئـەم سیسـتەمەش دڵخـۆش بـکات.

لـەم چوارچێوەیـەدا، لەلایـەک لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆی پارتـی کۆمـاری، هەوڵـی جـدی لـە ئـارادان تاکـوو پارتەکەیـان لەژێـر چەپۆکـی ترەمـپ دەربهێنـن، چونکـە هەڵسـوکەوتەکانی ترەمـپ هـۆکاری سـەرەکی بـوون نـەک تەنهـا بـۆ لـە دەسـتدانی کۆشـکی سـپی، بەڵکـوو بـۆ دۆڕانـی «پارتـی کۆمـاری» لـە هـەردوو ئەنجومەنــی کۆنگرێــس «پیــران و نوێنــەران»، ئەگەرچــی هــەر لــە ســەرەتاوە کۆمەڵێـک کارەکتـەری دیـاری پارتـی کۆمـاری نیگـەران بـوون لـە هەوڵەکانـی ترەمـپ بـۆ قۆرخکـردن و دەستبەسـەرداگرتنی پارتـی کۆمـاری، بـەڵام ئەوکاتـە لـە سـنوودارکرنی سـەرکەوتوو نەبـوون.

لەلایەکــی تریــش لــە ســەر ئاســتی هــەردوو دەســەڵاتی یاســادانان و جێبەجێکـردن، هەوڵێـک لـە ئارادایـە بـۆ دوورخسـتنەوەی ترەمـپ لـە کۆشـکی سـپی و کاراکردنــی هەمــواری (٢٥)ی دەســتووری ئەمریــکا، بــەڵام چونکــە ئــەم پرۆســەیە کاتــی دەوێــت، لــەوە ناچێــت ئــەم هەوڵانــە بگەنــە ئامانــج، بۆیــە ترەمــپ تــا کۆتــا ڕۆژەکانــی خولەکــەی، واتــە تاکــوو ڕۆژی چوارشــەممە (٢٠/١/٢٠٢١)، وەک سـەرۆکی ئەمریـکا لـە کۆشـکی سـپی دەمێنێتـەوە. ئەمـەش وا دەکات وڵاتانـی نەیـاری ئەمریـکا تاکـوو (١٠) ڕۆژی تـر دەسـتیان لەسـەر دڵیـان

بێـت، نـەوەک ترەمـپ، بەمەبەسـتی تاڵکردنـی مانگـی هەنگوینـی (بایـدن) لـە کۆشـکی سـپی، گۆبەندێـک بنێتـەوە و گورزێـک بوەشـێنێت. ئـەم نیگەرانییـەش لـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـەوا هەڵسـوکەوتەکانی ترەمـپ پێشـبینی نەکـراون، بەتایبـەت ئێسـتا بەهـۆی دۆڕانـی لـە هەڵبژاردنـەکان، «سـایکۆلۆژیای ترەمـپ» ناجێگیـر و تـووڕە دەردەکەوێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو هـەر وەک فەرمانـدەی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی ئەمریـکا، هەمـوو دەسـەڵاتێکی هەیـە و کـۆدی چەکـی ئەتۆمیشـی لەبەردەسـتە، بۆیـە نیگەرانییـەکان لـە زیادبوونـدان.

لەبەرانبـەردا بەهـۆی ترسـی ترەمـپ لـە لێپێچینـەوەی یاسـایی دوای بەجێهێشـتنی کۆشـکی سـپی، چـاوەڕوان دەکرێـت لـە کۆتـا ڕۆژەکانـی سـەرۆکایەتیدا، فەرمانـی لێخـۆش بـوون بـۆ خـۆی و بنەماڵەکـەی دەربـکات تاکـوو پارێـزراو بێـت لـە هـەر هەوڵێکـی دادگاییکـردن لـە دوای نەمانـی لـە کۆشـکی سـپی.

لـە کۆتاییـدا دەتوانیـن بڵێیـن ئـەوەی هەفتـەی ڕابـردوو لـە «واشـنتن» ڕوویـدا، لـە مێـژووی دیموکراسـیی ئەمریـکادا بـێ وێنـە بـووە. ئەمـەش وای کـرد «ترەمـپ» کـۆی پرۆسـەی دیموکراسـی لـە ئەمریـکا و جیهانـدا بخاتـە ژێـر تاقیکردنەوەیەکـی سـەخت و وێنـەی ناشرینتریـن سـەرۆکی ئەمریـکا بـۆ خـۆی بکێشـێت، بـە جۆرێـک کـە ئـەو هەوڵـەی ترەمـپ وەک جۆرێـک لـە خۆکوژیـی سیاسـی (Political Suicide) لەقەڵـەم درا و بـەم هۆیەشـەوە دوا بزمـاری لـە تابووتـی ژیانـی سیاسـیی خـوی دا. لەبـەر ئـەوەی ڕووداوە نەخوازراوەکانـی کۆنگرێـس بـە هانـدان و بانگهێشـتی ترەمـپ ئەنجـام دران، بۆیـە چـاوەڕوان دەکرێـت دوای چەنـد ڕۆژێکـی تـر، سـەردەمی ژیانـی سیاسـیی «ترەمـپ» بـۆ هەتاهەتایـە کۆتایـی پـێ بێـت، بـەڵام چـاوەڕوان ناکرێـت ڕەوتـی «ترەمپیـزم» بـەم نزیکانـە بەکۆتـا بێـت!

# ململانێی ترەمپ و پیلۆسی!

١٤/٠١/٢٠٢١

ململانێـی نێـوان سـەرۆکی ئەمریـکا «دۆناڵـد ترەمـپ» و سـەرۆکی ئەنجومەنـی نوێنـەران «نانسـی پیلۆسـی»، هـەر لـە سـەرەتای هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردنـی سـاڵی (٢٠١٦)ەوە دەسـتی پێکـرد. ئەگەرچـی تـا ڕادەیـەک لـە چوارچێـوەی «وڵاتێکـی دیموکراسـی»ی وەک ئەمریـکادا ئـەم جـۆرە ململانێیـە ئاسـاییە، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنجە هیـچ کات ململانێـکان، وەک ئـەوەی نێـوان ترەمـپ و پیلۆسـی، نەگەیشـتوونەتە «ئاسـتی کەسـی»؛ بـە جۆرێـک کـە ململانێـکان هەمـوو سـنوورێکیان بەزانـد و پەڕینـەوە بـۆ ململانێـی «خۆپیشـاندانی توندوتیـژ» و هێرشکردنەسـەر کۆنگرێـس. ئەمـەش پێشـهاتێکی ترسـناک بـوو لەلایـەن ترەمپـەوە بـۆ سـەر کۆنگرێـس و دیموکراسـییەتی ئەمریـکا، بەجۆرێـک پیلۆسـی هەسـتی بـە شـکانی شـکۆی کۆنگرێـس کـرد، بۆیـە ئێسـتا پیلۆسـی هەمـوو هەوڵێـک دەدات تاکـوو شـکۆی کۆنگرێـس بگێڕێتـەوە و ترەمپیـش بـکات بـە پەنـد و عیبرەتـی زەمانـە!

ئـــەم ململانێیانـــە، هـــەر لـــە ســـەرەتای دەســـتبەکاربوونی «ترەمـــپ»ەوە بـــە جۆرێـک تەشـەنەیان سـەند کـەوا پیلۆسـی «ترەمـپ»ی بـە سـەرۆکێکی تاکـڕەو و ناشـارەزا و ناشایسـتە بـۆ کۆشـکی سـپی لەقەڵـەم دا. بۆیـە لـە چـوار سـاڵی ڕابـردوودا، بـە هەمـوو شـێوەیەک (دەسـتووری و یاسـایی ڕێگەپێـدراو) دژایەتیـی ترەمپـی کـرد، بـە جۆرێـک کـە ململانێـکان گەیشـتنە ئـەو ئاسـتەی، ترەمـپ لـە کاتـی وتـاری سـاڵانەی لـە کۆنگرێـس، پشـتی لـە «نانسـی پیلۆسـی» کـرد و تەوقـەی لەگـەڵ نەکـرد. لـە بەرانبەریشـدا «پیلۆسـی» وتارەکـەی ترەمپـی دڕانـد، ئـەم کار و کاردانەوانـەش بـە نێگەتیـڤ لەقەڵـەم دران و دەنگدانەوەیەکـی خراپـی بـۆ سـەر دیموکراسـییەتی ئەمریـکا هەبـوو.

ئێسـتا بـە هەوڵـی بەردەوامـی پیلۆسـی، «ترەمـپ» دەبێتـە یەکـەم سـەرۆکی ئەمریـکا کـە دووجـار «ئیمپیـچ» کرابێـت، واتـە یەکەمجـارە لـە مێـژووی ئەمریـکادا، دووجـار هـەوڵ بدرێـت لێپرسـینەوە لـە سـەرۆکێک بکرێـت. وەک بینیـمان دوێنـێ ئەنجومەنـی نوێنەرانـی ئەمریـکا بەزۆرینـەی دەنـگ (٢٣٢ دەنگـی بەڵـێ بەرانبـەر ١٩٧ دەنگـی نەخێـر)، بڕیـاری دا دووبـارە لێپێچینـەوە لـە دۆناڵـد ترەمـپ بـکات. بـەڵام بـۆ ئـەوەی بڕیارەکـە لـە ئەنجومەنـی پیـران پەسـەند بکرێـت، پێویسـتی بـە دەنگـی (٢/٣) ئەندامانـی سـێنات هەیـە. ئەمـەش هەرچەنـدە ئەسـتەم نییـە (چونکـە دیموکراتـەکان لـە سـێناتیش زۆرینـەن)، بـەڵام سـەختە دیموکراتـەکان بتوانـن ئـەو دەنگـە کۆبکەنـەوە؛ بەتایبـەت کـە لـە ئێسـتادا زۆرینـەی ئەندامانـی «پارتـی کۆمـاری» پێیـان وایـە ئـەم هەنـگاوەی «پیلۆسـی و دیموکراتـەکان»، برینـی لێکترازانـی شـەقامی ئەمریـکا قووڵـتر دەکات و ئەگـەری توندوتیـژی زیاتـر دەکات.

ئـەم هەنـگاوەی پیلۆسـی لـە کاتێکدایـە کـە ترەمـپ، تەنهـا حەفتەیەکـی لـە کۆشـکی سـپی مـاوە، بۆیـە پیلۆسـی شـەو و ڕۆژی خسـتووەتە سـەر یـەک تاکـوو ترەمـپ وەک خراپتریـن سـەرۆکی ئەمریـکا بخاتـە نـاو مێـژوو و

لــە هەمــوو دەسکەوتەکانیشــی بێبەشــی بــکات. بــەڵام پرســیار ئەوەیــە، ئاخــۆ ئــەم کارەی پیلۆســی برینــی لێکترازانــی شــەقامی ئەمریکــی ســاڕێژ دەکات یــان قووڵــتری دەکات؟

# سبەی هەموو چاوەکان لەسەر ئەمریکا دەبن!

١٩/٠١/٢٠٢١

دوای (١٨) مانـگ لـە کێشمەکێشـمی هەڵبـژاردن، «جـۆ بایـدن» توانـی بەسـەر گـەورە بازرگانـی ئەمریکـی (دۆناڵـد ترەمـپ)دا سـەربکەوێت و ببێتـە سـەرۆکی ژمـارە (٤٦)ی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا.

بڕیـارە سـبەی چوارشـەممە ڕێکەوتـی (٢٠/١/٢٠٢١) وەک ئەرکێکـی دەسـتووری و نەریتێکـی لەمێژینـەی ئەمریـکا، «جـۆ بایدنـی سـەرۆکی هەڵبژێـردراو»، سـوێندی دەسـتووری بخـوات و دەسـتبەکار بێـت، ئـەم ڕێوڕەسـمە کـە «لـە دنیـادا بـێ وێنەیـە»، پێـی دەگوترێـت (Inauguration day). ئەمـە ڕێورەسـمی ژمـارە (٥٨)ـەمی سـوێند خواردنـی سـەرۆکی ئەمریکایـە و لـە بەشـی ڕۆژئـاوای «کاپیتـۆڵ» یـان کۆنگرێسـی ئەمریـکا بەڕێوەدەچێـت. بـە گوێـرەی مـاددەی دووی دەسـتووری ئەمریـکا، هەمـوو چـوار سـاڵ جارێـک لـەم ڕۆژەدا دەستاودەسـتکردنی ئاشـتییانەی دەسـەڵات دەکرێـت، بـەڵام ڕێوڕەسـمی ئەمجـارە لـە بارودۆخێکـی ناهەمـواری «سیاسـی، ئابـووری، تەندروسـتی و

کۆمەڵایەتی»دا بەڕێوەدەچێت؛ ئەمەش بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا و دابەشبوونی شەقامی ئەمریکی و نارەزایی لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و هەڵکوتانە سەر کۆنگرێس لە «٦ی یەنایەر»، لەلایەن لایەنگرانی ترەمپەوە.

ئەم فاکتەرانەی سەرەوە، وایان لە بەرپرسانی ئاسایشی واشنتن و «FBI» کردووە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەمریکادا ڕێوشوێنێکی توندی ئاسایش بگرنەبەر. بە شێوەیەک کە لە ترسی ڕوودانی کاری نەخوازراو لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکەدا، (٢١) هەزار سەربازی گاردی نیشتیمانی لە حەرەمی کۆنگرێس بڵاوەیان پێ کراوە، بە جۆرێک کە (کۆنگرێس)ی ئەمریکا وەک سەربازگەیەکی گەورەی لێ هاتووە. بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی دیاریکراو لە کارەکتەرە سیاسییەکان، بەشداریی ڕێوڕەسمەکە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوان دەکرێت هەرسێ سەرۆکی پێشوتری ئەمریکا، «ئۆباما و کلنتن و بۆشی کوڕ»، لەگەڵ بەشێک لە بەرپرسانی هەرسێ دەسەڵاتەکەی ئەمریکا (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن)، بەشداری بکەن. لە میانەی ئەم ڕێوڕەسمەدا بڕیارە «جۆ بایدن»، بە گوێرەی بڕگەی (٨)ی ماددەی (٢) ی دەستووری ئەمریکا، بەم شێوەیەی خوارەوە سوێندی دەستبەکاربوونی بخوات:

«سوێند دەخۆم کە بەوپەڕی دڵسۆزیمەوە ئەرکی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگرمە ئەستۆ و بەوپەڕی توانامەوە هەوڵ بدەم بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا».

لە دوای ئەم سوێندەوە «جۆ بایدن» وەک (٤٦) سەرۆکی ئەمریکا بە شێوەیەکی یاسایی دەسبەکار دەبێت و بۆ چوار ساڵ دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە هۆی نارەزایی لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن «دۆناڵد ترەمپ» بڕیاری داوە لە مەراسیمەکەدا بەشداری نەکات، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت لە

(٢٤) کاتژمێـری داهاتـوودا، «ترەمـپ» دەسـەڵاتی لێخۆشـبوون بـە کاربهێنێـت و بڕیـاری لێخۆشـبوون بـۆ (١٠٠) کەسـایەتی دەربـکات. ئەگـەری زۆریـش هەیـە بڕیـاری لێخۆشـبوونەکە «خـۆی و ئەندامانـی خێزانەکـەی» بگرێتـەوە تاکـوو دوور بێـت لـە سەرئێشـەی لێکۆڵینـەوەی یاسـایی لـە دوای نەمانـی لـە کۆشـکی سـپی.

لــە یەکــەم ڕۆژی دەســتبەکاربوونی «جــۆ بایــدن»دا چــاوەڕوان دەکرێــت (١٢) بڕیــار واژۆ بــکات، بــە جۆرێــک زۆربــەی بڕیــارەکان تایبــەت دەبــن بــە هەڵوەشــاندنەوەی بڕیارەکانــی پێشــووی «دۆناڵــد ترەمــپ»؛ لــە ناویانــدا:

١- دابینکردنــی نزیکــەی دوو تریلیــۆن دۆلار بــۆ قەرەبــووی خەڵکــی بێــکار و زیانلێکەوتووانــی پەتــای کۆرۆنــا.

٢- بڕیــاری بەســتنی ماســک (بــە شــێوەیەکی ئیجبــاری) لــە هەمــوو دامودەزگاکانــی ئەمریــکا، چونکــە تاکــوو ئێســتا زیاتــر لــە (٤٠٠) هــەزار هاووڵاتیــی ئەمریکــی بــە کۆرۆنــا گیانیــان لەدەســت داوە.

٣- گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ناو ڕێککەوتنامەی کەشوهەوای پاریس.

٤- هەڵگرتنــی قەدەغــەی پێدانــی ڤیــزا بــە هاووڵاتیانــی شــەش وڵاتــی زۆرینــە موســڵمان.

ئامــاژەکان بــۆ ئــەوە دەچــن بەشــێکی بەرچــاو لــە سیاســەتەکانی «بایــدن»، جیــاواز لــە سیاســەتەکانی «ترەمــپ» بــن؛ بۆیــە پێــم وایــە بــە هاتنــی «بایــدن» ســەردەمێکی نــوێ لــە ئەمریــکا دەســت پێــدەکات، بــە جۆرێــک کــە بایــدن لەگــەڵ خۆیــدا گۆڕانکاریــی گــەورە بــۆ «جیهــان و ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاســت» دەهێنێــت.

ئومێــد دەکەیــن ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتانیش بــۆ ئــەو گۆڕانکارییــە گەورانــە خــۆی ئامــادە بــکات، تاکــوو بتوانێــت ســوود لــە دەرفەتــەکان وەربگرێــت و ڕووبــەڕووی هەڕەشــەکانیش ببێتــەوە.

# تاكە ڕێگا!

٢٦/٠١/٢٠٢١

ئەگــەر بەخێرایــی چاوێــك بخشــێنینەوە بــە مێــژووی وڵاتانــی جیهــان بەگشــتی و وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەتایبەتــی، بۆمــان ڕوون دەبێتــەوە كــە زۆربــەی كات «مەنتقــی هێــز» بەســەر «هێــزی مەنتــق»دا زاڵ بــووە.

قــەدەری میللەتــی كوردیــش لــەڕووی جیوپۆڵۆتیكــەوە كەوتووەتــە نێــو جەرگــەی كۆمەڵێــك وڵاتــی فاشیســت و ڕەگەزپەرســت و دواكەوتــوو، كــە بەمەبەســتی چەوســاندنەوە و لەناوبــردن و ســڕینەوەی كەلتــور و زمــان و شــكاندنی كەســایەتیی كــورد و لەباربردنــی خەونــی ســەربەخۆیی، هەمیشــە بــە «مەنتقــی هێــز» مامەڵەیان لەگــەڵ كــورد كــردووە، بــەڵام خۆشــبەختانە بەهــۆی خۆڕاگــری گەلــی كوردســتان، بەشــێكی زۆری ئــەم هەوڵانــە بێســود بــوون. بــەڵام لێــرەدا پرســیارە جەوهەرییەكــە ئەوەیــە كــە بۆچــی كــورد وێــڕای ئــەو هەمــوو شــۆڕش و قوربانیدانــە، وەكــوو گەلانــی تــری ناوچەكــە نەبووەتــە خاوەنــی دەوڵەتێكــی ســەربەخۆ؟

ئــەو پرســیارە وەڵامــی زۆر هەڵدەگرێــت، لەوانــە «كورتبینــی»ی كــورد لــە

ڕابــردوودا و هەڵەکردنیــان بــۆ خوێندنــەوەی پارســەنگی هێــز لــە ناوچەکــەدا، هۆکارێکــی ســەرەکیی شکســتهێنان بــووە کــە لــە ئەنجامــدا دەربــەدەری و ماڵوێرانیــی خەڵکــی کوردســتانی لــێ کەوتووەتــەوە. بــەڵام پێــم وایــە نەهاتنــەدی ئــەم خەونــە لــە ڕابــردوودا دەگەڕێتــەوە بــۆ دوو هــۆکاری ســەرەکی:

١- هۆکاری دەرەکی یان پیلانی داگیرکەران:

پلانــی وڵاتانــی زلهێــزی جیهــان لەگــەڵ وڵاتانــی ئیقلیمیــی داگیرکــەر بــۆ لــە باربردنــی هەمــوو هەوڵێکــی ســەربەخۆیی و چاوتێبڕینیــان لــە ســەروەت و ســامانی کوردســتان وای لــێ کــردوون کــە خــاک و خەڵکــی کوردســتان، وەکــوو نێچیرێکــی چــەور ڕاو بکــەن و لــە ســەر ســفرەی ژەمەکانیــان لــە نێــوان خۆیانــدا «وەحــش ئاســا» بــە دڕندانەتریــن شــێواز و بــە ددانــە ژەهراوییەکانیــان قــەپ لــە جەســتەی کوردســتان بگــرن.

٢- هۆکاری ناوەکی یان پەرتەوازەیی کورد:

بەداخــەوە کــورد لــە ڕابــردوو و لــە ئێستاشــدا پەرتەوازەیــە و یەکدەنــگ و یەکهەڵوێســت نییــە و بــەو پەرتەوازەییــە دوژمنانــی کوردیــان دڵخــۆش کــردووە؛ بــە جۆرێــک کــە بەردەوامبــوون بــەم حاڵــەی ئێســتا زۆربــەی لایەنــە سیاســییەکان دەخاتــە بازنــەی خزمەتکــردن بــە بەرژەوەندییەکانــی دوژمنانــی کــورد.

بۆیــە تاکــە ڕێــگا لەبــەردەم لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان، دایەلــۆگ و یەکــتر قبوڵکــردن و دانیشــتنە لەپێنــاو چاککردنــی بــاری ئابــووری خەڵــک و نووســینەوەی یــەک پــڕۆژەی نیشــتیمانی و نەتەوەیــی بــۆ جەژنــی نــەورۆز و دیاریکردنــی تایــم تەیبلێــک بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەم پڕۆژەیــە. ئەگــەر لایەنــە سیاســییەکان ئــەم تاکــە ڕێگایــە بگرنەبــەر و ئەجێندایەکــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانی بــۆ کوردســتان بنووســنەوە، ئــەوا کوردســتان لــەم چەقبەســتوییە ڕزگاری دەبێــت و دەبینــە خاوەنــی دووانــەی «مەنتقــی هێــز و هێــزی مەنتــق». بــەم هەنگاوەشــیان «کاوە ئاســا» ڕازاوەتریــن جەژنــی نــەورۆز بــۆ خەڵکــی کوردســتان دەخوڵقێنــن.

# کورد و باوەڕبەخۆبوون!

٠٣/٠٢/٢٠٢١

یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک، باوەڕبەخۆبوونە (Self Confidence)، چ لەسەر ئاستی تاک بێت یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بە گشتی.

لە «ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو»شدا، یەکێک لە ڕێگەکانی دوژمنانی کورد بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی کیانێکی کوردی، تێکشکاندنی کەسایەتی و سایکۆلۆژیای «تاکی کورد» بووە، ئەویش لە ڕێگەی سیاسەتی «سەرکوتکردن و ژێردەستەیی و داپڵۆسین و چەوساندنەوە». ئەم پڕۆسەیەش بە درێژایی مێژوو (لە ڕێگەی جیاوازەوە)، بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک لە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە پیادەکراوە. ئامانج لەم پڕۆسەیەش دروست نەبوونی تاکی کوردی «باوەڕبەخۆبووە» کە بەردی بناغەی درستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و پێشکەوتووە، بەڵام خۆشبەختانە مێژوو سەلماندوویەتی کەوا فاکتەری «باوەڕبەخۆبوون»،

نهێنیــی مانــەوە و ســەرکەوتنی میللەتــی کــورد بــووە لــە «ڕابــردوو و ئێســتا و داهاتوو»شــدا.

لــەم چوارچێوەیــەدا پێویســتە ئێمــەی کــورد لــەو حەقیقەتــە تێبگەیــن کــەوا «باوەڕبەخۆبــوون»، بــەردی بناغــەی ســەرهەڵدانی هەمــوو شارســتانییەتەکانی جیهــان بــووە، بــۆ نموونــە ئــەو ئەمریکایــەی کــە ئێســتا بووەتــە زلهێزتریــن وڵاتــی دونیــا، لەســەر دەســتی کۆمەڵێــک کەســی «باوەڕبەخــۆ» بنیاتــنراوە کــە بــە «باوکانــی دامەزرێنــەر» نــاسراون و بریتیــن لــە:

جــۆرج واشــنتن، جــۆن ئەدامــز، تۆمــاس جیفەرســۆن، جەیمــس مادیســۆن، ئەلێکســاندەر هامیلّتــۆن، جەیمــس مۆنــرۆو و بێنجامیــن فرانکلیــن. ئەمانــە بەیەکــەوە، بناغــەی دەوڵەتێکــی دیموکراســیی ویلایەتــە یەکگرتووەکانیــان دامەزرانــد و شــەرعیەتێکیان جێهێشــت کــە نەخشــەی جیهــان دادەڕێژێــت.

باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا

لێــرەدا پێویســتە هەڵوەســتەیەک بکەیــن و هەندێــک گلەیــی لــە خۆشــمان بکەیــن و دان بــە هەندێــک ڕاســتیی تاڵــدا بنێیــن کــە زۆربــەی لایەنــە سیاســییەکانی چــوار پارچــەی کوردســتان بــە ئاگایــی بێــت، یاخــود بەبــێ ئاگایــی، لــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ یەکتردا، درێژەپێــدەری هەندێــک لــە شــێوازەکانی داگیرکــەران بــوون. لــە یادەوەریــی هەمووشــماندا کۆمەڵێــک یــادگاری تــاڵ هەیــە لــە ســەر تێکشــکاندنی کەســایەتیی یەکــتر، بــە جۆرێــک کــە دەرەنجامێکــی خراپــی لــێ کەوتــەوە و کۆمەڵێــک تاکــی بێمتمانــە و «باوەڕبەخۆنەبــوو»ی لــێ بەرهــەم هاتــووە.

لــە کۆتاییــدا گرنگــە تــاک بــە تاکــی نەتــەوەی کــورد بــاوەڕی تــەواوی بــە خــۆی هەبێــت و بــە هیــچ جۆرێــک خــۆی پــێ کەمــتر نەبێــت لــە نەتەوەکانــی تــری ناوچەکــە و جیهــان. بــۆ ئــەم مەبەســتە لەلایــەک گرنگــە لەســەر ئاســتی «حکوومــی» لــە ڕێــگای ســێکتەری پــەروەردەوە هــەوڵ بدرێــت وانــەی

«باوەڕبەخۆبـــوون» بخرێتـــە نێـــو مەنهەجـــی خوێنـــدن، تاکـــوو بـــە شـــێوازێکی «زانســـتیانە و ســـەردەمیانە» پرۆســـەی پەروەردەکـــردن لـــە پێنـــاو دروســـتکردنی «تاکێکـــی باوەڕبەخـــۆ» بەڕێـــوە بچێـــت. لەلایەکـــی تریـــش گرنگـــە لەســـەر ئاســـتی کەســـی، هەموومـــان کار لەســـەر خۆمـــان و خێـــزان و ژینگـــە و دەوروبەرمـــان بکەیـــن، بـــە جۆرێـــک کـــە هەمیشـــە لەپێنـــاو بەدیهێنانـــی خەونەکانمـــان و ڕووبەڕووبوونـــەوەی پیلانـــی دوژمنـــان، «تـــۆو»ی باوەڕبەخۆبـــوون (دوور لـــە خـــۆ بەزلزانیـــن و نـــەژاد پەرســـتی) لـــە ناخمانـــدا بچێنیـــن، چونکـــە بەدیهێنانـــی خەونـــەکان و ڕووبەڕووبوونـــەوەی پیلانـــی دوژمنـــان، پێویســـتی بـــە کۆمەڵگەیـــەک هەیـــە کـــە تاکەکانـــی باوەڕیـــان بـــە خۆیـــان هەبێـــت.

# دادگاییکردنی «ترەمپ» سیاسییە یان دەستووری؟

١١/٠٢/٢٠٢١

رۆژی سێ شەممە (٩/٢/٢٠٢١) پرۆسەی دادگاییکردنی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا «دۆناڵد ترەمپ» لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دەستی پێکرد، ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ «ترەمپ»، بریتییە لە هاندانی خۆپیشاندەران بۆ هێرشکردنەسەر بینای کۆنگرێس لە ڕۆژی چوارشەممە (٦/١/٢٠٢١) واتە «خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی ئەمریکا»، بەمەبەستی تەگەرە خستنە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنی (بایدن) و کۆسپ دروستکردن بۆ پشتڕاستکردنەوەی دەنگەکانی «ئیلیکتۆڕاڵ کولێج».

لێرەدا ئارگیومێنتێکی سیاسی و دەستووری لە نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان سەری هەڵداوە؛ لە لایەک کۆمارییەکان دەڵێن پرۆسەی لێپێچینەوەکە دەستووری نییە بەڵکوو سیاسییە، چونکە بە گوێرەی «مادەی دوو- بڕگەی چواری دەستووری ئەمریکا» باس لە دادگاییکردنی سەرۆک دەکات کاتێک کە لە «کۆشکی سپی» مابێت، بەڵام ترەمپ لە پۆستەکەی

نەمــاوە، چونکــە بەگوێــرەی دەســتوور «ئەگــەر ئــەم تۆمەتــەی بەســەردا ســاغ بێتــەوە ئــەوا لــە کورســییەکەی دوور دەخرێتــەوە». کۆمارییــەکان دەڵێــن: ترەمــپ ئێســتا وەک ســەرۆک لــە «کۆشــکی ســپی» نەمــاوە تاکــوو لــە کورســییەکەی دووربخرێتــەوە!

لــە لایەکــی تــر، دیموکراتــەکان دەڵێــن ئــەم کارەی «ترەمــپ» کــردی، بــە هاندانــی خۆپیشــاندەران بــۆ هێرشــکردنە ســەر کۆنگرێــس، لــە مێــژووی ئەمریــکادا وێنــەی نەبــووە؛ بــە هۆیــەوە کــۆی پرۆســەی دیموکراســیی ئەمریــکا خرایــە ژێــر تاقیکردنەوەیەکــی ســەخت و وێنەیەکــی ناشــیرینی بــۆ دیموکراســییەتی ئەمریــکا کێشــا، بۆیــە نابێــت «ترەمــپ» وەک «بەرزەکــی بانــان» بــۆی دەربچێــت، بەڵکــوو دەبێــت ســزای خــۆی وەربگرێــت و بکرێتــە پەنــد و عیبرەتــی زەمانــە، تاکــوو هیــچ کەســێکی تــر «ئەگــەر لــە پۆســتی ســەرۆکی ئەمریکاشــدا بێــت»، جورئــەت نــەکات هاوشــێوەی ترەمــپ مامەڵــە بــکات!

لــە ڕاســتیدا هــەردوو بۆچوونەکــەی «کۆمــاری و دیموکراتــەکان» بەشــێکی ڕاســتیی تێدایــە، چونکــە وەک کۆمارییــەکان دەڵێــن: ئەگەرچــی پرســی لێکۆڵینــەوە لــە ســەرۆک پرســێکی دەســتوورییە، بــەڵام دیموکراتــەکان ئــەم پرســەیان بــە سیاســی کــردووە. لــەم ڕێگەیەشــەوە دیموکراتــەکان مەبەســتیانە لــە لایــەک ڕێگــری لــە خۆکاندیدکردنــەوەی «ترەمــپ» بــۆ هەڵبژاردنەکانــی ســاڵی (٢٠٢٤) بکــەن؛ لەلایەکــی تریــش دەیانەوێــت «ترەمپــی لاســار» تەمبــێ بکــەن.

ئەنجومەنــی پیرانــی ئەمریــکا لــە (١٠٠) ئەنــدام پێکهاتــووە و کورســییەکانی ئــەم خولــە بــەم شــێوەیە دابــەش بــوون:

دیموکراتەکان (٥٠) ئەندام.

کۆمارییەکان (٥٠) ئەندام.

دیموکراتــەکان پێویســتیان بــە دوو لەســەر ســێی دەنگــی ئەندامانــی ئەنجومەنــی پیــران هەیــە تاکــوو بتوانــن ترەمــپ ســزا بــدەن، واتــە (٦٧) دەنــگ

لـە (١٠٠) دەنـگ، ئەمـەش تـا ڕادەیـەک زەحمەتـە، چونکـە کۆمارییـەکان پێیـان وایـە ئـەم هەنـگاوە، بڕینـی لێکترازانـی شـەقامی ئەمریکـی قووڵـتر دەکات.

لـە مێـژووی ئەمریـکادا «ترەمـپ» یەکـەم سـەرۆکی ئەمریکایـە کـە دووجـار «ئیمپیـچ» کرابێـت، واتـە یەکەمجـارە لـە مێـژووی ئەمریـکادا هـەوڵ بدرێـت دووجـار لێپرسـینەوە لـە سـەرۆکێک بکرێـت، ئەمـەش دوای ئـەوەی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی ئەمریـکا بـە زۆرینـەی دەنـگ (٢٣٢ دەنگـی بەڵـێ بەرانبـەر ١٩٧ دەنگـی نەخێـر)، بڕیـاری دا دووبـارە لێپێچینـەوە لـە دۆناڵـد ترەمـپ بـکات. ئێسـتاش تۆپەکـە لـە گۆڕەپانـی ئەنجومەنـی پیرانـە و چـاوەڕوان دەکرێـت ئـەم پڕۆسـەیە هەفتەیـەک بخایەنێـت؛ واتـە تاکـوو ڕۆژی دووشـەممەی داهاتـوو (١٥/٢/٢٠٢١) دادگاییکردنەکـە لـە ئەنجومەنـی پیـران بـەردەوام دەبێـت.

ئـەوەی جێـگای تێڕامانـە لـە سیسـتەمی دیموکراسـیی ئەمریـکادا، ئەوەیـە کـە ئـەم سیسـتەمە هەمیشـە خـۆی نـوێ (Update) دەکاتـەوە، لـەم ڕوانگەیەشـەوە پڕۆسـەی دادگاییکردنـی سـەرۆکی ئەمریـکا لەلایـەن ئەنجومەنـی پیرانـەوە، گرنگیـی سیسـتەمی سیاسـیی ئەمریـکا پیشـان دەدات، کـە بـە گوێـرەی مادەکانـی (١ و ٢ و ٣)ی دەسـتووری ئەمریـکا، هـەر سـێ دەسـەڵاتەکەی لـە یەکـتر جیـا کردووەتـەوە (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری). هەروەهـا دەسـتووری ئەمریـکا، هاوسـەنگیی نێـوان هەرسـێ دەسـەڵاتەکەی بـە ڕوونـی ڕەنگڕێـژ و فەراهـەم کـردووە، ئەویـش لـە پێنـاو چاودێریکردنـی هەرسـێ دەسـەڵاتەکە بەسـەر یەکـترەوە.

# لە ڕۆژی «خۆشەویستی»دا!

١٤/٠٢/٢٠٢١

لە ڕۆژی «خۆشەویستی»دا جوانترین و باشترین گوڵ کە پێویستە لە بەرۆکی «خاک و نیشتمان و نەتەوە» بدرێت بریتییە لە نووسینەوەی «دەستوورێکی هاوچەرخ» کە لە ژێر سایەیدا هەموو دانیشتووانی کوردستان، لە دابەشکردنی ئەرک و مافدا، هەست بە دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی بکەن؛ هەروەها هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای «پاداشت و سزا» بەسەر هەموو هاونیشتمانیان، بەبێ جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە و حزب و ئاین و مەزهەب... هتد.

روون و ئاشکرایە کە ئێستا هەرێمی کوردستان، لەلایەن کۆمەڵێک هێزی عێراقی و هەندێک وڵاتی ئیقلیمییەوە، لە ژێر هەڕەشەیەکی جددی و گەلەکۆمەیەکی ترسناکدایە؛ بۆیە پێم وایە لەم قۆناغەدا بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، لە هەموو هەنگاوێک گرنگتر بریتییە لە تەواوکردنی پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم، چونکە:

١- دەستووری هەرێم وەک چەترێک دەبێتە فریادڕەس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی «پەتای پەرتەوازەیی»ی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.

٢- ئێستا لە هەمووکات زیاتر هەرێمی کوردستان لەژێر مەترسیی سڕینەوە و لەباربردنی قەوارەکەیدایە، بۆیە هەبوونی «دەستوور» هاوشێوەی پەرژینێکی قایم دەبێت بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم و لەم ڕێگایەشەوە کورد دەتوانێت سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت و ڕووبەڕووی مەترسییەکان بێتەوە.

ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین. ناچێتە عەقڵەوە هەموو پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان، سەرۆکایەتییەکان (هەرێم، پەرلەمان، حکوومەت)، بە هەموو وەزارەت و فەرمانگەکانیان، پەیڕەوی ناوخۆ و دەستووریان هەبێت! بەڵام هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی «فیدڕاڵی و یاسایی» دەستووری نەبێت! بۆیە پێم وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ناکۆکییەکان تێپەڕێنن، چونکە چیتر هەرێمی کوردستان بەرگەی «بێ دەستووری» ناگرێت. لەم پێناوەشدا گرنگە داڕێژەرانی بڕیاری هەرێم لەبەر خاتری شکۆی کوردستان و داهاتووی نەوەکان، هەڵوەستەیەک بکەن و چیتر کات نەکوژن؛ بەڵکوو لە جیاتی دەستەوەستان بوون، پەلە بکەن و بڕیارێکی چارەنووسساز دەربکەن بۆ تەواوکردنی پرۆژەی دەستوور، تاکوو ڕووی گەشی هەرێمی کوردستان لە ئاستی «ناوخۆ و ناوچەکە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان» بدرەوشێتەوە، بەم کارەش مێژوویەکی پڕشنگدار بۆخۆیان تۆمار دەکەن.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کەوا مەترسییەکی جدی لەسەر قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم مەترسییە بەرپرسیاریەتییەکی ڕاستەقینە دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بە شێوەیەک کە ئەگەر ڕەحم بە خۆشیان ناکەن، دەبێ و لەسەریانە ڕەحم بە نەوەکانی

داهاتــوو بکــەن. ئەگــەر لــەم قۆناغــەدا پــڕۆژەی دەســتوور تــەواو نەکــەن، ئــەوا مێــژوو ڕەحــم بــە هیــچ لایەنێــک نــاکات! چونکــە «دەســتوور» هاوشــێوەی «پەرژینێکــی قایــم» وایــە بــۆ هەمــوو دەســەڵاتەکانی دنیــا، بــۆ نموونــە وڵاتێکــی وەک ئەمریــکا ئەگــەر دەســتووری نەبووایــە ئــەوا نەدەگەیشــتە ســەردەمی ئەمــڕۆ. هــەر وەک بینیــمان لــە مانگــی ڕابردووشــدا هــەر دەســتوور بــووە فریــادڕەس بــۆ ئەمریــکا؛ ئەگــەر ڕێگریــی دەســتوور نەبوایــە، ئــەوا لایەنگــرە توندڕەوەکانــی «ترەمــپ» کۆنگریســی ئەمریکایــان تەفــر و تونــا دەکــرد.

بۆیــە پێــم وایــە لــەم قۆناغــەدا نووســینەوە و تەواوکردنــی پــڕۆژەی دەســتووری هەرێــم، لــە هەمــوو کارەکانــی تــر لەپێشــتر و گرنگــترە، چونکــە دەســتوور دایکــی یاســاکان و بڕبــڕەی پشــتی دامــودەزگاکان و گرنگتریــن گرێبەســتی کۆمەڵایەتیــی نێــوان هاونیشــتیمانیانە، تەنهــا دەســتوور دەتوانێــت لــە پێنــاو دابەشــکردنی «ئــەرک و مــاف» بــە ســەر هاووڵاتیانــدا، بــە یەکســانی ڕەنگڕێــژی یاســا و ڕێســاکان بــکات.

لــە کۆتاییــدا گرنگــە هەمــوو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان لــە مەترســیی نەبوونــی «دەســتوور» تێبگــەن، چونکــە ئەگــەر دەســتوورێکی هاوچــەرخ نەنووســنەوە، ئــەوا هەرێمــی کوردســتان نــەک تەنهــا ناتوانێــت ســوود لــە دەرفەتــەکان وەربگرێــت، بەڵکــوو دەکەوێتــە بــەردەم هەڕەشــەی دابەشــبوون و هەڵوەشــانەوە، ئەوکاتــە خــەون و ئومێــدی نــەک تەنهــا باشــووری کوردســتان، بەڵکــوو هــەر ســێ پارچەکــەی تــری کوردســتانیش لەبــار دەچــن!

# ئاسایشی هەرێم.. هێڵی سوورە!

١٦/٠٢/٢٠٢١

یەکێک لە سامانە نیشتمانییەکانی «هەرێمی کوردستان» کە نکۆڵیی لێ ناکرێت و سازشی لەسەر ناکرێت، بریتییە لەو پێگە سەقامگیرەی کە لەم «ناوچە پڕ لەکێشەیە»دا هەیەتی. ئەو پێگە ئارامەی کە هەمیشە هەرێمی کوردستانی پێ جیاکراوەتەوە لە عێراقێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر. ئەم سامانە نیشتیمانییە هەمیشە جێگای شانازیی خەڵکی کوردستان و نێردە دیپلۆماسییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە، چونکە لەژێر سایەی ئەم پێگە سەقامگیرەدا، نەک تەنها خەڵکی کوردستان، بەڵکوو سەدان هەزار ئاوارەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و پارچەکانی تری کوردستانیش حەوانەتەوە، بۆیە ئاسایشی هەرێم بەگشتی و ئاسایشی هەولێری پایتەخت بەتایبەتی هێڵی سوورن. نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە هیچ گرووپ و میلیشیایەک بدرێت لە «ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بن» هەرێم بکەنە گۆڕەپانی ململانێی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی

(هاوشێوەی بەغدا).

ئەمە چەند جارێکە هێرشی مووشەکی دەکرێتە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. ڕوون و ئاشکرایە کەوا ئەم هێرشانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە ئەنجام دراون، بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن کەوا هێرشەکەی ئەمجارە ناڕاستەوخۆ لەلایەن پرۆکزییەکانی ئێرانەوە ئەنجام دراوە، ئەویش بەمەبەستی گەیاندنی کۆمەڵێک پەیام، لەوانە:

١- هەوڵدان بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە کە «هەولێر و کوردستان، هاوشێوەی بەغدا و عێراق ناسەقامگیرن».

٢- ناردنی پەیامێک بۆ «ئیدارەی بایدن» کەوا شیعەکان خوێنی «سولەیمانی و موهەندیس»یان لەبیر نەکردووە.

٣- تێرکردن و ڕازیکردنی شەقامی شیعە بە مەبەستی «استهلاك المحلی» و ڕیکلامکردن و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق.

٤- تاقیکردنەوەی «ئیدارەی بایدن» تاکوو بزانن تا چەند بەرگری لە هەرێم و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا دەکات.

٥- فشارێکە بۆ ئەمریکا تاکوو گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە ناو ڕێککەوتنی ئەتۆمی (٥+١).

٦- فشارێکی ئێرانە بۆ سەر هەرێم تاکوو لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوور بکەوێتەوە، بە مەبەستی تێکدانی ئەم باڵانسەی کەوا هەرێم بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕایگرتووە.

٧- پەیامێکی ئێرانە بۆ ئەمریکا کە دەتوانێ لە ڕێگای پرۆکزییەکانیانەوە لە هەموو شوێنێکی عێراق هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکان و هێزەکانی ئەمریکا، بە تایبەت کە ماوەیەکە لە میدیا جیهانییەکان باس لەوە دەکرێت کە باشترین و سەقامگیرترین و ئارامترین ئەلتەرناتیڤی ئەمریکا لە

شــوێنی «بەغــدا» ڕەنگــە هەولێــر بێــت.

دووبــارە بوونــەوەی هێرشــە مووشــەکییەکان دەبێــت ناچارمــان بــکات تاکــوو هەڵوەســتەیەک بکەیــن بــۆ ئەنجامدانــی چــوار خاڵــی گرنــگ:

یەکــەم: گرنگــە هەرێــم بــە فەرمــی داوا لــە ئەمریــکا بــکات تاکــوو فشــار لــە حکوومەتــی عێــڕاق بــکات بــۆ ئــەوەی هێزەکانــی حەشــد لــە ســنوری هەرێــم دووربخرێنــەوە، چونکــە لــە ســاڵی (٢٠١٧) بــە گڵۆپــی ســەوزی ئەمریــکا هێزەکانــی حەشــد توانییــان بێنــە ســنوری ناوچــە دابڕێنراوەکانــی هەرێــم.

دووەم: گرنگــە هەرێــم داوا لــە ئەمریــکا بــکات چــۆن لــە ڕێــگای سیســتەمی پاتریۆتــەوە بنکــە و بارەگاکانیــان دەپارێــزن، ئەوهــاش «خــاک و خەڵــک»ی هەرێــم لــە هێرشــی نەیارەکانیــان بپارێــزن، چونکــە ســەرەکیترین بەهانــەی هێرشــکردنی ئــەم گروپانــە بریتییــە لــە بوونــی هێزەکانــی ئەمریــکا لــە هەرێــم.

ســێهەم: گرنگــە هەرێــم داوا لــە نەتەوەیەکگرتــووەکان بــکات تاکــوو فشــار لــە عێــڕاق بــکات بــۆ جێبەجێکردنــی مــادەی (١٤٠).

چــوارەم: لەگــەڵ ئــەم ســێ خاڵــەی ســەرەوەدا پێویســتە ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان، بــە مەبەســتی ئامادەباشــی وەرگرتــن بــۆ بەرپەرچدانــەوەی هــەر هەڕەشــەیەکی ســەربازی و ئەمنــی بــۆ ســەر خــاک و خەڵکــی هەرێمــی کوردســتان، پەلــە بــکات لــە پڕۆســەی ڕێکخســتنەوە و یەکخســتنەوەی هێزەکانــی پێشــمەرگە.

# دۆكترینی (بایدن) لە مانگێكدا!

٢١/٠٢/٢٠٢١

ئەمڕۆ مانگێك بەسەر دەستبەكاربوونی «جۆو بایدن»دا، وەك سەرۆكی ژمارە (٤٦)ی ئەمریكا، تێدەپەڕێت. لەم مانگەدا ئاماژەكان ئەوەمان پێ دەڵێن كەوا «دۆكترین» و ڕێبازی بایدن بریتی دەبێت لە شێوازی پشتبەستن بە «دیپلۆماسییەتی دەستەجەمعی»؛ واتە هەماهەنگیكردنی دیپلۆماسی لەگەڵ هاوپەیمانان، وەك كۆڵەكەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی. ئەم شێوازەش لەلایەك لە پاشخانی كەسێتیی بایدن وەك كارەكتەرێكی ئەزموونددار و میانڕەو لە سیاسەتدا، لەلایەكی تر لە دیدگای پارتی دیموكراتی ئەمریكا بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەكییەكان لە ڕێگای دیپلۆماسیەت و هێزی نەرم (Soft Power)ـەوە، سەرچاوەی گرتووە.

بە چاودێریكردنی مانگێكی سەرۆكایەتیی «بایدن» لە كۆشكی سپی ئەم حەقیقەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كەوا «بە پێچەوانەی ئیدارەی ترەمپ»، ئەم ئیدارەیەی ئەمریكا بۆ چارەسەركردنی كێشەكان پشت بە

هەماهەنگیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا دەبەستێت. بۆ نموونە ستراتیژیی نوێی بایدن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکانی عێراق، بریتی دەبێت لە هاوبەشیکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی «ناتۆ» بە جۆرێک کەوا بڕیار دراوە هێزەکانی «ناتۆ»، لە عێراقدا (٨) ئەوەندە زیاد بکرێن، واتە ژمارەی هێزەکانی ناتۆ لە (٥٠٠) سەرباز و ڕاوێژکارەوە بەرزکراوەتەوە بۆ (٤٠٠٠) سەرباز و ڕاوێژکار، ئەویش بەمەبەستی هاوکاریکردنی هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و مەترسییە ئەمنییەکانی تر.

لە کەیسی ئێرانیشدا وا دیارە «بایدن» تاکلایەنە هیچ بڕیارێک نادات بەڵکوو هەوڵ دەدات بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا، بڕیارێک بدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەتۆمیی ئێران و گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمیی (٥+١).

جیاواز لە پرسی عێراق و ئێران، چاوەڕوان دەکرێت ئەجێندای «بایدن» لە ماوەی (١٠٠) ڕۆژدا ئەم کارانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

١- هەماهەنگیکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی ئەوروپی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی «سیاسی و ئابووری»ی هەریەکێک لە «چین و ڕووسیا».

٢- درێژەدان بە ڕێککەوتننامەی «ئیبراهیمی» و «گرێبەستی سەدە» واتە لەم پرسەدا ستراتیژییەتی «بایدن»، درێژە پێدەری ستراتیژییەتی «ترەمپ» دەبێت، چونکە «بایدن» بەهەمانشێوەی «ترەمپ» باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئۆرشەلیم (قودس) دەهێڵێتەوە و ناڕاستەوخۆ بەردەوام دەبێت لە داننان بە «بەرزاییەکانی جۆلان» وەک خاکی ئیسرائیل.

٣- جیاواز لەم خاڵەی سەرەوە «بایدن» هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستینی ئاسایی بکاتەوە و نووسینگەی

دەسەڵاتی فەڵەستینی لە واشنتن بکاتەوە، هەروەها لەم چوارچێوەیەدا لەوە دەچێت بایدن هاوکارییە ماددیەکانی ئەمریکا بۆ فەڵەستین بگێڕێتەوە بەمەرجی ڕازی بوونی فەڵەستینییەکان بە «گرێبەستی سەدە».

٤- «بایدن» چاو دەخشێنێتەوە بە هەموو ئەو گرێبەستانەی کە وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئەمریکادا واژۆیان کردووە، (مەبەست گرێبەستەکانی کڕینی چەکە). لەوانەش هەڵوەشاندنەوە و نەفرۆشتنی فڕۆکەی جۆری F٣٥ بە وڵاتی ئیماراتی عەرەبیغ یەکگرتوو، هەروەها چاوخشاندنەوە بەم گرێبەستانەی کەوا شانشینی سعودیە لەگەڵ ئیدارەی «ترەمپ» واژۆی کردوون.

٥- چاوەڕوان دەکرێت ئیدارەی «بایدن» گرنگیی زیاتر بدات بە پرسەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی.

لەم سۆنگەیەوە سیاسەتی «ئەمریکای سەردەمی بایدن» سەبارەت بە ئێران، تەواو جیاواز دەبێت لە سیاسەتی «ئەمریکای سەردەمی ترەمپ»؛ بەڵام لە دۆسیەی ئاساییکردنەوەی «عەرەب-ئیسرائیل»دا، سیاسەتی بایدن، تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی سیاسەتی ترەمپ دەبێت.

لە کۆتاییدا ڕوون و ئاشکرایە کەوا دۆکترین و ڕێبازی بایدن نزیکە لە دۆکترین و ڕێبازی ئۆباما، ئەگەرچی بایدن ڕەتی کردووەتەوە کەوا ئیدارەکەی کۆپی پێستی ئیدارەی ئۆباما بێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک گوتوویەتی: «ئەمریکا دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی جارانی خۆی» واتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ناو سلکی دیپلۆماسی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان بڕیار دەدەن؛ هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆشدا، «بایدن» پشت بەو بژاردانە دەبەستێت کەوا دامودەزگاکانی «دارشتنی بڕیار»، (وەک کۆنگرێس و CIA و پنتاگۆن و وەزارەتی

دەرەوە و هەندێــک لــە ناوەندەکانــی Think Tank)، دەیخەنــە بەردەمــی. ئــەم خەســڵەتەی «بایدن»یــش تــەواو پێچەوانــەی خەســڵەتی تاکڕەویــی «ترەمــپ»ە کــە بــێ گەڕانــەوە بــۆ ئــەم ناوەندانــە، لــە ڕێگــەی «تویتــەر»ەوە بڕیــاری ترســناک و چارەنوسســازی دەردەکــردن!

# چۆن شارستانیەتی ئەمریکا بناسین؟

زنجیرە وتار -١-

٠١/٠٣/٢٠٢١

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بە دیاریکراوی لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە تاکوو ئەمڕۆ، یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی مانەوە و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا پەیوەندییەکی فراوان و پتەو لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستاندا دروست بووە. «ئەم پەیوەندییە فراوانە»، هەماهەنگی و هاوبەشیی بەردەوامی لە پرسە جۆراوجۆرەکاندا لێ کەوتۆتەوە لە ئاستەکانی «سیاسی، دیپلۆماسی، ستراتیژی، ئابووری، ئەمنی و ....».

بۆیە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا بۆ ئێمەی کورد گرنگە، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەم «وڵاتە زلهێزە»ی لە زۆربەی سێکتەرە جۆراوجۆرەکاندا، سەرمەشقی جیهانی گرتووە، هەڵوەستەیەک لەسەر شێوازی بونیاتنانی شارستانییەتی ئەمریکا بکەین. لەم پێناوەدا

ئـــەم زنجیـــرە وتارەمـــان تەرخـــان کـــردووە بـــە شارســـتانییەتی «ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا» لـــە ڕوانگەیەکـــی جیـــاواز و بـــە دیدگایەکـــی ئەکادیمـــی هـــەوڵ دەدەیـــن هەفتـــەی دوو ڕۆژ (دوو شـــەممە و پێنـــج شـــەممە)، لـــە ڕێـــگای چەنـــد ســـەرەقەڵەمێک بـــە کورتـــی و بـــە پوختـــی تیشـــک بخەینـــە ســـەر ئـــەم بابەتانـــە:

١- مێژووی ئەمریکا.

٢- جوگرافیای ئەمریکا.

٣- دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیی ئەمریکا.

٤- بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا.

٥- ئابووریی ئەمریکا.

٦- کلتوری ئەمریکا.

٧- جیهان لە ڕوانگەی ئەمریکا.

٨- کورد لە ڕوانگەی ئەمریکا.

١- مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

باسـکردنی مێـژووی شارسـتانییەتێکی نوێـی زلهێزتریـن وڵاتـی دونیـا قسـەی زۆر هەڵدەگـرێ. لـە ڕابـردوودا خەڵکێکـی زۆر لەسـەر ئـەم بەبەتەیـان نووسـیوە. لـــە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەهەمـــەوە بـــە دیاریکـــراوی لـــە ســـاڵی (١٨١٩)دا «هامیـر پۆرگشـتاڵ»ی نەمسـاوی لـە یەکەمیـن کەسـەکان بـوو کـە لـە «ڤیەننـا» بناغـــەی پڕۆژەیەکـــی دانـــا بەنـــاوی «ئەمریکاناســـی» و دواتریـــش لـــە ســـەدەی بیسـتەم، ناوەندەکانـی لێکۆڵینـەوە و کەسـانی ئەکادیمـی، سـەدان لێکۆڵینەوەیـان ئەنجـام دا. ئـەم هەوڵانـە بـۆ شـارەزابوونی زیاتـر دەربـارەی شارسـتانییەتێکی نـوێ لـە کیشـوەری ئەمریـکای باکـوور، تاکـوو ئەمـڕۆش بەردەوامـن؛ منیـش بـە پێویسـتم زانـی لـە زنجیـرەی یەکەمـدا چەنـد زانیارییەکـی گرنـگ سـەبارەت بـە

مێــژووی «شارســتانییەتی ئەمریــکا» بخەمــەڕوو.

دەتوانین مێژووی ئەمریکا پۆلین بکەین بۆ چەند قۆناغێک:

١- قۆناغی پێش سەربەخۆیی:

بــە گوێــرەی هەنــدێ بەڵگەنامــەی مێژوویــی متمانەپێکــراو، ژیانــی ســەرەتایی لــە ئەمریــکای باکــووردا دەگەڕێتــەوە بــۆ (١٢٠٠٠) ســاڵ پێــش زاییــن، ئەمــەش مانــای ئەوەیــە کــە بیســت و دوو هــەزار ســاڵ لــە دوای چاخــی ســەهۆڵبەندانەوە مــرۆڤ هەوڵــی دۆزینــەوەی زەویــی نوێــی داوە تــا دەگاتــە ئــەو شــوێنەی کــە ئێســتا بــە کیشــوەری ئەمریــکا نــاسراوە. دانیشــتوانی ڕەســەنی ئەمریــکا، پێیــان وایــە کــە (١٢٠٠) تــا (١٤٠٠) ســاڵ پێــش ئەمــە لــە کیشــوەری ئاســیاوە هاتوونەتــە ئــەم وڵاتــە نوێیــەوە. لــە ڕاستیشــدا نیشــانەی شارســتانییەتێکی کــۆن لــە قــەراغ ڕووبــاری میسیســیپی کــە (درێژتریــن ڕووبــاری ئەمریکایــە) دۆزراوەتــەوە کــە پیشــەیان کشــتوکاڵ بــووە.

لــە ســاڵی (١٤٩٢)دا کریســتۆفەر کۆلۆمبــس، دۆزەرەوەی نــاودار، کاتــێ لــە ژێــر فەرمانــی پاشــای ئیســپانیادا بــوو، گەیشــتە دوورگەکانــی «کاڕائیــب» و لەوێــدا بــۆ یەکــەم جــار ئەوڕووپییــەکان چاویــان بــە دانیشــتوانی ڕەســەنی ئــەو وڵاتــە کــەوت. بــە هــۆی ئــەوەی کــە مەبەســت لــەو گەشــتە، گەیشــتن بــە وڵاتــی هینــد بــوو، کاتــێ گەیشــتنە ئــەو وڵاتــەی کــە بــە هیندیــان دەزانــی، دانیشــتووانەکانی ئەمریــکا بــە «هیندییــە ســوورەکان» نــاسران. دوای ئــەوە کۆمەڵێــک وڵاتــی دیکــە بــە ســوپایەکەوە لــە گۆشــەیەکی ئــەو وڵاتــە دادەبەزیــن و پارچەیەکیــان دەکــرد بــە بەشــێک لــە وڵاتــی خۆیــان؛ وەک بەڕیتانیــا و ئیســپانیا و هۆڵەنــدا و فەڕەنســا. ئــەم خاکــەی ئەمــڕۆ نــاوی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکایــە لــە ڕابــردوودا خاکــی نەتەوەیــەک بــووە کــە ناویــان (Indian Sioux) یاخــود هیندییــە ســوورەکان بــووە.

ئــەم ئەمریکایــە لەلایــەن ئیمپراتۆریەتــی بەریتانیــا، ئیمپراتۆریەتــی فەرەنســی،

هۆلەنـــدا، دانیـــمارک، ئیتاڵیـــا، پۆلەنـــدا، بەلجیـــکا، ئیســـپانیا و پرتوگالـــەوە داگیرکرابـــوو و بەشـــێکی کـــەم بـــۆ ڕەش پێســـتەکان وهیندییەســـوورەکان مابوویـــەوە.

ئەوروپییـــەکان ژمارەیەکـــی یەکجـــار زۆر لـــە هیندییـــە ســـوورەکانیان کوشـــتن و ژمارەیەکـــی تریشـــیان بـــە هـــۆی ئـــەو نەخۆشـــییانەوە لەنـــاو چـــوون کـــە لەگـــەڵ هاتنـــی ئەوروپییـــەکان گواســـترابوونەوە ئەمریـــکا.

لـــە کۆتایـــی ســـەدەی پانزەهـــەم و ســـەرەتای ســـەدەی شـــانزەهەم دەســـتپێکی شـــەپۆلە مەزنەکانـــی کۆچـــی ئەورووپییـــەکان بـــوو. لـــە ســـاڵی (١٧٣٢) ئـــەم وڵاتـــە بریتـــی بـــوو لـــە ســـێزدە کۆڵۆنـــی کـــە موســـتەعمەرەی بەریتانیـــای مـــەزن بـــوون، هـــەر یەکێکیـــان یاســـا و هەڵبژاردنـــی تایبـــەت بـــە خۆیـــان هەبـــوو بـــەڵام لـــە کۆتاییـــدا هەمـــوو یاســـاکان لەژێـــر حوکمـــی بەریتانیـــادا بـــوون.

٢- قۆناغی سەربەخۆیی:

خەڵکـــی ئەمریـــکا لـــە ٤ی تەمـــوزی ســـاڵی (١٧٧٦) زایینـــی، ســـەربەخۆییان ڕاگەیانـــد و ئامـــادە نەبـــوون هیچـــی تـــر لـــە ژێـــر دەســـتەڵاتی بەریتانیـــای مەزنـــدا بمێننـــەوە، بەڵکـــوو کۆمارێکـــی دەســـتووریی فێدراڵییـــان دروســـت کـــرد. ئـــەوکات ئەمریـــکا تەنهـــا لـــە (١٣) ویلایـــەت پێکهاتبـــوو، کـــە ئەمانـــەی خـــوارەوە بـــوون:

(پێنســـلڤانیا، نیۆیـــۆرک، نیۆجێرســـی، ڤیرجینیـــا، ماساچوســـێت، میریالانـــد، ڕودئایالانـــد، کنتکـــت، کارۆلینـــای باکـــوور، کارۆلینـــای باشـــوور،دالوێر، نیوهامشـــێر، جۆرجیـــا). بەریتانیـــا دژی ســـەربەخۆیی ئەمریـــکا وەســـتایەوە و شـــەڕ دەســـتی پێکـــرد. پـــاش ماوەیـــەک لـــە ڕووی هێـــزەوە بەریتانیـــا زۆر ناوچـــەی ســـتراتیژیی لـــە دەســـت نەمابـــوو و توانـــای ڕووبـــەڕوو بوونـــەوەی نەمابـــوو، هەروەهـــا بەریتانیـــا دەیزانـــی کـــە کۆتایـــی دێ. لـــە ســـاڵی (١٧٧٨) بەریتانیـــا هێـــزی دۆزەخـــی دەریـــای «مارشـــاڵ»ی داوا کـــرد کـــە نیۆیـــۆرک بگرێتـــەوە، بـــەڵام مارشـــاڵ تەنهـــا توانـــی لـــە دووریـــی چەنـــد میلێکـــەوە، نیۆیـــۆرک تۆپبـــاران بـــکات. هـــەر لـــەم جەنگانـــەدا بەریتانیـــا (٢) ملیـــۆن هندیـــی ســـووری جینۆســـاید کـــرد

هــەر لــەو ســاڵەدا فەرەنســاش جەنگــی ڕاگەیانــد دژی بەریتانیــا.

لــە ســاڵی (١٧٨١) بەریتانیــا (٤٥) هــەزار ســەربازی هێــزی تایبەتــی لەلایــەن جەنــەڕاڵ «جــۆرج واشــنتۆن»ەوە بــە دیــل گیــران. لــە ســاڵی (١٧٨٣) بەریتانیــا پەیمانــی «پاریــس»ی بــۆ ئاشــتی مــۆر کــرد و دانــی نــا بــە ســەربەخۆیی ئەمریــکادا.

دوای بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی، باوکانــی دامەزرێنــەر بــە ســەرۆکایەتیی جــۆرج واشــنتن، توانییــان لــە ســاڵی (١٧٨٧)، بەمەبەســتی نووســینەوەی دەســتوورێک بــۆ وڵاتــە تــازە ســەربەخۆکەیان لــە شــاری فیلادیلفیــا کۆنگرەیــەک ببەســتن. دوای ســاڵێک توانییــان دەســتوورێکی (٧) مادەیــی بنووســنەوە و پەســندی بکــەن کــە بــووە بنەمایەکــی گرنــگ بــۆ بنیاتنانــی زلهێزتریــن وڵاتــی جیهــان.

٣- قۆناغی شەڕی ناوخۆ:

لــە کلتــووری هەندێــک لــە ویلایەتەکانــی باشــووردا ڕاگرتنــی بەنــدە یاخــود عەبــد بــاو بــوو؛ بــەڵام لــە ویلایەتەکانــی باکــووردا وانەبــوو، بۆیــە کاتێــک ئەبراهــام لینکۆڵــن وەک یەکــەم ســەرۆکی پارتــی کۆمــاری (پارتــی کۆمــاری لــە ســاڵی ١٨٥٤ دامــەزراوە و پارتــی دیموکراتیــش پێشــتر لــە ســاڵی ١٨٢٨ دامــەزراوە)، بــە نوێنەرایەتیــی زۆربــەی ویلایەتەکانــی باکــوور لــە ســاڵی (١٨٦٠) دا بــووە ســەرۆک کۆمــاری ئەمریــکا، بانگــەوازی لابردنــی ئــەو یاســا و کولتــوورەی دا و هەمــوو بەندەکانــی بــە پێــی یاســا ئــازاد کــرد.

ئــەوە بــووە هــۆی ئاڵــۆزی لــە نێــوان ویلایەتەکانــی باکــوور و باشــوور. لــە ســاڵی (١٨٦١) ئاگــری شــەڕی ناوخــۆی ئەمریــکا هەڵگیرســا کــە تێیــدا نزیکــەی (٦٢٠) هــەزار کــەس کــوژران، بۆیــە بــە خوێنینتریــن شــەڕی مێــژووی ئــەم وڵاتــە دەناسرێــت. لــە ئاکامــدا باکوورییــەکان ســەرکەوتن و بەنــدەداری (عبودیــەت) بــە پێــی یاســا نەمــا. ئــەو (ئەفریقی-ئەمریکایانــە)ش کــە بــە پێــی یاســا ئیــتر

بەنـدە نەبـوون، بوونـە خـاوەن مافـی شـارومەندی و دواتریـش بوونـە خـاوەن مافـی دەنگـدان.

٤- قۆناغی بنیاتنان و خۆپارێزی:

ئـەم قۆناغـەم نـاو نـاوە قۆناغـی بنیاتنـان و خۆپارێـزی چونکـە خەڵکـی ئەمریـکا لـە دوای شـەڕی ناوخـۆ هەوڵیـان دا وڵاتەکەیـان بـە شـێوەیەکی تۆکمـە بونیـات بنێـن و لـە هێرشـی دەرەکـی بپارێـزن. ئـەم قۆناغـە تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم درێـژەی هەبـوو.

٥- قۆناغی دەرکەوتنی ئەمریکا وەک وڵاتێکی زلهێز:

لـە شـەڕی جیهانیـی یەکەمـدا و لـە سـاڵی (١٩١٤) ئەمریـکا بێلایـەن بـوو، لەشـەڕی جیهانیـی دووەم، ئەمریـکا دیسـان بێلایـەن بـوو بـەڵام پـاش داگیرکرانـی (پۆلەنـدا) لـە لایـەن نازییەکانـەوە، ئەمریـکا بـە ناردنـی پێداویسـتییەکانی شـەڕ بـو هێزەکانـی هاوپەیمانـی و دواتـر، کـە ژاپـۆن هێرشـی کـردە سـەر دوورگـەی «هاربێـرد»ی ئەمریـکا، بـە فەرمـی بـووە ئەندامـی هاوپەیمانـان و تێکـەڵ بـە شـەڕ بـوو. ئەمریـکا یەکـەم وڵات بـوو کـە دەسـتی گەیشـتە چەکـی ناوکـی و بـۆ یەکـەم جـار لەسـەر هیرۆشـیمای ژاپـۆن تاقیـی کـردەوە. شـەڕەکە بـە کۆڵدانـی ژاپـۆن کۆتایـی هـات.

ئاکامـی شـەڕ ئەگەرچـی بردنـەوە بـوو لـە ئەورووپـا، بـەڵام ئەمریـکا دوورتریـن وڵات لـە گەرمـەی شـەڕ بـوو. بۆیـە بـێ ئـەوەی تووشـی خاپـووری و تێکچوونـی ئابـووری بێـت، بـە درێژایـی شـەڕ گەشـەی ئابووریـی بـەردەوام بـوو، بـە شـێوەیەک کـە پـاش شـەڕی جیهانیـی دووهـەم ئەمریـکا بـووە زلهێزتریـن ئابووریـی دونیـا.

٦- قۆناغی شەڕی سارد و ململانێی ناوخۆ:

پـاش شـەڕی جیهانیـی دووەم و لـە درێـژەی ئـەوەی بـە «شـەڕی سـارد» نـاسراوە، ئەمریـکا و سـۆڤیەت کێبەرکێیـان بـوو بـۆ گرتنـی نازنـاوی زلهێزترینـی

وڵاتــی جیهــان؛ ئەگەرچــی لــەم شــەڕەدا بەرەنــگاری چەکــی تێــدا نەبــوو، بــەڵام ئەمریــکا لەگــەڵ کۆریــای باکــوور و چیــن لــە ســاڵی (١٩٥٠) تاکــوو (١٩٥٣) بــە شــەڕهات کــە بــە شــەڕی کۆریــا دەناسرێــت. لــە ناوخۆشــدا بەرەنــگاری بزووتنــەوە کۆمۆنیســتییەکان دەبــووەوە. لــە ســاڵی (١٩٦١)دا ســۆڤیەت یەکەمیــن کەشــتیی ئاســمانیی بــە بنیادەمــەوە نــارد بــۆ بۆشــایی ئاســمان و ئەمــە بــە جۆرێــک نیشــانەیەکی پیشــکەوتنی ســۆڤیەت بــوو و هەروەهــا جێگــەی مەترســی بــوو بــۆ ئەمریــکا لەبــەر ئــەوەی تەکنەلۆجیــای ئــەو کەشــتییە بــۆ بۆردومانــی ئەمریــکاش دەکــرا کەڵکــی لــێ وەربگیرێــت. کێبەرکێــی ناوکیــی دوو زلهێــز لــەم ســەردەمەدا گەیشــتە بەرزتریــن ئاســتی خــۆی. ئەمریــکا لــە ناوخــۆ بەرەنــگاری بزووتنــەوە نەتەوەپەرســتەکان و هەروەهــا بزووتنــەوەی مافخــواز بــە ســەرکردایەتیی «مارتیــن لوســەر کینــگ» دەبــووەوە.

«جــۆن ئێــف کێنێــدی»، ســەرۆک کۆمــاری ئەمریــکا لــە ســاڵی (١٩٦٣)دا تیرۆرکــرا، کاتــێ ڕیچــارد نیکســۆن بــووە ســەرۆک کۆمــار، ئەمریــکا لــە ڤێتنــام لــە باشــووری ئاســیادا دەســتی بــە شــەڕێک کــرد، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــوو، بەڵکــوو دوای کوژرانــی زیاتــر لــە (٥٨) هــەزار ســەرباز شکســتی هێنــا و کشــایەوە. پــاش ڕیســواییەکەی واتێرگەیــت، نیکســۆن یەکەمیــن ســەرۆک کۆمــاری ئەمریــکا بــوو کــە دەســتی لــە کار کێشــایەوە. هاتنەســەرکاری جیمــی کارتێــر هــاوکات بــوو لەگــەڵ بەدیلگیرانــی دیپلۆماتەکانــی ئەمریــکا لــە باڵیۆزخانــەی ئەمریــکا لــە تــاران لــە لایــەن چەکدارانــی ســەر بــە کۆمــاری ئیســلامی ئێرانــەوە. بــە لەیــەک جودابوونــەوەی کۆمارەکانــی یەکیەتیــی ســۆڤیەت، شــەڕی ســارد کۆتایــی هــات.

٧- قۆناغی بوون بە زلهێزترین وڵاتی جیهان (سوپەر پاوەر):

دوای ڕووخانــی دیــواری بەرلیــن و بلۆکــی ســۆڤیەت، ئەمریــکا خەونــی بــوون بــە زلهێزتریــن وڵات (ســوپەر پــاوەر)ی هاتــەدی. لــە کاتــی دەســەڵاتداریی «جــۆرج بووشــی بــاوک» ئەمریــکا لەشــەڕی کەنــداودا بەشــداریی کــرد. لــە

ساڵی (١٩٩٨) سەرۆک «بیل کلنتۆن» تووشی ڕیسواییەکی سێکسی بوو بەڵام لە دەسەڵات مایەوە. ساڵی (٢٠٠٠) پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، کە دادگای باڵای ئەمریکا ڕای کۆتایی سەبارەت بە ئاکامەکەی دەربڕی، «جۆرج بووشی کوڕ» بووە سەرۆک کۆمار. گرووپی ئەلقاعیدە لە ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ زنجیرەیەک پەلاماری تیرۆریستیی لە شارەکانی نیویۆرک و واشینگتۆن ئەنجام دا کە نزیکەی (٣٠٠٠) کوژراوی لێ کەوتەوە. ئەمریکا بە هاوکاریی ناتۆ هێرشی کردە سەرئەفغانستان و تاڵیبان؛ دەوڵەتی ئەوکاتی ئەفغانستان و پاڵپشتی فەرمیی ئەلقاعیدەی سەرەوخوارکرد. لە ساڵی(٢٠٠٣)دا و هەر لە کاتی بووشی کوڕدا بە هاوکاری زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی دونیا هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی بەعس و ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆری ڕووخاند. ساڵی (٢٠٠٨) ئۆباما وەک یەکەم ڕەشپێست بووە سەرۆکی ژمارە (٤٤)ی ئەمریکا و لەسەردەمی ئەودا و لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ناسراو بە «سۆفا»، ئەمریکا هێزەکانی خۆی کشاندەوە، کە بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە و، سەرهەڵدانی داعش و کوشتارێکی زۆر و وێرانبوونی ناوچە سوننیەکانی عێراقی لێ کەوتەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی (٢٠١٦)ی ئەمریکادا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، بزنسمانی گەورە «دۆناڵد ترەمپ» توانی ببێتە سەرۆکی ژمارە (٤٥)ی ئەمریکا و لە سەردەمی ترەمپدا جیهان بەگشتی و هاوپەیمانانی ئەمریکا بەتایبەتی تووشی دڵەڕاوکێ بوون و ئەم سەردەمەشیان ناونا سەردەمی نادڵنیایی، بەڵام لە دوای چوار ساڵ نیگەرانی، «جۆ بایدن» توانی لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢٠)دا، بەسەر «ترەمپ»دا سەربکەوێت و لە کوشکی سپی دووری بخاتەوە.

# پێگەی جوگرافیای ئەمریكا و.. یادی ڕاپەڕینی كوردستان

زنجیرە وتار -٢-

٠٤/٠٣/٢٠٢١

پێشەكی سەبارەت بە ڕاپەڕین و جوگرافیا:

بەشی دووەمی زنجیرە وتاری «چۆن شارستانیەتی ئەمریكا بناسین» تایبەتە بە جوگرافیای ئەمریكا، بەڵام هاوكاتیشە لەگەڵ یادی ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان، بۆیە بەخێرایی ئەم دوو بابەتە بەیەكەوە دەبەستینەوە. چونكە بەشێك لە هۆكارەكانی ڕاپەڕینی هەردوو گەلی ئەمریكا و كوردستان هاوبەش بوون، بۆ نمونە ئەو زوڵم و ستەمەی كە بەریتانیا لە خەڵكی ئەمریكای دەكرد بە زیادكردنی باج لەسەر كۆمەڵێك كاڵای وەك «چا» هەروەها بردنی سەروەت و سامانی ئەمریكا، هۆكاری سەرەكیی ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمریكا بوون دژی بەریتانیا، لە بەرانبەردا دوای نزیكەی (٢١٥) ساڵ لە ڕاپەڕینی خەڵكی ئەمریكا، لەبەر هەمان هۆكاری زوڵم و ستەم كە ڕژێمی بەعس لە خەڵكی كوردستانی دەكرد هەروەها سەرخان و ژێرخانی كوردستانی ئەنفال دەكرد، هاوشێوەی ئەمریكا خەڵكی كوردستانیش

ڕاپەڕی؛ بەڵام جیاوازییەکی ڕیشەیی نێوان ئەم دوو ڕاپەڕینە بریتیە لە پێگەی جوگرافیی ئەمریکا و کوردستان، بەداخەوە پێگەی جوگرافیای کوردستان دەورە دراوە بە کۆمەڵێک وڵاتی دوژمن و داگیرکەری وەک «ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق» کە چاویان بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هەڵنەدەهات و کۆک بوون بۆ شکست پێهێنانی ڕاپەڕین، بەڵام لەبەر ئەوەی ستەمی بەعس گەیشتبووە لوتکە و بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیش لەبار بوون، خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی (٥/٣/١٩٩١) لە شاری ڕانیەوە بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕین.

خاڵێک کە جێگای سەرنجە، لەو کاتەی کە خەڵکی ئەمریکا ڕاپەڕینیان دەست پێکرد، خەڵکێکی زۆر لەو کاتەدا بەلایانەوە ئەستەم بوو کەوا ڕاپەڕین و شۆڕشی سەربەخۆییخوازانی ئەمریکا، بەسەر بەریتانیای مەزندا سەربکەوێت (چونکە ئەوکاتە بەریتانیا بەو ئیمپراتۆریەتە ناسراوبوو کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو) بەڵام بە هێزی ئیرادە و هیممەتی سەربەخۆییخوازان و شۆڕشگێران و باوکانی دامەزرێنەی ئەمریکا، توانییان خەونی سەربەخۆیی ئەمریکا بەدی بهێنن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی هاوبەشی جوگرافی بکەین لە نێوان ئەمریکا و کوردستان، ئەویش بریتیە لەوەی کەوا چیاکان تەنها لە کوردستان هاوڕێی شۆڕشگێڕان و سەربەییخۆخوازان نەبوون، بەڵکوو لە ئەمریکاش چیاکانی ئەوێ هاوڕێی سەربەخۆییخوازان و باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا بوون. چونکە شۆڕشگێڕانی ئەمریکا زۆر جار هانایان بۆ چیاکانی ئەمریکا دەبرد وەک پەناگە و لەوێوە پشوویان دەدا و خۆیان ڕێک دەخستەوە، بەڵام لێرەدا گرنگە هەڵوەستەیەک بکەین و سوود لە ئەزموونی ئەمریکا وەربگرین، چونکە خەڵکی ئەمریکا دوای شۆڕش و ڕاپەڕین، توانییان ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن و شارستانییەتێکی نوێ بونیات بنێن، بەڵام ئایا ئێمە لە

کوردستان تا چەند توانیومانە ئامانجەکانی ڕاپەڕین بەدەست بهێنین و خەونەکانمان بەدی بهێنین؟

٢- جوگرافیای ئەمریکا:

هەڵکەوتەی جوگرافیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشە، یەکەمجار کە ئەمریکام بینی پێش هەموو شتێک سروشت و ژینگە پاکەکەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەویش چونکە مرۆڤ درەنگ دەستی بە ئەمریکا گەیشتووە، لەبەر ئەوە هەست دەکرێت کە زۆربەی سروشتەکەی وەک خۆیەتی و بەدەستی مرۆڤ پیس نەبووە.

گەورەترین دارستان لە ئەمریکا دەکەوێتە ویلایەتی پێنسڵڤانیا، بەهۆی گەورەیی دارستانەکە تاکوو ئێستا هیچ مرۆڤێک نەیتوانیوە بە پیادە ئەم سەر و ئەو سەری دارستانەکە بکات، ئەمریکا هەر چوار وەرزی ساڵی هەیە بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە بریتیە لە هەبوونی هەر چوار وەرزەکە لە یەک کاتدا، بۆ نمونە لە زستاندا کەشی نیویۆرک (کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانۆسی ئەتڵەسی لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا) زۆر سارد و بەفراویە، بەڵام ئەگەر هەر لەوکاتەدا و لە زستاندا بچیتە ویلایەتی کالیفۆڕنیا (کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانۆسی پاسیفیک لە ڕۆژئاوای ئەمریکا) ئەوا کەشێکی گەرم و فێنک و مامناوەندی هەیە.

پێگەی جوگرافی و خاکی ئەمریکا گونجاو و دەوڵەمەندە بۆ هەموو جۆرە بەروبوومێک، بە جۆرێک ئەگەر ئەمریکا هەموو پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانی و دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بپچڕێنێت، ئەوا بەروبووم و بەرهەمە ناوخۆییەکانی ئەمریکا بەزیادەوە بەشی خەڵکەکەی دەکەن، چونکە زەوییەکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە و بۆ چاندنی هەموو جۆرە بەرهەمێک گونجاوە، بە جۆرێک (بەگوێرەی دوایین داتا) لە ئێستادا ئەمریکا زۆربەی کاڵا و بەرهەمە ناوخۆییەکانی هەناردەی دەرەوە دەکات.

ئەمریـکا بەشـێوەیەک هەڵکەوتـووە کـە هەنـدێ جـار ڕووبـەڕووی کارەسـاتی سروشـتیی گـەورە دەبێتـەوە، وەک زریـان و لافـاو و ئاگرکەوتنـەوەی دارسـتانەکان و.....هتـد، بـەڵام ئـەوەی ئەمریـکا لـە وڵاتانـی تـر جیـا دەکاتـەوە، ئامادەباشـی و بەئاگایـی دەسـەڵات و خەڵکـی ئەمریکایـە بـۆ هـەر ڕووداوێکـی سروشـتی وەک زریانـی تۆڕنـادۆ و سـاندرا.

ڕووبـەری ئەمریـکا (٩,٨٢٦,٩٠٠) کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە، لـە دوای ڕووسـیا و کەنـەدا سـێهەمین وڵاتـی گـەورەی جیهانـە، ئەمریـکا پێکهاتـووە لـە (٥٠) ویلایـەت کـە (٤٨)یـان پێکـەوە لـکاون وئالاسـکا و هاوایـی لەوانـی دیکـە دابـڕاون. بەشـێک لـە زنجیـرە شـاخەکانی ڕاکـی لـە لای ڕۆژئـاواوە دێتـە نێـو ئـەم وڵاتـە، هەروەهـا ڕووبـاری (میسیسـیپی) درێژتریـن ڕووبـاری ئەمریـکای باکـوورە.

ئەمریـکا لـە باکـوورەوە لـکاوە بـە کەنـەدا و لـە سـەر سـنووری باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئەمریـکا و کەنـەدا تاڤگـەی (نیـاگارا) هەڵکەوتـووە کـە ناودارتریـن تاڤگـەی جیهانـە، هەروەهـا ئەمریـکا لـە ڕۆژهەڵاتـەوە دەکەوێتـە سـەر ئۆقیانۆسـی ئەتڵەسـی و درێـژ دەبێتـەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا تاکـوو دەگاتـە سـەر ئۆقیانۆسـی پاسـیفیک، لـە باشووریشـەوە دەگاتـە سـەر کەنـداوی مەکسـیک.

# دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیی ئەمریکا

زنجیرە وتار -٣-

٠٨/٠٣/٢٠٢١

باوکانی دامەزرێنەر (Founding Fathers) بریتی بوون لە کۆمەڵێک سەرکردەی سیاسی کە ڕاگەیاندراوی سەربەخۆیی ئەمریکایان واژۆ کرد و لە جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەشدارییان کرد و دەستووری ئەمریکایان نووسییەوە. بە گوێرەی مێژوونووس «ریچارد ب. مۆریس» ئەم (٧) سەرکردەیەی خوارەوە وەک باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا ناسراون: «جۆرج واشنتن، جۆن ئادامز، بنیامین فرانکلین، جۆن جەی، ئەلێکسەندەر هامیلتۆن، تۆماس جێفرسۆن، جێمس مادیسۆن».

باوکانی دامەزرێنەر لە چواری تەممووزیساڵی (١٧٧٦) سەربەخۆیی ئەمریکایان ڕاگەیاند و دەقی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش لە لایەن «تۆماس جیفرسن» لە ڤێرجینا نووسرایەوە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەبێ ڕەزامەندیی بەریتانیا بوو، بۆیە بەریتانیا بە هێز بەرەنگاری ویستی سەربەخۆیی ئەمریکا بووەوە. دوای شەڕێکی (٨) ساڵە، شانشینی بەریتانیا

ناچاربـوو سـاڵی (١٧٨٣) لـە ڕێککەوتننامـەی «پاریـس» دان بـە سـەربەخۆیی ئەمریـکادا بنێـت. جـۆرج واشـنتن کـە سـەرۆکایەتیی هێـزی سـەربەخۆیی ئەمریـکای دەکـرد، دوای بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی گەڕایـەوە ماڵـی خـۆی لـە ویلایەتـی (ڤێرجینیـا) و ئەمانەتـی سـەرۆکایەتیی ئەمریـکای سـپاردە کۆمەڵێـک لـە هاوڕێکانـی. بـەڵام بەهـۆی ئـەو ڕێـز و پێگەیـەی جـۆرج واشـنتن هەیبـوو، دوای چـوار سـاڵ، هاوڕێکانـی چوونـە دوای و داوایـان لـێ کـرد سـەرۆکایەتیی کۆنگـرەی نووسـینەوەی دەسـتوور بگرێتـە ئەسـتۆ. ئـەم کۆنگرەیـە لـە سـاڵی (١٧٨٧) لـە شـاری فیلادلفیـای ویلایەتـی پێنسـێلڤانیا بەسـترا (ویلایەتـی پێنسـێلڤانیا بـە ویلایەتـی دایـک نـاسراوە، چونکـە شـاری فیلادیلفیـا یەکـەم پایتەخـت بـوو بـەر لـە دروسـتکردنی واشـنتن).

لـەم کۆنگرەیـەدا نوێنەرانـی هـەر (١٣) ویلایەتـی ئەمریـکا ئامادەبـوون (ئـەوکات ئەمریـکا تەنهـا ١٣ ویلایـەت بـوو) دوای سـاڵێک لـە گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینـەوە، دەسـتووری ئەمریـکا دارێـژرا (کـە بـە کۆنتریـن دەسـتووری کارپێکـراو دادەنرێـت، چونکـە نزیکـەی ٢٣٠ سـاڵە بـەردەوام کاری پـێ دەکرێـت).

لێـرەدا گرنگـە بەسـەرهاتێکی هەسـت بزوێنـی (بنیامیـن فرانکلیـن) بـاس بکەیـن کـە یەکێـک بـووە لـە باوکانـی دامەزرێنـەر و ئـەوکات تەمەنـی (٨٣) سـاڵ بـووە و نەیتوانیـوە بـە پێیەکانـی بـڕوات، بۆیـە ڕۆژانـە لەسـەر کورسـی هێناویانـە بـۆ کۆنگـرەی نووسـینەوەی دەسـتوور، ئـەو لـە یاداشـتەکانی خـۆی بـەم شـێوەیە بـاس لـە کۆنگـرەی نووسـینەوەی دەسـتوور دەکات و دەڵێـت:

«لـە مـاوەی سـاڵێکدا ڕۆژانـە دەچوومـە کۆنگـرە و لـە دەرگای هۆڵـی کۆنگـرەوە دەمڕوانیـە تابلۆیـەک کـە لەسـەرەوەی هۆڵەکـە و لەسـەر سـەری جـۆرج واشـنتن هەڵـواسرا بـوو، لـە نـاو تابلۆکـەدا زەردەپـەڕی ڕۆژهەڵاتـن یاخـود ڕۆژ ئاوابـوون کێـشرا بـوو، لـە مـاوەی ئـەم سـاڵەدا بـەردەوام چاوێکـم لەسـەر ئـەم تابلۆیـە بـوو، چونکـە کاتێـک کێشـمەکێش و گفتوگـۆ لـە نێـوان ئەندامانـی کۆنگـرە گـەرم

دەبــوو، ترســم هەبــوو کــە نەتوانیــن لەســەر دەســتوور بگەیــن بــە ڕێککەوتــن، بۆیــە دەمگــوت ئەمــە تابلــۆی ڕۆژئــاوا بوونــە و شــەوێکی ڕەش چاوەڕێــی ئەمریــکا دەکات، بــەڵام لــە دوا ڕۆژەکانــی کۆنگــرە کاتێــک گەیشــتین بەرێککەوتــن و هەمــوو ئەندامــەکان ڕەشنووســی دەســتووری ئەمریکایــان واژۆ کــرد، ئــەو کات گوتــم ئــەم تابلۆیــە ئاماژەیــە بــە زەردەپــەڕی ڕۆژهەڵاتــن و بەهــۆی ئــەم دەســتوورەوە ڕۆژێکــی ڕوونــاک و پڕشــنگدار چاوەڕێــی ئەمریــکا دەکات».

دەســتووری ئەمریــکا لــە (٧) مــاددە پێکهاتــووە، کــە تێیــدا ســنوری دەســتەڵاتەکانی (یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادوەری) بــە ڕوونــی دیــاری کــراون، ئــەم دەســتوورە لــە مــاوەی ســاڵێکدا (١٧٨٧) لــە کۆنگــرەی فیلادلفیــا وەک ڕەشــنووس نووسراوەتــەوە و مــاوەی ســاڵێکی تریشــی پێچــووە (١٧٨٨) تاکــوو بڵاوکراوەتــەوە و بەســەر دانیشــتوانی هــەر ســێزدە ویلایەتەکــەدا دابەشــکراوە، ســەرەنجام لــە ســاڵی (١٧٨٩) پەســەندکرا و چــووە بــواری جێبەجێکردنــەوە، ئــەم دەســتوورە بــە شــێوەیەک نووسراوەتــەوە کــە لەگــەڵ هەمــوو ســەردەمەکان خــۆی بگونجێنێــت و دەکــرێ بــە گوێــرەی پێویســت هەمــوار بکرێتــەوە و گۆڕانکاریــی تێــدا بکرێــت، لــە ســاڵی (١٧٨٩) تاکــوو ئێســتا (٢٧) جــار هەمــوار کراوەتــەوە.

لەڕێــگای ئــەم دەســتوورەوە سیســتەمی فیدڕاڵــی بــۆ ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا چەســپێنرا و بــە هۆیــەوە ئەمریــکا بــوو بــە کۆنتریــن وڵاتــی (فیدراڵــی دەســتووری) کــە لەســەر بنەمــای دیموکراســی بنیــات نرابێــت و ئــەرک و مــاف و ئازادیــی تــاک و ئازادیــی ڕادەربڕیــن و مافــی کەمینەکانیــش لەنــاو ئــەم دەســتوورەدا پارێــزراو بێــت.

دەســتووری ئەمریــکا بــووە دایکــی هەمــوو یاســاکان و چەتــری هەمــوو ڕێســاکان، بــە گوێــرەی ئــەم دەســتوورە دەســەڵاتی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا لەســەر بنەمــای جودایــی و هاوســەنگی (check and balances) دابەشــکرا و ســنوور و هێــزی هــەر ســێ دەســتەڵاتی «یاســادانان و جێبەجێکــردن

و دادوەری» دیــاری کــرا.

لــە سیســتەمی فیدڕاڵیــی ئەمریکیــدا، دەســەڵات بەســەر ســێ بەشــی: (فیدڕاڵــی، ویلایەتــەکان، ناوچەیــی) دابــەش کــراوە:

١- بەشی فیدڕاڵی خۆی لە سێ دەسەڵاتدا دەبینێتەوە:

یاســادانان: پێکهاتــووە لــە ئەنجومەنــی پیــران و ئەنجومەنــی نوێنــەرەکان و ئــەم ئەرکانەیــان لەئەســتۆدایە:

پەســندکردنی یاســای فیدڕاڵــی، ڕاگەیاندنــی شــەڕ، چاودێــری بەشــەکانی دیکــەی حکوومــەت و لێپرســینەوە کــە لــە ئاکامــی ئەمــەدا دەتوانــن کەســانێک لــە حکوومــەت لابــەرن.

ئەنجومەنــی نوێنــەران (٤٣٥) ئەندامــی هەیــە کــە مافــی دەنگدانیــان هەیــە و هەریــەک نوێنەرایەتــی ویلایەتــی خۆیــان بــۆ مــاوەی (٢) ســاڵ دەکــەن. ژمــارەی نوێنەرانــی هــەر ویلایەتێــک بــە پێــی ژمــارەی دانیشــتوانی ئــەو ویلایەتــە دادەنرێــت کــە هــەر دەســاڵ جارێــک ژمــارەی دانیشــتوان مەزەنــدە دەکرێــت. بــۆ نموونــە هەندێــک ویلایەتــی کەمینــە ژمــارەی نوێنەرەکانیــان کەمــن و ویلایەتــی گــەورەش ژمــارەی نوێنەرەکانیــان زۆرن بــۆ نمونــە ویلایەتــی کالیفۆرنیــا (٥٥) نوێنــەری هەیــە.

ســەنات یــان ئەنجومەنــی پیــران (١٠٠) ئەندامــی هەیــە واتــە هــەر ویلایەتێــک ٢ نوێنــەری هەیــە. ســەناتۆرەکان بــۆ مــاوەی (٦) ســاڵ هەڵدەبژێردرێــن و هەمــوو دوو ســاڵ جارێــک یــەک لەســەر ســێی کورســییەکان دووبــارە هەڵبژاردنــی بــۆ دەکرێــت.

جێبەجێکــردن: ســەرۆک کۆمــار، ســکرتێری گشــتیی هەمــوو هێــزە نیزامییەکانــە، دەتوانــێ پەســندکراوەکانی کۆنگرێــس (پێــش ئــەوەی بــبن بــە یاســا) هەڵوەشــێنێتەوە. هەروەهــا دەتوانــێ وەزیرەکانــی کابینــە هەڵبژێرێــت (پێویســتی بــە پەســندکردن لــە لایــەن ئەنجومەنــی پیرانــەوە هەیــە). وادەی

خزمەتــی ســەرۆک کۆمــار (٤) ســاڵە و دەتوانــێ تەنهــا بــۆ دوو خــول خــۆی هەڵبژێرێــت.

دادوەری: دادگای بــاڵا و دادگاکانــی فیدڕاڵــی کــە ســەرۆکەکانی لەلایــەن ســەرۆک کۆمــارەوە پێشــنیار دەکرێــن و ئەنجومەنــی پیــران (ســینات) پەســەندیان دەکات، چاودێریــی یاســا و چۆنیەتیــی جێبەجێکردنــی یاســا و ڕێســاکان دەکــەن.

ســەرۆک کۆمــار بــە ڕای ڕاســتەوخۆی خەڵــک پەســند ناکــرێ بەڵکــوو خەڵــک ئەنجومەنێــک هەڵدەبژێــرن (ئیلیکتــۆراڵ کۆلیــج) کــە ژمارەیــان (٥٣٨) ئەندامــە ئــەم ژمارەیــە هاتــووە لــە کــۆی ژمــارەی ئەندامانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران (٤٣٥) لەگــەڵ ئەندامانــی ئەنجومەنــی پیــران (١٠٠) لەگــەڵ (٣) نوێنــەری واشــنتنی پایتەخــت، ئــەم ئەنجومەنــە ســەرۆک هەڵدەبژێــرن، بەجۆرێــک هــەر کاندیدێکــی ســەرۆکایەتی دەنگــی (نیــوە+١)ی ئــەم ئەنجومەنــە بەدەســت بهێنێــت ئــەوا دەبێتــە ســەرۆکی ئەمریــکا. ئەندامەکانــی دادگای بــاڵای فیدراڵــی ئەمریــکاش پێــک هاتــوون لــە (٩) ئەنــدام کــە تاکــوو مــردن وەک دادوەر لــە پۆســتەکانیاندا دەمێننــەوە.

٢- بەشــی ویلایەتــەکان بەهەمــان شــێوەی دەســەڵاتی فیــدڕاڵ دەســەڵاتی تایبــەت بەخۆیــان هەیــە لــە هەرســێ جۆرەکــەدا (یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادوەری).

٣- بەشــی ناوچەییــش بــۆ نمونــە (شــارەوانی) وەک دەســەڵاتی ئــەو ناوچەیــە ئەرکــی خزمەتگوزاریــی لەئەســتۆدایە.

جێــگای ئاماژەپێدانــە کــەوا مێــژووی نزیکــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا خاوەنــی سیســتەمی دوو حیزبییــە، کــە بریتیــن لــە پارتــی دیموکــرات کــە ســاڵی (١٨٢٨) دامــەزراوە هەروەهــا پارتــی کۆمــاری کــە لــە ســاڵی (١٨٥٤) دامــەزراوە. لــە هەڵبژاردنەکانیشــدا، نوێنەرانــی ئــەو دوو حیزبــە وەک نوێنەرانــی ســەرەکیی جەمــاوەر لــە قەڵــەم دەدرێــن، بــەڵام جگــە لــەم دوو حیزبــە گەورەیــە،

حیزبـی تریـش هـەن وەک پارتـی سـەوز و پارتـی ئازادیخـوازەکان، بـەڵام لاواز و بــێ کاریگــەرن.

لــە کولتــووری سیاســیی ئەمریــکادا، کۆماریخــوازەکان زیاتــر خۆپارێــز و ڕاســترەون بــەڵام دیموکراتــەکان زیاتــر لیبــڕاڵ و چەپــڕەون.

ویلایەتەکانــی باکــووری ڕۆژهــەڵات و کەنــاری ڕۆژئــاوا بــە پشــتیوانیی دیموکراتــەکان دادەنرێــن بــەڵام ویلایەتەکانــی باشــوور و ناوەڕاســت و ڕۆژئــاواش بــە پشــتیوانی کۆماریــەکان دادەنرێــن، بــەڵام ئــەم نەخشــەیە جێگیــر نیــە بەڵکــوو جــارە گۆڕانکاریــی بەســەردادێت.

لــە ئەمریــکادا تاکــوو ئێســتا (٤٦) کەســایەتی بوونەتــە ســەرۆک کۆمــار کــە دووانیــان کــوڕ و باوکــن ئەوانیــش «جــۆرج دەبلیــوو بــوش و جــۆرج بۆشــن» کــە هەردووکیــان کاندیــدای پارتــی کۆمــاری بــوون. لەنێــوان ئــەو (٤٦) ســەرۆکە تەنیــا یەکێکیــان ڕەش پێســت بــوو، ئەویــش «بــاراک ئۆبامــا» بــوو کــە کاندیــدی پارتــی دیموکــرات بــوو و لــە ســاڵی (٢٠٠٨) بــە (٤٤)ــەمین ســەرۆک کۆمــاری ئەمریــکا هەڵبژێــردرا، بــەڵام یەکێــک لــە خەوشــەکانی دیموکراســیەتی ئەمریــکا بریتییــە لــەوەی کــە تاکــوو ئێســتا هیــچ ئافرەتێــک نەیتوانیــوە بگاتــە کورســیی ســەرۆکایەتیی کۆشــکی ســپی، ئەمــەش بــە یەکێــک لــە کــەم و کوڕییەکانــی دیموکراســیەتی ئەمریــکا لەقەڵــەم دەدرێــت بەتایبــەت لەکاتێکــدا کــە ئەمــڕۆ ئافرەتانــی ئەمریــکا و جیهــان یــادی (٨)ی مــارس دەکەنــەوە و داوای مــاف و یەکســانیی زیاتــر دەکــەن لــە هەمــوو بوارەکانــدا.

# بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا

زنجیرە وتار -٤-

١١/٠٣/٢٠٢١

بە زمانێکی سادە و بە کورتی و پوختی دەتوانین بڵێین بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا بریتین لە:

١- پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا.

٢- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

٣- دەستەبەرکردنی خۆشترین ژیان بۆ هاووڵاتییانی ئەمریکا.

٤- گرنگیدان لە ناوخۆ و بڕەودان لە دەرەوە بە «بەها پیرۆزەکان» کەوا ئەمریکای پێ جیادەکرێتەوە لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان، بەهاکانی ئەمریکا بریتین لە: «دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی تاک و ئازادی ڕادەربڕین و ...».

ئەم چوار بنەمایەی سەرەوە فەلسەفەی کارکردنی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکان (کۆمارییەکان و دیموکراتەکان) بەڵام هەریەکەیان میکانیزم و شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی

بەرژەوەندییـــەکان و ئاسایشـــی نەتەوەیـــی ئەمریـــکا و فەراهەمکردنـــی خۆشـــگوزەرانی و بڵاوکردنـــەوەی بەهـــا بـــەرزەکان.

لێرەدا دەتوانین بەکورتی سیاسەتی ئەمریکا پۆلێن بکەین بۆ:

١- سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا:

سیاســـەتی ناوخـــۆی ئەمریـــکا چـــڕ بووەتـــەوە بـــۆ بەدیهێنانـــی خەونـــی ئەمریکـی (American dream) لـە خـوارەوە بەکورتـی بـاس لـە چەمکـی «خەونـی ئەمریکـــی» دەکەیـــن:

کاتـــی خـــۆی بەهـــۆی زۆرێـــک لـــە پەنابـــەران کاتێـــک بـــە کەشـــتی کۆچیـــان دەکـرد بـۆ ئەمریـکا، یەکـەم شـت کـە دەیانبینـی «پەیکـەری ئـازادی» بـوو، هـەر بۆیـە ئـەم پەیکـەرە بـووە ڕەمـزی ژیانێکـی ئـازاد و نـوێ و شـکۆمەند، ئێسـتاش بـە نیشـانەی خەونـی ئەمریکـی نـاسراوە.

کەواتـــە دەتوانیـــن بڵێیـــن خەونـــی ئەمریکـــی: هەســـتێکی نەتەوەیـــی گەلـــی ئەمریکایـــە، کـــە چەنـــد بیرۆکەیـــەک دەگرێتـــەوە لەوانـــە ئـــازادی و هەلـــی کار و سـەرکەوتنی دارایـی و هەسـتکردن بـە یەکسـانی لـە ئـەرک و مافـدا، «جەیمـس تروسـلۆو ئادامـز» لـە سـاڵی (١٩٣١) پێناسـەی کـردووە بـە توانـای فەراهەمکردنـی ژیانێکـی باشـتر و دەوڵەمەندتـر و شـەرەفمەندانەتر و بەختەوەرتـر، ئـەم خەونـە لــە دێــڕی دووەمــی ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی ئەمریــکا بــەم شــێوەیە ئامــاژەی پــێ کــراوە:

هەمـــوو پیـــاوان بـــە یەکســـانی دروســـتکراون و دروســـتکاریان هەنـــدێ مافـــی نەگـــوازراوی پـــێ بەخشـــیون لەوانـــە ژیـــان و ئـــازادی و هەوڵـــی بەدەســـتهێنانی بەختـــەوەری؛ بۆیـــە حکوومەتـــی ئەمریـــکا لەســـەر بنەمـــای ئـــەم قســـەیەی ئەبراهـــام لینکۆڵـــن (١٦)میـــن ســـەرۆکی ئەمریـــکا کاردەکات کـــە دەڵێـــت:

that government of the people, by the people, for the people, shall not" perish from the earth" Abraham Lincoln

مانـا قووڵەکـەی ئـەم قسـەیەی ئەبراهـام لینکۆڵـن (کـە دوای جـۆرج واشـنتن بـە گەورەتریـن سـەرۆکی ئەمریـکا لەقەڵـەم دەدرێـت) ئەوەیـە کـە «حکوومەتێـک هـی خەڵـک بێـت و لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵبژێـردرا بێـت و لـە پێنـاو خزمەتکردنـی خەڵـک کار بـکات، لەنـاو ناچێـت لـە سـەر زەوی».

بۆیــە حکوومــەت لەدیــدگای کۆمەڵگــەی ئەمریکیــدا بەچــاوی دەزگایــەک یاخــود ئامرازێـک بـۆ خزمەتکردنـی کۆمەڵگـە سـەیر دەکرێـت، حکوومەتیـش بــە ئەرکــی خــۆی دەزانــێ کــە هەمــوو هەوڵێــک بخاتــە گــەڕ لــە پێنــاو خۆشــگوزەرانیی هاووڵاتیانــی ئەمریــکا.

٢- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:

سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی بنیاتـنراوە بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئەمریـکا نـە دۆسـتی بـەردەوام و نـە دوژمنـی بەردەوامـی هەیـە، بەڵکـوو بەرژەوەندیـی بەردەوامـی هەیـە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە سـەردەمی سـەرۆکی پێشـوو (دۆناڵـد ترەمـپ) بـە ڕوونـی و ڕاشـکاوی دەرکـەوت کاتێـک گوتـی «America is First» واتـا ئەمریـکا یەکەمـە و، بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لــە پێــش هەمــوو شــتێکەوەیە. لــەو ســۆنگەیەوە دەتوانیــن بڵێیــن بنەمــا سـەرەکییەکەی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا بریتیـە لـە پاراسـتنی بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابـووری و سـەربازییەکانی خەڵکـی ئەمریـکا.

ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە کـەوا واشـنتن چەقـی بڕیـارە چارەنوسسـازەکانی جیهانـە. هەروەهـا ئەمریـکا بەهـۆی پێگەکەیـەوە بـە زلهێزتریـن وڵاتـی جیهـان دەناسرێــت و کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر دۆخــی ئابــووری و سیاســی و ســەربازیی هەمــوو دنیــا هەیــە، چونکــە ئەمریــکا ئەندامــی هەمیشــەیی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــە کــە بــارەگا ســەرەکییەکەی لــە شــاری نیویۆرکــە، هەروەهــا ئەمریــکا ئەندامــی» G٨ و NATO و G٢٠«ــە و پەیوەندییەکــی تایبەتــی لەگــەڵ بەریتانیــا و ئیسرائیــل و پەیوەندییەکــی

قایمیشـــی لەگـــەڵ کۆمەڵێـــک وڵاتانـــی وەک «فەرەنســـا، ئەڵمانیـــا، کەنـــەدا، ئۆســـترالیا، نیوزیلانـــد، فیلیپیـــن، ژاپـــۆن، کۆریـــای باشـــوور و ...» هەیـــە. هەروەهـــا ئەندامـــی دامەزرێنـــەری ڕێکخـــراوی ناتۆیـــە و هـــاوکاری و هەماهەنگیـــی تـــەواوی ئەندامانـــی ناتـــۆ دەکات لـــە هەوڵەکانیـــان بـــۆ دەســـتەبەرکردنی ئاشـــتی و ئاســـایش بـــۆ وڵاتەکانیـــان.

لـــە کۆتاییـــدا بـــە کورتـــی و پوختـــی دەتوانیـــن بڵێیـــن کـــەوا ئەمریـــکا لـــە ڕووی سیاســـی و ئابـــووری و ســـەربازییەوە زلهێزتریـــن وڵاتـــە، هەروەهـــا ئەمریـــکا بـــە پۆلیســـی جیهـــان لەقەڵـــەم دەدرێـــت، چونکـــە لەسەرانســـەری دونیـــادا نزیکـــەی (٨٦٥) پێگـــەی ســـەربازیی هەیـــە و هەندێـــک جـــار بـــە «ئیمپراتـــۆری پێگـــەکان» نـــاوی دەبـــەن.

# ئابووریی ئەمریكا

زنجیرە وتار -٥-

١٥/٠٣/٢٠٢١

سـێكتەری «ئابـووری»ی ئەمریـكا سـەنتەری هەمـوو كار و كاردانەوەكانـی ئەمریكایـە؛ بـە مانایەكـی تـر، سیاسـەت و سـتراتیژییەتی هەمـوو سـێكتەرەكانی ئەمریـكا (بـە هـەردوو كەرتـی گشـتی و تایبەتـەوە)، لـە خزمـەت بەرژەوەندیـی سـێكتەری ئابووریـی ئەمریكادایـە.

ئەمریـكا خاوەنـی سیسـتەمێكی زەبەلاحـی ئابووریـی كاپیتالیـزم و سـەرمایەداری و بـازاڕی ئـازادە كـە بـە سـەرچاوەی سروشـتی و مرۆیـی و ژێرخانـی بەهێـز دەوڵەمەندكـراوە، بـە پێـی لێژنـەی نێودەوڵەتیـی دراو، ئابووریـی ئەمریـكا (٢٥٪)ی ئابووریـی هەمـوو جیهـان پێكدەهێنێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا یەكێـك لـەو دیـاردە ناشـیرینانەی لـە زۆربـەی شـارەكانی ئەمریـكا بەرچـاوم كـەوت، دیـاردەی هـەژاری و خەڵكـی بـێ مـاڵ (Homeless) بـوو، لەوكاتـەدا پرسـیارێكم لـەلا گەڵاڵـە بـوو:

چـۆن دەبێـت ئەمریـكا لەلایـەك خـاوەن زلهێزتریـن ئابووریـی جیهـان بێـت

و لەلایەکــی تریــش نزیکــەی (٨) ملیــون هاووڵاتیــی ئەمریکــی لەســەر شــەقام بخــەون و بــێ مــاڵ و حــاڵ بــن؟

دواتــر بــۆم دیارکــەوت کــە زۆربــەی ئــەو خەڵکانــەی لەســەر شــەقام دەخــەون خەڵکــی کار نەکــەر و تەمبــەڵ و دۆڕاو و ئالوودەبــووی مــاددە هۆشــبەرەکانن. سیســتەمی ئابووریــی ئەمریــکاش بەشــێوەیەک ڕێکخــراوە کــە دەبێــت هەمــوو کەســێک کار بــکات بــۆ ئــەوەی بەشــکۆمەندی بــژی، بــە جۆرێــک کــە تاکەکانــی کۆمەڵگــەی ئەمریکــی ڕۆژانــە لــە کاتژمێــر (٨)ی بەیانــی لــە ســەر کارن تاکــوو (٤)ی ئێــوارە، ئەمــەش فەلســەفەی مانــەوەی ئابووریــی ئەمریکایــە لــە لووتکــەدا.

«دۆلار» دراوی ئەمریکایــە و بەهێزتریــن و ســەرەکیترین دراوی سەرانســەری جیهانــە. لــە دوای ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی ئەمریــکا، کاتێــک بڕیاریــان دا «دۆلار» لــە ســکە بــدەن، پێشــنیازیان بــۆ «جــۆرج واشــنتن» کــرد کــە وێنەکــەی بخرێتــە ســەر دراوی (١٠٠) دۆلاری تاکــوو بەهــۆی بەهێزیــی کەســایەتییەکەیەوە دۆلار بەهێزتــر بێــت، ســەرەتا «جــۆرج واشــنتن» ڕازی نەبــوو کــە وێنەکــەی بخرێتــە ســەر دۆلار بــەڵام دوای فشــارێکی زۆر ڕازی بــوو، گوتــی ڕازیــم بــە مەرجێــک (دەبــێ وێنەکــەم بخرێتــە ســەر تــاک (١) دۆلاری نــەک ســەد (١٠٠) دۆلاری، چونکــە هەمووکەســێک دەتوانێــت تــاک دۆلارێکــی دەســت بکەوێــت، بــەڵام ڕەنگــە هەمــوو کەســێک نەتوانێــت ســەد (١٠٠) دۆلاری دەســت بکەوێــت، بۆیــە وێنــەی «جــۆرج واشــنتن» لەســەر تــاک دۆلار کێــشرا.

ئەمریــکا ئاڵوگــۆڕی بازرگانیــی لەگــەڵ زۆرێــک لــە وڵاتانــی جیهــان ئەنجــام دەدات، بۆیــە پلــەی یەکەمــی گرتــووە لــە هاوردەکردنــی کەلوپــەل بــۆ ناوخــۆ و لــە هەناردنیشــدا پلــەی دووەمــی هەیــە.

ئــەم وڵاتانــە گەورەتریــن هــاوکاری بازرگانــی و ئابووریــی ئەمریــکان: کەنــەدا، چیــن، مەکســیک، ژاپــۆن ، ئەڵمانیــا، وڵاتانــی کەنــداوی عەرەبــی. ئەمریــکا لــە هەمــوو شــتێک زیاتــر «نــەوت» هــاوردە دەکات و لەهەمــوو شــتێک زیاتــر

«ئۆتۆمبێـــل» هەنـــاردە دەکات، وڵاتـــی چینیـــش گەورەتریـــن «قەرزڕاگـــری» ئەمریکایـــە.

ئەمریـــکا پێشـــەنگی وڵاتانـــی دنیایـــە لـــە ڕووی تەکنەلۆژیـــای IT) ئـــای تـــی) و ئەلیکترۆنیـــات و پیشەســـازی و کشـــتوکاڵ و مـــاددە کیمایییـــەکان. هەروەهـــا ئەمریـــکا ســـێهەمین بەرهەمهێنـــەری نەوتـــە لـــە دنیـــادا و هـــاوکات گەورەتریـــن هاوردەکـــەری نەوتیشـــە، پلـــەی یەکەمـــی هەیـــە لـــە بەرهەمهێنانـــی کارەبـــا و وزەی ناوکـــی و هەروەهـــا گازی سروشـــتی، شـــلە، ســـولفور، فۆســـفات و خـــوێ، لـــە هەمـــان کاتـــدا ئەمریـــکا گەورەتریـــن بەرهەمهێنـــەری پێپســـی و کـــۆکا کـــۆلا و مەکدۆناڵـــدە، کـــە ســـێ ناسراوتریـــن براندەکانـــی دنیـــان.

ئەمریـــکا یەکێکـــە لـــەو وڵاتانـــەی کـــە زۆرتریـــن ژمـــارەی کرێـــکاری هەیـــە، بەجۆرێـــک ژمـــارەی کرێکارانـــی ئەمریـــکا لـــە ســـاڵی (٢٠١٩)دا نزیکـــەی (١٦٥) ملیـــون کرێـــکار بـــوون، هەروەهـــا گەورەتریـــن و باشـــترین خزمەتگوزاریـــی «ســـەلامەتی کۆمەڵگەیـــی»ی هەیـــە، ئەگەرچـــی «پەتـــای کۆڕۆنـــا» شـــڵەژانێکی بێوێنـــەی لـــە ســـێکتەری ئابووریـــی ئەمریـــکادا دروســـت کـــرد، بـــە جۆرێـــک ئەمریـــکا ژمـــارەی پێوانەیـــی تۆمارکـــرد لـــە ڕێـــژەی بێـــکاری و ڕێـــژەی تووشـــبووانی کۆڕۆنـــا و ڕێـــژەی مردووانـــدا، بـــەڵام دوای دۆزینـــەوی «ڤاکســـینی فایـــزەر و جۆنســـۆن & جۆنســـۆن»، ئەمریـــکا خەریکـــە لـــەڕووی ئابوورییـــەوە دەگەڕێتـــەوە ئاســـتی جارانـــی و بگـــرە بـــە هێزتریـــش، لـــەم چوارچێوەیـــەدا ســـەرۆکی نوێـــی ئەمریـــکا (جـــۆ بایـــدن) گوتـــی: لـــە (٤)ی تەمـــوزدا (کـــە هاوکاتـــە لەگـــەڵ یـــادی ســـەربەخۆیی ئەمریـــکا) ئاهەنگـــی ڕزگاربـــوون لـــە کۆڕۆنـــا دەگێڕیـــن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە:

چۆن ئەمریکا بووەتە خاوەن بەهێزترین ئابووری جیهان؟

وەڵام: کۆمەڵێـــک فاکتـــەر لـــە پـــاڵ بـــە «ســـوپەرپاوەر» بوونـــی ئەمریـــکان لـــە ڕووی ئابوورییـــەوە، گرنگترینیـــان:

١- سەقامگیریی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیی ئەمریکا (بە هۆی بوونی دەستوورێکی ڕێزلێگیراو) لە ئەنجامدا سەقامگیری و بەهێزیی سێکتەری ئابووری و بازرگانیی لێ کەوتۆتەوە.

٢- بە هۆی پیادەکردنی سیستەمی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) و بازاڕی ئازاد کە هیچ بەربەستێک ناناسێت جگە لە بەدەست هێنانی قازانج.

٣- ئەمریکا لە (چوار) شۆڕشی پیشەسازی، خاوەندارییەتی و پێشەنگیی سەرهەڵدانی «سێ» شۆڕشی کردووە:

شۆڕشی پیشەسازیی یەکەم لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم لە بەریتانیا سەری هەڵدا، کاتێک (ئامێر) داهێنرا و جێگای دەستی کاری مرۆڤی گرتەوە بە تایبەت لە سێکتەری کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی لۆکە.

شۆڕشی پیشەسازیی دووەم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەمریکا سەری هەڵدا، کاتێک کارەبا داهێنرا و گۆڕانکاریی گەورەی دروست کرد لە بەرەوپێشچوونی هەموو سێکتەرەکان بەتایبەت سێکتەری ئابووری.

شۆڕشی پیشەسازیی سێهەم لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا سەری هەڵدا، کاتێک «کۆمپیوتەر» داهێنرا و گۆڕانکاریی گەورەی دروست کرد لە بەرەو پێشچوونی هەموو سێکتەرەکان بەتایبەت سێکتەری ئابووری.

لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا ئەمریکا پێشەنگیی وڵاتە پێشکەوتووەکان دەکات لە خاوەندارییەتی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم کە بریتییە لە شۆڕشی ژمارەیی و زیرەکیی دەستکرد AI و نانۆ تەکنەلۆجی و...هتد کە گۆڕانکاریی گەورە دروست دەکات لە بەرەو پێشچوونی هەموو سێکتەرەکان، بەتایبەت سێکتەری ئابووری.

لە کۆتاییدا گرنگە ئەم ڕاستییە بزانین کەوا «بەهێزی و دوڵەمەندیی سێکتەری ئابووریی ئەمریکا» چەندە پشتبەستووە بە سەرچاوە سروشتییەکان، دوو ئەوەندە پشتبەستووە بە سەرچاوە مرۆییەکان و عەقڵە

داهێنــەرەکان. واتــە دەکــرێ بڵێیــن داهاتــی کۆمپانیاکانــی تەکنەلۆژیــای وەک «ئەپــڵ و مایکرۆســۆفت» زۆر زیاتــرە لــە داهاتــی ســەرچاوە سروشــتییەکانی وەک نــەوت و کانزاکانــی تــر، بــۆ نموونــە تێچــووی دروســتکردنی یــەک مۆبایلــی (ئەپــڵ) چەنــد دۆلارێکــە بــەڵام لــە بازاڕەکانــی جیهانــدا بــە ســەدان دۆلار دەفرۆشرێتــەوە، کەواتــە داهاتــی وەبەرهێنــان لــە ســامانی مرۆیــی و داهێنانــی عەقڵیــدا زۆر زیاتــرە لــە داهاتــی وەبەرهێنــان لــە ســامانە سروشــتییەکان. ئەمــەش وای کــردووە کــەوا داهاتــی کەســێکی وەک «بیــڵ گێتــس» کــە لــە یــەک چرکــەدا (٢٢٦$)ــە، زیاتــر بێــت لــە کۆمپانیایەکــی بەرهەمهێنانــی نــەوت. کەواتــە ئەمریــکا تەنهــا لــە ڕێــگای ســەرچاوە سروشــتییەکانەوە نەبووەتــە «ســوپەرپاوەری ئابــووری» بەڵکــوو لــە ڕێــگای ســەرچاوەی مرۆیــی و داهێنانــی عەقڵیشــەوە بووەتــە خــاوەن بــە هێزتریــن ئابووریــی جیهــان. ئەگــەر ســەیری داهاتــی تەنهــا دوو کۆمپانیــای وەک «فەیســبووک و تویتــەر» بکەیــن، ئینجــا تێدەگەیــن کــەوا داهاتــی «داهێنانــی عەقڵــی مــرۆڤ» چەنــد زیاتــرە لــە داهاتــی ســەرچاوەیەکی سروشــتیی وەک نــەوت. هــەر ئەمەشــە وای کــردووە نرخــی کۆمپانیــای «فەیســبووک» زیاتــر بێــت لــە نرخــی کۆمپانیــای «ئارامکــۆی ســعودیە» کــە زیاتــرە لــە (٧٠٠) ملیــار دۆلارە! لێــرەوە دەگەینــە ئــەو دەرەنجامــەی کــەوا دەوڵەمەندیــی ســێکتەری ئابووریــی ئەمریــکا تەنهــا بەهــۆی سامانە سروشــتییەکانیەوە نییــە، بەڵکــوو بەهــۆی عەقڵــی پشــت دروســتکردنی مۆبایلــەکان و ئەپڵیکەیشــنەکانی نــاو مۆبایلەکانــن وەک «فەیســبووک و تویتــەر و ئینســـتگرام....هتد».

بۆیــە گرنگــە ئێمــەی کوردیــش هەڵوەســتەیەک بکەیــن و ســوود لــە ئەزموونــی ئەمریــکا وەربگریــن، تاوەکــوو لــە پــاڵ وەبەرهێنــان و پشــت بەســتن بــە تەنهــا ســەرچاوە سروشــتییەکانی وەک نــەوت و گاز، هــەوڵ بدەیــن پشــت بــە وەبەرهێنانــی مرۆیــی و داهێنانــی عەقڵــی و ســەرچاوە جۆراوجۆرەکانــی تــر ببەســتین.

# کولتووری ئەمریکا

زنجیرە وتار -٦-

١٨/٠٣/٢٠٢١

یەکەمجار کە پێت دەخەیتە سەر خاکی ئەمریکا، هەست دەکەیت لە ناو مۆزەخانەیەکی گەورە و زەبەلاحدایت، بە جۆرێک سەرت سوڕ دەمێنێ لەو هەموو جۆرە نەتەوە و ڕەنگ و زمان و ئایین و نەریت و بۆنە و خواردن و جلوبەرگ و......هتد، بە کورتی هەست بە جیهانێکی جیاواز دەکەی لەڕووی هەمەڕەنگی لە پێکهاتەی کولتووریی ئەم وڵاتە. چونکە هەر لە سەرەتای دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکاوە خەڵک لە هەر چوار لای دونیاوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردووە و کلتورەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە و تا ئەمڕۆش پاراستوویانە، منیش لەسەرەتای دەستپێکی خوێندنی ماستەردا، یەکەم پرسیارم لە پڕۆفیسۆرەکەم بریتی بوو لە چۆنیەتیی پێکهاتەی کولتووری ئەمریکا؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

«شێوازی پێکهاتەی کولتووری ئەمریکا وەک زەڵاتەیەکی کۆکتێل وایە کە

پـڕ بێـت لـە هەمـوو جـۆرە سـەوزە و میوەیـەک!» بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن ئەمریـکا بـە دەوڵەمەندتریـن وڵاتـی فرەکولتـوور لەسـەر ئاسـتی جیهـان لەقەڵـەم دەدرێـت.

ئەمریـکا لـەڕووی کولتوورییـەوە لـە سـەر بنەمـای «دایڤێرسـتی و جیـاوازی و هەمەڕەنگـی» دروسـت بـووە، بەجۆرێـک هەمـوو کولتوورێـک، لـە ژێـر چەتـری یاسـا و دەسـتووری ئەمریـکادا ڕێزلێگیـراوە. ئـەو گەڕەکـەی مـن تێیـدا دەژیـام پـڕ بـوون لـە خەڵکـی جیـاواز لـە ڕووی ئاییـن و کولتـوور و زمـان. دراوسـێکانمان پێکهاتبـوون لـە مەسـیحی (کاسـۆلیک و پرۆسـتانت و ئەرتۆدۆکـس) و موسـوڵمان (سـوننە و شـیعە) و یەهـودی و بـوزی و عـەرەب و کـورد و ئەوروپـی و ڕۆژهەڵاتـی و ڕۆژئاوایـی، بـەڵام هەموومـان لەسـەر بنەمـای مرۆڤایەتـی ڕێزمـان لـە جیاوازییەکانـی یەکـتر دەگـرت و هەروەهـا بەرانبـەر یاسـاش یەکسـان بوویـن، ئـەوەش یەکێکـە لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی بەهێزیـی ئەمریـکا.

ئـەم جیاوازییـەی سـەرەوە وزە و هێزێکـی کاریگـەری بـە ئەمریـکا بەخشـیوە، هـەر لـە سـەرەتای دروسـت بوونیـەوە ئەمریـکا هەوڵـی کێشـکردنی عەقڵـی جۆراوجـۆری داوە، واتـە پرۆسـەی «کسـب العقـول»ی ئەنجـام داوە، بەجۆرێـک زۆرێـک لـە عەقڵـە زیرەکەکانـی دونیـای بـەرە و خـۆی کێـش کـردوون و زەمینـەی داهێنانـی بـۆ سـاز کـردوون، ئەمـەش هۆکارێکـی سـەرەکیی مانـەوەی ئەمریکایـە لـە لووتکـەدا.

ئەمریـکا تەنهـا لـە ڕووی سیاسـی و ئابـووری و سـەربازییەوە یەکەمـی جیهـان نییـە، بەڵکـوو لـە ڕووی هونـەری و ئەدەبیشـەوە لـە لووتکەدایـە، زۆربەمـان سـەرەتای ئاشـنایەتیمان لەگـەڵ ئەمریـکا بەهـۆی فلیمـە سەرنجڕاکێشـەکانی هۆڵیـوودەوە بـووە.

یەکێـک لـە دروشـمەکانی ئەمریـکا بریتیـە لـە «متمانـە بەخـودا دەکەیـن» (In God We Trust) کـە لەسـەر دۆلاریـش نـوسراوە. ئـاڵای ئەمریـکا پێکهاتـووە

لــە کۆمەڵێـک هێڵــی تەریبــی ســپی و ســور لەگــەڵ (٥٠) ئەســتێرەی ڕەنــگ شـین، دەتوانیـن بڵێیـن گەورەترین شـار و ناوەنـدی بازرگانــی لەســەر ئاســتی ئەمریـکا و جیهــان «شــاری نیویــۆرک»ە

بەگوێــرەی دوایــن داتــا ڕێــژەی پێکهاتــەی گرووپــە ڕەگەزییەکانــی ئەمریــکا بــەم شــێوەی خــوارەوەن:

ئەوروپییە-ئەمریکییەکان (سپی) ٧٢.٤٪

ئەفریقییە-ئەمریکییەکان (رەش) ١٢.٦٪

ئاسیاییە-ئەمریکییەکان (ئاسیایی) ٤.٨٪

ئەمریکییە هیندییەکان و ڕەسەنەکانی ئالاسکا ٠.٩٪

هاواییە ڕەسەنەکان ٠.٢٪

ئەوانیتر ٦.٢٪

کەواتــە دەتوانیــن بڵێیــن یەکێــک لــە هۆکارەکانــی بەهێزبوونــی ئەمریــکا بریتییــە لــە ســوود وەرگرتــن لــە ئەزموونــی کولتــووره جیاوازەکانــی جیهــان و تێکەڵکردنیــان بــە مۆزاییکــی ئەمریکــی و هەوڵــدان بــۆ ڕێزگرتــن لــە پرەنســیپی پێکــەوە ژیانــی دانیشــتووانی ئەمریــکا بــە شــێوەیەکی هاڕمۆنــی لــە پێنــاو پاراســتنی پێگــەی پێکــەوە ژیانــی ئەمریــکا، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەمریــکا هێشــتا بەتــەواوی زاڵ نەبــووە بەســەر بەشــێک لــە کێشــەکانی وەک ڕەگەزپەرســتی و جیاوازیــی چینایەتــی ، بــەڵام فرەکولتــووری و پێگــەی پێکەوەژیانــی ئەمریــکا بوونەتــە فاکتەرێکــی بەهێــز بــۆ داهێنــان و پێشــکەوتنە بەردەوامەکانــی شارســتانییەتی ئەمریــکا.

لــە کۆتاییــدا گرنگــە ئامــاژە بــەو ڕاســتییە بکەیــن کــەوا یەکێــک لــەو خاڵــە گــەش و بەهێزانــەی هەرێمــی کوردســتانی پــێ جیادەکرێتــەوە لــە عێــراق و وڵاتانــی تــری ئــەم ناوچەیــە، بریتییــە لــە فــرە کولتــووری و ســەقامگیری و پێگــەی «پێکەوەژیــان»ی نێــوان هەمــوو پێکهاتــەکان لــە کوردســتان، بەجۆرێــک

لــە هەمــوو شــار و شــارۆچکەکاندا بــە جوانــی هەســتی پــێ دەکرێــت و بــە هاڕمۆنــی ڕەنگــی داوەتــەوە؛ واتــە هەمــوو «ئاییــن و ئاییــنزا و نەتــەوە و مەزهــەب و ئایدۆلۆژیــا و پێکهاتــەکان» بــە ئــازادی و ئاســودەیی لــە کوردســتاندا دەژیــن. ئــەم فرەکولتوورییــەش نــەک تەنهــا بووەتــە جێــگای ســەرنج و سەرســامیی ئەمریکییــەکان، بەڵکــوو بووەتــە جێــگای ســەرنج و سەرســامیی هەمــوو وڵاتانــی ڕۆژئــاوا، بۆیــە گرنگــە کوردســتان وەک چــۆن لــە دێــر زەمانــەوە لانکــەی شارســتانییەتەکان بــووە، لــە ئێستاشــدا بــەردەوام پارێــزگاری لــەم فرەکولتــووری و هارمۆنیــەت و پێگــەی پێکەوەژیــان و ســەقامگیرییە بــکات بــۆ ئــەوەی وەک هەمیشــە نموونەیەکــی جــوان و بەرچــاوی «فرەکولتــووری و دایڤێرســتی» بێــت لــەم ناوچــە ئاڵــۆز و پــڕ کێشــەیەدا.

# جیهان لە ڕوانگەی ئەمریکادا

زنجیرە وتار -٧-

٢٢/٠٣/٢٠٢١

جیهـــان لـــە ڕوانگـــەی ئەمریـــکادا هاوشـــێوەی شـــەمەندەفەڕێکە لـــە (١٩٣) فارغـــۆن پێکهاتـــووە، ئەمریـــکا هەمیشـــە هـــەوڵ دەدات خـــۆی شـــۆفێری ئـــەم شـــەمەندەفەڕە بێـــت و بـــەرەو ئاقـــاری بەرژەوەندییەکانـــی خـــۆی ئاراســـتەی بـــکات، بـــەڵام بەشـــێک لـــە فارغۆنـــەکان لـــە ســـەر ســـکە و ڕێـــڕەوی ئەمریـــکا نـــاڕۆن، بەڵکـــوو لەســـەر ســـکە و ڕێـــڕەوی تایبـــەت بـــە خۆیـــان دەڕۆن، چونکـــە وێســـتگە و ئاراســـتەی بەرژەوەندییەکانیـــان جیـــاوازە لـــە وێســـتگە و ئاراســـتەی بەرژەوەندییەکانـــی ئەمریـــکا. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هـــەر لـــە دوای ڕووخانـــی بلۆکـــی ســـۆڤییەت لـــە ســـاڵی (١٩٩١) تاکـــوو ئێســـتا، ئەمریـــکا سەرمەشـــقی جیهـــان دەکات. ئەگەرچـــی هەندێـــک بۆچـــوون هـــەن بـــاس لـــە دەرکەوتنـــی «چیـــن» دەکـــەن وەک ڕکابەرێکـــی بەهێـــزی ئەمریـــکا، ئەویـــش چونکـــە چیـــن لـــە ڕووی ئابـــووری و بازرگانییـــەوە (تـــا ڕادەیـــەک) توانیویەتـــی لـــە بازاڕەکانـــی جیهانـــدا ڕکابەرایەتیـــی ئەمریـــکا بـــکات، بـــەڵام لـــە ڕووەکانـــی تـــری وەک «سیاســـی، ســـەربازی،

دیپلۆماسی، تەکنەلۆژی، مافی مرۆڤ و هتد، نەیتوانیوە ڕکابەری ئەمریکا بێت، بۆیە پێم وایە بەلایەنی کەم تا کۆتایی سەدەی (٢١) ئەمریکا سەرمەشقی جیهان دەکات.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کەوا سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە وڵاتانی جیهان هیچکات لەسەر بنەمای «ڕق و خۆشەویستی و سۆز» بونیات نەنراون، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بونیات نراوەن؛ بەمانایەکی تر «خەتی سوور»ی دانوستانی ئەمریکا لەگەڵ یار و نەیارەکانیدا، تەنها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە کەوا ئەمریکا جگە لە «پێودانگی بەرژەوەندییەکانی»، بە هیچ پێودانگێکی تر مامەڵە ناکات.

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بریتین لە بەرژەوەندیی «سیاسی، ئابوری، سەربازی، ئەمنی و ....» کە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەنگرێژ دەکەن. ئەم بەرژەوەندییانەش بە پێی «کات و شوێن» دەگۆڕێن؛ بۆیە میکانیزمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە جیهان (هاوشێوەی ماددەی جیوە) هەمیشە لە جووڵەدایە، ئەم فاکتەرەش وای کردووە کەوا ئەمریکا بە یەک شێواز سیاسەت نەکات، بەڵکوو بەپێی کات و شوێن، بە شێواز و میکانیزمی جیاواز، بە گوێرەی خواست و ویستی «بەرژەوەندییەکان»، سیاسەتی دەرەوە دابڕێژێت.

گرنگترین بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش لە چوارچێوەی «سێکتەری ئابووری»دان، کە سەنتەری سیاسەت و ستراتیژییەتی هەموو سێکتەرەکانی تری ئەمریکایە (بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە)؛ بە واتایەکی تر خزمەتکردنی «سێکتەری ئابووریی ئەمریکا» و هێشتنەوەی لە لووتکەی ئابووریی جیهاندا، سەنتەری سیاسەتکردنی هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکا بووە. ئەم خاڵە جەوهەرییەش لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا

(دۆناڵــد ترەمــپ)دا بــە ڕوون و ڕاشــکاوی بــە دیــار کــەوت کاتێــک لــە وتــاری دەســتبەکاربوونیدا گوتــی:

«دەمانەوێــت بەهێزتریــن ئابووریــی جیهانمــان هەبێــت و پــەرە بــە پێوەندییەکانمــان لەگــەڵ وڵاتانــی جیهــان بدەیــن. چیــتر ئەمریــکا لــەو چەقبەســتووییەدا نامێنێتــەوە و دەبێــت پێکــەوە جارێکــی تــر چارەنووســی وڵات دیــاری بکەیــن. دەمەوێــت بــە جیهــان بڵێــم بەرژەوەندیــی ئەمریــکا لــە پێــش هەمــوو شــتێکە و دەمانەوێــت خاڵــە هاوبــەش و بەرژەوەندییــە هاوبەشــەکانمان لەگــەڵ جیهــان بدۆزینــەوە».

بــە کورتــی دەتوانیــن بڵێیــن جیهــان لــە ڕوانگــەی ئەمریــکادا، لەلایــەک کارگەیەکــە بــۆ بەرهەمهێنانــی کەلوپەلــە پێویســتەکان، لەلایەکــی تریــش بازاڕێکــە بــۆ ســاغکردنەوەی کاڵاکانــی، واتــە جیهــان هــەم تاقیگەیەکــە بــۆ تێســتکردن، هەمیــش کێڵگەیــە بــۆ تاقیکردنەوەکانــی ئەمریــکا.

لەکۆتاییــدا گرنگــە ســەرکردایەتیی سیاســیی کوردســتان، «ســوود و پەنــد و وانــە» لــە ئەزموونــی ئەمریــکا وەربگــرن، بــۆ ئــەوەی تەنهــا بــە پێودانگــی بەرژەوەندییــە گشــتییەکانی کوردســتان «مامەڵــە و دانوســتان» بکــەن، نــەک بــە پێودانگــی بەرژەوەندییــە تایبەتــی و حیزبییــەکان!

# کورد لە ڕوانگەی ئەمریکادا

زنجیرە وتار -٨ و کۆتایی-

٢٥/٠٣/٢٠٢١

کورد لە ڕوانگەی ئەمریکادا نەتەوەیەکن کەوتوونەتە سنووری چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیا – ئێران – عێراق – سوریا). ئەم ڕوانگەیەش پێمان دەڵێ کە دۆزی کورد لەلایەن ئەمریکاوە وەک پرسێکی ناوخۆیی چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان سەیر دەکرێت؛ بەڵام پێگەی کوردستان لە دیدگای ئەمریکاوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەلایەک خاوەن پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی ستراتیژییە و وەک «دڵی ڕۆژهەڵاتی» ناوەڕاست وایە، لەلایەکی تریش ژێرخان و سەرخانێکی دەوڵەمەندی هەیە، بۆیە کوردستان هەمیشە بووەتە جێگای چاوتێبڕینی وڵاتانی دوور و نزیک (وڵاتانی داگیرکەری تورک و عەرەب و فارس لەگەڵ زلهێزەکان).

دەتوانین کورد لە ڕوانگەی ئەمریکادا بۆ شەش قۆناغ دابەش بکەین:

١- قوناغی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) قۆناغی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم:

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم سەرۆکی ئەوکاتی

ئەمریــکا (ودرۆ ویڵســن Woodrow Wilson) ڕاگەیەندراوێکــی بەناوبانگــی (١٤) خاڵیــی دەرکــرد کــە لــە خاڵــی (١٢)دا باســی لــە مافــی گەلانــی ژێــر دەســەڵاتی عوســمانی دەکــرد و پەیمانــی دا بــە کارکــردن بــۆ ســەربەخۆیی هەمــوو نەتــەوە ژێردەســتەکانی خەلافەتــی عوســمانی. بــەڵام دڕندەیــی کەمالیســتەکان هەروەهــا چاوچنۆکــی و پیلانــی «ســایکس-پیکۆ»ی بەریتانیــا و فەڕەنســا لەگــەڵ پشتگوێخســتنی مافــی گــەلان لەلایــەن ئەمریــکاوە، خەونــی ســەربەخۆیی کوردیــان لەوکاتــەدا لەبــار بــرد.

٢- قۆناغی دووەم (١٩٧٢-١٩٧٥) قۆناغی سەردەمی نیکسۆن و کیسنجەر:

بەهــۆی هاوپەیمانیــی ئەوکاتــی نێــوان عێــراق و ســۆڤیەت، ئەمریــکا لــە ڕێــگای شــای ئێرانــەوە بەنهێنــی و بــۆ ماوەیەکــی کــورت پشــتگیریی شۆڕشــی کوردیــان کــرد، بــەڵام دوای گەیشــتن بــە ئامانجەکانیــان و لــە ســاڵی (١٩٧٥) شــای ئێــران ڕێککەوتنــی بەدنــاوی جەزائیــری لەگــەڵ ڕژێمــی ســەدام مــۆر کــرد و پشــتیان لــە کــورد کــرد.

٣- قۆناغــی ســێهەم (١٩٩١) قۆناغــی ڕاپەڕیــن و ســەردەمی (جــۆرج بــوش) ی بــاوک:

دوای شــەڕی کەنــداو جــۆرج بــوش (بــاوک) لــە وتارێکــدا کــورد و شــیعەی هــان دا بــۆ ئــەوەی دژی ڕژێمــی بەعــس ڕاپــەڕن، بــەڵام لــە ترســی هەژموونــی ئێــران بەســەر ڕاپەڕینــی شــیعەدا لــە باشــووری عێــراق، ئەمریــکا ڕێــگای بــە ڕژێمــی ســەدام دا کــە ڕاپەڕینــی شــیعە ســەرکوت بــکات و دوو ملیــۆن کوردیــش ئــاوارە بــکات بــۆ ســەر ســنوورەکانی ئێــران و تورکیــا. دوای ئــەم کارەی ڕژێمــی ســەدام لــە ڕێککەوتــی (٥/٤/١٩٩١) ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتــی بڕیــاری (٦٨٨) ی دەرکــرد، ئــەم بڕیــارە خاڵێکــی وەرچەرخــان بــوو بــۆ کــوردی باشــوور، چونکــە بەهــۆی ئــەم بڕیــارەوە خەڵکــی ســیڤیلی هەرێمــی کوردســتان لــە دەســت ڕژێمــی ســەدام پارێــزران. لــەم قۆناغــەدا ئەمریــکا تەنهــا لــە ڕووی مرۆڤدۆســتییەوە

گرنگیـی بـە کـوردی باشـوور دەدا و پێیدەگوتـن «کـوردە باشـەکان» بـێ گوێدانـە کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان (باکـوور و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا).

٤- قۆناغـــی چـــوارەم (٢٠٠٣) قۆناغـــی ڕزگارکردنـــی عێـــراق و ســـەردەمی (جـــۆرج بـــوش)ی کـــوڕ:

دوای یـازدەی سـێپتەمبەری سـاڵی (٢٠٠١) جـۆرج بوشـی کـوڕ بڕیـاری دا ڕژێمـی سـەدام بڕووخێنـێ، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کـوردی عێراقـی وەک فاکتەرێکـی بەهێـز لەقەڵـەم دا بـۆ ڕووخانـدن و دووبـارە بنیاتنانـەوەی عێـڕاق. لـەم قۆناغەشـدا کـورد هەمیشـە گوێڕایەڵـی ئەمریـکا بـووە و بـە هۆیـەوە هەندێـک دەسـتکەوت و مافـی لـە دەسـتووری نوێـی عێراقـدا جێگیرکـران، ئەگەرچـی بەشـێکی زۆری ئـەو بەنـد و بڕگانـەی دەسـتووری عێـراق کـە پەیوەندییـان بـە مافـی کـوردەوە هەبـوو تەنهـا وەک مەرەکەبـی سـەر کاغـەز مانـەوە و جێبەجـێ نەکـران.

٥- قۆناغی پێنجەم (٢٠١٤) قۆناغی شەڕی داعش:

دوای سـەرهەڵدانی داعـش لـە ناوچـە سـوونییەکانی «عێـراق و سـووریا» و دروسـتبوونی هەڕەشـەی جـدی لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا، لـەو کاتـەدا ئەمریـکا هێـزی «پێشـمەرگە»ی وەک «پرۆکـزی و ئامـراز و کارەکتەرێکـی بەهێـز» بەکارهێنـا بـۆ تێکشـکاندنی ئوسـتورەی داعـش. بەتەنهـا هێـزی پێشـمەرگە لـەم شـەڕەدا نزیکـەی (٢) هـەزار شـەهید و (١٠) هـەزار برینـداری بەخشـی. لـەم قۆناغـەدا قارەمانەتیـی پێشـمەرگە بـووە جێـگای سـەرنجی میدیـا و شـەقامی هەمـوو وڵاتانـی دنیـا، چونکـە کـورد لـە جیاتـی جیهانـی ئـازاد شـەڕی تیرۆریسـتانی داعشـی کـرد.

٦- قۆناغی شەشەم (٢٠١٧) قۆناغی ڕیفراندۆم:

سـەرکەوتنی کـورد بەرانبـەر بـە (داعـش) لەلایـەک و، گەیشـتن بـە بنبەسـت لەگـەڵ حکوومەتـی بەغـدا لەلایەکـی تـر، کـوردی هـان دا کـە ئـەم هەلـە بـە

دەرفـەت بزانـێ بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و جیابوونـەوە لـە عێـراق. خەڵکـی کوردسـتانیش بـە جـۆش و خرۆشـێکی بـێ وێنـەوە لـە پرۆسـەی ڕیفراندۆمـدا بـە ڕێـژەی (٩٢.٧٪) دەنگیـان بـە جیابوونـەوە لـە عێـراق دا. بـەڵام لەبەرئـەوەی ڕیفرانـدۆم لەگـەڵ بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا یەکانگیـر نەبـوو، ئەمریـکا نـەک تەنهـا بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم نارەزایەتیـی دەربـڕی، بەڵکـوو گڵۆپـی سـەوزی بـۆ حەشـدی «عێـراق و ئێـران» هەڵکـرد بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـگای گەلەکۆمەیەکـی ناوخۆیـی و ناوچەییـەوە نیـوەی خاکـی کوردسـتان داگیـر بکـەن.

لـە کۆتاییـدا ئەگـەر گوزەرێکـی خێـرا بـە مێـژووی نزیکـی خۆمانـدا بکەیـن، بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی «ڕاشـکاو و بوێـر» دەسـت لەسـەر ئـەو برینانـە دابنێییـن کـە هـۆکار بـوون لـە دروسـتنەبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان، دەبینیـن چەنـدە هـۆکار و فاکتـەرەکان دەرەکیـن، دوو ئەوەنـدەش ناوخۆییـن!

بەشـێک لـە هـۆکارە ناوخۆییـەکان بریتیـن لـە «پەرتەوازەیـی کـورد و خیانـەت و نەبوونـی سـتراتیژ و ئەجێندایەکـی نیشـتمانی و هتـد»؛ لەگـەڵ هـۆکارە دەرەکییەکانـی وەک «چاوچنۆکیـی دوژمنـان و دڕندەیـی هێـزە ناوچەیـی و داگیرکـەرەکان و بێدەنگیـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و بێهەڵوێسـتیی زلهێـزەکان بەهـۆی یەکانگیرنەبوونـی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ دۆزی کـورد»، ئـەو کۆمەڵـە فاکتـەرە بـوون کـە بـە درێژایـی سـەدەی بیسـت و سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەک، ڕێگربـوون لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی کوردسـتان:

بەڵام هەر کاروانێ
بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ
کەم بن یان زۆر
دەگەن بە خۆر!

# کورد.. هەموو هێلکەکانی ناخاتە یەک سەبەتەوە!

٠١/٠٤/٢٠٢١

ئـەم ناونیشـانەی سـەرەوە مانـای «دیپلۆماسـییەتی هاوسـەنگ» دەگەیەنێـت، کـە بریتییـە لـە سـتراتیژییەتی باڵانـس ڕاگرتـن لـە نێـوان کۆمەڵێـک وڵات و لایەنـی یـار و نەیـاردا. ئـەم سـتراتیژییەتە لەلایـەن بەشـێک لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکانی جیهانـەوە لەسـەر بنەمـای «بەرژەوەندیـی هاوبـەش» پیـادە دەکرێـت. هەرێمـی کوردسـتانیش لـە ئێسـتادا هـەوڵ دەدات هەمـان سـتراتیژییەت جێبەجـێ بـکات، بـەو مانایـەی کـورد هـەوڵ دەدات هەمـوو هێلکەکانـی نەخاتـە یـەک سـەبەتەوە؛ بەڵکـوو دەیەوێـت دابەشـیان بـکات بـە سـەر چەنـد سـەبەتەیەک، ئەمـەش ڕێـگا ڕاسـتەکەیە، چونکـە لـە ڕابـردوودا کـورد چەنـد جارێـک هەمـوو هێلکەکانـی خسـتووەتە یـەک سـەبەتەوە، بـەم هۆیـەوە ڕووبـەڕووی شکسـتی گـەورە بووەتـەوە. بۆیـە گرتنەبـەری سـتراتیژیی «دیپلۆماسـیەتی هاوسـەنگ» لەسـەر بنەمـای «بەرژەوەندیـی هاوبـەش» لـە قۆناغەکانـی ئێسـتا و داهاتووشـدا باشـترین سـتراتیژییەتە بـۆ پاراسـتن و

بەرەوپێشــچوونی قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان.

لــەم چوارچێوەیــەدا خاڵێکــی گرنــگ لــە یاســای بودجــەدا، ئەوەیــە نــەک تەنهــا کــورد هەمــوو هێلکەکانــی نەخســتە ســەبەتەی بەغــداوە، بەڵکــوو ئــەم یاســایە بــە شــێوەیەکی فەرمــی دانــی نــا بــە دەســەڵات و ســەروەریی هەرێمــی کوردســتان بەســەر ســێکتەری نــەوت و گازدا، بۆیــە چــاوەڕوان دەکرێــت داهاتــووی هەرێمــی کوردســتان گــەش و ڕوونــاک بێــت، چونکــە هەرێمــی کوردســتان لەســەر «نەخشــەی وزەی جیهــان» گرنگییەکــی تایبەتــی هەیــە، ئەویــش لەبــەر ئــەوەی کوردســتان خاوەنــی نزیکــەی (٤٥) ملیــار بەرمیــل نەوتــی یــەدەگ و (٥.٦٦) تریلیــۆن مەتــر ســێجا یەدەگــی گازی سرووشــتییە، لەلایەکــی تریشــەوە، هەرێمــی کوردســتان و هێــزی پێشــمەرگە بوونەتــە گەرەنتــی بــۆ پاراســتنی ناوچەکــە لــە هەڕەشــە و مەترســییەکانی تیرۆریســتان.

بــۆ پیادەکردنــی زیاتــری «دیپلۆماســییەتی هاوســەنگ» دەکرێــت هەرێمــی کوردســتان ســوود لــە ئەزموونــی دوو وڵات وەربگرێــت، ئەوانیــش هەریەکــە لــە وڵاتانــی «ســویسرا و ســەڵتەنەی عومان»ــە، چونکــە ئــەم دوو وڵاتــە، توانیویانــە باڵانســێکی بــاش لــە نێــوان وڵاتانــی یــار و نەیــاردا ڕابگــرن. بۆیــە دەکرێــت هەرێمــی کوردســتانیش هــەوڵ بــدات ڕێچکــەی ئــەم دوو وڵاتــە بگرێتەبــەر. ئەگەرچــی هەرێمــی کوردســتان ئەکتەرێکــی نادەوڵەتییــە و زەمینەســازییەکی هاوشــێوەی ئــەم دوو وڵاتــەی نییــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا دەبینیــن نزیکــەی (٤١) کۆنســوڵگەری و نوێنەرایەتیــی وڵاتانــی جۆراوجــۆر لــە هەولێــری پایتەختــدا هــەن و (١٤) نوێنەرایەتیــی هەرێمــی کوردســتانیش لــە کۆمەڵێــک وڵاتانــی جیهانــدا کراونەتــەوە.

لەکۆتاییــدا پێــم وایــە چەنــدە گرنگــە هەرێمــی کوردســتان ســتراتیژیی «دیپلۆماســیەتی هاوســەنگ» پەیــڕەو بــکات و هێلکەکانــی دابــەش بکاتــە ســەر ســەبەتەی چەنــد وڵاتێکــی ناوچەکــە و جیهــان، دوو ئەوەنــدەش گرنگــە کــورد

ناوماڵــی خــۆی ڕێکبخاتــەوە و دیدگایەکــی هاوبــەش دروســت بــکات تاکــوو بتوانێــت لــە ئاســت «هەســتیاریی قۆناغەکــە و گۆڕانکارییەکانــی ناوچەکــە»دا بێــت و ســوود لــە دەرفەتــەکان وەربگرێــت و ڕووبــەڕووی ئاســتەنگەکان بێتــەوە.

# بڕیاری (٦٨٨) و ڕۆژی ویژدانی جیهانیی!

٠٥/٠٤/٢٠٢١

ئەمڕۆ (٣٠) ساڵ بەسەر بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا تێپەڕ دەبێت. ئەم بڕیارە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هات، کاتێک ڕژێمی بەعس هێرشی پێچەوانەی کردە سەر هەرێمی کوردستان و بەهۆیەوە کۆڕەوی ملیۆنی دەستی پێکرد. لە ئەنجامدا «کۆڕەو» بووە ڕووداوێکی ڕاچڵەکێنەر بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە هۆیەوە وەرچەرخانێکی دەگمەن لە مێژووی باشوری کوردستاندا ڕووی دا، ئەویش دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەویش بە هەوڵی بەرچاوی هەرسێ وڵاتی فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا.

ئەم بڕیارە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ کورد لەبەر ئەم سێ خاڵە:

١- بە هۆی ئەم بڕیارەوە بۆ یەکەمجار «دۆزی کورد» لە پرسێکی لۆکاڵی و ناوچەییەوە بووە پرسێکی نێودەوڵەتی و جیهانی، واتە ئەم بڕیارە

هەنگاوێکــی گــەورە و گرنــگ بــوو بــۆ بەرەوپێشــبردن و ناســاندنی دۆزی کــورد لــە ســەر ئاســتی جیهــان.

٢- بەهــۆی ئــەم بڕیــارەوە بــۆ یەکەمجــار «چەتــری پارێزبەنــدی» بــۆ باشــووری کوردســتان هەڵکــرا، کــە بــە هێڵــی (٣٦) یــان دژە فڕیــن (No-fly zone) نــاسراوە. لــەم ڕێگەیــەوە توانــرا خەڵکــی هەرێمــی کوردســتان لــە زوڵــم و زۆرداریــی ڕژێمــی بەعــس پارێــزراو بێــت.

٣- بەهــۆی ئــەم بڕیــارەوە زەمینەیەکــی لەبــار دروســت بــوو بــۆ هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی کوردســتان لــە ڕێکەوتــی (١٩/٥/١٩٩٢) و دواتریــش پێکهێنانــی کابینــەی یەکەمــی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان.

لێــرەدا گرنگــە ئامــاژە بــە چەنــد کەســایەتییەکی نێودەوڵەتــی بکەیــن، کــە لــەو قۆناغــەدا ڕۆڵێکــی گــەورە و گرنگیــان هەبــوو لــە پڕۆســەی لۆبیکــردن و کۆکردنــەوەی پشــتگیری بــۆ دۆزی کــورد و دەرکردنــی بڕیــاری (٦٨٨). لێــرەدا تەنیــا ســێ کارەکتــەر وەک نمونــە بــاس دەکەیــن، ئەوانیــش:

یەکــەم: خاتــوو «دانیــاڵ میــتران» کــە لەنــاو کوردانــدا بــە دایکــی کــوردان نــاوزەد دەکرێــت، هەڵویســتێکی بــێ وێنــەی نوانــد بــۆ پشــتگیریکردنی کــورد و هاندانــی «فرانســوا میــتران»ی هاوســەری کــە ســەرۆکی فەرەنســا بــوو بــۆ پشــتگیریکردنی دۆزی کــورد.

دووەم: «جــۆن مێجــەر»، ســەرۆک وەزیرانــی ئەوکاتــەی بەریتانیــا، ڕۆڵێکــی گرنگــی لــە دەرکردنــی بڕیــاری (٦٨٨) و دروســتکردنی ناوچــەی ئــارام هەبــوو لــە باشــووری کوردســتان.

ســێیەم: «جیمــس بیکــر» وەک یاســاناس و پارێــزەر و (٦١)میــن وەزیــری دەرەوەی ئەمریــکا، ڕۆڵێکــی گرنگــی هەبــوو لــە ئیــدارەی (جــۆرج بۆشــی بــاوک) بــۆ دەرکردنــی بڕیــاری (٦٨٨) و هەروەهــا پێشــتریش بــۆ دەرکردنــی هــەردوو بڕیــاری (٦٦٠ و ٦٦١) کــە تایبــەت بــوون بــە ئیدانەکــردن و ســزادان

و ئابلۆقەدانــی «ڕژێمــی بەعــس» دوای داگیرکردنــی وڵاتــی کوێــت و پێکهێنانــی هاوپەیمانیەتییێکــی گــەورە کــە لــە (٣٤) وڵات پێکهاتبــوون بــۆ ڕزگارکردنــی کوێــت، کــە لــە ئەنجامــدا شــەڕی دووەمــی کەنــداوی لــێ کەوتــەوە و بــە هۆیــەوە «ڕژێمــی بەعــس» گورزێکــی کەمەرشــکێنی پێکــەوت. ئــەم گــورزەش زەمینەیەکــی لەبــاری ســازکرد بــۆ ڕاپەڕینــی خەڵکــی کوردســتان لــە (٥/٣/١٩٩١) و دواتــر کــۆڕەوی ملیۆنیــی بەدواداهــات و پاشــان لــە ڕێــگای ڕاگەیاندنەکانــەوە توانــرا وێنــە و دیمەنەکانــی «کــۆڕەو» بــە وڵاتانــی جیهانــدا پەخــش بکرێــت، ئەمــەش کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی هەبــوو لــە وروژانــدن و هەژاندنــی ویژدانــی شــەقام و ڕای گشــتیی وڵاتانــی جیهــان.

لــە کۆتاییــدا شــایانی تێڕامــان و ئاماژەپێدانــە کــەوا نەتەوەیەکگرتــووەکان لــە ســاڵی (٢٠١٩)ەوە بڕیاریــداوە کــەوا (٥)ی نیســانی هەمــوو ســاڵێک بکرێتــە ڕۆژی ویژدانـــی جیهانـــی (International Day of Conscience) ئـــەم ڕۆژەش هەمـــان ڕۆژی دەرکردنــی بڕیــاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتییــە!

# گەڕی سێیەمی دیالۆگی ستراتیژیی بەغدا - واشنتن بەڕێوەدەچێت!

٠٧/٠٤/٢٠٢١

بڕیارە ئەمڕۆ ٢٠٢١/٤/٧ قۆناغی سێیەمی «دیالۆگی ستراتیژی»، بەشێوازی ئۆن لاین (ڤیدیۆ کۆنفڕانس) لە نێوان «بەغدا و واشنتن»دا بەڕێوە بچێت. بەشداربووانی ئەم گەڕەی دانوستان لەلایەنی ئەمریکاوە بریتی دەبن لە وەزیری دەرەوە (ئەنتۆنی بلینکن) و کۆمەڵێک ڕاوێژکار لە سێکتەرەکانی «سیاسی، ئابووری، سەربازی، ئەمنی، کولتووری، تەندروستی و خوێندنی باڵا»، لەبەرانبەردا بەشداربووانی دانوستان لە لایەن عێراقەوە بریتی دەبن لە وەزیری دەرەوە (فوئاد حسین) و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم (فەوزی هەریری) و کۆمەڵێک ڕاوێژکاری تایبەت بە سێکتەر و بوارە پەیوەندیدارەکانی دانوستان.

ئەم گەڕەی دانوستان لە کاتێکدایە، بڕیارە دوای شەش مانگی تر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە بچێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا بڕیاری داوە بڕی (١٠) ملیۆن دۆلار هاوکاریی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی

عێـراق بـکات بۆئـەوەی بـە شـێوەیەکی پـاک و بێگـەرد بەڕێوەبچێـت.

لـەم گـەڕەی دانوسـتاندا «حکوومەتـی کازمـی» لـە بـەردەم دوو داواکاریـی سـەخت و دژواری هـەر یـەک لـە «ئەمریـکا و ئێران»دایـە، بـە جۆرێـک ئەمریـکا داوای چارەسـەرکردنی کێشـەی میلیشـیاکانی سـەر بـە ئێـران لـە عێـراق دەکات، بـە تایبـەت ئـەو ملیشـیایانەی کـە بـە وەلائـی نـاسراون، چونکـە بەهـۆی هێرشـە مووشـەکییەکانیانەوە بـە بەردەوامـی هەڕەشـەی جـددی دەکەنـە سـەر بەرژەوەندییـە دیپلۆماتـی و سـەربازییەکانی ئەمریـکا. لەبەرانبـەردا میلیشـیاکانی سـەر بـە ئێـران داوا لـە کازمـی دەکـەن بڕیـاری ڕۆژی (٥/١/٢٠٢٠)ی پەرلەمانـی عێـراق جێبەجـێ بـکات کـە تایبەتـە بـە وەدەرنانـی هێزەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانـان. مەبەسـتیان ئـەو بڕیـارەی پەرلەمانـی عێراقـە کـە شـیعەکان دوای دوو ڕۆژ لـە کوژرانـی «قاسـم سـولەیمانی و ئەبـو مەهـدی موهەندیـس» لـە ژێـر فشـاری شـەقامی شـیعەی وەلائـی عێـراق و ئێـران، «بـێ بەشـداریکردنی کـورد و سـووننە» دەریانکـرد.

بـە واتایەکـی تـر حکوومەتـی کازمـی کەوتووەتـە نێـوان بەرداشـی ئەمریـکا و ئێـران، چونکـە لەلایـەک ئەمریـکا داوای لـێ دەکات چارەسـەری کێشـەی میلیشـیا چەکـدارەکان بـکات و بیانخاتـە ژێـر چەتـری سـوپای عێـراق، لەلایەکـی تـر میلیشـیاکان داوا لـە کازمـی دەکـەن بڕیـاری پەرلەمـان جێبەجـێ بـکات و هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق دەربـکات. حکوومەتـی کازمییـش ناتوانێـت هیـچ یەکێـک لـەم دوو داواکارییـە جێبەجـێ بـکات؛ چونکـە نـە دەتوانێـت ڕووبـەڕووی میلیشـا چەکـدارەکان ببێتـەوە «کـە ڕۆژانـە هەڕەشـەی گـوێ بڕینـی لـێ دەکـەن» نـە دەشـتوانێت دەسـتبەرداری ئەمریـکا بێـت، چونکـە عێـراق خاوەنـی ژێرخانێکـی تۆکمـە لـە بوارەکانـی «سیاسـی، ئابـووری، سـەربازی و ئەمنـی» نییـە تاکـوو بتوانێـت دوای کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا خـۆی لەبـەردەم هەڕەشـەکانی داعـش و گرووپەکانـی حەشـدی شـەعبی

ڕابگرێــت، بــەڵام ئامــاژەکان ئەوەمــان پــێ دەڵێــن کــەوا ئیــدارەی «بایــدن»، زیاتــر لــە حکوومەتــی ئێــران موراعاتــی حکوومەتــی کازمــی دەکات، بەڵگــەش بــۆ ئەمــە دوای هێرشــە مووشــەکییەکەی ســەر فڕۆکەخانــەی هەولێــر، ئەمریــکا، بەمەبەســتی دوورخســتنەوەی گۆڕەپانــی عێــراق لــە ململانێــی ڕاســتەوخۆی لەگــەڵ ئێــران، لەنــاو خاکــی ســووریا وەڵامــی میلیشــاکانی ســەر بــە ئێرانــی دایــەوە نــەک لــە نــاو خاکــی عێــراق. ئەمــەش وەک ڕەچاوکــردن و ڕێزگرتــن لەســەروەریی عێــراق و دوورخســتنەوەی کێشــە و ئاڵــۆزی لــە گۆڕەپانــی عێــراق لەقەڵــەم درا.

لەبەرانبــەردا لــەوە ناچێــت ئێــران وەک پێویســت موراعاتــی حکوومەتــی کازمــی بــکات، چونکــە هیــچ جــۆرە بەرەوپێشــچوونێک لەگــەڵ «ئیــدارەی نوێــی بایــدن» لــە بــارەی ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی و ســووک کردنــی ســزاکانی ســەر ئێــران ڕووی نــەداوە، ئەمــەش وا لــە ئێــران دەکات کــە لــە ڕێــگای میلشــیاکانەوە فشــار بکاتــە ســەر ئەمریــکا بــۆ هەڵگرتنــی ســزا ئابوورییــەکان و گەڕانــەوەی بــۆ ڕێککەوتنــی (٥+١). بــەم جــۆرە پرســی ئەتۆمیــی ئێــران کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر ســەقامگیریی عێــراق هەیــە. لــەم چوارچێوەیــەدا «ئیســماعیل قائانــی» فەرمانــدەی فەیلەقــی قودســی ســوپای پاســدارانی ئێــران لــە مــاوەی دوو ڕۆژی ڕابــردوودا ســەردانی بەغــدای کــردووە و چــاوی بــە فەرمانــدەی گرووپــە چەکدارەکانــی حەشــد کەوتــووە و باســیان لــە قۆناغــی ســێیەمی «دیالۆگــی ســتراتیژی»ی نێــوان عێــراق و ئەمریــکا کــردووە.

لــە کۆتاییــدا پێــم وایــە لــە دانوســتانەکانی ئەمــڕۆدا واژۆی کۆتایــی لەســەر نوێکردنــەوەی «ڕێککەوتنامــەی چوارچێــوەی ســتراتیژی» ناکرێــت، بەڵکــوو دەخرێتــە گــەڕی داهاتــووی دانوســتانەکان، ئەویــش دوای ئەنجامدانــی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێــراق کــە بڕیــارە لــە ڕێککەوتــی (١٠/١٠/٢٠٢١) بەڕێوەبچێــت.

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیتر بێدەنگ نابێت!

١٧/٠٤/٢٠٢١

دوێنێ پێنج وڵاتی زلهێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا) لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستێکی پڕ بایەخ و ڕوون و ئاشکرایان نواند بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان. ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەگەر کرداری بەدوادا بێت، گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دەکرێت هاوشان و هاوشێوەی «لۆبیکردن»، وەبەرهێنانی دیپلۆماسیی تێدا بکرێت؛ چونکە ئەم بەیاننامانە زەمینەسازی دەکەن بۆ ئەوەی بەرپرسانی هەرێم داوای نێوەندگیریی نێودەوڵەتی بکەن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) و دانانی سنوورێک بۆ هێرشی میلیشیاکان و دوورخستنەوەیان لە سنوورەکانی هەرێم، لەبەرئەوەی ئەم میلیشیایانە بوونەتە هەڕەشەی جدی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی لە دوایین گەڕی دانوستانەکانی نێوان «ئەمریکا و عێراق»

ئەمریــکا بڕیــاری دا هەمــوو هێــزە شــەڕکەرەکانیان لــە عێــراق بکشــێنێتەوە و تەنهــا ڕاهێنــەر و ڕاوێــژکاری ســەربازی (لەســەر داوای حکوومەتــی عێــراق) بهێڵێتــەوە، ئــەم بڕیــارەش بەمەبەســتی بڕینــی بەهانــەی گــرووپ و میلیشــاکان بــوو، بــۆ ئــەوەی هێــرش و فشــارەکانیان کــەم بکەنــەوە و کەشــێکی ئــارام ســاز بێــت بــۆ هەڵبژاردنــی داهاتــووی عێــراق کــە بڕیــارە لــە مانگــی (١٠)ی ئەمســاڵ بەڕێوەبچێــت، بــەڵام لــەوە ناچێــت ئــەم هەوڵــەی ئەمریــکا ســوودی هەبێــت، چونکــە هێرشــی میلیشــیاکان لــە دوای ئــەم بڕیــارەی ئەمریــکا نــەک تەنهــا نەوەســتاون، بەڵکــوو زیادیشــیان کــردووە.

ڕەفتارەکانــی ئــەم میلیشــیا و گرووپانــە لــە شــەش ســاڵی ڕابــردوودا ســەلماندوویانە کــەوا جیاوازییەکــی ئەوتۆیــان لەگــەڵ داعــش نییــە، چونکــە هەمــان ڕەفتــار و میکانیــزم و ئامانــج و ســتراتیژییان هەیــە، کــە بریتییــە لــە هێرشــکردنە ســەر ســەرباز و بەرژەوەندییەکانــی وڵاتانــی هاوپەیــمان و تێکــدان و شــێواندنی ئاسایشــی هەرێــم. بۆیــە دەکرێــت بڵێیــن داعــش و ئــەم گــرووپ و میلیشــیایانە دوو ڕووی یــەک دراون!

لــە چوارچێــوەی ئــەم بەیاننامــە و هەڵوێســتەی ئــەم پێنــج وڵاتــەدا دەکرێــت بەرپرســانی هەرێــم داوای نێوەندگیریــی نێودەوڵەتــی بکــەن، تاکــوو فشــار لــە حکوومەتــی بەغــدا بکــەن و چاودێــر بــن لــە جێبەجێکردنــی مــاددەی (١٤٠)ی دەســتووری عێــراق، بــە مەبەســتی دوورخســتنەوەی هەڕەشــە و مەترســیی ئــەو گــرووپ و میلیشــیایانە لــە ســەر هەرێمــی کوردســتان و لــە جێگایانــدا هێــزی پێشــمەرگە و ســوپای عێــراق بــە هاوبەشــی لەگــەڵ هێزەکانــی هاوپەیمانــی ناتــۆ جێگیــر بکرێــن.

# (دەستوور) فریادڕەسە!

٢٦/٠٤/٢٠٢١

هەرێمی کوردستان (وەک دیفاکتۆ) دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و کۆڕەو و بڕیاری (٦٨٨) دروست بوو، بەڵام لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە (وەک هەرێمێکی فیدراڵ) دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و دواتر نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) بە فەرمی دانی پێدا نرا. هەروەک لە بەندی پێنجەمی دەستووری نوێی عێراقدا و لە ماددەکانی (١١٧ و ١٢٠ و ١٢١) ئاماژە بە مافەکانی هەرێم کراوە، بەتایبەت لە ماددەی (١٢٠)دا دەڵێت:

«هەرێم دەستوورێک بۆخۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتانە دیاری دەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.»

پێم وایە ئێستا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان نەبوونی دەستوورێکی هاوچەرخ و دادپەروەرانەیە کە ئەرک و مافەکان

بەشـــێوەیەکی یەکســـان دابـــەش بـــکات و لەژێـــر ســـایەیدا هەمـــوو دامـــودەزگا مەدەنـــی و ســـەربازییەکان ڕێـــک بخرێـــن و ســـنوور بـــۆ هەرســـێ دەســـەڵاتی «یاســـادانان و جێبەجێکـــردن و دادوەری» دابنرێـــت لـــە پێنـــاو گەیاندنـــی کەشـــتیی هەرێمـــی کوردســـتان بـــە کەنـــاری ئـــارام، هاوشـــێوەی (هەرێـــم و وڵاتـــە) پێشـــکەوتووەکانی جیهـــان؛ واتـــە دەســـتوورێک لـــە پێنـــاو ڕێگریکـــردن لـــە گەندەڵـــی و بەدیهێنانـــی دادی کۆمەڵایەتـــی، بـــە جۆرێـــک کـــە دەرفەتـــی کاری یەکســـان بـــۆ ســـەرجەم دانیشـــتووانی هەرێـــم برەخســـێنرێت و بـــە بـــێ ڕەچاوکردنـــی جـــۆری ڕەگـــەز و ڕەنـــگ و ئاییـــن و نەتـــەوە و ئایدیۆلۆژیـــا، ئـــەرک و مافـــەکان بـــە شـــێوەیەکی دادپەروەرانـــە دابـــەش بـــکات.

نزیکـــەی ســـێ هەفتـــەی دیکـــە ئـــەو ماوەیـــە تـــەواو دەبێـــت، کـــە پەرلەمانـــی کوردســـتان دیاریـــی کردبـــوو بـــۆ پارتـــە سیاســـییەکانی هەرێـــم تاکـــوو بۆچـــوون و ســـەرنجەکانیان ســـەبارەت بـــە تەواوکردنـــی پـــڕۆژەی نووســـینەوەی دەســـتووری هەرێـــم دەربـبـــڕن، لێـــرەدا پێویســـتە ئـــەم پرســـە زۆر بـــە گرنگییـــەوە وەربگیرێـــت، چونکـــە دەســـتوور «گرێبەســـتێکی کۆمەڵاتییـــە و دایکـــی هەمـــوو یاســـاکانە» ئەگـــەر پڕۆژەکـــە تـــەواو بکرێـــت و بخرێتـــە بـــواری جێبەجێکردنـــەوە، ئـــەوا دەبێتـــە فریـــادڕەس بـــۆ چاککردنـــی بارودۆخـــی هەرێمـــی کوردســـتان، بـــە مەرجێـــک هەمـــوو لایەنـــەکان بـــە ئیرادەیەکـــی بەهێـــزەوە بێنـــە پێشـــەوە، تاکـــوو هـــەوڵ بدرێـــت «دەســـتووری هەرێـــم» بکرێتـــە ڤاکســـینی پەتـــای «پەرتەوازەیـــی کوردســـتان» بـــۆ ئـــەوەی بەســـەر ئاســـتەنگەکانی ئـــەم قۆناغـــە هەســـتیارەدا زاڵ بیـــن، چونکـــە ڕاســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە کـــە پەتـــای پەرتەوازەیـــی کوردســـتان، ترســـناکترە لـــە پەتـــای «کۆڕۆنـــا».

لـــەم قۆناغـــەدا گرنگـــە ئێمـــەی کـــورد ســـوود لـــە ئەزموونـــی وڵاتـــان وەربگریـــن و ئەوەمـــان لەبەرچـــاو بێـــت کـــە زۆربـــەی وڵاتانـــی پێشـــکەوتووی جیهـــان بـــە هـــۆی نووســـینەوەی «دەســـتوور»ەوە توانیویانـــە بەســـەر کۆســـپەکاندا زاڵ بـــن و

کۆدەنگــی دروســت بکــەن و ســەقامگیری بەرپــا بکــەن، بــۆ نموونــە ســەرەکیترین فاکتــەری گەشەســەندن و زلهێزبــوون و ســەرکەوتنی ئەمریــکا، هەبوونــی دەســتوورێکی کــورت و پوخــت و پــڕ مانایــە، کــە تەنیــا لــە (٧) مــاددە پێکهاتــووە و لــە ســەر ئاســتی جیهــان بــە کۆنتریــن دۆکیومێنتــی نــووسراوی کارپێکــراو هەژمــار دەکرێــت، کــە تەمەنــی (٢٣١) ســاڵە و تاکــوو ئێســتاش کاری پــێ دەکرێــت.

ئەگــەر باوکانــی دامەزرێنــەری ئەمریــکا زیاتــر لــە دوو ســەد ســاڵ لەمەوبــەر توانیبێتیــان هەنگاوێکــی لــەم شــێوەیە بهاوێــژن و دەســتوورێک بنووســنەوە، بۆچــی ئێمــەی کــورد نەتوانیــن ســوود لــە ئەزموونــی ئــەوان وەربگریــن و هەنگاوێکــی لــەم شــێوەیە بهاوێژیــن؟

لــە کۆتاییــدا دەتوانیــن بڵێیــن وێنــەی هەرێمــی کوردســتان لــە ڕێــگای تەواوکردنــی پــڕۆژەی (دەســتوور)ەوە جوانــتر و گەشــاوەتر دەبێــت لــە ئاســتی ناوەنــدە نێودەوڵەتییەکانــدا، هەروەهــا دەســتوورێکی هاوچــەرخ ڕۆڵــی فریــادڕەس دەبینێــت بــۆ پاراســتنی قــەوارەی هەرێــم لــە هەمــوو هەڕەشــە ناوخۆیــی و دەرەکییــەکان، بــە مەرجێــک دەســتوورێکی ڕێزلێگیــراو بێــت و بخرێتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە، نــەک تەنیــا وەک مەرەکەبــی ســەر کاغــەز بمێنێتــەوە!

لــەم چوارچێوەیــەدا ئەرکــی ســەر شــانی هەموولایەکمانــە، بــە گیانێکــی نەتەوەیــی و نیشــتیمانییەوە هــاوکار و هانــدەر بیــن بــۆ نووســینەوەی «دەســتوورێکی هاوچــەرخ» لــە پێنــاو ڕووبەڕووبوونــەوەی هەڕەشــەکان و ســوود وەرگرتــن لــە دەرفەتــەکان.

# ستراتیژی ئەمریكا بۆ باشووری كوردستان، لەگەڵ بژاردەی هەرێمێكی بەهێزە!

٠١/٠٥/٢٠٢١

هەرێمی كوردستان وەك «كاراكتەرێكی نادەوڵەتی» ئەو بژاردە بەهێزەیە، كەوا ئەمریكا گرەوی لەسەر كردووە، بۆ ئەوەی ببێتە هەرێمێكی گەشەسەندوو لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەم دیدگایە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا هەمیشە جەختی لەسەر كراوەتەوە، بۆیە ستراتیژی نوێی «ئیدارەی بایدن» بەرانبەر بە هەرێم بریتییە لە بونیاتنانی هەرێمێكی بەهێز لە چوارچێوەی عێراقێكی فیدراڵدا، ئەویش لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە:

یەكەم: ئەمریكا لەسەر ئاستی پاراستنی «باڵانسی سیاسی»ی ناوخۆی عێراق پشت بە هەرێم دەبەستێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان هەردوو پێكهاتەی شیعە و سوننە، تاكوو شیعە نەتوانێت هەموو جومگەكانی دەسەڵات قۆرخ بكات، هاشێوەی قۆرخكاریی سونەی پێش ڕووخانی ڕژێم.

دووەم: لەسـەر ئاسـتی بـرەودان بـە پرسـەکانی دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ، هەرێمـی کوردسـتان ئـەو دیفاکتـۆ هەمەڕەنگەیـە کـەوا ئەمریـکا ئومێـدی لەسـەر هەڵچنیـوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە نموونەیەکـی جوانـی دیموکراسـی و پێکـەوە ژیـان و فرەیـی و مافـی مـرۆڤ بـۆ هەمـوو ناوچەکـە.

سـێیەم: لەسـەر ئاسـتی سـەقامگیریی ئەمنـی و دژایەتیکردنـی تیـرۆر، هەرێمـی کوردسـتان ئـەو ناوچـە ئارامەیـە، کـەوا ئەمریـکا متمانـەی پێیەتـی و بـە تـەواوی پشـتی پـێ دەبەسـتێت. ئـەم متمانەیـەش بەهـۆی قارەمانیەتیـی هێـزی پێشـمەرگە لـە ڕووبەڕووبونـەوەی داعشـدا دروسـت بـووە.

چـوارەم: لەسـەر ئاسـتی ئابـووری و بازرگانـی، هەرێمـی کوردسـتان ئـەو ناوچـە دەوڵەمەندەیـە لـە ڕووی سـامانی ژێـر زەوی و سـەر زەوی، کـەوا دەتوانێـت ببێتـە زەمینەیەکـی گونجـاو بـۆ کۆمپانیـا ئەمریکـی و جیهانییـەکان تاکـوو لـە هەمـوو سـێکتەرە جیاوازەکانـدا وەبەرهێنانـی تێـدا بکـەن.

پێنجـەم: لـە سـەر ئاسـتی پێگـەی جیۆپۆلەتیکیـش هەرێمـی کوردسـتان هاوشـێوەی «دڵ»ی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وایـە، بۆیـە نـەک تەنیـا ئەمریـکا، بەڵکـوو زلهێزەکانـی ناوچەکـە (تورکیـا و ئێـران) و زلهێزەکانـی جیهانیـش (چیـن و ڕووسـیا) چاویـان لەسـەریەتی، بـۆ ئـەوەی بتوانـن هاوشـێوەی ئەمریـکا شـوێن پێـی خۆیـان لـە نـاو هەرێمـدا بکەنـەوە.

لـە ئێسـتادا پێـم وایـە دەرفەتێکـی زێڕیـن بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ڕەخسـاوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە نموونەیەکـی جوانـی دیموکراسـی و پێکەوەژیـان لـە ناوچەکـەدا، بۆیـە سـوود وەرگرتـن لـەم دەرفەتـە، بەنـدە بـە ئاسـتی هۆشـیاری و هەماهەنگیـی لایەنـە سیاسـییەکان و ڕێککەوتـن لەسـەر ئەجێندایەکـی نیشـتیمانی بـۆ نووسـینەوەی دەسـتوورێکی هاوچـەرخ لـە پێنـاو دروسـتکردنی هەرێمێکـی بەهێـز و گەشەسـەندوو، نـەک تەنیـا چاوەڕوانکـردن وەک میشـێل فۆکـۆ دەڵێـت:

«ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکە کە خەڵکەکەی «چاوەڕوانی» ڕۆژگارێکی باشن، نەک «دروستکردنی» ڕۆژگارێکی باش!»

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین ڕاستە ستراتیژی ئەمریکا لەگەڵ بژاردەی بونیاتنانی هەرێمێکی بەهێزە بەڵام ئەم بژاردەیە لەسەر خۆمان وەستاوە، چونکە ئەمریکا نایەت بۆمان بونیات بنێت، بەڵکوو دەبێت «خۆمان بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو» بونیاتی بنێین!

# «کۆدەنگیی نیشتیمانیی» وەک هەنگاوێکی چارەنوسساز!

٠٦/٠٥/٢٠٢١

«کۆدەنگیی نیشتیمانی»ی، لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە هەنووکەیی و ستراتیژییەکان، هەنگاوێکی چارەنوسسازە بە ئاراستەیەکی دروست، بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان.

لەم چوارچێوەیەدا هەوڵە بەردەوامەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی کۆدەنگیی نیشتیمانی، کارێکی هەنووکەیی گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە تاکە ڕێگای کردنەوەی گرێکوێرەکانی هەرێم بریتییە لە دیدار و کۆبوونەوەی ئامانجدار، بەمەبەستی تێپەڕاندن و دەربازبوونی هەرێم لەو ئالنگارییانەی کە لە ئێستا و داهاتووشدا یەخەی دەگرن، لە سەرووی هەموو ئاڵنگارییەکانیش ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری «داعش و میلیشیا وەلائیەکان»ە.

ئەو زەمینەسازییەی کەوا لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە

هاتووەتـە ئـاراوە مایـەی دڵخۆشـی و ئومێـدی خەڵکـی کوردسـتانە، بـە تایبـەت لـە ئێسـتادا پرسـی سـەرەکیی ئەجێنـدای لێکتێگەیشـتنی لایەنـەکان بریتییـە لـە پرسـی «دەسـتوور» کـە چـاوەڕوان دەکرێـت ببێتـە چەتـری کۆکـەرەوەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان بـە هەمـوو پـارت و ئاییـن و ئایدۆلۆژیـا و ڕەگـەز و مەزهـەب و نەتـەوەکان.

بۆیـە پێـم وایـە بڕیـاری سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان سـەبارەت بـە خسـتنە ڕۆژەڤـی پرسـی دەسـتوور، بڕیارێکـی مێژوویـی گرنـگ و بوێرانەیـە، کـە بەهۆیـەوە هـەم خۆیـان و هـەم خەڵکـی کوردسـتان دەخەنـە بـەردەم بەرپرسـیاریەتییەکی مێژوویـی بـۆ ناردنـی پەیـام و ویسـتی پێکـەوە ژیانـی خەڵکـی کوردسـتان بـۆ وڵاتانـی جیهـان و ناوچەکـە و ناوەنـدە نێودەوڵەتییـەکان.

ئەگـەر بەخێرایـی چاوێـک بـە مێـژووی ئـەو (١٩٣) وڵاتـەدا بخشـێنینەوە، کـە بەفەرمـی لـە نەتەوەیەکگرتـووەکان ئەندامـن، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، کـە هیچیـان بـە پێرفێکتـی دانەمـەزران، بەڵکـوو لـە سـەرەتادا کەموکوڕییـان زۆر بـووە و بەناکامڵـی دامـەزراون، بـەڵام دوای نووسـینەوەی «دەسـتوورێک» بـە جـدی خەباتیـان کـردووە بـۆ بنیاتنانـی دامـودەزگای نیشـتیمانی و مەدەنـی و دیموکراسـی. بۆیـە بەهانـەی دواخسـتنی نوسـینەوەی دەسـتوور بـە پاسـاوی نەبوونـی زەمینـەی لەبـار هیچـی تـر لـە شـوێنی خۆیـدا نیـە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دروسـتکردنی یەکدەنگـی نـەک تەنهـا پێویسـتییەکی هەنوکەییـە، بەڵکـوو ئەرکێکـی نیشـتیمانیی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتانە کـە پێویسـتە هەنـگاوی بەردەوامـی بـۆ بهاوێژێـت. بۆچـی؟ چونکـە دەسـتوور پرسـێکی چارەنوسسـازە و دەکرێـت وەک چەترێـک بکرێتـە وەرچەرخانێکـی گرنـگ لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی دەوڵەتـدا.

کەواتـە لـە ئێسـتادا دەرفەتێکـی گونجـاو لـە ئاسـتی ناوخۆییـدا هاتووەتـە پێشـەوە قۆسـتنەوەی ئـەم دەرفەتـە بـۆ بەهێزکردنـی قـەوارەی هەرێـم

ڕاســـتەوخۆ بەنـــدە بـــە نوســـینەوەی دەســـتوورێکی هاوچـــەرخ، ئەگەرچـــی پێویســـت بـــوو پرۆســـەی نوســـینەوەی دەســـتوور لـــە دوای ڕاپەڕینـــە مەزنەکـــەی ســـاڵی (١٩٩١) ئەنجـــام بدرێـــت، بـــەڵام ئێســـتاش نەچـــووە بچێـــت، دەکرێـــت ئەگـــەر لایەنـــەکان لەســـەر هیـــچ شـــتێک کۆدەنـــگ نەبـــن، لەســـەر پرســـی دەســـتوور کۆدەنـــگ بـــن، تاکـــوو نـــەوەی ئێســـتا و داهاتـــوو، «دەســـتوور» بکەنـــە «ســـەنگی مەحـــەک» بـــۆ یەکلاکردنـــەوەی کێشـــە و ململانێـــکان نـــەک لوولـــەی تفەنـــگ!

دواجـــار ئەگـــەر پرســـێکی چارەنوسســـازی وەک «دەســـتوور» لـــە قۆناغـــی نووســـیندا پێویســـتی بـــە هەوڵـــی دڵســـۆزانەی کارەکتەرەکانـــی (ڕووناکبیـــر، سیاســـی، ئەکادیمـــی، ڕۆشـــنبیر، مامۆســـتای زانکـــۆ، پیـــاوی ئاینی...هتـــد) هەبێـــت، ئـــەوا لـــە قۆناغـــی ڕاپرســـیدا (بـــۆ کامڵبونـــی شـــەرعیەتەکەی) پێویســـتی بـــە بەشـــداریی تـــاک بـــە تاکـــی هاونیشـــتیمانیانی هەرێمـــی کوردســـتان دەبێـــت بـــە هەمـــوو پێکهاتەکانـــەوە (کـــورد و عـــەرەب و تورکـــمان و ئاشـــووری و کلـــدان... هتـــد) چونکـــە «دەســـتوور» بەبـــێ جیـــاوازی بـــۆ هەمـــوو هاونیشـــتیمانیان دەبێـــت و هاوشـــێوەی چەترێـــک دەبێـــت کـــە لـــە ژێـــر ســـایەیدا ئـــەرک و مـــاف بـــۆ هەمـــوو هاونیشـــتیمانیان پارێـــزراو دەبێـــت و ڕێـــز لـــە جیاوازییەکانیشـــیان دەگیرێـــت.

# ناهۆشیاریی لەسەردەمی هۆشیاریدا!

٠٨/٠٥/٢٠٢١

لـە سـەروبەندی دروسـتبوونی زەمینەیەکـی سیاسـیی لەبـار و ئەتمۆسـفێرێکی گونجـاو بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر پرسـە نیشـتمانییەکانی وەک «دەسـتوور»، خەریکـە خەڵکانێکـی ناهۆشـیار و کورتبیـن و نابەرپـرس هـەوڵ دەدەن ئـەم زەمینەیـە تێکبـدەن. ئـەو هەوڵانـەش بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ دەچنـە چوارچێـوەی خزمەتکـردن بـە دوژمنانـی کوردسـتان.

یەکێـک لـە خاڵـە لاوازەکانـی مێـژووی خەباتـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان بریتـی بـووە لـە هەبوونـی کەسـانێک کـە نانیـان لـە دروسـتکردنی ناتەباییـدا بـووە، بۆیـە بـە شـێوەیەک برەویـان بـە گوتـاری دووبەرەکـی و لێکـترازان داوە تاکـوو شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆی لـێ کەوتۆتـەوە. لـەم قۆناغەشـدا خەڵکانێـک هـەن کـە بـە شـێوازێکی زبـر دەنووسـن و قسـە دەکـەن، ئـەم شـێوازەش کاریگەریـی خراپـی لـێ کەوتۆتـەوە، بۆیـە پێویسـتە ئـەو خەڵکانـە بەخۆداچوونەوەیەکـی جـدی بکـەن و ئـەو ڕاسـتییە بزانـن کـە لـەم بارودۆخـەدا

کاتــی ململانێــی ناوخۆیــی نییــە، ئەرکــی دەســەڵاتی بــاڵای حزبەکانیشــە ڕێــگا لــەم جــۆرە کەســانە بگــرن، چونکــە ئێســتا لــە هەمــووکات زیاتــر پێویســتە بەرژەوەندییــە باڵاکانــی نیشــتمان لــە ســەرووی بەرژەوەندیــی حزبەکانــەوە بێــت، تاکــوو بتوانرێــت لــەم بارودۆخــە هەســتیارەدا، قۆناغــی ڕق و کینــە تێپەڕێنیــن و بــە هــەوڵ و کۆششــی هەموولایــەک بــەرەو تەواوکردنــی پــڕۆژەی «دەســتوور» هەنــگاو بنێیــن.

یەکێــک لــە خەســڵەتە گرنگەکانــی کۆمەڵگــە زینــدووەکان بریتییــە لــە هەبوونــی دەنــگ و ڕەنگــی جیــاواز، کاتێــک ســەیری وڵاتانــی پێشــکەوتوو دەکەیــن، وێــڕای ئــەو هەمــوو جیاوازییانــەی کــە هەیانــە، کەچــی هەموویــان بــە شــێوەیەکی ئاشــتییانە دەژیــن و جیاوازییەکانیشــیان بوونەتــە هۆکارێکــی بەهێــز بــۆ داهێنــان و پێشــکەوتن، نــەک دواکەوتــن و لێکــترازان.

ئێمــەی کوردیــش دەبێــت جیاوازییەکانــی یەکــتر (لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە) قبــووڵ بکەیــن، چونکــە ناکرێــت هەموومــان بــە یــەک شــێواز بیــر بکەینــەوە، بۆیــە ڕێزگرتــن لــە جیاوازییەکانــی یەکــتر ئەرکــی هەموولایەکمانــە و بــەم هۆیەشــەوە دەتوانیــن پێشــبکەوین و ئــەم قۆناغــە بەســەرکەوتوویی تێپەڕێنیــن.

لــە دونیــای ڕاســتەقینە و دونیــای سۆشــیال میدیــادا گفتوگۆکــردن و بیــروڕا گۆڕینــەوە بــە شــێوازێکی هێمــن و لەســەرخۆ، هونەرێکــە کــەم کــەس پێــی ئاشــنا بــوون. ئاســتی پێشــکەوتنی کۆمەڵگەکانیــش لــە کاتــی گفتوگــۆی تاکەکانیــدا بــە دیــار دەکەوێــت، لێــرەدا پێویســتە هەمیشــە ئــەو ڕاســتییە بزانیــن کــە لــە کاتــی تووڕەبوونــدا عەقــڵ نائامــادە دەبێــت، بۆیــە هەرکاتێــک بــە تووڕەییــەوە گفتوگــۆ دەکەیــن، نــە خۆمــان لــە خۆمــان حاڵــی دەبیــن، نــە بەرانبەرەکانیشــمان لێمــان حاڵــی دەبــن.

لــە کۆتاییــدا دەڵێــم مرۆڤــە ئــازا و ئــازادەکان ئــەو کەســانەن کــە بــە هێمنــی گفتوگــۆ دەکــەن و خۆیــان کۆنتــڕۆڵ دەکــەن و هیچــکات خۆیــان ناخزێننــە

ئاستێکی ناهۆشیار و نەزم و نەخوازراو، بەڵکوو هەمیشە خۆیان لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و فەزایەکی ئارام و دوور لە فەوزا دەهێڵنەوە، بۆیە زۆر گرنگە لەم سەردەمەدا دەستەبژێرە ئازا و ئازادەکان گفتوگۆی ئارام و بنیاتنەر و هۆشیار ئەنجام بدەن، لە پێناوی ڕزگاربوون لە گێژاوی بێڕێزیکردن و گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی گفتوگۆی عەقڵانی و تەندروست.

# مرۆڤسازی و.. نیشتیمانسازی

١١/٠٥/٢٠٢١

مـــرۆڤ مایســـترۆی ژیانـــە و دەتوانێـــت بـــە شـــێوەیەکی هارمۆنـــی لەگـــەڵ سرووشـــتدا خۆشـــترین ئـــاواز بژەنێـــت، بـــە مەرجێـــک بتوانرێـــت ئـــەو مرۆڤـــە لـــە پرۆســـەیەکی درێژخایەنـــدا بـــە شـــێوەیەکی زانســـتی پـــەروەردە بکرێـــت، لەلایـــەن خەڵکانـــی پســـپۆڕ و شـــارەزا لـــە بوارەکانـــی پـــەروەردە و فێرکردنـــدا.

لـــەم دۆخـــە هەســـتیار و قۆناغـــە چارەنووسســـازەدا یەکێـــک لەئەرکـــە گرنگەکانـــی دەســـەڵات و کۆمەڵگـــەی کـــوردی بریتییـــە لـــە بەرنامەڕێژکـــردن و کارکـــردن لەســـەر هـــەردوو پرۆســـەی مرۆڤســـازی و نیشتمانســـازی، چونکـــە ئـــەم دوو پرۆســـەیە ئەگـــەر بـــە شـــێوازێکی زانســـتی لـــە لایـــەن وەزارەتـــی پـــەروەردە و لایەنـــە پەیوەندیدارەکانـــەوە ئەنجـــام بدرێـــن، ئـــەوا وەرچەرخانێکـــی گرنـــگ ڕوودەدات لـــە بەهێزبوونـــەوەی متمانـــە و ئینتیـــما و نوێبوونـــەوەی خۆشەویســـتیی خـــاک و نیشـــتمان لـــە ناخـــی نـــەوەی ئێســـتا و نەوەکانـــی داهاتـــوودا.

١- پڕۆسەی مرۆڤسازی:

پڕۆسەی مرۆڤسازی واتە دووبارە بونیاتنانەوە و پەروەردەکرنی تاکی کورد لەسەر بنەمای عەقڵی ئازاد، بە جۆرێک کە «ئازادیی مرۆڤ»، کرۆکیی ڕێزگرتن و گرنگی پێدان بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەهەندە لاوەکییەکانی دیکە.

بە واتایەکی دیکە، گەورەترین و بەنرخترین سەرچاوەی ژیان بریتییە لە سەرچاوەی مرۆیی، لەم قۆناغەدا ئێمە ئەگەر بتوانین وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆییەکاندا بکەین، ئەوا دەتوانین بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ بین، ئەویش بە پڕۆسەیەک دەکرێت، کە لەسەر بنەمایەکی تەندروست «تاکی ئازاد» پەروەردە بکەین، بەجۆرێک کە خزمەتکردنی «مرۆڤ و نیشتمان»، بە ئەرکی خۆی بزانێت و لەبەرانبەریشدا بگات بە هەموو ماف و شایستە ماددی و مەعنەوەییەکانی.

لەم چوارچێوەیەدا نیلسۆن ماندێلا دەڵێت:

‹‹Education is the most powerful weapon which you can use to change the world››.

واتە «پەروەردە بەهێزترین چەکە، کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ گۆڕینی جیهان».

٢- پرۆسەی نیشتمانسازی:

ئێمەی مرۆڤ ئەگەر توانیمان لە قۆناغی «مرۆڤسازی»دا سەرکەوتوو بین، ئەوکات بە دڵنیاییەوە دەشتوانین لە قۆناغی (نیشتمانسازی)دا، کە بریتیە لە قۆناغی بونیاتنان و ئاوەدانکرنەوەی نیشتیمان لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی شکۆمەند بۆ مرۆڤ و پاراستنی مافی گیانداران لە ژینگەیەکی تەندروستدا، سەرکەوتوو بین.

بە واتایەکی دیکە، هەموو مرۆڤگەلێک دەتوانن لە ڕێگای بەکارهێنانی

عەقـــڵ و پلانـــی ســـتراتیژی و بەرنامـــەی زانســـتی، ژیانێکـــی شـــکۆمەند و پـــڕ داهێنـــان بـــۆ خۆیـــان و نەوەکانـــی داهاتـــوو ســـاز بکـــەن، هەروەهـــا دەشـــتوانن ژینگەیەکـــی پـــاک و بێگـــەرد بڕەخســـێنن کـــە تێیـــدا نـــەک تەنیـــا مافـــی مـــرۆڤ، بەڵکـــوو مافـــی گیاندارانیـــش پارێـــزراو بێـــت.

# وانەیەک لە (نامەیەک)ی هیندییە سوورەکانەوە!

١٦/٠٥/٢٠٢١

لــە ئێســتادا گرنگــە ئێمــەی خەڵکــی کوردســتان وانەیــەک لــە هیندییــە ســوورەکانەوە فێرببیــن، تاکــوو هاوشــێوەی ئــەوان خاکــی خۆمــان خــۆش بوێــت.

ئایا دەزانن هیندییە سوورەکان چەندە خاکی خۆیان خۆش ویستووە؟

بــۆ وەڵامــی ئــەم پرســیارە، دەبێــت ئــەم نامەیــەی خــوارەوە بخوێنینــەوە، ئینجــا تێدەگەیــن چەنــدە گرنگــە ئێمــەی کوردیــش وەک «ســیاتێل»ی ســەرۆک خێڵــی هیندییــە ســوورەکان، خاکــی کوردســتانمان خــۆش بوێــت!

ســاڵی (١٨٥٤)، «فرانکلیــن پێــرس»، ســەرۆکی ئەوکاتــەی ئەمریــکا نامەیەکــی نــارد بــۆ «ســیاتێل»ی ســەرۆک هــۆزی هیندییــە ســوورەکان و داوای لــێ کــرد زەوییەکانیــان بــە حکوومەتــی ئەمریــکا بفرۆشــن، ســەرۆک هۆزەکــە وەڵامــی بــۆ ســەرۆکی ئەمریــکا نــاردەوە، وەڵامێــک کــە نیشــاندەری شــێوەی ڕوانینیــان بــوو بــۆ مــرۆڤ و ژیــان و خــاک و جیهــان، نامەکــەی ســەرۆکی ئەمریــکام لەبیــر نەمــاوە، بــەڵام نامەکــەی ســەرۆک هــۆزی هیندییەســوورەکان هەرگیــز لەبیــر

ناچێتــەوە، کــە دەڵێــت:

«بــۆ ســەرۆکی گــەورە لــە واشــنتن، شــینایی ئاســمان و تینــی زەوی چــۆن دەفرۆشرێــن؟ ئێمــە خاوەنــی پاکیــی هــەوا و زوڵاڵیــی ئــاو نیــن، چــۆن بــە ئێوەیــان بفرۆشــین؟

ئــەم خاکــە و هەرچــی تێیدایــە بــۆ ئێمــە پیــرۆزە، گــەڵای دەرزیلەیــی کاژەکان، لمــی کەنــار ڕووبــاران، مــژی نێــو دارســتانەکان، دەنــگ و ڕەنگــی مــار و مێــروو، هەموویــان لــە بــڕوا و بیرەوەریــی خەڵکــی ئێمــەدا پیــرۆزن، ئــەو شــیلەیەی بــە نێــو دەمــاری دارەکانــدا دەگەڕێــت خولیــا و خەونــی ئێمــەی تێــدا مەییــوە.

خــاک لــە ناخــی ئێمەدایــە، ئێمــە بەشــێکین لــە خــاک و خاکیــش پارچەیەکــە لــە ئێمــە، گــوڵان بــە بــۆن و بەرامیانــەوە خوشــکی ئێمــەن، کەڵەکێــوی و ئەســپ و هەڵــۆ برامانــن، ڕەوەزبــەردی لووتکــەکان، شــەونمی مێــرگ ومــەزرا و تینــی لەشــی ئەســپ و مــرۆڤ، هەموویــان لــە خێزانێکــن.

ئــەو ئــاوە زوڵاڵــەی بــە جۆبــار و ڕووبارەکانــدا دەڕوات تەنیــا ئــاو نییــە، خوێنــی پشتاوپشــتی ئێمەیــە. ئــەو زەوییانەشــتان پــێ بفرۆشــین، دەبێــت لەبیرتــان بێــت ئێــرە بــۆ ئێمــە پیــرۆزە و ئــەو ســێبەر و تارماییانــەی بــەو ئــاوە زوڵاڵانــەدا دێــن هەموویــان بیــرەوەری و بەســەرهاتی ژینــی ئێمــە دەگێڕنــەوە؛ زەمزەمــەی ئــاو، دەنگــی باووباپیرانــی ئێمەیــە، ڕووبــارەکان پشــتمانن، تینوێتیــمان دەشــکێنن، بەلەمەکانمــان بــە شــانەوە دەگــرن و بژێــوی منداڵەکانمــان دەدەن، ئەگــەر زەوییەکانمــان بــە ئێــوە بفرۆشــین، دەبێــت لــە بیرتــان بێــت و منداڵەکانیشــتان فێــر بکــەن، کــە ئــەم ڕووبارانــە بــرای ئێمــە و بــرای ئێــوەن، ئــەو نەرمــی و بەزەییــەی بــە بــرای خۆتانــی ڕەوا دەبینــن، بــەو ڕووبارانەشــی ڕەوا ببینــن.

لــە شــارەکانی ئێــوەدا شــوێنێک نییــە مــرۆڤ ئــارام تێیــدا بــژی، جێگایــەک نییــە مــرۆڤ گــوێ بداتــە لــەرەی گــەڵای بەهــاران و ویزەویــزی مێرووڵــەکان، ڕەنگــە ئەوانــە هــەر بــۆ ئێمــە گرنــگ بــن، کــە لــەو دەشــت و کێوانــە ژیاویــن،

بــەڵام مــرۆڤ ئەگــەر شــەوان دەنگــی تاقتاقکــەرە نەبیســتێت و قیــڕەی بۆقــی گۆماوەکانــی نەیەتــە گــوێ، لــە ژیانــدا چــی بــۆ دەمێنێتــەوە؟

دەزانــن شــنەبا ئــەو کاتــەی بەســەر تەنکاوانــدا دەڕوا و وردەشــەپۆل دەبزێــوێ، شــەماڵ ئەوکاتــی بۆنــی بارانــی نیوەڕۆیانــی تێدەگــەڕێ و بۆنــی گــەڵای تەڕوبــڕی دارکاژەکان بڵاودەکاتــەوە، ڕووح و گیانــی ئێمــەی سوورپێســت دەلاوێننــەوە.

هــەوا بــۆ ئێمــە بایەخــدارە، چونکــە هەموومــان بــە هەناســە هەڵیدەمژیــن، ئەگــەر ئێمــە زەوییەکانمــان بــە ئێــوە بفرۆشــین، دەبێــت لەبیرتــان بێــت ئێمــە شــوکرانەبژێری ئــەو هەوایەیــن کــە هەڵیدەمژیــن و ژیــن بــە دەمــاری زیندەوەرانــدا دێنێــت، باپیرەگــەورەی مــن ئــەو هەناســەیەی لــە ســنگیدا بــوو هەتــا لەگــەڵ دواییــن «ئاهــ» لــە لێــوی هاتــەدەر و ماڵاوایــی لــە ژیــان کــرد.

ئەگــەر ئێمــە زەوییەکانمــان بــە ئێــوە بفرۆشــین، ئێــوە دەبێــت لــە گــەڵ ئاژەڵــی ئــەم خاکــە وەک بــرای خۆتــان بجووڵێنــەوە، بەڵــێ! ئێمــە کێوییــن! لــەو دەشــت و کێوانــە گــەورە بوویــن و تێناگەیــن بۆچــی هــەزاران کەڵەکێــوی دەبێــت قــڕ بکرێــن، ئێــوە دەبێــت منداڵەکانتــان فێرکــەن کــە زەویــی بــن پێیــان، خۆڵەمێشــی بــاب و باپیرانیانــە، دەبێــت ڕێــزی زەوی بگــرن، گەورەیــی زەوی لــە چاویانــدا بێــت و بــە منداڵەکانیــان بڵێــن خــاک دایکیانــە، ئــەو شــتەی بەســەر زەویــدا بێــت، بــە ســەر ڕۆڵەکانــی زەوییشــدا دێــت، مــرۆڤ تــف لــە زەوی بــکات، تــف لــە خۆشــی دەکات.

لــە بیرتــان بێــت مــرۆڤ ژێیەکانــی ســازی ژیــن وەدەنــگ ناهێنێــت، خــۆی هەودایەکــی ژێــی ژیانــە. ئێــوەش یــاوەری زەوی بــن».

# چەکی یەکڕیزی و زانست و ئیرادە!

١٩/٠٥/٢٠٢١

١- چەکی یەکڕیزیی

بەهێزترین چەک بۆ زامنی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و زاڵ بوون بەسەر هەموو ئاستەنگ و هەڕەشەکانی قۆناغی ئێستا و داهاتوو، بریتییە لە چەکی یەکڕیزی، ئەو چەکەی کە لە کۆنفرانسی «یەکڕیزی و دەستوور»دا لەلایەن هەموو بەشداربووانەوە تەئکیدی لێ کرایەوە.

لێرەدا گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین، کەوا هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، لەسەرووی هەمووشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە هۆی چەکی یەکڕیزییەوە توانیویانە دەستوورێکی مەزن بنووسنەوە و ڕیزەکانی ناوخۆ یەک بخەن، بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی سەرکردایەتیی جیهان بکەن.

لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئێمەی کوردیش سوود لە ئەزموونی «دەستووری» ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین تاکوو بتوانین

دەستوورێک بۆ هەرێم بنووسینەوە کە لە ئاست داخوازی و خەون و خولیای نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا بێت.

٢- چەکی زانست

مرۆڤ چەقی سروشت و ژیانە و خاوەنی پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژیی ئاڵۆزە، بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی دەوروبەر و ژینگەی خۆی بناسێت، بەمەبەستی گەیشتن بە حەقیقەتی ژیان، ئەویش لە ڕێگای بەدەستهێنانی چەکی زانست، چونکە چەکی زانست هێز و دڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێ. بە پێچەوانەشەوە نەبوونی چەکی زانست، کەسایەتیی مرۆڤ لاواز دەکات و توشی ڕاڕایی و دڵەڕاوکێی دەکات، وەک دەبینین مرۆڤی سەدەی بیست و یەک بەهێزتر و باوەڕبەخۆبووترە لە مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی بەردین، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم باوەڕبەخۆبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن و گۆشدانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بە چەکی زانست، بە پێچەوانەی مرۆڤی کۆن و چەرخی بەردین، کە بە هۆی نەبوونی چەکی زانستەوە، ژیانی پڕ بووە لە ترس و دڵەڕاوکێ بەرانبەر بە دیاردە سروشتییەکان، چەندین نەوە ژیانیان بەم حاڵەوە بەڕێ کردووە، دواتر بەرەبەرە مرۆڤ بەرەو بەکارهێنانی عەقڵی بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ژینگە و دەوروبەری هەنگاوی ناوە، تاکوو گەیشتوونەتە قۆناغی ئەمڕۆ کە هەموومان بڕوامان بەم ڕستەیە هەیە کە دەڵێت: زانست هێزە و نەزانین لاوازییە!

وەک دەبینین ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ پێشەنگایەتی و سەرقافڵەیی پێشکەوتنی جیهان دەکەن، هەموویان لە ڕێگای چەکی زانستەوە گەیشتوونەتە ئەو ئاستە لە هێز و توانا، لە سەرووی ئەو وڵاتانەش ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپان.

ئێمەی کورد لە ڕابردوودا لەلایەن داگیرکەرانەوە هەمیشە داپڵۆسێنراوین و

کەسـایەتیمان ڕووشـێنراوەو تێکشـکێندراوین، ئـەم جـۆرە مامەڵەیـەی دوژمنانیـش لـە پێنـاو دەستنەگەیشـتنی کـورد بـە چەکـی زانسـت بـووە، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـی کـورد ڕۆژێـک لـە ڕۆژان نەبێتـە مرۆڤێکـی چەکـدار بـە زانسـت و داوای مافـی خـۆی بـکات! بـەڵام خۆشـبەختانە ئـەو سـەردەمە گوزەشـت، ئێسـتا سـەدەی بیسـت و یەکـە و کوردیـش خـۆی پـێ کەمـتر نییـە لـە نەتەوەکانـی تـری ناوچەکـە و جیهـان، لـەو پێناوەشـدا کـورد هـەوڵ دەدات خـۆی بـە چەکـی زانسـت بەهێـز بـکات، هـەروەک شـاعیری گـەورەی کـورد (ئەحمـەد موختـار بەگـی جـاف) دەفەرموێـت:

بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە...

٣- چەکی ئیرادە

ئەگـەر بەخێرایـی چاوێـک بـە مێـژووی وڵاتانـی ناوچەکـە و جیهانـدا بخشـێنین دەبینیـن لـە کاتـی بونیاتنانـی وڵاتەکانیـان خاوەنـی سـەرخان و ژێرخانێکـی بەهێـزی «ئابـوری، سیاسـی و سـەربازی» نەبـوون، بـەڵام خاوەنـی «چەکـی ئیـرادە» بـوون، کـە بەهۆیـەوە توانیویانـە ژێرخـان و سـەرخانێکی پتـەو بـۆ وڵاتەکانیـان دروسـت بکـەن، بـۆ نموونـە:

١- وڵاتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو

(٥٠) سـاڵ لەمەوبـەر واتـە سـاڵی (١٩٧١) کاتێـک ئیـمارات بڕیـاری سـەربەخۆیی دا، بیابانێکـی ڕووت بـوو، زۆربـەی دانیشـتوانی خێڵەکـی بـوون و لـە ژێـر خیوەتـدا دەژیـان، (ئەبوزەبـی) پایتەختیـش خاوەنـی یـەک نەخۆشـخانەش نەبـوو.

ئێسـتاش بەهـۆی چەکـی (ئێـرادە)وە ئیـمارات گەیشـتووەتە چ ئاسـتێک لـە پێشـکەوتن و دروسـتکردنی ژێرخـان و سـەرخانی ئابـووری و سیاسـی و سـەربازی و تەکنەلـۆژی!

٢ـ وڵاتی ئیسرائیل

(٧٣) ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی (١٩٤٨) کاتێک ئیسرائیل بڕیاری سەربەخۆبوونی دا، نە خاوەنی ژێرخان بوو، نە خاوەنی سەرخان، بەڵام خاوەنی «چەکی ئیرادە» بوو، کە بەهۆی ئەم چەکەوە هەموو تاکێکی جوولەکە لە سەرانسەری جیهان ڕۆڵی خۆی بینی، کرێکارەکان پارەیان دەدا و لۆبی جوولەکە لە هەموو جیهاندا دروست بوو.

چل هەزار کەس بوونە سەرباز و شەڕی دەوڵەتە عەرەبییەکانیان کرد و سەرکەتووش بوون، هەموو دراوسێکانیان دژی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون، سەرەڕای ئەو دژایەتییەش، «داود بنگۆریۆن» دەوڵەتی ئیسرائیلی درووست کرد، لە کاتێکدا کە ئیسرائیل نە خاکی هەبوو، نە هێزی هەبوو، نە هیچ پایەیەکی بە دەوڵەتبوون و تەنانەت بە هەرێم بوونیشی هەبوو، بەڵام لەمانە هەمووی گرنگتر، خاوەنی چەکی «ئیرادە» بوو.

ئێستاش دەبینین بە هۆی چەکی ئیرادەوە، ئیسرائیل تاکە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە و بەو هۆیەشەوە بەهێزترین وڵاتی ناوچەکەیە، ئەگەرچی ئێستاش ئیسرائیل دەوڵەتێکی فرە دوژمنە، بەڵام بە هۆی یاسا و دیموکراسیی ناوخۆیی و چەکی ئیرادەوە، ئیسرائیلییەکان بوونەتە قەڵغان و پەرژینێکی قایم بەرانبەر بە دوژمنەکانیان.

ئەم دوو نموونەیە و دەیان نموونەی تر، بە هۆی چەکی «ئیرادە»وە بوونەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. ئاستی پێشکەوتنی هەمووشیان دەگەڕێتەوە سەر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەکەیان بۆ خەباتکردن لە پێناو بنیاتنانی دامودەزگای پێشکەوتووی یاسایی و دیموکراسی و مەدەنی.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا دەرفەتێکی لەبار بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، تاکوو لە ڕێگای

هەرسێ چەکی «یەکڕیزی و زانست و ئیرادە»وە دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان بنووسنەوە، ئەویش بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان و یاساناسان و بیرمەندان و نوێنەری هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکان.

# «غاندی و برنادشۆ»... چی دەڵێن!

٢٢/٠٥/٢٠٢١

ئێمـــەی مـــرۆڤ بـــە یـــەک میکانیـــزم دروســـت دەبیـــن، بـــەڵام بـــە شـــێوازی جیـــاواز دەژیـــن و چیرۆکـــی ڕەنگاوڕەنـــگ دەنەخشـــێنین، لـــە کۆتاییشـــدا زوو یـــان درەنـــگ هەموومـــان ماڵئاوایـــی لەژیـــان دەکەیـــن.

لێـرەدا گرنگـە مـرۆڤ لـەم ژیانـە کورتـەدا بـۆ خـۆی بژێـت و بـاوەڕی بەخـۆی هەبێـت و کاریگـەری و شـوێنپەنجەی خـۆی لـە چیرۆکـی ژیـان بنەخشـێنێت. بەواتایەکـی دیکـە پێویسـتە مـرۆڤ پاڵەوانـی چیرۆکـی ژیانـی خـۆی بێـت، ئەمـەش کاتێـک دەکرێـت کـە مـرۆڤ خـۆی چیرۆکـی ژیانـی خـۆی بنووسـێتەوە، نـەوەک لـە ژێـر کاریگەریـی ژیانـی خەڵکانـی دیکـە ژیانـی خـۆی لـە بیربچێـت و ببێتـە فلچـەی دەسـتی نیگارکێشـێک، یـان ببێتـە داشـی دامـە، یـان «سـەربازی شـەترەنج»ی چەنـد کەسـێک!

ئـەوەی تـۆ دەیبینـی و ئەوەشـی نایبینـی! سـەرەتا هەمـووی بیرۆکـە و خەونـی چەنـد مرۆڤێکـی وەکـو تـۆ بـوون، بـە شـەونخوونی و باوەڕبەخۆبـوون، توانییـان

شـوێنپەنجەیان لەسـەر تابلـۆی ژیـان بنەخشـێنن؛ بەبـێ گوێدانـە پرتەوبۆڵـە و ئیرەیـی و حەسـودی خەڵکانێـک کـە هیچیـان لەبـاردا نییـە و خۆیـان ناتوانـن شـوێنپەنجەیان دیـار بێـت و دژی ئـەو کەسـانەش دەوەسـتن کاتێـک کارێکـی نـوێ ئەنجـام دەدەن!

لەم چوارچێوەیەدا غاندی دەڵێت:

«هـەر مرۆڤێـک کارێکـی نـوێ ئەنجـام بـدات بـە سـێ قۆناغـدا تێدەپەڕێـت: قۆناغـی یەکـەم خەڵـک گاڵتـەی پـێ دەکـەن و پێـی پێدەکەنـن، ئەگـەر لـەم قۆناغـەدا خۆڕاگـر بـوو، ئـەوا دەچێتـە قۆناغـی دووەم و لـەم قۆناغەشـدا خەڵـک جنێـوی پـێ دەدەن و تەشـهیری پـێ دەکـەن، ئەگـەر لـەم قۆناغەشـدا خۆڕاگـر بـوو، ئـەوا دەچێتـە قۆناغـی سـێیەم کـە قۆناغـی سـەرکەوتنە».

تـۆ کاتێـک بـە نیازیـت چیرۆکـی ژیانـت جیـاواز بێـت، نابێـت کـۆڵ بدەیـت و لـە تیـر و توانجـی خەڵـک بترسـیت. چونکـە ئەگـەر سـەیری ژیانـی کەسـانی سـەرکەوتوو لەسـەر ئاسـتی جیهـان بکەیـت، بـە سـەدان نموونـەی سـەرکەوتوو دەبینـی، کـە بـە هـەوراز و نشـێوی زۆردا تێپەڕیـون تاکـوو بـە ئامانجەکانیـان گەیشـتوون. بـۆ نموونـە لـە وڵاتێکـی وەک ئەمریـکادا ژیانـی سـێ کەسـایەتی بووەتـە جێـگای سـەرنجی خەڵـک، ئەوانیـش:

«سـتیڤ جۆبـز» داهێنـەری ئایفـۆن و «بیـڵ گێتـس» داهێنـەر و خاوەنـی کۆمپانیـای مایکرۆسـۆفت و «مـارک زوکەربێـرگ» داهێنـەر و خاوەنـی تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووک، چونکـە ئـەم کارەکتەرانـە و دەیانـی دیکـە، لەکاتـی کارکـردن بـۆ ئامانجەکانیـان ڕووبـەڕووی چەندیـن سـەختی و نەهامەتـی بوونەتـەوە، بـەڵام کۆڵیـان نـەداوە و بـەردەوام بـوون تاکـوو گەیشـتوون بـە داهێنـان و ئامانجەکانیـان.

لـە کۆتاییـدا دەڵێـم مـرۆڤ لـەم ژیانـە کورتـەدا نابێـت لـە سەرزەنشـتی خەڵـک بترسـێت و هەروەهـا ناشـبێت بـە پیاهەڵـدان لەخۆبایـی بێـت، بەڵکـوو

کاتێــک خەڵکانێــک بــە ئینســـافەوە مامەڵــەت لەگــەڵ ناکــەن، پێویســـتە لات ئاســایی بێــت. بەســەرهاتێکی خۆشــی برنادشــۆ هەیــە، ڕۆژێــک لەمەجلیســێکدا دەڵێــت:

«لــە بەرگدرووەکــەم بــە ئینســـافترم نەبینیــوە، ئەوانیــش دەڵێــن بۆچــی؟ ئەویــش دەڵێــت چونکــە هــەر شــەش مانــگ جارێــک کــە دەچمــە لای بەرگدرووەکــەم قیاســی نوێــم وەردەگرێــت و لەســەر قیاســی کــۆن نــاڕوات!

# نووسینی(٦٠) وتاری ئەکادیمی لە ماوەی ساڵێکدا!

٢٦/٠٥/٢٠٢١

یەکێک لە پۆڵسی و فەلسەفە و پرنسیپەکانی «ژیان»، بریتیە لە پڕۆسەی فێربوون و بەخشین یاخود وەرگرتن و بەخشین (give and take policy) لەم چوارچێوەیەدا هەوڵم داوە «بە گوێرەی توانا» ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵدا لە پڕۆسەی خوێندنی «ماستەر» لە ئەمریکا فێری بووم، لە کوردستان بیبەخشمەوە.

بۆیە لە ماوەی ساڵێکدا واتە لە ڕێککەوتی (٢٦/٥/٢٠٢٠) تاکوو (٢٦/٥/٢٠٢١) بە دیاریکراوی (٦٠) وتاری ئەکادیمیم (لە بوارەکانی شارستانیەتی ئەمریکا، هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ئابووری ئەمریکا، دەستووری ئەمریکا، سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، هەروەها بابەتەکانی تری وەک گرنگی نووسینەوەی دەستوور و یەکڕیزی نیشتمانی و مرۆڤسازی و نیشتمانسازی و تاکە ڕێگا و باوەڕ بەخۆبوون و نەخشەڕێگای

دەربازبـــوون و هۆشـــیاری و.....هتــد)، بڵاوکردووەتـــەوە (واتـــە هەمـــوو شـــەش ڕۆژ جارێـــک وتارێـــک).

ئەمەی خوارەوەش وتاری ژمارە شەستەهەمینە بەناونیشانی:

عەقڵی کراوە و عەقڵی داخراو!

عەقڵـــی کـــراوە (Open minded) و عەقڵـــی داخـــراو (Closed minded) دوو چەمکـی گرنگـن کـە لـە ئەمریـکادا زۆر گرنگییـان پـێ دەدرێـت و بەکاردەهێنرێـن، بۆیـە بـە کورتـی لـە خـوارەوەدا ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن.

وتەیەکـی بەنـرخ هەیـە دەڵێـت: «عەقڵـی ‹گـەورە› لێکدانـەوە بـۆ ئایدیـاکان دەکات و عەقڵـی ‹ناوەنـد› لێکدانـەوە بـۆ ڕووداوەکان دەکات و عەقڵـی ‹بچووک›یـش باسـی خەڵـک دەکات».

مـــرۆڤ بـــە هەبوونـــی نیعمەتـــی «عەقـــڵ و ژیـــری» لـــە بوونەوەرەکانـــی تـــر جیادەکرێتـــەوە، عەقڵیـــش بـــە جۆرەهـــا شـــێواز پۆلێـــن دەکرێـــت، یەکێـــک لـــە گرنگتریـــن پۆلێنـــەکان بریتیـــە لـــە «عەقڵـــی کـــراوە و عەقڵـــی داخـــراو».

ئـــەو کەســـانەی خـــاوەن «عەقڵێکـــی کـــراوە»ن پێـــم وایـــە خـــاوەن گەورەتریـــن نیعمەتـن، چونکـە ئـەو مرۆڤانـە ئەوەنـدە ژیـر و عاقڵـن، کـە بەرانبەرەکانیـان وەک خۆیـان قبوولـە. بـە واتایەکـی تـر کەسـێکی عەقـڵ کـراوە، ڕێـز لـە خەڵکانێکـی هەمەڕەنـگ و جیـاواز لـە خـۆی دەگرێـت، ئەگەرچـی لـە شـێوازی بیرکردنـەوە و هەڵبژاردنـی ڕەنـگ و سـتایلی ژیـان و کولتـوور و ئاییـن و مەزهـەب و حـزب و نەتـەوەش جیـاواز بـن.

بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، مرۆڤـی «عەقـڵ داخـراو» ئـەو کەسـانەن، کـە تەنهـا ڕێـز لـە کەسـانێک دەگـرن کـە وەک خۆیـان بیردەکەنـەوە و هەمـان هەڵسـوکەوت و تێڕوانیـن و نەتـەوە و کولتـوور و حیـزب و ئاییـن و مەزهەبیـان هەیـە.

خۆشـبەختانە ئەمـڕۆ سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان خاوەنـی عەقڵێکـی کراوەیـە و بـە دیدگایەکـی «نیشـتمانی و کوردسـتانی دایڤێرسـتی و هەمەڕەنـگ»

بەرنامەڕێژی دەکات بۆ نووسینەوەی «دەستوورێکی هاوچەرخ و مەدەنی» بە جۆرێک دەستووری هەرێم جیاواز بێت لە دەستووری هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، چونکە دەستووری هەرێم بە عەقڵێکی کراوەوە دەنووسرێت و ماف و ئازادی و بەرژەوەندییەکانی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی تێدا دەستەبەر دەکرێت، ئەم دەستوورەش دەبێتە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر و سەلمێنەر بۆ «کراوەیی عەقڵی» داڕێژەرانی بڕیاری کوردستان. بە پێچەوانەی دەستووره «تاک ڕەهەندییەکانی» وڵاتانی دراوسێی وەک «عەرەب و تورک و فارس» کە بە داخەوە لە دەستوورەکانیاندا تەنها ماف و ئازادی و بەرژەوەندییەکانی «نەتەوە سەردەستەکان» ڕەچاوکراوە، بە بێ گوێدان بە ماف و ئازادی و بەرژەوەندییەکانی «نەتەوە ژێردەستەکان» و پێکهاتەکانی تر!

### لە ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ن.ک) دا:

## ئەو ڕاستییانەی پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت!

٣١/٠٥/٢٠٢١

١- پێشەکی

ڕەنگە ئەم وتارە بە دڵی کەمینەیەکی خەڵک نەبێت، کە نانیان لە دووبەرەکیدایە، بەڵام پێم وایە بە دڵی زۆرینەی خەڵک دەبێت، ئەو خەڵکانەی ئەم وتارەشیان بە دڵ نییە ئازادن، بەڵام گرنگە هەموولایەکمان بەخۆداچوونەیەک بکەین لە پێناو تێپەڕاندنی قۆناغی «ڕق و کینە» و گەیشتن بە قۆناغی «بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی گشتی»ی خەڵکی کوردستان.

٢- نووسین بەرپرسیارێتییە:

پرۆسەی نووسین بۆ هەموو نووسەران بەگشتی و بەتایبەتی بۆ نووسەرە «ڕۆشنبیر و ئەکادیمییەکان» بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، چونکە کە دەنووسین دەبێت بزانین چی دەنووسین و کە قسەش دەکەین دەبێت بزانین چی دەڵێین! هەروەها دەبێت بزانین کاریگەریی نووسین و

قسەکانمان لەسەر کۆمەڵگە چی دەبێ.

بۆیە کاتێک وشەیەک دەنووسین، پێویستە هەوڵ بدەین ڕێز لە متمانەی خەڵک و خوێنەر بگرین، لەوەش گرنگتر پێویستە کەسانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی لە ڕێگای ڕاست و ئەمانەتی زانستی لانەدەن، چونکە ڕاستییەکی تاڵ باشترە لە درۆیەکی شیرین.

٣- پێشکەوتن و تەبایی دوو ڕووی یەک دراون

لە خولەکانی پێشووی سەرۆکایەتیی هەرێمدا تەباییەکی تەواو هەبوو لە نێوان سەرۆکی پێشوی هەرێم جەنابی «کاک مەسعود بارزانی» لەگەڵ جێگری سەرۆکی پێشووی هەرێم جەنابی «کاک کۆسرەت ڕەسوڵ»، هەروەها لەم خولەی ئێستای سەرۆکایەتیی هەرێمیشدا تەباییەکی تەواو هەستی پێ دەکرێت لە نێوان سەرۆکی هەرێم (کاک نێچیرڤان بارزانی) و جێگرانی سەرۆکی هەرێم (کاک شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) و (کاک مستەفا سەید قادر). هەروەها سەرۆکایەتیی هەرێم بووەتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

هەر بە هەمان نەفەسی یەکڕیزی و (تیم وۆرک) تەباییەکی بەهێز لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی «کاک مەسرور بارزانی» و جێگری سەرۆکی حکوومەت «کاک قوباد تاڵەبانی» هەستی پێ دەکرێت و بەهەمان شێوەش تەباییەکی بەهێز لە هەرەمی سەرەوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا هەیە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەمریکا و ئەوروپاشدا بخشێنین، دەبینین دوای شەڕی ناوخۆیی (وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا) هەڵوەستەیەکی جددی و بەخۆداچوونەوەیەکی ڕیشەییان کردووە، تاکوو گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کەوا بە یەکڕیزی و تەبایی (ناوخۆیی)، پێشکەوتن و سەرکەوتن دروست دەبێت، بەم شێوەیە ئەمریکا بووەتە ئەو «سوپەر پاوەر» و زلهێزەی کەوا

هەمـــوو جیهـــان بەڕێوەدەبـــات. وڵاتانـــی ئەوروپـــاش (وەک فەرەنســـا و بەریتانیـــا و ئەڵمانیـــا...) دوای شـــەڕێکی (٢٠٠) ســـاڵە، ئاشـــتییان بەرقەرارکـــرد، چونکـــە زانییـــان هێـــز و پێشـــکەوتنی هەموویـــان لـــە ئاشـــتی و تەباییدایـــە، دواتـــر یەکێتیـــی ئەوروپاشـــیان دروســـت کـــرد و دراوێکـــی یەکگرتووشـــیان دەرکـــرد بەنـــاوی (یـــۆرۆ) لـــە ئەنجامـــدا هەموویـــان بـــراوە بـــوون.

لـــەم چوارچێوەیـــەدا پێویســـتە هەمیشـــە ئـــەو ڕاســـتییەمان لەبـــەر چـــاو بێـــت کـــەوا ئـــەو پێشـــکەوتن و ســـەقامگیرییەی «هەرێمـــی کوردســـتان» لەچـــاو عێـــراق و ناوچەکـــە، دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەو تەبایـــی و یەکڕیزییـــەی نێـــوان «پارتـــی و یەکێتـــی»، چونکـــە پێشـــکەوتنی هـــەر وڵاتێـــک، ڕاســـتەوخۆ بەنـــدە بـــە ســـەقامگیریی «سیاســـی و ئابـــووری و کۆمەڵاتـــی»ی ئـــەو وڵاتـــە، کەواتـــە دەتوانیـــن بڵێیـــن «پێشـــکەوتن و تەبایـــی» دوو ڕووی یـــەک دراون.

٤- لە ساڵیادی دامەزراندنی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»دا

ئەوەنـدەی مـن لـە بەرنامـە و نەهجـی خوالێخۆشـبوو جەنابـی «مـام جـەلال» تێگەیشـتووم، بـە تایبـەت لـە پـازدە سـاڵی کۆتایـی تەمەنیـدا (واتـە لـە دوای ڕێککەوتنـی واشـنتن لـە سـاڵی ١٩٩٨) هەمیشـە لەگـەڵ جەنابـی «سـەرۆک مەسـعود بارزانـی»دا خەریکـی سـازکردنی زەمینەیەکـی لەبـار بـوون، بـۆ تەبایـی و یەکڕیـزی لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەگشـتی و لـە نێـوان «یەکێتـی و پارتـی» بەتایبەتـی، هـەر لـەو پێناوەشـدا بـوو جەنابیـان لـە ڕێکەوتـی (٧/٧/٢٠٠٧) ڕێککەوتنـی سـتراتیژییان واژۆ کـرد.

کەواتـــە ئەگـــەر بـــە عەقڵێکـــی کـــراوە خوێندنەوەیەکـــی ئەکادیمـــی بـــۆ بارودۆخـــی کوردســـتان بکەیـــن، دەبینیـــن لـــە قۆناغەکانـــی پێشـــوودا ســـەلمێنراوە کـــەوا نزیکیـــی لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتان لـــە بەرژەوەندیـــی خەڵکـــی کوردســـتانە، لـــەو پێناوەشـــدا ڕەنگـــە هەمـــوو لایەنـــەکان پێویســـتیان بـــە سازشـــکردن هەبێـــت لەســـەر بەشـــێک لـــە مـــاف و داواکارییەکانیـــان، ئەویـــش

لەپێناو گەیشتن بە سازانی نیشتمانی. بۆیە لە ئێستاشدا کە بارودۆخی ناوچەکە هەستیارە، خەڵکی کوردستان هیواخوازە ئەو تەباییەی جاران بگەڕێتەوە، تەباییەک وێنەکانی لە یادەوەری هەموماندا ماون کاتێک ڕەوانشاد «مام جەلال تاڵەبانی» لەسەر ڕاسپاردەی «سەرۆک بارزانی» سەرۆک کۆماری عێراق بوو، لە هەمان کاتدا سەرۆک بارزانییش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک تاڵەبانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی (یەکێتی و پارتی) دەکرد.

لەم قۆناغەشدا گرنگە داڕێژەرانی بڕیاری «یەکێتی و پارتی» هەوڵ بدەن پابەند بن بە هەمان نەفەس و ئاراستە و نەهجی هەردوو سەرۆک، تاکوو دڵنیایی بدەنە شەقامی هەرێمی کوردستان کەوا داهاتووی ئەم هەرێمە گەش و ڕووناک دەبێت، چونکە ڕوون و ئاشکرایە هەموو دەستکەوتەکانی ڕابردوو لە ئەنجامی تەبایی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و «یەکێتی و پارتی» بەتایبەتی بەدەست هاتوون.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کەوا خەڵکی کوردستان شایەنی خزمەتی زیاترن، چونکە بە شەوقەوە «شەو و ڕۆژ» دەخەنە سەر یەک لە پێناو بیستنی هەواڵێکی خۆش لە نێوان ئەم دوو لایەنە سەرەکییەدا، بۆیە گرنگە لەم قۆناغەشدا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەوڵی خۆیان چڕ بکەنەوە تاکوو دڵنیایی بدەنە خەڵکی کوردستان. دڵنیاییەک هاوشێوەی دڵنیایی سەردەمی ڕەوانشاد «مام جەلال تاڵەبانی»، تاکوو لایەنە سیاسییەکان پشتگیری لە هەوڵەکانی «سەرۆک مەسعود بارزانی» بکەن بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد و یەکخستنەوەی گوتاری نیشتمانیی کوردستان. چونکە لەم قۆناغەدا، بەهۆی غیابی هەردوو ڕەوانشاد «مام جەلال تاڵەبانی و کاک نەوشیروان مستەفا» قورسایی کێشەکان کەوتووەتە سەر شانی «سەرۆک مەسعود بارزانی».

هەروەهـــا گرنگـــە لـــەم قۆناغەشـــدا خەڵکـــی ئەکادیمـــی و لایەنـــە سیاســـییەکانیش هەماهەنـــگ بـــن لەگـــەڵ ســـەرۆکایەتییەکانی «هەرێـــم» و «پەرلەمـان» و «حکوومـەت» و «دادوەری»، لـە پێنـاو نووسـینەوەی «دەسـتوورێکی هاوچـــەرخ و مەدەنـــی» بـــۆ هەرێمـــی کوردســـتان، بـــە مەبەســـتی بەهێزکـــردن و ڕێکخســـتنەوەی دامـــودەزگا مەدەنـــی و ســـەربازییەکان و دانانـــی ســـنوورێکی دەســـتووری بـــۆ هەرســـێ دەســـەڵاتی «یاســـادانان و بەڕێوەبـــردن و دادوەری»؛ چونکـە دڵنیـام ئـەم هەنـگاوە دەبێتـە هـۆی شـادکردنی ڕۆحـی هەڤـاڵ «مـام جـەلال» و «هەمـوو شـەهیدانی ڕێـگای ڕزگاریـی کوردسـتان». هەروەهـا ئـەم هەنـگاوە لـە بەرژەوەندیـی گشـتیی خەڵکـی کوردسـتاندا دەبێـت بـە هەمـوو دەنـگ و ڕەنگـە جیاوازەکانـەوە، کوردسـتانیش خاکێکـی بـە پیـت و بەرەکەتـی هەیـە و بەشـی هەموولایـەک دەکات و جێـگای هەمووشـمانی تێـدا دەبێتـەوە، دەسـتووریش دەبێتـە «نەخشـە ڕێـگا» و «سـەنگی مەحـەک» کـە بـە هۆیـەوە دەتوانرێـت داهاتوویەکـی «گـەش و پڕشـنگدار و دادپەروەرانـە» بـۆ نەوەکانـی ئێسـتا و داهاتـووی هەرێمـی کوردسـتان فەراهـەم بکرێـت.

# (٢٣٢) ساڵ لەمەوبەر دەستووری ئەمەریکا خرایە بواری جێبەجێکردن!

٥/٠٦/٢٠٢١

ڕەشنووسی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٧) لە کۆنگرەی (فیلادلفیا) دا بە ئامادەبوونی نوێنەری سێزدە ویلایەت نووسرایەوە (ئەوکات ئەمریکا تەنها ١٣ ویلایەت بوو)، دوای ساڵێک گفتوگۆکردنی چڕوپڕ، ساڵی (١٧٨٨) ڕاپرسیی لەسەرکرا، ئینجا ساڵی دواتر واتە ساڵی (١٧٨٩) پەسەند کرا و لە ڕۆژی (١٧٨٩/٦/٤) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

بنەمای سەرەکییەکانی دەستووری ئەمەریکا لە تێزەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی «جۆن لۆک و هۆبز و ڕۆسۆ»وە وەرگیراون.

دەستووری ئەمریکا لە (٧) مادده پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە:

ماددەی یەکەم: تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان.

ماددەی دووەم: تایبەتە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ماددەی سێیەم: تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری.

ماددەی چوارەم: تایبەتە بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتەکان و

حکومەتـــی فیـــدڕاڵ.

ماددەی پێنجەم: تایبەتە بە هەموارکردنەوەی دەستوور.

ماددەی شەشەم: تایبەتە بە قەرزی نەتەوەیی (الدیون القومیة)

ماددەی حەوتەم: تایبەتە بە پەسەندکردنی دەستوور.

دوای پەســـەندکردنی دەســـتوور، «جـــۆرج واشـــنتن»، وەک یەکـــەم ســـەرۆکی بێلایـەن هەڵبژێـردرا (ئەوکاتـە هێشـتا دیموکـرات و کۆمارییـەکان دانەمەزرابـوون)، جـۆرج واشـنتن بـەردی بناغـەی کۆشـکی سـپیی دانـا و پایتەختـی ئەمریـکای لـــە «فیلادلفیـــا»وە بـــۆ «واشـــنتن دی ســـی» گواســـتەوە، بـــەڵام دوای خـــۆی، کۆشـکی سـپی تـەواو بـوو و «جـۆن ئادەمـز»ی دووەم سـەرۆک، یەکـەم کـەس بـوو لـە کۆشـکی سـپی نیشـتەجێ بـوو.

ئەمریکییـــەکان لـــە (١٧٧٦/٧/٤) ســـەربەخۆیی خۆیـــان ڕاگەیانـــد و حوکمـــی شانشـــینی بەریتانیایـــان ڕەتکـــردەوە، ئەمریـــکا لـــە مـــاوەی (٢٤٥) ســـاڵدا، (٤٦) ســـەرۆکی هەڵبـــژاردووە، (١٩) ســـەرۆک کۆمـــاری بـــوون، (١٦) ســـەرۆک دیموکـــرات بـــوون، (٢٢) ســـەرۆکیش پێـــش دامەزراندنـــی پارتـــی دیموکـــرات و پارتـــی کۆمـــاری بـــوون بـــە ســـەرۆک (پارتـــی دیموکـــرات لـــە ســـاڵی ١٨٢٨ دامـــەزرا، پارتـــی کۆمـــاری لـــە ســـاڵی ١٨٥٤ دامـــەزرا).

یەکێـــک لـــە خەســـڵەتە گرنگەکانـــی دەســـتووری ئەمریـــکا (Flexibility) واتـــە نەرمـــی و گونجانیەتـــی لەگـــەڵ هەمـــوو ســـەردەمەکان، مـــاددەی پێنجەمـــی دەســـتوور تەرخـــان کـــراوە بـــۆ هەموارکردنـــەوەی دەســـتوور. ئـــەم دەســـتوورە بـــە گوێـــرەی پێشـــکەوتن و پێویســـتی ســـەردەم (٢٧) جـــار هەمـــوار کراوەتـــەوە.

خەسـڵەتێکی تـری بەهێـزی دەسـتووری ئەمریـکا، جیاکردنـەوە و چاودێـری و هاوســەنگیی نێــوان هەرســێ دەســەڵاتەکەیە (Separation of Powers, Checks and Balances) بـــە گوێـــرەی مادەکانـــی (١ و ٢ و ٣)ی دەســـتوور، هـــەر ســـێ دەســـەڵاتەکەی ئەمریـــکا لـــە یەکـــتر جیاکراونەتـــەوە (یاســـادانان و جێبەجێکـــردن

و دادوەری) هەروەهـا دەسـتووری ئەمریـکا لـە ڕێگـەی چاودێریکردنـی هەرسـێ دەسـەڵاتەکە بەسـەر یەکـتردا هاوسـەنگیی نێـوان دەسـەڵاتەکانی فەراهـەم کـردووە.

کەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن دەسـتووری ئەمریـکا بووەتـە بـەردی بناغـەی دروسـتبوونی وڵاتێکـی (Super Power)ی هاوچـەرخ و (مۆدێـڕن) و خـاوەن دامـودەزگای بەهێـز، ئەمانـەش شارسـتانیەتێکی نوێیـان بەرهەمهێنـاوە بەنـاوی (شارسـتانییەتی ئەمریـکا) کـە لـە ژێـر سـایەیدا «دەسـتوور و یاسـا و ڕێسـاکان»، بەبـێ جیاوازیـی ئایدۆلـۆژی و ئایینـی و حیزبـی و نەتەوەیـی و مەزهەبـی و ئیتنیکـی، بەسـەر گشـت هاووڵاتیانـدا سـەروەرن.

لـە کۆتاییـدا هیـوادارم سـەرکردایەتیی سیاسـی و داڕێژەرانـی بڕیـاری کورسـتان، هـەوڵ بدەیـن سـوود لـە ئەزموونـی دەسـتووری ئەمریـکا وەربگـرن، بـە تایبـەت لـە ئێسـتادا کـەوا پرسـی نووسـینەوەی (دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان) بووەتـە ڕۆژەڤ.

# وەبەرهێنان لە سێكتەری دیپلۆماسیدا!

١٢/٠٦/٢٠٢١

پرۆسەی وەبەرهێنان تەنیا لە سێكتەری ئابووریدا ناكرێت، بەڵكوو لە سێكتەری سیاسی و دیپلۆماسیشدا دەكرێت، بگرە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەوە وەبەرهێنانی دیپلۆماسییە كەوا وەبەرهێنانی ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بە مانایەكی دیكە، لە پاڵ گرنگیدان بە هێزی ڕەق (هێزی سەربازی)، پێویستە گرنگییەكی تەواو بدرێت بە هێزی نەرم (دیپلۆماسییەت). چونكە ئەم دوو هێزە تەواوكەری یەكترن، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر وڵاتێك بیەوێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، پێویستە گرنگییەكی هاوسەنگ بە هەردوو هێزەكە بدات، چونكە ئەم دوو هێزە هاوشێوەی دوو باڵی باڵندەیەك گرنگن بۆ فڕین بە ئاسمانی نێودەوڵەتیدا.

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و بە دیاریكراوی لە دوای بە دەستووریبوونی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٥)، سەركردایەتیی سیاسیی

کوردستان توانی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە وەبەرهێنان لە سێکتەری دیپلۆماسیدا ئەنجام بدات، ئەنجامی ئەم وەبەرهێنانەش گواستنەوەی پرسی کورد بوو لە پرسێکی لۆکاڵی و ناوچەییەوە بۆ پرسێکی نێودەوڵەتی و جیهانی. بۆیە دەبینین لە کۆشکی سپی و کۆشکی ئەلیزێ و کۆشکی شاهانە و کۆشکی کۆماریی وڵاتانی جیهان، پێشوازی لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، نموونەی بەرچاون بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانێکی سەرکەوتوو لە سێکتەری دیپلۆماسیدا. وەک لەم چەند ڕۆژەدا بینیمان، کۆمەڵێک سەردانی فەرمی ئەنجام دراون، لەوانە سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ ئیمارات و هەروەها بانگهێشتنامەی فەرمییان بۆ سەردانیکردنی بەریتانیا و سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ ئەوروپا و بەلجیکا و یۆنان، هەروەها سەردانیکردنی چەندین جارەی جێگری سەرۆکی حکوومەت بۆ بەغدا، سێ نموونەی هەنووکەیی بەرچاو و گرنگن بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەری دیپلۆماسی (لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهان).

لە دەرەنجامی وەبەرهێنان لە هەردوو سێکتەری ڕەق و نەرم دەبینین هەرێمی کوردستان (وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی)، بووەتە ژمارەیەکی خوێندراوە لە هاوکێشەکانی ئەم ناوچەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین: وەبەرهێنانی دیپلۆماسی بنەمای سەرەکیی وەبەرهێنانی هەموو سیکتەرەکانە (سیاسی، ئابووری، ئەمنی، تەندروستی و هتد).

کەواتە وەبەرهێنانی دیپلۆماسی، گرنگترین وەبەرهێنانە و پێویستی بە لێهاتوویی دیپلۆماسی و ژینگەی سیاسی هەیە، بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و بونیاتنانی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ وڵاتی بەرانبەر، ئەویش

لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، واتە بونیاتنانی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپی براوەی دوولایەنە (Win win game) ئەمەش لە ڕێگای پیادەکردنی دیپلۆماسیەتی هاوسەنگ دەکرێت.

لەم قۆناغەدا ڕوون و ئاشکرایە کەوا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، لەناو گۆڕەپانی یاریکردنی ناوچەکەدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی دیپلۆماسییەتی کورد و تێگەیشتنی کورد لە بنەماکانی گەمەی دیپلۆماسی.

لەکۆتاییدا گرنگە ئێمەی کورد سوودمان لە شکستەکانی سەدەی بیست وەرگرتبێت، چونکە لە سەدەی ڕابردوودا، بەداخەوە کورد تەنیا پشتی بە چیاکان و هێزی ڕەق (هێزی سەربازی) بەستبوو، بێ ئەوەی بتوانێت (وەک پێویست) سوود لە هێزی نەرم و «دیپلۆماسییەت» وەربگرێت؛ بۆیە دەگوترا کورد ئەوەی لە شەڕدا بەدەستی دەهێنێت لەسەر مێزی دانوستان دەیدۆڕێنێت، بەڵام خۆشبەختانە لە سەدەی (٢١)دا چیتر ئەم وتەیە لەسەر کورد جێبەجێ نابێت، چونکە بەڵگەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کەوا کورد تا ڕادەیەکی باش شارەزای بنەماکانی یاریی دیپلۆماسی بووە، بە جۆرێک کە بووەتە «ژمارەیەکی خوێندراوە» لە هاوکێشەکانی ئەم ناوچەیە. بۆیە پێم وایە چەندە پێویستە ئێمە گرنگی بە هێزی ڕەق (هێزی پێشمەرگە) بدەین، ئەوەندەش پێویستە کەوا گرنگی بە هێزی نەرم (دیپلۆماسییەت و لۆبیکردن) بدەین. پێویستە ئەم ڕاستییەش بزانین کەوا وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا لە ڕێگای هێزی ڕەقەوە توانی (دوو شەڕی گەرمی جیهانی و هەروەها شەڕی ساردی یەکیەتیی سۆڤیەت) بباتەوە و بەم هۆیەوە بووەتە سوپەرپاوەر و جڵەوگیر و تاکجەمسەری هەموو جیهان، بەڵام مانەوەی لە پێگەی تاکجەمسەری و «لووتکەی بەڕێوەبردنی جیهان»دا ڕاستەوخۆ بەندە بە وەبەرهێنانی ئەمریکا لە سێکتەری دیپلۆماسی و هێزی نەرمدا. هەر

لـــەم پێناوەشـــدایە کـــەوا ســـاڵانە لـــە پـــاڵ دابینکردنـــی بودجەیەکـــی زەبـــەلاح (٧٥٠ ملیـــار دۆلار) بـــۆ پنتاگـــۆن و وەزارەتـــی بەرگـــری، بودجەیەکـــی دیکـــەی زەبەلاحیـــش دابیـــن دەکرێـــت (بـــە ســـەدان ملیـــار دۆلار) بـــۆ وەزارەتـــی دەرەوە تاکـــوو وەبەرهێنـــان لـــە ســـێکتەری دیپلۆماســـیدا بـــکات!

# ئایا جەللادەکان دەبنە گوڵفرۆش؟!

١٩/٠٦/٢٠٢١

١- ئەمڕۆ (٧٤) ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردستاندا تێدەپەڕێت، کە بریتین لە شەهیدان: «مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵڵا عەبدولکەریم».

ئەم شەهیدانە لە «کۆماری کوردستان لە مەهاباد»، پلەی فەرماندەیان پێ درابوو، بەڵام ئەفسوس پاش ڕووخانی کۆمار، گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و لەلایەن حکوومەتی ئەوکاتەی عێراقەوە دەستگیرکران و لە سێدارە دران.

ئەوان و هەزاران شەهیدی تر لە «بەغدا، تاران، ئەنقەرە و دیمەشق» لە سێدارەدراون. دەیان ساڵە ئێمەی کورد چاومان لەسەر «بەغدا، تاران، ئەنقەرە و دیمەشقە»، تاکوو سێدارەکان هەڵبگرن، بەڵام سێدارەکان هەرلەوێن و نابزون، تەنها پەت و جەللادەکان دەگۆڕدرێن! ئێمەش هەر ئێمەین و هەرچاوەڕوانین جەللادەکان ببنە گوڵفرۆش!

ئەفسـەری شـەهید «مسـتەفا خۆشـناو» لـە سـاڵی (١٩١٢) ل گونـدی «هەرمـک»ی دۆڵـی خۆشـناوەتی لەدایـک بـووە، ئەمـەی خـوارەوە نامـەی شـەهید مسـتەفا خۆشـناوە، چەنـد کاتژمێرێـک بـەر لـە سـێدارەدانی:

«ئـەی ئەوانـەی لەسـێدارەم دەدەن، بـە ئاغاکانتـان بڵێـن، کـە تۆڵـەی خوێنـم دەکرێتـەوە، لـە پەتەکەتـان ناترسـم، ئـەوە ئـەو پەتەیـە کـە بـەرزم دەکاتـەوە بـەرەو شـەهیدی پاڵەوانـی کوردسـتان. سـێ منـداڵ لـە دوای خـۆم بەجـێ دەهێڵـم، دەزانـن کـە مـن لـە پێنـاوی نیشـتیماندا گیانـم دەبەخشـم و هیـوادارم کاتێـک کـە گـەورە دەبـن، شـوێن نموونـەی مـن بکـەون لـە ژیانیانـدا.»

مستەفا خۆشناو

١٩ـی ٦ـی ١٩٤٧، بغداد

٢- پەیماننامەیەک بۆ دیاریکردنی هێڵی سووری نەتەوەیی و نیشتیمانی:

لـە ئێسـتادا پێویسـتییەکی هەنووکەیـی هەیـە بـۆ بوونـی پەیماننامـە، بـۆ یەکگرتوویـی گوتـاری نیشـتیمانی و دانانـی هێڵـی سـووری نیشـتیمانی، لـە پێنـاو ڕێزگرتـن لـە یەکـتر و گەیشـتن بـە ئامانجـی سـەربەخۆیی کوردسـتان. لــەم چوارچێوەیــەدا هەوڵێکــی زۆر دراوە، بــۆ نموونــە هەوڵەکانــی کۆنگــرەی نەتەوەیــی و بزاڤــی ئاشــتیی ناوخۆیــی و....هتــد، بــەڵام پێــم وایــە ســەرەتا پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆی چـوار پارچـەی کوردسـتان (بەجیـا) یـەک گوتـاری نیشـتیمانی بەرهـەم بێـت، ئینجـا لەسـەر ئاسـتی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان هـەوڵ بدرێـت گوتـاری نیشـتیمانی و نەتەوەیـی دروسـت بکرێـت، بـۆ نموونـە ئێمـە تاکـوو لەسـەر ئاسـتی باشـووری کوردسـتان یـەک گوتـاری نیشـتیمانی و نەتەوەیـی بەرهـەم نەهێنیـن، ئەسـتەمە بگەینـە یـەک گوتـاری نیشـتیمانی و نەتەوەیـی بـۆ کوردسـتانی گـەورە، یـەک گوتارییـش بـە مانـای سـڕینەوەی جیاوازیـی نێـوان لایەنـەکان ناهێـت، بەڵکـوو تەنهـا دیاریکردنـی هێڵـە گشـتییەکان و بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان و هێڵـە سـوورەکانی نیشـتیمان

دێـت، بـۆ نموونـە:

خاکـی کوردسـتان، ئـاڵای کوردسـتان، سرودی نەتەوەیـی (ئـەی ڕەقیـب)، سـەرکردە مێژووییـەکان، ئاسایشـی نەتەوەیـی، تەحریمـی شـەڕی ناوخـۆ، بەرژەوەندییـە نیشـتیمانییەکان و .... لـە ئێسـتادا دەکرێـت باشـووری کوردسـتان بەهـۆی ئـەو قـەوارەی لـە چوارچێـوەی دەسـتووردا هەیەتـی، ئـەم خاڵانـە لەنـاو «دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان»دا جێگیـر بـکات، کـە بڕیـارە لـە چەنـد مانگـی داهاتـوودا کاری جـدی لەسـەر بکرێـت، بەشـەکانی تـری کوردسـتانیش دەکرێـت بـە گوێـرەی ئـەو بـارودۆخ و هەلومەرجـەی کـە تێیـدا دەژیـن، پەیماننامەیـەک لـە چواچێـوەی لایەنەکانـی خۆیانـدا واژۆ بکـەن، ئینجـا دەکرێـت لەسـەر ئاسـتی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان پەیماننامەیـەک بـۆ دیاریکردنـی هێڵـی سـووری نەتەوەیـی و نیشـتیمانی بنووسرێتـەوە و واژۆ بکرێـت.

لـە چەنـد هەفتـەی ڕابـردوودا کاتێـک (٦) پێشـمەرگەی کوردسـتان لەلایـەن (PKK)ـەوە شـەهیدکران، دڵەڕاوکێیەکـی زۆر کەوتـە نـاو خەڵکـی کوردسـتان لـە ترسـی دووبارەبوونـەوەی دێوەزمـەی نەگریسـی شـەڕی ناوخـۆ، ئـەم ترسـەش لـە شـوێنی خـۆی بـوو، چونکـە (پەیماننامەیـەک بـۆ دیاریکردنـی هێڵـی سـووری نەتەوەیـی و نیشـتیمانی) نەبـوو، بـەڵام بـە هـۆی تەحریمکردنـی شـەڕی ناوخـۆ لەلایـەن «سـەرۆک مسـعود بارزانـی» و زۆربـەی سـەرکردایەتیی سیاسـیی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان، «دێوەزمـەی شـەڕی ناوخـۆ» تاڕادەیـەک ڕەواوەتـەوە و دڵنیایـی بـۆ خەڵکـی کوردسـتان گەڕاوەتـەوە.

٣- وانەیەک بۆ نەوەی تازە

سـاڵی (١٩٩٤) کاتێـک یەکـەم گـەڕی شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆ دەسـتی پێکـرد، ئـەو کات تەمەنـم (١٧) سـاڵ بـوو، لـە ئامادەیـی ڕزگاری کـوڕان لـە هەولێـر قوتابـی بوویـن، لـە قۆناغـی چوارەمـی ئامادەیـی (ئێسـتا پێـی دەڵێـن

قۆناغـــی ١٠)، لەگــەڵ دوو هاوپــۆلم زۆر هــاوڕێ و نزیکـــی یەکــتر بوویــن، بــە جۆرێــک هاوڕێیەتییەکەمــان ناونابــوو «ســێکوچکەی ڕزگاری». هەرســێکمان بــە پیــادە هاتوچۆمــان دەکــرد، ئــەم دوو هاوڕێیــەم یەکیــان یەکێتــی بــوو، ئــەوی تریشــیان پارتــی بــوو، بــەڵام هەرســێکمان گەنــج و خوێــن گــەرم بوویــن، کاتێــک هەواڵــی شــەڕی نەگریســی ناوخــۆ گــەرم بــوو، ئــەم دوو هاوڕێیــەم لــە گفتوگــۆدا تــا ڕادەی دەمارگیــری حیزبــی دەڕۆیشــتن، کار گەیشــتە ئــەوەی هەردووکیــان گرەوێکــی ناخۆشــیان کــرد، گرەوەکەیــان لەســەر لەناوبردنــی پارتەکــەی بەرانبــەر بــوو، بەجۆرێــک هــاوڕێ یەکێتییەکــەم دەیگــوت:

«گرەو دەکەم تاکوو مانگێکی تر یەک پارتی لە کوردستان نامێنێت!»

هاوڕێ پارتییەکەشم دەیگوت:

«گرەو دەکەم تاکوو مانگیکی تر یەک یەکێتی لە کوردستان نامێنێت!»

منیــش لــەم نێوەنــدەدا گوتــم: دڵنیــام هیــچ کامتــان گرەوەکــە نابەنــەوە، گوتیــان بــۆ؟

گوتــم کوڕینــە ئێــوە گــرەو لەســەر لەناوبردنــی یەکــتر دەکــەن، باشــە ئەگــەر خوانەخواســتە یەکێکتــان گرەوەکــە ببەنــەوە، ئــەوا «ســێکوچکەی ڕزگاری» لەنــاو دەچێــت، چونکــە حەتمــەن یەکێــک لــە ئێــوە لــە ژیــان نامێنــن!

ئایە هیچ کامتان تەحەمولی ئەو کارەساتە دەکەن؟

هەردووکیان دۆش دامان و گوتیان نەخێر!

منیــش گوتــم: ئــێ کەوایــە بــا هەرســێکمان دژی ئــەم شــەڕی ناوخۆیــە بیــن، چونکــە گرەوەکــەی ئێــوە لــە ســەر بنەمایەکــی نادروســتە و هیــوادارم قــەت هیچتــان نەیبەنــەوە، بــۆ ئــەوەی ئەویــتر لــە دەســت نەدەیــن، ســوپاس بــۆ خــوا هــەرواش دەرچــوو.

ئێســتاش ئــەو کەســانەی گــرەو لەســەر نەمانــی یەکــتر دەکــەن، پێویســتە عەقڵیــان «ئەبدەیــت» بکەنــەوە، چونکــە پێدەچێــت لــەم ســەردەمەدا نەژیــن!

خۆشبەختانە تاکوو ئەمڕۆش لەگەڵ ئەم دوو هاوپۆلەم هاوڕێیەتیمان بەهێزە و بەردەوامە، بەڵام بە عەقڵییەتێکی سەردەمیانەی (سەدەی بیست و یەک) هەر سێکمان جیاواز لە یەکتر بیر دەکەینەوە، بەڵام ڕێز لە بیر و بۆچوونی یەکتر دەگرین و هەرگیز گرەو لەسەر لەناوبردنی یەکتر ناکەین!

لەکۆتاییدا گرنگە گەنج و لاوەکانمان سوود لە ئەزموونی باب و باپیرانمان وەربگرن و هەوڵ بدەن پلانی ستراتیژی بۆ بونیاتنانی نیشتیمان دابنێن، نەک پیلان دابنێن بۆ شەڕی ناوخۆ و لەناوبردن و سڕینەوەی یەکتر و ڕووخانی نیشتیمان!

واتە گەنج و لاوی کورد پێویستە (Move on) بکات و لەگەڵ کاروانی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم و زیرەکیی دەستکرد (AI) هەڵبکات، نەک تەنها لە ڕابردوودا بژیت و هەڵەکانی مێژوو دووبارە بکاتەوە و لە بازنەیەکی داخراودا بمێنێتەوە و لە پێشکەوتن و داهێنانی سەدەی بیست و یەک داببڕێت. بە واتایەکی تر، پێویستە گەنج و لاوی کورد هاوشانی ئەم سەردەمە بڕوات و سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرێت و پشت بە زانست و زانیاری ببەستێت، ئەگەر توانیمان هۆشیاریمان بگەیەنینە ئەم ئاستەی سەرەوە، ئەوا مژدە بێت سەدەی «بیست و یەک» سەدەی کورد و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبێت.

# هەولێر نابێتە بەغدا!

٢٧/٠٦/٢٠٢١

یەکێک لە سامانە نیشتمانییەکانی «هەرێمی کوردستان» کە نکۆڵیی لێ ناکرێت و سازشی لەسەر ناکرێت، بریتییە لەو پێگە سەقامگیرەی کە لەم «ناوچە پڕ لەکێشەیە»دا هەیەتی. ئەو پێگە ئارامەی کە هەمیشە هەرێمی کوردستانی پێ لە عێراقێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر جیاکراوەتەوە؛ ئەم سامانە نیشتیمانییە هەمیشە جێگای شانازیی خەڵکی کوردستان و نێردە دیپلۆماسییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە، چونکە لەژێر سایەی ئەم پێگە سەقامگیرەدا نەک تەنها خەڵکی کوردستان، بەڵکوو سەدان هەزار ئاوارەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و پارچەکانی تری کوردستانیش حەوانەتەوە. بۆیە ئاسایشی هەرێم بەگشتی و ئاسایشی هەولێری پایتەخت بەتایبەتی هێڵی سوورن. نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە هیچ گروپ و میلیشیایەک بدرێت (لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێ)، هەولێر بکەنە گۆڕەپانی ململانێی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی

(هاوشـێوەی بەغـدا).

ئەمـە چەنـد جارێکـە هێرشـی درۆن و مووشـەکی دەکرێتـە سـەر هەولێـری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان. بەتایبـەت هێرشـی دوێنـێ کـە بـە سـێ درۆن ئەنجـام دران، لەسـەر درۆنەکانیـش نـوسرا بـوو: (یـا صاحـب الزمـان و یـا زهـرا)

ئـەم دروشـمانەش بەڵگـەی ڕوون و ئاشـکران کـەوا هێرشـەکەی ئـەم جـارە ناڕاسـتەوخۆ لەلایـەن پرۆکزییەکانـی ئێرانـەوە ئەنجـام دراوە. بـە گوێـرەی هەندێـک زانیاریـی باوەڕپێکراویـش، «میلیشـیاکانی حیزبوڵـڵای عێـراق و کەتیبەکانـی سـەید شـوهەدا» ژوورێکـی ئۆپەراسـیۆنیان پێکهێنـاوە بـۆ کردنـە ئامانجـی دامەزراوەکانـی ئەمریـکا لـە «هەولێـر و کوردسـتان» و ناوەنـدی ژووری ئۆپەراسـیۆنەکەیان لـە سـەربازگەی «ئەشرەفـی» پێشـووی «موجاهیدینـی خەلـق» دامەزرانـدووە، کـە ئێسـتا لەژێـر کۆنترۆڵـی حیزبوڵـڵای عێڕاقیدایـە.

مەبەستی ئەم جۆرە هێرشانەش گەیاندنی کۆمەڵێک پەیامە، لەوانە:

١- هەوڵـدان بـۆ گەیاندنـی پەیامێـک کـە «هەولێـر و کوردسـتان هاوشـێوەی بەغـدا و عێـڕاق ناسـەقامگیرن».

٢- ناردنـی پەیامێـک بـۆ «ئیـدارەی بایـدن» کـەوا شـیعەکان خوێنـی «قاسـم سـولەیمانی و ئەبـو مەهـدی موهەندیس»یـان لەبیـر نەکـردووە.

٣- تێرکـردن و ڕازیکردنـی شـەقامی شـیعە بـە مەبەسـتی ڕیکلامکـردن و کۆکردنـەوەی دەنـگ بـۆ هەڵبژاردنەکانـی داهاتـووی پەرلەمانـی عێـڕاق.

٤- تاقیکردنـەوەی «ئیـدارەی بایـدن» تاکـوو بزانـن تـا چەنـد بەرگـری لـە هەرێـم و وڵاتانـی هاوپەیمانـی ئەمریـکا دەکات.

٥- فشـارێکە بـۆ سـەر ئەمریـکا تاکـوو لـە «دانوسـتانەکانی ڤیەننـا» نەرمـی بنوێنێـت و گەمارۆکانـی سـەر ئێـران هەڵبگرێـت و بگەڕێتـەوە نـاو ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی (٥+١).

٦- فشـارێکی ئێرانـە بـۆ سـەر هەرێـم تاکـوو لـە ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی

دوور بکەوێتـــەوە، بەمەبەســـتی تێکدانـــی ئـــەم باڵانســـەی کـــەوا هەرێـــم بـــە شـــێوەیەکی هاوســـەنگ لـــە نێـــوان ئەمریـــکا و ئێـــران ڕایگرتـــووە.

٧- پەیامێکـی ئێرانـە بـۆ ئەمریـکا کـە دەتوانـن لـە ڕێـگای پرۆکزییەکانیانـەوە لـە هەمـوو شـوێنێکی عێـراق هێـرش بکەنـە سـەر بەرژەوەندییـەکان و هێزەکانـی ئەمریـــکا، بـــە تایبـــەت کـــە ماوەیەکـــە لـــە میدیـــا جیهانییـــەکان بـــاس لـــەوە دەکرێـت کـە باشـترین و سـەقامگیرترین و ئارامتریـن ئەلتەرناتیڤـی ئەمریـکا لـە شـوێنی «بەغـدا» ڕەنگـە هەولێـر بێـت.

دووبـارە بوونـەوەی هێرشـە مووشـەکییەکان دەبێـت ناچارمـان بـکات تاکـوو هەڵوەسـتەیەک بکەیـن بـۆ ئەنجامدانـی پێنـج خاڵـی گرنـگ:

یەکـەم: گرنگـە هەرێـم بـە فەرمـی داوا لـە ئەمریـکا بـکات تاکـوو فشـار لـە حکوومەتـی عێـراق بـکات بـۆ ئـەوەی هێزەکانـی حەشـد لـە سـنوری هەرێـم دووربخرێنـــەوە، چونکـــە لـــە ســـاڵی (٢٠١٧) هێزەکانـــی حەشـــد، بـــە گڵۆپـــی ســـەوزی ئەمریـــکا توانییـــان بێنـــە ســـنوری ناوچـــە دابڕێنراوەکانـــی هەرێـــم.

دووەم: گرنگـە هەرێـم داوا لـە ئەمریـکا بـکات چـۆن لـە ڕێـگای سیسـتەمی پاتریۆتـەوە بنکـە و بارەگاکانیـان دەپارێـزن، ئەوهـاش (خـاک و خەڵکـی) هەرێـم لـە هێرشـی نەیارەکانیـان بپارێـزن، چونکـە سـەرەکیترین بەهانـەی هێرشـکردنی ئـەم گرووپانـە بریتییـە لـە بوونـی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە هەرێـم.

سـێیەم: گرنگـە هەرێـم داوا لـە نەتەوەیەکگرتـووەکان بـکات تاکـوو فشـار لـە عێـراق بـکات بـۆ جێبەجێکردنـی مـادەی (١٤٠).

چـوارەم: لەگـەڵ ئـەم سـێ خاڵـەی سـەرەوەدا پێویسـتە سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان پەلـە بـکات لـە پرۆسـەی ڕێکخسـتنەوە و یـەک خسـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە، بەمەبەسـتی ئامادەباشـی وەرگرتـن بـۆ بەرپەرچدانـەوەی هـەر هەڕەشـەیەکی سـەربازی و ئەمنـی بـۆ سـەر خـاک و خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان.

پێنجەم: ئەم «هەڕەشە مەترسیدارە» دەبێت ببێتە دەرفەتێک بۆ ڕاچڵەکین و بەخۆداچوونەوە لە پێناو تێپەڕاندنی جیاوازییە سیاسییەکان و لێکنزیکبوونەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان؛ چونکە ئەم هەڕەشەیە تەنها بۆ سەر لایەنێک و شارێک نییە، بەڵکوو هەڕەشەیە بۆ سەر تەواوی لایەنەکان و هەموو قەوارەی هەرێمی کوردستان. واتە ئەمە هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەر کەشتیی هەرێمی کوردستان، بە نغرۆبوونی ئەم کەشتییەش (خوانەخواستە) هەموومان دەخنکێین!

# ئەمڕۆ تەمەنی ئەمریکا دەبێتە (٢٤٥) ساڵ!

٤/٠٧/٢٠٢١

خەڵکی ئەمریکا لە (٤)ی تەمموزی ساڵی (١٧٧٦) زایینی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ڕاگەیاند و حوکمی شانشینی بەریتانیایان ڕەتکردەوە و ئامادە نەبوون هیچی تر لە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیادا بمێننەوە، بەڵکوو کۆمارێکی دەستووریی فێدراڵییان دروست کرد؛ ئەوەش دوای ئەوە هات، کە لە ساڵی (١٧٧٤) پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری دا وەرگرتنی «باج و سەرانە» لەسەر خەڵکی ئەمریکا زیاد بکات و ئەمەش کاردانەوەی توندی ئەمریکییەکانی لێ کەوتەوە، چونکە ئەمریکییەکان هیچ نوێنەرێکیان لە پەرلەمانی بەریتانیادا نەبوو، بۆیە پێیان وا بوو بڕیارەکانی پەرلەمانی بەریتانیا لە ئەمریکا جێبەجێ ناکرێن.

دوو ساڵ دواتر و لە ڕۆژی (٤)ی تەمموزی ساڵی (١٧٧٦) زایینی (٥٦) سەرکردە و کەسایەتیی ناسراوی ئەمریکا بە نوێنەرایەتیی (١٣) ویلایەت، جاڕنامەیەکیان بە ناوی جاڕنامەی سەربەخۆیی (Declaration of

Independence) بڵاوكـــردەوە و تێیـــدا ڕایانگەیانـــد:

لەمـــەودوا خەڵكـــی ئەمریـــكا ســـەربەخۆن و چیـــتر لەژێـــر داگیركاریـــی بەریتانیـــادا نامێنێتـــەوە.

لـــەو كاتـــەوە تـــا ئێســـتا، ئەمریكییـــەكان هەمـــوو ســـاڵێك لـــە ڕێكەوتـــی (٤)ی تەممـــووزدا جەژنـــی ســـەربەخۆیی وڵاتەكەیـــان دەگێـــڕن و یـــادی ڕزگاربوونیـــان لەژێـــر داگیركاریـــی بەریتانیـــا دەكەنـــەوە.

كیشـــوەری ئەمریـــكا لـــە ســـاڵی (١٤٩٢) لەلایـــەن «كریســـتۆڤەر كۆڵۆمبســـی»، گەڕیـــدەی ئەوروپـــی دۆزرایـــەوە و بەریتانیـــاش لـــە ســـاڵی (١٥٨٥)ەوە دەســـتی بـــە داگیركردنـــی ئـــەو كیشـــوەرە كـــرد.

خەڵكـــی ئەمریـــكا لـــە مـــاوەی (٢٤٥) ســـاڵی ســـەربەخۆییاندا، (٤٦) ســـەرۆكیان هەڵبـــژاردووە، (١٩) ســـەرۆك لـــە پارتـــی كۆمـــاری بـــوون، (١٦) ســـەرۆكیش لـــە دیموكـــرات، (١١) ســـەرۆكیش بێلایـــەن بـــوون، واتـــە پێـــش دامەزراندنـــی پارتـــی دیموكـــرات و پارتـــی كۆمـــاری (پارتـــی دیموكـــرات لـــە ســـاڵی ١٨٢٨ دامـــەزرا، پارتـــی كۆمـــاری لـــە ســـاڵی ١٨٥٤ دامـــەزرا).

ئەمریكا لە كاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا لەم (١٣) ویلایەتە پێكهاتبوو:

(پێنســـلڤانیا، نیویـــورك، نیوجێرســـی، ڤیرجینیـــا، ماساچوســـت، میریالنـــد، ڕودئایالنـــد، كننتكـــت، كارۆلینـــای باكـــوور، كارۆلینـــای باشـــوور، دالوێـــر، نیوهامـــشر، جۆرجیـــا)، بـــەڵام ئێســـتا ئەمریـــكا لـــە (٥٠) ویلایـــەت پێكهاتـــووە و هـــەر ویلایەتێكیـــش تایبەتمەندیـــی خـــۆی هەیـــە، هەمووشـــیان خـــاوەن دەســـەڵاتی خۆجێیـــی خۆیانـــن (یاســـادانان و جێبەجێكـــردن و دادوەری) ئەویـــش لـــە ژێـــر چەتـــری دەســـتووری فیدراڵـــی ئەمریـــكادا.

باوكانـــی دامەزرێنـــەر (Founding Fathers) بریتـــی بـــوون لـــە كۆمەڵێـــك ســـەركردەی سیاســـی كـــە ڕاگەیەنـــدراوی ســـەربەخۆیی ئەمریكایـــان واژۆ كـــرد و لـــە جەنگـــی ســـەربەخۆیی ئەمریـــكادا بەشـــدارییان كـــرد و دەســـتووری

ئەمریکایان نووسییەوە. بە گوێرەی مێژوونووس (ریچارد ب. مۆریس) ئەم (٧) سەرکردەیەی خوارەوە وەک باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا ناسراون: (جۆرج واشنتن، جۆن ئادامز، بنیامین فرانکلین، جۆن جەی، ئەلێکسەندەر هامیلتۆن، تۆماس جێفرسۆن، جەیمس مادیسۆن).

دەقی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (Declaration of Independence) لە لایەن «تۆماس جیفرسن» لە ڤێرجینا نووسرایەوە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەبێ ڕەزامەندیی بەریتانیا بوو، بۆیە بەریتانیا بەهێز بەرەنگاری ویستی سەربەخۆییخوازانی ئەمریکا بووەوە، دوای شەڕێکی (٨) ساڵە شانشینی بەریتانیا ناچاربوو ساڵی (١٧٨٣) لە ڕێککەوتننامەی (پاریس) دان بە سەربەخۆیی ئەمریکادا بنێت.

بۆ ئەوەی لە سیاسەتی ئەمریکا تێبگەین، پێویستە لە پلانی ستراتیژیی ئەمریکا تێبگەین، بۆ ئەوەی لە پلانی ستراتیژیی ئەمریکا تێبگەین پێویستە لە پلانی تاکتیکیی ئەمریکا تێبگەین، بۆ ئەوەی لە پلانی تاکتیکیی ئەمریکا تێبگەین پێویستە لە پێودانگی دانانی پلانی تاکتیکی و ستراتیژیی ئەمریکا تێبگەین، هەمیشە بە گوێرەی دوو پێودانگ پلانی تاکتیکی و ستراتیژیی ئەمریکا دادەڕێژرێن، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: پێودانگی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

دووەم: پێودانگی پاراستنی بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەمریکا.

کەواتە هەمیشە داڕشتنی «سیاسەت و ستراتیژ و تاکتیکی ئەمریکا»، بەندە بە پێودانگی پاراستنی ئاسایش و بەرژوەندییەکانی ئەو وڵاتە.

لە ساڵیادی سەربەخۆیی ئەمریکادا بۆ ئێمە گرنگە هەڵوەستەیەک بکەین و پرسیار بکەین:

ئەمریکا چۆن بووەتە زلهێزترین وڵاتی دونیا و سوپەر پاوەری جیهان؟

پێم وایە کۆمەڵێک فاکتەر لە پشت سەرکەوتنی ئەمریکادان، لە هەموو

سـێکتەرەکانی «سیاسـی، ئابـووری، سـەربازی، تەکنەلـۆژی و هونـەری و .... هتـد»، بـەڵام سـەرەکیترین فاکتـەر بوونـی دەسـتوورێکی کـورت و پوخـت و پـڕ مانایـە، کـە لـە سـەر ئاسـتی جیهـان بـە کۆنتریـن دۆکیۆمێنتـی کارپێکـراو هەژمـار دەکرێـت، چونکـە تەمەنـی (٢٣٢) سـاڵە و تاکـو ئێسـتاش کاری پـێ دەکرێـت.

ڕەشنووسـی دەسـتووری ئەمریـکا لـە سـاڵی (١٧٨٧) لـە کۆنگـرەی «فیلادێلفیـا»دا بـە ئامادەبوونـی نوێنـەری سـێزدە ویلایـەت نووسرایـەوە، (ئـەوکات ئەمریـکا تەنهـا ١٣ ویلایـەت بـوو)، دوای سـاڵێک گفتوگۆکردنـی چـڕ و پـڕ، لـە سـاڵی (١٧٨٨) ڕاپرسـیی لەسـەرکرا، ئینجـا لـە سـاڵی دواتـر، واتـە سـاڵی (١٧٨٩) پەسـەند کـرا و خرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

دەستووری ئەمریکا لە (٧) مادده پێکهاتووە:

ماددەی یەکەم تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان.

ماددەی دووەم تایبەتە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ماددەی سێیەم تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری.

مـاددەی چـوارەم تایبەتـە بـە پەیوەندییەکانـی نێـوان ویلایەتـەکان و حکومەتـی فیـدراڵ.

ماددەی پێنجەم تایبەتە بە هەمووارکردنەوەی دەستوور.

ماددەی شەشەم تایبەتە بە قەرزی نەتەوەیی (الدیون القومیة)

ماددەی حەوتەم تایبەتە بە پەسەندکردنی دەستوور.

یەکێـک لـە خەسـڵەتە گرنگەکانـی دەسـتووری ئەمریـکا بریتیـە لـە (Flexibility) واتـە نەرمـی و گونجـان لەگـەڵ هەمـوو سـەردەمەکان، لـەم چوارچێوەیـەدا مـاددەی پێنجەمـی دەسـتوور تەرخـان کـراوە بـۆ هەموارکردنـەوەی دەسـتوور بـە گوێـرەی پێویسـتی سـەردەمەکان، بۆیـە دەسـتووری ئەمریـکا تاکـو ئێسـتا (٢٧) جـار هەمـوار کراوەتـەوە.

خەسڵەتێکی تری بەهێزی دەستووری ئەمریکا، جیاکردنەوە، چاودێریکردن و هاوسەنگیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکەیە (Separation of Powers, Checks and Balances). بە گوێرەی مادەکانی (١ و ٢ و ٣)ی دەستوور هەر سێ دەسەڵاتەکەی ئەمریکا لە یەکتر جیاکراونەتەوە (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)، هەروەها دەستووری ئەمریکا، لە ڕێگەی چاودێریکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکە بەسەر یەکترەوە، هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکانی فەراهەم کردووە:

The power of US government is constrained by the separation of) (powers and checks and balances between branches

لە ئەمریکادا بەهۆی پیادەکردنی ئەم دەستوورە، یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئینجا ئەگەر ئەو کەسە سەرۆکی ئەمریکاش بێت، وەک بینیمان لە سەردەمی «ترەمپ»دا کۆنگرێسی ئەمریکا دوو جار پرۆسەی لێپرسینەوە (Impeachment)ی بەرامبەر (ترەمپ) ئەنجام دا.

کەواتە دەستووری ئەمریکا بەردی بناغەی دروستبوونی وڵاتێکی زلهێز، هاوچەرخ، مۆدێرن و خاوەن دامودەزگای بەهێز و چالاکە، ئەمانەش شارستانییەتێکی نوێی بەناوی (شارستانییەتی ئەمریکا) بەرهەمهێناوە، کە لە ژێر سایەیدا دەستوور و یاسا و ڕێساکان سەروەرن بەسەر گشت هاووڵاتیاندا، بەبێ جیاوازیی ئایدۆلۆژی، ئایینی، نەتەوەیی، مەزهەبی و ئیتنیکی...هتد.

لە کۆتاییدا گرنگە ئێمەی «خەڵکی کوردستان»، هەوڵ بدەین سوود لە ئەزموونی نووسینەوەی دەستووری ئەمریکا وەربگرین، بە تایبەت لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

# ئەمریکا دەمێنێتەوە یان دەکشێتەوە؟

١٧/٠٧/٢٠٢١

دوای کشـــانەوەی بەشـــی زۆری هێزەکانـــی ئەمریـــکا لـــە ئەفغانســـتان، کـــە چـــاوەڕوان دەکرێـــت لـــە (١١ی ئەیلـــوول/ ســـێپتەمبەری ٢٠٢١) پرۆســـەکە تـــەواو بێـــت، چەندیـــن پرســـیار گەڵاڵـــە بـــوون، بـــۆ نموونـــە:

ئایـــا کاری لـــە پێشـــینەی ئیـــدارەی بایـــدن گرنگیدانـــە بـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت؟

ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان پێگەی جارانی لای ئەمریکا ماوە؟

ئایا چارەنووسی عێراق هاوشێوەی ئەفغانستان دەبێت؟

ئەگـەر هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێـراق بکشـێنەوە، ئایـا هەرێمـی کوردسـتانیش دەکشـێنەوە؟

ئایا هەرێمی کوردستان خۆی ئامادەکردووە بۆ سیناریۆ و ئەگەرەکان؟

لـە کاتـی کشـانەوە یـان مانـەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا چارەنووسـمان چـی دەبێـت؟

ئەمانــە و چەندیــن پرســیاری دیکــە پێویســتە لــە خۆمــان بکەیــن تاکــوو خۆمــان بــۆ هەمــوو ئەگــەر و ســیناریۆکان ئامــادە بکەیــن.

لــەم هەلومەرجــەدا گرنگــە هەرێمــی کوردســتان خــۆی بــۆ ٣ ســیناریۆ ئامــادە بــکات:

١- ســیناریۆی کشــانەوەی هێزەکانــی ئەمریــکا لــە عێــراق (هاوشــێوەی ئەفغانســتان).

٢- سیناریۆی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

٣- ســیناریۆی مانــەوەی هێزەکانــی ئەمریــکا لــە هەرێمــی کوردســتان و کشــانەوەیان لــە ناوەڕاســت و خــوارووی عێــراق.

لێــرەدا دەبێــت ئــەو ڕاســتییە بزانیــن کــەوا پێگــەی جیۆپولەتیکــی عێــراق و ئەفغانســتان جیــاوازن، بۆیــە ســیناریۆی یەکــەم جێبەجــێ ناکرێــت، بــەڵام ســەرکردایەتیی کوردســتان پێویســتە بــۆ ســیناریۆی دووەم و ســێهەم خۆیــان ئامــادە بکــەن و گەرەنتیــی پاراســتنی خــاک و خەڵکــی هەرێمــی کوردســتان لــە ئەمریکییــەکان وەربگــرن «بەشــێوەیەکی نــووسراوی دیکیۆمێنتکــراو».

لــەم چوارچێوەیــەدا بڕیــارە «مســتەفا کازمــی»، ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق، ســەردانی واشــنتن بــکات و لــە ڕێکەوتــی «٢٦ی ئــەم مانگــە» لــە کۆشــکی ســپی لەگــەڵ «جــۆ بایــدن» کــۆ ببێتــەوە و گەڕێکــی دیکــەی دانوســتان و گفتوگــۆی ســتراتیژیی نێــوان «ئەمریــکا و عێــراق» بەڕێوەبچێــت.

ئــەم گــەڕەی دانوســتان لــە کاتێکدایــە، کــەوا بڕیــارە دوای مانــگ و نیوێکــی دیکــە، هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێــراق بەڕێوەبچێــت، (ئەگــەر دوانەخرێــت) ئەمریــکا بڕیــاری داوە بــڕی (١٠) ملیــۆن دۆلار هاوکاریــی پرۆســەی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێــراق بــکات بۆئــەوەی بــە شــێوەیەکی پــاک و بێگــەرد بەڕێوەبچێــت.

لــەم گــەڕەی دانوســتاندا «حکوومەتــی کازمــی» لــە بــەردەم دوو داواکاریــی ســەخت و دژوارە لەلایــەن «ئەمریــکا و ئێــران»ەوە، بــە جۆرێــک کــە ئەمریــکا داوای

چارەسەرکردنی کێشەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە کازمی دەکات، بە تایبەت ئەو ملیشیایانەی کە بە «وەلائی» ناسراون، چونکە بەهۆی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانیانەوە بەردەوام هەڕەشەی جددی دەکەنە سەر بەرژەوەندییە دیپلۆماتی و سەربازییەکانی ئەمریکا. لەبەرانبەردا میلیشیاکانی سەر بە ئێران داوا لە کازمی دەکەن بڕیاری ڕۆژی (٥/١/٢٠٢٠)ی پەرلەمانی عێراق جێبەجێ بکات کە تایبەتە بە وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان. مەبەستیشیان ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراقە کە شیعەکان دوای دوو ڕۆژ لە کوژرانی «قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندس» لە ژێر فشاری شەقامی شیعەی «وەلائی» عێراق و ئێران، «بەبێ بەشداریکردنی کورد و سووننە» دەریانکرد.

بە واتایەکی دیکە حکوومەتی کازمی کەوتووەتە نێوان بەرداشی ئەمریکا و ئێران، چونکە لەلایەکەوە ئەمریکا داوای لێ دەکات چارەسەری کێشەی میلیشیا چەکدارەکان بکات و بیانخاتە ژێر چەتری سوپای عێراق، لەلایەکی دیکەوە میلیشیاکان داوا لە کازمی دەکەن بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ بکات و هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکات. حکوومەتی کازمیش ناتوانێت هیچ یەکێک لەم دوو داواکارییە جێبەجێ بکات، چونکە نە دەتوانێت ڕووبەڕووی میلیشیاکان ببێتەوە، کە «بەردەوام هەڕەشەی گوێ بڕینی لێدەکەن» نە دەشتوانێت دەستبەرداری ئەمریکا بێت، چونکە لە بوارەکانی «سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئەمنی) عێراق خاوەنی ژێرخانێکی تۆکمە نییە تاکوو بتوانێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خۆی لەبەردەم هەڕەشەکانی داعش و گرووپەکانی حەشدی شەعبی ڕابگرێت. بەڵام ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کەوا ئیدارەی «بایدن» زیاتر لە حکوومەتی ئێران موراعاتی حکوومەتی کازمی دەکات، بەڵگەش بۆ ئەمە دوای هێرشی درۆن و مووشەکی سەر فڕۆکەخانەی هەولێر، ئەمریکا، بەمەبەستی دوورخستنەوەی گۆڕەپانی

عێــراق لــە ململانێــی ڕاســتەوخۆی لەگــەڵ ئێــران، لەنــاو خاکــی ســووریا و ســەر ســنووری نێــوان عێــراق و ســووریا، وەڵامــی میلیشــاکانی ســەر بــە ئێرانــی دایــەوە؛ ئەمــەش وەک ڕەچاوکــردن و ڕێزگرتــن لــە ســەروەریی عێــراق و دوورخســتنەوەی کێشــە و ئاڵــۆزی لــە گۆڕەپانــی عێــراق لەقەڵــەم درا.

لەبەرانبــەردا لــەوە ناچێــت ئێــران وەک پێویســت موراعاتــی حکوومەتــی کازمــی بــکات، چونکــە هیــچ جــۆرە بەرەوپێشــچوونێک لــە بــارەی ڕێککەوتنــی ئەتۆمــی و ســووککردنی ســزاکانی ســەر ئێــران، لەگــەڵ «ئیــدارەی نوێــی بایــدن» ڕووی نــەداوە ئەمــەش وا لــە ئێــران دەکات، لــە ڕێــگای میلیشــیاکانەوە فشــار بکاتــە ســەر ئەمریــکا بــۆ هەڵگرتنــی ســزا ئابوورییــەکان و گەڕانــەوەی بــۆ ڕێککەوتنــی (٥+١)، بــەم جــۆرە دەتوانیــن بڵێیــن کــەوا پرســی ئەتۆمیــی ئێــران کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی لەســەر ســەقامگیری عێــراق هەیــە.

لــە کۆتاییــدا پێــم وایــە لــەم گــەڕەی دانوســتانی «ئەمریــکا و عێــراق» خشــتەیەکی درێژخایــەن دادەنرێــت بــۆ کشــانەوەی هێزەکانــی ئەمریــکا بــە ســێ قۆنــاغ. ئــەم قۆناغبەندییــەش چەنــد ســاڵێک دەخایەنێــت کــە تــا کۆتایــی ئیــدارەی بایــدن، ئەمریــکا لــە عێــراق دەمێنێتــەوە؛ ئەویــش بەمەبەســتی ڕیشەکێشــکردنی مەترســیی داعــش و ڕێگریکــردن لــە دووبــارە ســەرهەڵدانەوەی تیــرۆر، چونکــە بایــدن نایەوێــت هەمــان هەڵــەی ئۆبامــا دووبــارە بکاتــەوە. (کاتێــک کــە ئۆبامــا لــە ســاڵی ٢٠١١ هەمــوو هێزەکانــی ئەمریــکای کشــاندەوە؛ ئەمــەش بــووە هــۆی زەمینــە خۆشــکردن بــۆ قاعیــدە و داعــش و ڕووداوی کارەســاتبار بــۆ عێــراق و ســووریا و ناوچەکــە).

# ئەفغانستان.. وەک پەند و عیبرەت!

١٥/٠٨/٢٠٢١

دوای کشانەوەی بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان، بزووتنەوەی تاڵیبان بەرەو کۆنترۆڵکردنی پایتەختی ئەفغانستان لە پێشڕەوییەکی بێ وێنەدایە، لێرەدا گرنگە ئێمەی کورد، چەند وانەیەک (وەک پەند و عیبرەت) لە ڕووداوەکانی ئەفغانستان فێر ببین:

١- پشت بەخۆ بەستن

دەبێت لەم ڕاستییە تێبگەین کەوا ئەمریکا هەتا ڕۆژی قیامەت لە هیچ وڵاتێک نامێنێتەوە، بۆیە گرنگە لە ئێستا بەدواوە هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی هەموو سێکتەر و دامودەزگاکان زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت. بە مانایەکی دیکە بەهێزکردنی ژێرخانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەقامگیری، پێکەوەژیان و .... هتد.

٢- یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە

گرنگە هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە

خێراتــر بکرێــن، ئەویــش لــە پێنــاو دروســتکردنی هێزێکــی پێشــمەرگەی نیشــتیمانی، دوور لــە دەســتی کارەکتــەرە حیزبییــەکان، واتــە بەهێزترکردنــی ژێرخانــی ئەمــن و ئاسایشــی کوردســتان.

٣- بەردەوام بوون لەسەر پرۆسەی چاکسازی

گرنگــە لــە ئێســتا و داهاتووشــدا پرۆســەی چاکســازی بــەردەوام بێــت، ئەویــش بــە ئامانجــی نەهێشــتنی گەندەڵــی لــە هەمــوو ســێکتەرەکاندا.

٤- بەهێزترکردنی پردی پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات:

ئەمــەش لــە ڕێگــەی پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریــی زیاتــر و بــە دیهێنانــی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتیــی زیاتــر ئەنجــام دەدرێــت.

٥- پەلەکردن لە نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ

پەلەکــردن لــە نووســینەوەی دەســتوورێکی هاوچــەرخ بــە مەبەســتی زیاتــر بەهێزکردنــی دامودەزگاکانــی هەرێمــی کوردســتان.

راســتییەکی حاشــا هەڵنەگــرە کــە «دیموکراتــەکان و کۆمارییــەکان» گەیشــتوونەتە ئــەو بــاوەڕەی کــە نابێــت ئەمریــکا چیــتر «شــەڕە بــێ کۆتــاکان» بــکات و بــاج و خوێنــی ســەربازانی ئەمریــکا بەفیــڕۆ بــدات، هــەروەک «جــۆ بایــدن» ســەرۆکی ئەمریــکا لــە بــارەی ئەفغانســتانەوە گوتــی: «دەبــێ ئــەوان شــەڕ بــۆ خۆیــان بکــەن». ئــەو قســەیەی ســەرۆکی ئەمریــکا بــۆ ئەفغانییــەکان واتــە پشــتگیریی نێودەوڵەتــی بــۆ هیــچ وڵات و هەرێمێــک هەتاهەتایــی نییــە، بۆیــە ئەگــەر وڵاتێــک یــان هەرێمێــک نەتوانێــت بەرگــری لــە خــۆی بــکات، ئــەوا بــە دڵنیاییــەوە هیــچ کــەس و وڵاتێــک ئامــادە نییــە بــۆ ئەبــەد بەرگریــی لــێ بــکات. ئــەم ڕاســتییەی ســەرەوە ســادەترین وانــەی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــە.

لــە کۆتاییــدا پێــم وایــە بــە گوێــرەی دەرەنجامەکانــی دیالۆگــی ســتراتیژیی نێــوان «عێــراق و ئەمریــکا» ڕێگــەی تێناچێــت ئەمریــکا هەمــان ســیناریۆی ئەفغانســتان لــە عێــراق دووبــارە بکاتــەوە، چونکــە بارودۆخــی (خــودی و

بابەتـــی) نێـــوان عێـــراق و ئەفغانســـتان جیـــاوازن، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هەندێـــک خاڵـــی هاوبـــەش و لێکچـــووش هـــەن لـــە نێـــوان ئـــەم دوو وڵاتـــەدا، بۆیـــە گرنگـــە ئێمـــەی کـــورد «ســـوود و پەنـــد و عیـــبرەت» لـــە بارودۆخـــی ئەفغانســـتان وەربگریـــن و هـــەوڵ بدەیـــن کەموکورییەکانمـــان چارەســـەر بکەیـــن و خۆمـــان بـــۆ هەمـــوو ئەگـــەر و ســـیناریۆکان ئامـــادە بکەیـــن.

# کوردستان هەرگیز نابێتە ئەفغانستان!

٢٢/٠٨/٢٠٢١

کوردستان هەرگیز نابێتە ئەفغانستان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- پرسی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا هەمیشە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بووە نەک پرسێکی ئایینی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەفغانستانە، چونکە پرسی ئەفغانستان هەمیشە ڕەهەندێکی ئایینیی هەبووە.

٢- کلتوری فرە ڕەنگی و پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە لە کوردستان، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەفغانستانە، چونکە تاڵیبان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئەفغانی بە یەک ئایدۆلۆژیا ڕەنگڕێژ بکات.

٣- هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی بە گوێرەی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) هەرێمێکی یاسایی و دەستووریی ڕێزلێگیراوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە قبووڵکراوە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەفغانستانی تاڵیبانە کە تاکوو ئێستا ڕوون نییە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە

قبــوڵ دەکرێــت یاخــود گۆشــەگیر دەکرێــت.

٤- هەرێمـــی کوردســـتان ژمارەیەکـــی خوێندراوەیـــە لـــە هاوکێشـــەکانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، بـــە هـــۆی ئـــەوەی پێشـــمەرگە توانیویەتـــی لـــە جیاتـــی جیهانـــی ئـــازاد ئوســـتوورەی داعـــش تێـــک بشـــکێنێت، ئەمـــەش بـــە پێچەوانـــەی ئەفغانســـتانی تاڵیبانـــە کـــە یارمەتیـــدەری هێـــزە ئیســـلامییە ڕادیکاڵەکانـــی وەک قاعیدەیـــە کـــە ئەنجامـــدەری کـــردەوە تیرۆریســـتییەکەی یـــازدەی ســـێپتەمبەری (٢٠٠١)ە.

٥- زۆرینـــەی ڕەهـــای کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــە قاعیـــدە و قیـــادەوە پـــرۆ دیموکراســـی و پـــرۆ شارســـتانییەتی ڕۆژئاواییـــن، بـــە پێچەوانـــەی کۆمەڵگـــەی ئەفغانـــی کـــە پـــرۆ ڕۆژهەڵاتـــی ڕادیـــکاڵ و وڵاتـــە کلاســـیکییەکانن.

٦- هەرێمـــی کوردســـتان خـــاوەن خەباتێکـــی (١٠٠) ســـاڵەی ڕزگاریخوازیـــی نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانیین، بـــە پێچەوانـــەی ئەفغانســـتان کـــە لـــە پەنجـــا ســـاڵی ڕابـــردوودا بووەتـــە گۆڕەپانـــی شـــەڕ و ململانێـــی هێـــزە لۆکاڵـــی و نێودەوڵەتییـــەکان.

٧- هێـــزە سیاســـییەکانی هەرێمـــی کوردســـتان ئەگـــەر لـــە ســـەر پرســـە لاوەکییەکانیـــش ڕای جیاوازیـــان هەبێـــت، بـــەڵام لـــە پرســـە نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانییەکان یەکدەنـــگ و یەکهەڵوێســـتن، ئـــەم ڕاســـتییەش لـــە پرســـی ڕیفراندۆمـــدا ســـەلمێنرا، کاتێـــک خەڵکـــی کوردســـتانی باشـــوور بـــە هەمـــوو پێکهاتەکانییـــەوە بـــە ڕێـــژەی (٩٢.٧٪) دەنگیـــان بـــە «بەڵـــێ»دا بـــۆ پرســـی ســـەربەخۆیی کوردســـتان، ئەمـــەش بـــە پێچەوانـــەی کۆمەڵگـــەی ئەفغانســـتانە کـــە لەســـەر پرســـە چارەنووســـازەکاندا بـــە شـــێوەیەکی قـــووڵ دابـــەش بوونـــە بەســـەر ڕاســـت و چەپـــدا.

٨- کۆمەڵگـــەی کوردســـتان ئەگـــەر لـــە ئاســـتی پێشـــکەوتنی کۆمەڵگـــە ڕۆژئاواییەکانیشـــدا نەبێـــت، بـــەڵام بەگوێـــرەی ئامـــار و داتـــاکان دەتوانیـــن بڵێیـــن کومەڵگـــەی کوردســـتان لـــە ئاســـتێکی «مامناوەند»دایـــە، بـــەڵام ڕوون و

ئاشـکرایه کـەوا کۆمەڵگـەی ئەفغانسـتان بـە گوێـرەی ئامـار و داتـاکان گیـرۆدەی نەخوێنـــدەواری و دواکەوتوویـــی و هەژارییەکـــی ســـەخت بوونەتـــەوە.

٩- هەرکاتێـک قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان بکەوێتـە بـەر مەترسـی، ئـەوا خەڵکـی کوردسـتان بـە هەمـوو دەنـگ و ڕەنگـە جیاوازەکانـەوە چوونەتـە یـەک سـەنگەری بەرگریکـردن، نمونـەش بـۆ ئـەم ڕاسـتییە بەرەنگاربوونـەوەی هـەرە زۆری پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتانە (نـەک تەنهـا باشـوور بەڵکـوو هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتانی گـەورە) لـە دژی گرووپـی تیرۆریسـتیی داعـش، ئەمـەش بـە پێچەوانـەی کۆمەڵگـەی ئەفغانسـتانە کـە بـە شـێوەیەکی قـووڵ پەرتـەوازە و دابـەش بوونـە.

١٠- لـە سـەر نەخشـەی وزەی جیهانـدا هەرێمـی کوردسـتان پێگەیەکـی گرنـگ و دەوڵەمەنـدی هەیـە، بـە پێچەوانـەی ئەفغانسـتان کـە تەنهـا لـەڕووی بەرهەمهێنانـی تلیـاک و حەشـیش و هیرۆینـەوە ڕۆڵێکـی خـراپ دەگێڕێـت بەجۆرێـک ڕێـژەی (٧٠٪)ی مـادە هۆشـبەرەکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان لـە ئەفغانسـتان بەرهـەم دەهێنرێـت.

١١- پێگـە و واقعـی جیۆپۆلەتیکـی کوردسـتان تـەواو جیـاوازە لـە وڵاتێکـی وەک ئەفغانسـتان، بـە جۆرێـک کـە کوردسـتان وەک دڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وایـە، بۆیـە پێـم وایـە بـە هیـچ جۆرێـک ئەمریـکا و هاوپەیمانـان دەسـتبەرداری نابـن، چونکـە بۆچوونێکـی لۆژیکـی هەیـە کـە دەڵێـت:

هـەر زلهێزێکـی جیهانـی بتوانێـت هەژموونـی خـۆی بەسـەر کوردسـتاندا زاڵ بـکات، ئـەوا بـە ئاسـانی دەتوانێـت هەژموونـی خـۆێ بەسـەر تـەواوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا زاڵ بـکات.

١٢- هەرێمـی کوردسـتان دوای بڕیـاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنـی ئاسـایش ڕەهەندێکـی نێودەوڵەتیـی وەرگرتـووە. واتـە پرسـی کـورد لـە پرسـێکی لۆکاڵییـەوە بووەتـە پرسـێکی نێودەوڵەتـی. بـەڵام ئەفغانسـتان بـە یەکێـک لـەو وڵاتانـە

لەقەڵـەم دەدرێـت كـەوا «دیموكـرات و كۆمارییـەكان»ی ئەمریـكا بـە سەرئێشـەی دەزانـــن و چیـــتر نایانـــەوێ بەهۆیـــەوە شـــەقامی ئەمریكـــی لەدەســـت بـــدەن؛ بەتایبـەت كـە لـە سـاڵی داهاتـوودا هەڵبژاردنەكانـی «میـد تێـرم بـۆ كۆنگرێـس» ئەنجـام دەدرێـت و لـە ئێستاشـەوە هـەردوو حزبـی سـەرەكیی ئەمریـكا لـە كێبركێـدان بـۆ هەڵبژاردنەكانـی سـەرۆكایەتیی سـاڵی (٢٠٢٤) بۆیـە هـەردوو پارتـی سـەرەكیی ئەمریـكا دەیانەوێـت كۆتایـی بـە «شـەڕە بـێ كۆتـاكان» بهێنـن و چیـتر بـاج و پـارە و گیانـی سـەربازانی ئەمریـكا بـۆ وڵاتێكـی دواكەوتـووی وەک ئەفغانسـتان بـە فیـڕۆ نـەدەن.

لـە كۆتاییـدا وێـڕای ئـەو هەمـوو جیاوازییانـەی سـەرەوە، گرنگـە ئێمـەی كـورد ڕووداوەكانـی ئەفغانسـتان نادیـدە نەگریـن، بەڵكـوو پێویسـتە پەنـد و عیـبرەت لـە گۆڕانكارییەكانـی ئەفغانسـتان وەربگریـن .

# پەیامەکانی ئیمانوێل ماکرۆن... سەرۆکی فەرەنسا

٢٩/٠٨/٢٠٢١

هاتنـــی «ئیمانوێـــل ماکـــرۆن»، ســـەرۆک کۆمـــاری فەرەنســـا، بـــۆ هەرێمـــی کوردســـتان و پێشـــوازی لێکردنـــی لەلایـــەن ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان، ڕێـــزدار «نێچیرڤـــان بارزانـــی»، جێـــگای شـــانازی و هەڵوەســـتە لەســـەرکردنە، چونکـــە هاتنـــی «ماکـــرۆن»، لـــە ئاســـتەکانی «سیاســـی، دیپلۆماســـی، ئەمنـــی، ئاســـایش، ئابـــوری، کەلتـــوری و ...» پەیامگەلێـــک لەخـــۆ دەگرێـــت.

لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین:

یەکەم: پەیامی سیاسی و دیپلۆماسی

کۆمـــاری فەرەنســـا (وەک وڵاتێکـــی زلهێـــزی ئەوروپـــی و ئەندامـــی هەمیشـــەیی ئەنجومەنـــی ئاســـایش) پشـــتگیری و پاڵپشـــتیی خـــۆی بـــۆ پاراســـتنی قـــەوارەی هەرێمـــی کوردســـتان دووپـــات دەکاتـــەوە. لـــەم چوارچێوەیـــەدا ئـــەم ســـەردانەی «ماکـــرۆن» پەیامێکـــی ڕوونـــی فەرەنســـایە بـــۆ هەماهەنگیـــی «سیاســـی و دیپلۆماســـی» لەگـــەڵ هەرێمـــی کوردســـتان، واتـــە لـــە داهاتـــوودا هەرێمـــی

کوردستان پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە سیاسەت و ستراتیژیی دەرەوەی فەرەنسادا، هەروەک چۆن فەرەنسا لە ڕابردوودا پشتگیریی ڕاستەوخۆی دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)ی کردووە، بەهەمان شێوە لە ئێستا و داهاتووشدا فەرەنسا گرنگی بە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەدات.

دووەم: لە ئاستی ئەمنی و ئاسایش

هاوکارییەکانی فەرەنسا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبن بەتایبەت بۆ شەڕی تیرۆر و پشتگیریکردن لە پێگەی سەقامگیری هەرێمی کوردستان. هەروەها فەرەنسا لە چوارچێوەی هێزەکانی ناتۆدا بەردەوام دەبێت لە مانەوی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوای کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ئەمساڵ.

سێهەم: لە ئاستی ئابووری و وزە

فەرەنسا گرنگییەکی زۆر بە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات لەسەر ئاستی ئابووری و وزە، چونکە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی تایبەتی هەیە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی.

چوارەم: لە ئاستی کەلتووری و پێکەوەژیان

فەرەنسا گرنگییەکی تایبەت بە پێگەی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان دەدات، چونکە ئەم پێگەیە «پێگەیەکی یونیک و بێ وێنەیە» لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم سەردانەی «ماکرۆن» بە هەموو پێوەرەکان سەردانێکی گرنگ و مێژووییە، چونکە وێڕای پەیامگەلی سەرەوە، پەیامێکی تایبەت ئاراستەی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دەکات و پێیان دەڵێت کەوا پێگەی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان بە لای فەرەنساوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و حکوومەتی فەرەنسا بەردەوام دەبێت لە ئەرکی پاراستنی ئەم هەرێمە وەک پێگەیەکی سەقامگیر و قەوارەیەکی دەستووری و یاسایی.

# بۆچی دۆخی عێراق سەقامگیر نابێت؟

١٦/١١/٢٠٢١

بــە درێژایــی مێــژووی دەوڵەتــی عێــراق، پرســیارێک جێــگای هەڵوەســتە لەســەرکردنە: بۆچــی دۆخــی عێــراق ســەقامگیر نابێــت؟

وەڵامــی ئــەم پرســیارە زۆر هەڵدەگرێــت بــەڵام پێموایــە کۆمەڵێــک فاکتــەر بوونەتــە هــۆی ئاڵــۆزی و ناســەقامگیریی دۆخــی عێــراق، ئــەم فاکتەرانــەش قۆنــاغ لــە دوای قۆنــاغ زیاتــر و بەهێزتــر دەبــن، دەتوانیــن ئــەم فاکتــەر و هۆکارانــەش پۆلێــن بکەیــن بــۆ:

یەکەم فاکتەرە ناوخۆییەکان:

کۆمەڵێــک فاکتــەر و هــۆکاری ناوخۆیــی هــەن کــەوا بوونەتــە داینەمــۆی درێژەپێدانــی ئاڵــۆزی و ناســەقامگیریی عێــراق؛ لەســەرووی هەموویانــەوە پەراوێزخســتن و جێبەجــێ نەکردنــی دەســتوری عێــراق، لەلایــەن هەمــوو ســەرۆکوەزیرە یــەک لــەدوای یەکەکانــی عێراقــەوە. هــەر لــە «عــەلاوی و جەعفــەری و مالکــی و عەبــادی و عبدالمهدی»یــەوە بگــرە تاکــوو دەگاتــە

«کازمـی»، دەسـتوریان پشـتگوێ خسـتووە. دەتوانیـن بڵێیـن تاکـوو ئێسـتا لـە کـۆی (١٤٤) مـادەی دەسـتووری عێـڕاق، نزیکـەی (٥٤) ماددەیـان جێبەجـێ نەکـردووە، تەنهـا ئـەو ماددانەیـان جێبەجـێ کـردووە کـە لەبەرژەوەندیـی خۆیانـدا بـوون، ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکیی ئاڵـۆزی و ناسـەقامگیریی عێراقـە. لـە پـاڵ ئـەم هـۆکارەدا کۆمەڵێـک هـۆکاری تـری ناوخۆیـی هـەن وەک نەبوونـی «هاوسـەنگی و هاوبەشـی و سـازان» لـە نێـوان پێکهاتـە سـەرەکییەکانی (کـورد و شـیعە و سـونە)دا ئـەم حاڵەتـەش نـەک تەنهـا دوای پرۆسـەی ئازادیـی عێـڕاق، بەڵکـو بـە درێژایـی مێـژووی (١٠٠) سـاڵەی دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـڕاق، هیـچ کاتێـک (هاوسـەنگی و هاوبەشـی و سـازان) بوونـی نەبـووە، هـەر لـە سـەردەمی مەلەکییـەوە بگـرە تاکـوو سـەردەمی جمهـوری، کاتێـک پێکهاتـەی «سـوننە» دەسـەڵاتدار بـووە، تاکـوو سـاڵی (٢٠٠٣)، دەبینیـن «کـورد و شـیعە» بـە هەمـوو شـێوەیەک زەبـر و زەنگیـان بەرانبـەر بـەکار هێـنراوە و چەوسـێنراونەتەوە. دوای (٢٠٠٣)ش ئـەم جـارە پێکهاتـەی «شـیعە» بەشـێوەیەکی تاکڕەوانـە دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت و دەسـتوور پشـتگوێ دەخـات و هـەردوو پێکهاتـەی «کـورد و سـوننە» دەچەوسـێنێتەوە. بۆیـە دەبینیـن دۆخـی عێـڕاق بـە درێژایـی مێـژوو، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ ئاڵۆزتـر بـووە و لـە ناسـەقامگیرییەوە بـەرەو ناسـەقامگیریی زیاتـر ڕۆیشـتووە. ئەمـەش دەرەنجامـی هەڵەیەکـی سـتراتیژیی سـەدەیەک لەمەوبـەرە لەلایـەن زلهێزانـی بـراوەی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم. کاتێـک وڵاتێـک بـێ «ویسـت و خواسـت»ی پێکهاتـە سـەرەکییەکان (کـورد و سـونە و شـیعە) لـە چوارچێوەیەکـدا کۆدەکەنـەوە و نـاوی دەنێـن عێـڕاق، ئەمـەش هـۆکاری شکسـتی یـەک لـە دوای یەکـی زلهێزەکانـە بـۆ سـەقامگیرکردنی عێـڕاق. بۆیـە پێـم وا نییـە دەرەنجامـی ئـەم هەڵبژاردنـەی دواییـش، «گۆچانـی سـیحری» بداتـە دەسـت کەسـێک تاکـوو بتوانێـت کێشـە کەڵەکەبووەکانـی (١٠٠) سـاڵی ڕابـردوو چارەسـەر بـکات و عێـڕاق بـەرەو سـەقامگیری ببـات.

لــەم چوارچێوەیــەدا و لەپــاڵ ئــەم فاکتەرانــەی ســەرەوە، لــە ئێســتادا فاکتەرێکــی تــری ناوخۆیــی بــۆ ئاڵــۆزی و ناســەقامگیریی دۆخــی هەنووکەیــی عێــڕاق بریتییــە لــە هەبوونــی میلیشــیاکانی حەشــدی شــەعبی (بەتایبــەت حەشــدی وەلائــی) کــە بوونەتــە هــۆکاری ئاڵــۆزی و ناســەقامگیریی عێــڕاق. چونکــە ئــەم هێزانــە نەخراونەتــە ژێــر چەتــری ســوپای عێــڕاق و «مەنزومــەی دیفاعیــی عێــڕاق» بەڵکــو بــەردەوام هەڕەشــەن بــۆ خەڵــک و دامــودەزگا فەرمییەکانــی دەوڵــەت، هەروەهــا ئــەم هێزانــە بــە ڕوون و ڕاشــکاوی ئەجێنــدای دەرەکــی جێبەجــێ دەکــەن، واتــە وەک پرۆکســی و بەکرێگیــراوی وڵاتانــی ناوچەکــە (بەتایبــەت ئێــران) کار دەکــەن و عێراقیــان کردووەتــە گۆڕەپانــی یەکلاکردنــەوەی ململانێــکان. بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن هەتاکــوو حەشــدی شــەعبی بــەم شــێوە ناڕێکخــراوە (وەک دەوڵەتــی قووڵــی عێــڕاق) چــەک و دەســەڵاتیان هەبێــت و بتوانــن ڕۆژانــە هێرشــی درۆنــی و هەڕەشــەی گوێبڕیــن لــە «ســەرۆک وەزیرانــی عێــڕاق و ناوەنــدە دیبلۆماســی و ســەربازییەکان» بکــەن، ئــەوا دۆخــی عێــڕاق ســەقامگیری بەخۆیــەوە نابینێــت.

دووەم فاکتەرە دەرەکیەکان:

ڕاســتییەکی حاشــا هەڵنەگــرە کــەوا «ســەروەری و ســۆڤێرنتی»ی عێــڕاق نیشــانەی پرســیاری لەســەرە، ئەمــەش بەهــۆی دەســتێوەردانی (ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆی) دەرەکــی لەلایــەن وڵاتانــی ناوچەکــە و جیهــان بەتایبــەت «ئێــران و ئەمریــکا» کــەوا فاکتــەری ســەرەکین بــۆ ئاڵــۆزی و ناســەقامگیریی عێــڕاق، چونکــە بــە درێژایــی ســاڵانی ڕابــردوو، عێراقیــان کردووەتــە گۆڕەپانــی یەکلاکردنــەوەی کێشــەکانیان، بۆیــە هەتاکــوو ململانێکانــی ئــەم وڵاتانــە لــە گۆڕەپانــی عێــڕاق دوور نەخرێنــەوە و ئــەم دەســتێوەردانانە بنبــڕ نەکرێــن، عێــڕاق ســەقامگیری بەخۆیــەوە نابینێــت.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کەوا لە داهاتووی نزیک و دووریشدا کێشە سیاسی و تایفییەکانی عێراق بەردەوام دەبن، لەبەر ئەوە ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەش بە هەستیارییەوە لە دۆخی عێراق دەڕووانن، چونکە هێزە دۆڕاوەکان چەکیان بەدەستە و ڕازی نین بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕۆژانە خۆپیشاندان دەکەن و هەڕەشەی ئاگرین لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و حکومەتی عێراق دەکەن. بۆیە دۆخی عێراق هەستیارە و ئەگەری ئاڵۆزبوونی زیاتر لە ئارادایە، ئەگەر چی کۆتایی هاتنی «ئاژاوە» لە عێراق خەونی ئەمریکا بووە، هەر بەو ئامانجەش لە ساڵی (٢٠٠٣) ڕژێمی عێراقی گۆڕیوە، بەڵام دوای (١٨) ساڵ، خەریکە بۆ ئەمریکا ڕوون دەبێتەوە کەوا عێراق لوغزێکی سەرسوڕهێنەرە و بەئاسانی چارەسەر ناکرێت. بۆیە ئەگەرێکی بەهێزە ئەمریکا لەپێناو چارەسەرکردنی «سەرئێشەی عێراق»، ملکەچی واقیعە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراق نەبێت، بەڵکوو بیر لە ئەلتەرناتیڤێکی تر بکاتەوە، ئەویش بەهەرێمکردنی ناوەڕاست و باشووری عێراقە، واتە «بە شێوەیەک لە شێوەکان»، گەڕانەوە بۆ پێشنیازەکەی سەرۆک «جۆ بایدن» کە لە ساڵی (٢٠٠٧) پێشکەشی کردووە.

لە کۆتاییدا گرنگە ئێمەی کورد درک بەم قۆناغە هەستیارەی دۆخی عێراق بکەین، بۆیە هەتا زووە پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەوڵ بدەن ناوماڵی خۆیان ڕێک بخەنەوە و خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەموو سیناریۆکان، تاکو بتوانن وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، ئامادەیی بەهێزیان لە ناو هاوکێشە و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە هەبێت. چونکە ئاماژەکان پێمان دەڵێن کەوا ئەگەری ئاڵۆزبوونی دۆخی عێراق ئەگەرێکی بەهێزترە لە ئەگەری سەقامگیریی دۆخی عێراق. بەتایبەت ئەگەر ئەمریکا و ئێران لە دانوستانەکانی «ڤیەننا» بۆ نوێکردنەوی ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی

گەیشـــتنە بنبەســـت، ئـــەوکات ئـــەم ڕەوشـــە ڕەنگدانـــەوەی ڕاســـتەوخۆی لەســـەر ئاڵۆزتربوونـــی دۆخـــی عێـــڕاق دەبێـــت؛ چونکـــە ململانێـــکان بـــە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ لـــە گۆڕەپانـــی عێڕاقـــدا ڕەنـــگ دەدەنـــەوە، بۆیـــە گرنگـــە ئێمـــەی کـــورد خۆمـــان بـــۆ هەمـــوو ســـیناریۆ و ئەگـــەرەکان حـــازر و ئامـــادە بکەیـــن.

# خوێندنەوەیەک بۆ هێرشی شەمشەمەکوێرەکانی داعش!

٦/١٢/٢٠٢١

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بکەین بۆ زیادبوونی هێرشی تیرۆریستانی داعش (لەم کاتەدا) بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە ئەنجامدا دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. تیرۆریستانی داعش بەم هێرشانە مەبەستیانە بسەلمێنن کە هێشتا ماون و دەتوانن شەڕی پارتیزانی بکەن.

٢. ئەم هێرشانە یارییەکی سیاسی و سەربازین بە ئامانجی بەعەرەبکردن، واتە دەرکردنی کورد و چۆڵکردن و تەعریبکردنی ناوچە کودستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

٣. حەشدی شەعبی کە لە هەڵبژاردنەکاندا شکستیان خوارد و تاڕادەیەک کەنارگیر و پەراوێز خراون، ئاسانکاری دەکەن بۆ هاتوچۆی داعش، تاکوو لە ڕێگای ئەم بەهانەیەوە جارێکی دیکە خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەهێز بکەنەوە.

٤. زیادبوونـــی هێرشـــە تیرۆریســـتییەکانی داعـــش لـــەم کاتـــەدا ڕەنگـــە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان پەیوەندیـدار بێـت بـە کشـانەوەی هێـزە شـەڕکەرەکانی ئەمریـکا لـە کۆتایـی ئەمسـاڵدا؛ چونکـە زیادبوونـی ئـەم هێرشـانەی داعـش ڕەنگـە ناکۆکیـی زیاتـر بخاتـە نێـوان «پەنتاگـۆن و بایـدن» لەسـەر پرسـی کشـانەوەی هێـزە شـەڕکەرەکانی ئەمریـکا لـە عێـڕاق، واتـە پەنتاگـۆن ڕازی نابێـت هەمـان سـیناریۆی ئەفغانسـتان لـە عێـڕاق دووبـارە بێتـەوە، بۆیـە ئـەم هێرشـانەی داعـش فشـار بـۆ سـەر بایـدن دروسـت دەکـەن تاکـوو لـە سـەر پرسـی کشـانەوەی هێـزە شـەڕکەرەکان پەلـە نـەکات، چونکـە ئـەم هێرشـانە بەڵگـەن لەسـەر بوونـی مەترسـیی تیرۆریسـتانی داعـش لـە سـەر ئاسـایش و بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا لـەم ناوچەیـە.

٥. هێرشـەکانی داعـش لـەم کاتـەدا «یارییەکـی مەترسـیدارە» لـە نێـوان هێـزە ناوچەیـی و نێودەوڵەتییـەکان بـە مەبەسـت و ئەجینـدای جۆراوجـۆر، بۆیـە پێویسـتە کـورد لـەم یارییـە چاوکـراوە و ئـاگادار بێـت.

٦. ئـەم هێرشـانە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان دەبێـت لەسـەر پرۆسـەی سیاسـیی عێـڕاق و دواخسـتنی پێکهێنانـی حکومەتـی داهاتـووی عێـڕاق.

لـە کۆتاییـدا گرنگـە سـەرکردە سیاسـی و سـەربازییەکانی کوردسـتان، بـە هـاوکاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ «هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتیـی دژی داعـش»، هـەوڵ بـدەن لـە ڕێـگای «پـلان و میکانیـزم و پێداویسـتیی لۆجسـتیی هاوچـەرخ»، سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە تۆکمـە بکـەن، بـۆ بەرەنگاربوونـەوە و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی پیلانـی تیرۆریسـتان و شەمشـەمەکوێرەکانی داعـش و هاوشـێوەکانیان.



كارۆخ كەریم بەگ خۆشناو

ناسراو بە (كارۆخ خۆشناو)

● بەكالۆریـوس لـە كارگێڕیـی كار، كۆلێـژی بەڕێوەبـردن و ئابـووری، زانكـۆی سـەڵاحەدین، لـە سـاڵی (٢٠٠٣) هەولێر-كوردسـتان.

● ماسـتەر لـە كارگێڕیـی گشـتیی حكوومەتـی ئەمەریـكا لـە سـاڵی (٢٠١٥) لـە ولایەتـی پێنسـلڤانیا لـە ئەمریـكا.

● ئەندام بوون لە ڕێكخراو و سەندیكاكان:

١- ئەندامـی كارای سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردسـتان و سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی جیهانـی.

٢- ئەندامی كارای ڕێكخراوی نووسەرانی بێ سنور.

٣- ئەندامی كارای سەندیكای ئابووریناسان.

٤- ئەندامی كارای كۆنگرەی هەماهەنگیی دیموكراسی و مافی مرۆڤ.

● دامەزرێنـەری ڕێكخـراوی «یانـەی قوتابیـان و خوێندكارانـی كـورد لـە ئەمەریـكا» كـە چەنـدان كار و چالاكیـی ئەنجامـداوە: وەك خۆپیشـاندان لەبـەردەم كۆشـكی سـپی دژی داعـش، هەروەهـا پشـتگیری لـە كوردانـی ئێزیـدی و كۆبانـێ و .....

● دامەزرێنەر و سەرۆكی دەزگای چرا...

● دەیـــان وتـــار و چاوپێکەوتنـــی (نـــوسراو و بیـــنراو و بیـــسراو)ی بـــە هـــەر سـێ زمانـــی کـــوردی و عەرەبـــی و ئینگلیـــزی لـــە بوارەکانـــی (ئەمەریکاناســـی و سیاســـەتی ئەمەریـــکا و پەیوەندیەکانـــی کـــورد و ئەمەریـــکا) لەگـــەڵ کەناڵەکانـــی ڕاگەیانـــدن (ناوخـــۆ و دەرەوە) ئەنجـــام داوە.

● لـــە لایەنـــی «ئەکادیمی»یـــەوە ئێســـتا دامەزرێنـــەر و ســـەرۆکی ئەنســـتیتۆی توێژینـــەوەی «ئەمریکی-کوردی»یـــە.

● لـــە لایەنـــی «وەزیفـــەی میری»شـــەوە ئێســـتا لـــە دیوانـــی ســـەرۆکایەتیی هەرێـــم، ســـەرۆکی فەرمانگـــەی ڕۆشـــنبیری و ڕاگەیاندنـــە.